# بۆپێکەنین



2005

کۆکەرەوەو وەرگێڕ

ئەحمەد دەشتی

چاپی یەکەم

# BO PEKENIN

2005

KOKEREWEU

WERGER

AHMAD DASTI

CHAPI YEKEM
2005

# بۆ پێكەنین

2005

كۆكەرەوەو وەرگێڕ
ئەحمەد دەشتی

چاپی یەكەم

## ناوی کتێب

بۆ پێکەنین
ئامادە کردنی ئەحمەد دەشتی.
گەلێ لە نکتەکانی مەلا مەشوور و هەندێ نکتەو قسەی خۆشی تر.
کەهەندیکیان لە زمانی فارسی و ئەلمانیوە وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی شیرینی کوردی .
گەلێ لەنکتەیتر، کەلە دۆستان و هەڤالانم گوێ لێ بووە و نوسیتمەوە.
دڵێن نکتە گوتن و گێرانەوەی بۆ زاخاوی مێشک بە سودە دەبا بە یەکەوە چەند دەمێک لە گەل ئەم نکتانە بەرینە سەر.

# منیش دەمەوێ کە سەربەخۆبم



ئە من کوردێکم وێنەم دیارە
ژینم لە مێژە پڕ لە هاوارە

چەوساوەی‌دەستی‌زۆردارانم من
بێ‌مافی‌ژین‌وسەربەخۆییم‌من

سالەهای سالە دوورم لە خاکم
بێ سەربەخۆییم بۆیە خەمناکم

بەدەستی تازی‌وعەجەم‌و ڕۆمیان
بێبەش لەژینم دڵم پڕ گریان

منیش مرۆڤم خاکی خۆم هەیە
مافی ژایان و سەربەستیم هەیە

لەکاشیانەی خۆم بژیم بە شادی
دوورلە ژێر دەستی و لە نامرادی

منیش وەڵات و ئالای خۆم دەوێ
دوژمن بڕوات و خاکی خۆم دەوێ

سەربەخۆ بوون و ئازادیم دەوێ
چەوساوەی دەستی دوژمنم ناوی

دەمەوێ‌منیش‌سەربەخۆ و شادان
لە کوردستان بم بە ژیانی ئازاد

هەلبدەم ئالای کوردستانی خۆم
وەسەرخەم گەل ونیشتمانی خۆم

ئاڵای کوردستان بشەکێتەوە
ناوی کوردستان دەنگ بداتەوە

سامان ونەوت و کانیخۆم بۆ خۆم
پێ ئاوەدانکەم هەموو واری خۆم

بە تەکنەلۆژیاو زانست و زانین
وەپێشخەم خاکی کوردی دڵبرین

ئەوساکە دەڵێم ئۆخەی لە ژیان
کە سەربەخۆ بێ واری کورستان

## چەند پەیڤێک

زۆر جاران لە کۆڕ و مەجلسان دا گوێمان لە گەلێ نکتە و قسەی خۆش دەبێت کە دۆست و یارو هەڤالان بۆ یەکتر دەگێڕنەوە و کۆڕی دانیشتنەکان لە گەل یەکتر شاد دەکەن ، کە ئەوەش دەبێتەجێگەی دلخۆشی و خەندەو شادی گوێگرانی ئەو کۆڕە،ن پێم وایە هەر کۆڕو مەجلسێ کە ئەگەر پێکەنین و قسەی خۆش و نەستەقی تێدا نەبێت ، ئەوا وشک و برینگەو وەك کۆڕەکانی پرسەی لێ دێت،زۆر جارانیش دەبینین کە گەلێ کەس هەن کە نکتەکانییان ئەوەندە بە تام و بۆ دەگێڕنەوە کە سەر تا پای جێگەی خەندەو پێکەنینەو هەمیشە کە مرۆ گوێی لەو نکتانە دەبێت دلّی پێ خۆش دەبێت و هیچ نەبێ بزەیەکی دێتێ ،خۆ دیاریشە کە خەندەو بزە خەم کەم دەکاتەوە و نکتە بۆ مرۆڤ وەک هەتوانی سەربرینانە و شادی دێنێ ، لە کۆر و کۆبوونەوەکاندا کە دۆست و هەڤال و یاران نکتەی خۆش و پڕ لە خەندەو پێکەنین دەلێن، ئەانەی کە گوێان لە نکتەکان دەگرن هەمیشە دلّیان شاد دەبێت و بۆ چەند ساتێك خەم و ئازارەکان لە یاد دەبەنەوە، خۆهەمیشە کۆڕو کۆبونەوەکان لە هەر شوێنی بێت لە

گەل یاران دا کە نکتە گێڕانەوەیٚ تیا دابێت ئەوا دانیشتنەکان شادتر دەبن، من بۆ خۆم زۆرم حەز لەو جۆرەکۆڕانەیە کە هەمیشە نکتەی خۆش و بە سەر هاتی دۆستان و یاران بگێڕدرێتەوە و نکتەی بە پێز و دلخۆشکەرەی تێدا باس بکرێت و بەو نکتانە مرۆکەمیٚ دڵی خۆی شادمان بکات زاخاوی مێشکی بداتەوە ، ڕۆژێکیان هەڤاڵێکی خۆشەویستم کە بەڕیز مەلا حەمەد ئەمین مەلا خەلیلی هەڤال و خزم و دۆستی دێرینەم کوڕی شاعیر و زانای نەمر مامۆستا مەلا خەلیل دووسەرەیی کە ناز ناوی موخلسە ، نکتەیەکی زۆر خۆشی لە ئاوارەیی کە ئەو دەمانە لە مازەندەران لە ئێران ئاوارەبووین بۆ گێڕامەوە کە بە سەر خۆی دا هاتبوو و گوتی:لە سەر شەقامی شاری گونبەد کاوس لە مازەندەران وەستا بووم چاوەڕوانی تاکسیەکم دەکرد بەرەو مال بچمەوە،لەوکاتەش دا پاکەتێك عەلوام کڕیبوو بۆ مندالانم دەبردەوەو بە دەستمەوە بوو ، گوتی:دالغەم لیٚ دابوو،لەوکاتە دا بە خەیال چووبوومەوە ئەو ڕۆژگارانەی کە لە موسل سەرباز بووم،ئاخر هەموو جارێک کە ڕوخسەتم وەردەگرت و دەگەرامەوە هەولێر ئەوا پاکەتێك عەلوام بۆ باوکم بە دیاری دەبردەوە ، لەو کاتەش دا چوبومەوە خەیالات و هەر وام دەزانی کەلە موسلم و

بەرەو هەولێر دەگەڕێمەوە ، گوتی: تاکسییەك هات و دەستم لێ بڵند کرد و ئەویش ڕای گرت ، بە فارسی گوتی:کوجا ؟ منیش گوتم:بابولتۆپ،کە وام گوت کابرا یەکسەر ڕۆیی تاکسیەکی ترهات و ئەویش ڕای گرت و گوتی:کوجا ؟دیسانەکە گوتم بابولتۆپ،بەو شێوەیە سێ تەکسیم بە ڕێ کرد و ڕایان نە گرت،بە ناچار بەرەو ماڵ کەوتمە ڕێ بە پێادە هاتمەوە ماڵ،مەلا حەمەدەمین گوتی: کە گەیشتمە ماڵەوە ئەوسا وەبیرم هاتەوە کورە خۆ من لە موسل نیم لە گونبەد کاوسم!!! ، ئیتر منیش بەم نکەتەیە زۆر پێکەنیم و ماوەیەك بوو کە ئەوەمان دەگێڕایەوەو تێر و پڕ پێ دەکەنین و لە گەڵ دۆستان شاد دەبووین. منیش کە لە مێژ بوو بەو هیوایە بووم کە کۆمەلێ لە نکتەکانی دۆستان و ئەو نکتانەی کە دەیگێڕنەوە یاداشتیان بکەم و کتێبێکی لێ بسازم ئەمەش ەکێکە لەو نکتانە کە نوسومەتەوە، بە داخەوەش کە گەلێ لەو نکتانەی تۆمارم کردبوون فەوتان و دەستم نەکەوتنەوە و یان لە بیرم چونەتەوە ، بەڵام لەم هەوڵەم تا تەواو کردنی ئەم پەرتوکەم کۆڵم نەدا،چەند کتێبێك کە فارسی بوون بەرچاوم کەوتن و دڵم پێیان شاد بوو،بۆیەکە بڕیارم دان کە ئەم نکتانە بکەم بە کوردی و دەستم بە وەرگێرانیان بۆ

سەر زمانی کوردی لە زمانی فارسیوە کرد و گەلێ نکتەی تریشم کۆ کردنەوەو یاداشتم کردن و نوسیومنەوە،بەڵام داخەکەم بە هۆی ئاوارەیم فەوتان لە گەل وەرگێرانی ڕۆمانی وێل بوون لە دوای نان دا کە هی ماکسیم گۆرگیە وەرم گێڕا و تەواوم کرد لە گەل برا کوژی کازازانکی کە هەندێکی مابوو تەواو بکەم ، لە دوای ماندوبونێکی زۆر بە هۆی ئاوارەییم و هاتنەو ئەوروپام لە ئێران لێم ون بوون کە زۆرم سو لێیان بوونەوە.

ئیتر دوای چەند سالێك لە ژیانی دەربەدەریم دا کە کەوتمە ئەوروپا کتێبێکی فارسـیم لە لای خوناو خانی کچی گەورەم چاو پێ کەوت کە دەیخوێندەوە و چەند نکتەیەکی خۆشی بۆ گێرامەوە کە گوێم لێ نەبووبون ، دوای ئەوەی کە خوناو خان تەواو بوو لە خوناوم وەرگرت و بڕیارم دا کەهەمویان بکەم بە کوردی و وەریان بگێڕمە سەر زمانە شیرینەکەی خۆمان و لەو کەلەنەوە خزمەتێکی بچکۆلانەی کتێبخانەی میللەتەکەمی پێ بکەم و قوژمنێک لە پەرتوکخانەی کوردی پێ پڕ بکەمەوەو ببێتە جێگەی دلخۆشیش بۆ هەموو خوێنەرێك و ئەوانەی کە حەز لە قسەی خۆش و بە سەرهاتی پڕ لە سەیرو سەمەرەو ڕوداوە خۆشەکان

دەکەن، هەرچەندە کە نوکتەکانی مەلا مەشوور زۆر کۆ کراوەتەوە و لە بەر دەستان داهەنە بەلام من پێم وایە کە ئەمانەش بۆ خۆی جیاوازیەکیان هەیە لە شێوەی گوتن و نوسینەوەی نکتەکانی مەلا مەشووردا بۆیەکە بەم شێوەیەی کە لە بەر دەستان دایە وەرم گێڕایە سەر زمانی شیرینی کوردی کە هێوا دارم کارێکم کردبێت جێگەی ڕەزامەندی خوێنەران و ڕۆشەنبیران بێت و بە تایبەتی ئەوانەی کە حەز لە نوکتەو قسەی نەستەق و خۆش دەکەن.من هەر لەو کاتەوە کە زمانی فارسی فێر بووم حەزم لە گۆڕینی بابەتەکان کردووە کە بتوانم ئەو هەموو کتابانەی کە بە زمانی فارسی هەن و هەتا بڵێی دەولەمەندن ،کە هەموو پەرتوکێک کە تازەش لەجیهان دا نوسەری دەری دەکا ئەوا وەرگێڕانی فارس دەیان کەنە فارسی و دەکەوییێتە کتێبخانەی ئێرانیانەوە،ئای کە کارێکی مەزن و خزمەتێکی گەورەیە بۆ خۆیان کە ئەنجامی دەدەن ،منیش بڕیارم دا کە بەش بە حالی خۆم هەول بدەم قەترەیەکم لەو دەریایەدا لە وەرگیران و گۆڕین بۆ سەر زمانی شیرینی کوردی باوو باپیرانی خۆم کە ئەو شانازیە و خزمەتێکیش بە نەتەوەکەم بکەم و پێم ببڕێت،جابەهیوام کە بتوانم گەلێ پەرتوکی بە

سودو پڕ لە زانست و زانیاری و پەرتوکەکانی کە بە تایبەت بۆ مندالان سودیان زۆرە وەریان بگێڕم و لەو ڕێگەوە خزمەتێك بە مندالانی ئازیزی گەلە چەوساوەکەم بکەم وکەمێ دل و دەروونی خۆم ئاسودەتر بکەم . کە چاوم بە پەرتوکخانەکانی میللەتان دەکەوێت،هەمیشە هەناسەیەکی ساردو سڕ هەلدەکێشم و دەڵم پڕ لە زوخاو دەبێت بۆ میللەتە هەژارو چەوساوەکەم،کە چەند دوا کەوتووین و لە کاروانی زانست و زانیاری دا چەند بە جێماوین ئەوەی کەگەلێ لە ڕۆلە زاناکانمان لە ڕابوردو کردویانە دیارە زیاتر بە زمانی بێگانەکان ئەنجامیان داوەو بووەتە ملك و ماڵی ئەوان و کوردەکە خۆی لێی بێ بەش بووەو ساڵەهای ساڵە لە ژێر چنگی داگیرکەرانی دڕندەدا هەرچەوساینەوەو ڕۆلە ئازیزە ڕۆشەنبیر وخۆشەویستەکانیشمان نەیان توانیوە لە بواری گۆڕینی پەڕتوکەکانەوە خزمەتێکی بەرچاو بە زمانی شیرینی کوردی بکەن و کتێبە بە نرخەکانی ئەم جیهانە وەر بگێڕنە سەر زمانی شیرینی کوردی و ئێمەش لە هەموو بوارەکانی زانست و زانین بەرەو پێشەوە برۆین و خۆمان و کتێبخانە و تەواوی بوارەکان بەرەو پێشەوە بەرین و کوردستانێکی پڕ لە زانیاری و پێشکەوتوو وەدی

بێنین، داخەکەم کە گەلێ لە مامۆستاکانیشمان زۆریان خزمەت بە زمانی بگانەکان کردووەو گەلێ پەرتوکی بە نرخیان وەرگێیڕاوەتە سەر زمانی بێگانە و بەو زمانانەیان نوسیوە زمانە شیرنەکەی خۆیان لە یاد کردووە،کە من پێم وایە هەر بەلگەیەک باس بکەن و بیکەنە هۆکار لە جێی خۆی نیە لەم بوارەوە ،چونکەئەوان کوردانە کە تەنیا بە زمانی بێگانە دەنوسن تەنیا و تەنیا خزمەت بەو بێگانانەوە دکەن کە بە زمانەکەیهان دەنوسن کە هیچ سودێکیان بۆ کوردو کوردستانی خۆیان نیە ، من پیم وایە کە زۆر حەیفە هەر مرۆڤێک کە بە زمانی خۆی نەنوسێت ئەوا خزیمەتێ بەو زمانە دەکات کە پێی دەنوسێت ، بۆیە دەڵیم داخی گرانم بۆ خۆمان و ژیانی ژێر دەستی وچەوساوەییمان، بەلام دەبێ ڕۆژێك بێت ئێمەش وەك تەواوی گەلانی جیهان بەرەو پێشەوە بڕۆین و بە ئاواتەکانی ڕزگاری و سەربەخۆیی و پێشکەوتنی کوردو کوردستان شاد و خەندان ببین ،کوردیش ببێ بە خاوەن قەوارەیەکی میللی و سەربەخۆی خۆی شادان بژین.

حەزرەتی ئەحمەدی خانی سەروەرو نەمر و دانیشمەندی کورد بەر لە سێسەد ساڵ لە مەو بەر فەرمویەتی و دەلێت:

گەردێ هـــەبوایە مە ئیتفاقەك
وێکـــڕا بکرامە ئیـــنقیادەك
ڕۆم و عەرەب و عەجەم تەمامی
هەمـیان ژمەڕا دەکرد غولامی
تەکمیل دەکردمە دین و دولەت
تەحسیلدەکردمەعیلم وحیکمەت
تەمیز دەبوون ژ هەڤ مـەقالات
مومتاز دەبوون خـودان کەمالات

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی حەزرەتی خانی بێت و گۆڕەکەی پڕ بیت لە نوری یەزدانی ، بەلێ ئەمە ڕاستیەکە و وایە ، کە زۆر جێگەی داخە ئێمەی کورد کە دەوڵەت و یەکێتی و یەکبونمان لە دیرۆکی کۆنەوە هەتا ئەمڕۆکەش نەبووە هەمان هۆکار بوینە کە خانی نەمر بەر لە سێسەدسال لەمەوبەر باسی لێوە کردووە و هەتا ئەمڕۆش لە بەختی ڕەشی کورد هەر ئاوا ماوینەتەوە و هەر بۆیەکەشە کە ئاوا لە کاروانی شارستانیەت و بوونی وەلاتێکی سەربەخۆی کوردستان بێ بەش بووینەو لە دوا ماوینەتەوە و ئاوا دوا کەوتووین و بەم شێوەیەی کە ئەمڕۆش دەیبینین وا بە پەریشانی دەژین هەتا ئەمڕۆکەش گەلی کورد یەکگرتنی لە ناو خۆی دانیەو خەمەکانی نەمر

ئەحمەدی خانی لە ژێر چنگی داگیرکەرانی کوردستان هەروا ماوەتەوە.

ئەحمەد دەشتی 1988 بەرلین

## هەلوەستەیەک

هەمیشە کە لە کۆڕی دۆستان و یاران جا چە شەوانی یەلدایی و چە کۆڕی ڕۆژانی پڕ لە سەیرو گالتە و گەپ دا مرۆ هەردەم حەز دەکاتن کە بتوانێ نکتەی خۆش و پڕ لە بزەی خۆشەویستی بۆ دۆست و یارانی خۆی لەو کۆڕە و دانیشتنانە دا بگێڕێتەوە کە سەرتاپای خەندە و پێکەنین بێتن و دۆست و یاران کەمێ بەو نکتە خۆشە تێر و تەسەل پێ بکەنن و کۆڕی مەجلسانی پێ گەرم ببێت،خۆ دەلێن پێکەنین و بزەی سەر لێوان تا بلێی بۆ تەندروستیش باشەو سودی هەیە،کۆ کردنەوەی نوکتەی شادو دلخۆشکەرە پێویستی بە نوسین و وەرگێڕان و تۆمار کردن هەیەو دەبێ لەو ئاستەوەش هەول بدرێت کە کتێبخانەی کوردی دەولەمەند تر بکرێتن و ئەو باس و خواس و نکتانەی کە لە زمانی بێگانەوەش هەن وەر بگێڕدرێن و بکرێن بە کوردی،منیش بەش بە حالی خۆم بەم کارە هەلساوم کتێبێکی مەلا مەشورم بە فارسی دەسکەوت و کە چاوم پێ دا خشاند گەلێ لەو نکتانەم گوێ لێ نەبووبوو بۆیەکە بڕیاری وەرگێڕانم داو ئەم کارەم ئەنجام داوهەموو ئەم نکتانەم گۆڕیە سەر زمانە شیرینەکەی کوردی خۆمان کە بە هیوام ئەم نکتانەش کەلنێکی بچکۆلانە لە کتێبخانەی

کوردی دا پڕ بکاتەوەوببێ بە جێگەی خەندەو شادی خوێنەرانی ئازیزی کورد.

لە سالی 1975کە لەدوای هەرەسە شومەکەی شۆڕشی ئەیلولی مەزن منیش وەك هەزاران لەڕۆلەکانی گەلی کورد ئاوارە و دەربەدەربووین و لە مازەندەران لەگەل چەند هەڤالێکیێ خۆشەویستم لە دەربەدەری لە شاری گونبەد کاوس پاشانیش مینو دەشت بە یەکەوە لە غوربەت و دووری‌داگیرساینەوە لە دوای کارەساتە شومەکەی ئەلجەزایر کەدوژمنانی کورد لە پشتەوەڕا خەنجەرێکی ژەهراویان لە شۆڕشی ئەیلولی مەزن داو کوردیان توش بە ئاوارەیی و دەربەدەری کرد،ئێمەش کە یەکێ بووین لەو ئاوارانەو هەتا ئێستاش هەر دەربەدەرو دووری خاکی شیرینمانین،چەند نەفەرێك بووین کەوتبووینە مازەندەران و لەوێ سەرمان بە یەکەوە نابوو و دەردی غەریبی و نامۆییمان لە ئێرانەوە لەو تاراوگەوە بە نکتەو قسەی خۆش و جەفەنگ کەمێ کەمتر دەکردەوەو سەبرمان بە یەکەوە دەهات،گەلێ شەوان و یان ڕۆژانە لە شوێنێ کۆ دەبووینەوەو لەو ژیانە سەختەو دووردوورەیی خزم و کەسانمان دلمان بەیەکەوە شاد دەبوو، گەلێ جاران نکتەی پڕ لە شادی و خۆشیمان بە یەکەوە بۆ یەك دەگێڕایەوەو

دلی یەكترمان شاد دەكرد و كەمێ پە ژارەی دووری و ئاوارەییمان لە دوای ئەو كارەساتە مەزنەوە بە یەكەوە كەمتر دەكردەوەو لەو كۆڕو گەیشتن بە یەكتریوە شەو و ڕۆژی ژیانیشمان دەبردە سەر و بە نكتەو قسەی خۆش دلی خۆمان دەدایەوەو لە گەل یەكتر شاد دەبووین،ئەو هەڤالانەشم یادیان بەخێرو كە ئەم ئازیزانەبوون كە بەڕێز مەلا حەمەدەمین مەلا خەلیل سنجاوی و مەلاسلێمان مەولود نانەكەلی و شەهید مەلا عومەر عیسای نەمرو ماموستا نەجات موحەممەد سەعید و ماموستا سەعدەدینی مەلای ڕەش و دكتۆر موحەممەد سالح زینوەیی و ماموستا فوئاد حەمەلاو و نەمر حەمە سور حوسێن و شەهید سەعید تۆماری و كاك ڕەمەزان عیسا و مام كەریم و هونەرمەندی مەزن و نەمر موحەممەد شێخۆ و مامۆستا فوئاد فەتاح و مام شەنگەو هەڤال سەباح ئاكرەیی و گەلێكی تر لە هەڤالان و یارانی ئاوارەیی ئێران لە مازەنـــدەران دا دەژیان و ژیانی نامۆیی و غەریبیمان بە یەكەوە دەبردە سەر و دلمان بە یەكەوە شاد دەبوو، هەمیشە بەیەكەوە كۆدەبووینەوەو ماموستا فوئاد حەمەلاویش بەڕاستی تا بلێی قسە خۆش و هەڤالێكی خۆشەویست بوو هەمیشە نكتەی خۆشی دەگێڕایەوە و ئێمەش هەموو

لا وەك ئەو هەریەکەمان نکتەیەکمان دەگوت و بەلام پاشان لە نکتە دەچووینەوە،کەچی بەڕێز کاك فوئاد حەمەلاو زیاتر لە هەمووومان پڕ نکتە تر بوو و هەمیشە زیاتر نکتەی دەگێڕانەوە و ئێمەش کەلە نکتە نەدەکەوتین و گوێمان بۆ ماموستا فوئاد حەمەلاو شل دەکردو تێرو پڕ دەکەنین،هەر لەو سەردەم و کاتانەش دا کتێبێکی فارسیم دەسکەوت کە نکتەکانی مەلا مەشووری تیا بوو هەمیشە دەمخوێندەوەو لەو کاتەدا حەزم دەکرد کە بیان کەمە کوردی و بۆ پێکەنین وەریان بگێڕم،ئەم کارەشم کرد بەلام ئەوەی کە وەرم گێڕابوون بە هۆی ئاوارەیی و دەربەدەریم لە گەل چەند پەرتوکی تری وەرگێڕدراوم لێ ون بوون و فەوتان و دەستم نەکەوتنەوە،تا لە شاری بەرلین ڕۆژێکیان کتێبیکی هەمان شێوەم لە دەست خوناو خانی کچۆلەی ئازیزم دیت کە بە فارسی نوسرا بوو دیار بوو نکتەکانی بۆ مندالان دەگێڕایەوە و بۆی دەیخوێندەوە،منیش گوێم لێ ڕ گرتبوون و دوای ئەوەی کە تەواوی کرد ڕاستەو خۆ لێم وەرگرت و چاوێکم پێ دا خشاندو نکتەکانی مەلام هەموو خوێندەوە،زۆرم پێ خۆش بوون و کەمێکیشم گوێ لەم نوکتانە بووبو،بۆیەکە بە هەلم زانی و کتێبەکەم لە خوناو خان وەرگرت و بڕیارمدا

کە بیان کەم بە کوردی وابوو ئەو بڕیارەم جێ بەجێ کردو وەرمگێڕانە سەر زمانی شیرینی کوردی و ئێستاش ئەم کتێبەی کە لە بەر دەستتان دایە هەمان کتێبە، جا هێوا دارم کە کارێکم کردبێ جێی ڕەزامەندی خوێنەرانی ئازیزی کورد بێت و هیچیش نەبێتن کە بەم کتێبە کەلێنێکی بچکۆلانەی پەڕتوکخانەی کوردیم پێ پڕ کردبێتەوە.

جا هیوا دارم کارێکم کردبێ کە جێگەی سودی خوێنەرانی ئازیز بێتن.

بەرلین

ئەحمەد دەشتی

# نکتەکان

## منداڵە مەلا

ڕۆژێکیان مەلا مەشور دەچێتە ژووری منداڵە هەرە بچکۆلانەکەی و دەبینێت کە هۆڕ هۆڕ دەگرییێت و مەلا زۆر نا ئارام دەبێت و لێی دپرسێ و دەلێت: ڕۆلە گیان چی ڕووی داوە بۆچی ئاوا دەگرییێیت ؟ منداڵەکەش دەلێت باوکە چی رووی نەداوە،بەلام لە کاتێك دا داستانێکم دەخوێندەوە لەناو ئەو داستانە دێوێکی زۆر نقۆلا هەبوو منیش کە تەنیا بووم لە ژوورەکەم زۆر ترسام بۆیە دەگریم.

*

## شەڕ

شەوێکیان مەلا بە تەنیایی بەرەو ماڵەکەی خۆی دەگەڕایەوە،لەو ڕێگەیە دا کابرایەك لە ناکاو مستێکی زۆر بە توندی لە سنگی مەلا دا،مەلاش گەڕایەوە و گوتی: هەی ئەحمەق مەگەر کوێرەی کە

مرۆ بەم گەورەییەوە نابینیت؟ كابرای مست هاوێژیش لە وەرام دا گوتی: بە پێچەوانەوە لە جیاتی نەفەرێ دووان بە یەكەوە دەبینم،ئەو مست هاویشتنەشم بۆ ئەوە بوو كە دەمەویست لە نێوان هەردوكتان بێمە دەرەوە.

*

## پیاوێكی شێت

مەلا مەشور ڕۆژێك لە ڕۆژان لە نەزیك حەوزێ مزگەوتێكەوە كە پڕ لە ئاو بوو تێدەپەڕی،بینی كەوا كابرایەك لە سەر حەوزە ئاوەكەیەوە هەردوو دەستی لە ناو حەوزەكە دەنێ و دەیەوێ دنكە شقاتەكەی كە بە دەستیەوە بوولە ژێر ئاوەكە پێ بكات و شقاتەكە لە ژێر ئاو لێ دەدات و هەرچەند دەكات ئاگرەكە لە ناو حەوزەكە هەلنابێت و دیسان دوبارەی دەكاتەوە،خۆ لە ژێر ئاویش ئاگر قەت هەلنابێت. مەلاش ئەم كارەی كابرای زۆر بەلاوە سەیر دەبێت دەچێ بۆ لای كابراو لێی دەپرسێ و دەلێ: برالە ئەوە تۆ چی دەكەیت؟كابراش سەری بلند دەكات و دەلێت:من قڕانێكم لێ كەوتۆتە ناو ئەم ئاوەو دەمەوێ دەری بێنم بەلام ژێر ئاوەكە تاریكەو

دەمەوێ ڕوناك ببێ و ئەوسا تا پارەکەم ببینم و قرانەکەم دەربێنم چونکە لەوە زیاتر هیچ پارەیەکی ترم نیە،بەڵام ئاگرەکەم پێ هەلنابێت

مەلاش بیری کردەوەو بە بزەیەکی گاڵتە پێکراوەوە گوتی:بەڕاستی مرۆیەکی زۆر شێتی نازانی کە ئاگر لە ژێر ئاوەوە هەلنابێت؟کابراش دەلێت: ئەیَ باشە چی بکەم تا بتوانم ژێر ئاوەکە ڕوناك بکەمەوە تا پارەکەم دەر بێنم؟.

مەلاش کەمێ بیر دەکاتەوە دەلێت زۆر هاسانە،شقاتەکە لە دەرەوە پێ بکەو ئەوسا بیخەرە ژێر ئاوەکەوە و ئەوکات ڕوناک دەبێت و دەتوانی پارەکەت بدۆزیەوە.

*

## قازی یەکپا

مەلا مەشور ڕۆژێ قازێکی ئامادە کردو کردی بە جێشت ولێینا،هەر ئاوا بە کوڵاوی بۆ دادوەرەکەی شارەکەی خۆی برد، مەلا لەڕێگە زۆری برسی دەبێت و ڕانێکی لە گۆشتی قازەکە دەر دێنێ ودەیخوات و گۆشتەکەی تری قازەکەش بۆ حاکم دەبات.حاکم لە کاتێك دا قازەکەی بە یەك پاوە دیت گوتی: باشە پایەکەی تری ئەم ئاژەلە لە کوێیە ؟ مەلاش گوتی قوربان لە شارەکەی ئێمە هەموو قازێك یەك پێی

هەیە،ئەگەر باوەڕیش ناکەیت فەرموو بنوارە ئەو قازانەی لە کەنار حەوزەکەی مالی خۆتانەوە وەستاون هەمویان یەك پان، حاکمیش لەو کاتەدا هاتە لای پەنجەرەکەی مالەکەی خۆیان وسەیری دەورو بەری حەوزی ئاوەکەی کرد بینی کە هەموو قازەکان لە یەك پێ زیاتریان نیە،لەو کاتە دا قازەوانەکان بە خۆیان و گۆپالەکانیانەوە قازەکانیان بەرەو مال دەبردەوە، کە قازەکانیان دەنگ دا هەموویان لە سەر دوپا دەرۆیشتن،حاکم گوتی مەلا وەرە دەزانی تۆ درۆت لە گەل من دا کردوە،مەلاش کەمێ سەیری دەرەوەی کردو کەمێ بیری کردەوە و گوتی:قوربان ئەو گۆپالەی کە بە دەستی قازەوانەکانەوەیە ئەگەر پێ لە تۆش بدەن لە جیاتی دووپا بە چوار پاوە ڕادەکەی.

*

## پزیشک

ڕۆژێکیان مەلا مەشور نەخۆش دەکەوێت، ژنەکەی مەلا دەچێت دکتۆرێکی بۆ دێنێت کە تازە لە فەرەنسادا گەڕا بۆوە ، دکتۆرەکە هیچ لە زمانی تورکی حالی نەدەبوو ، دکتۆرەکە چووە سەر سەری مەلا ، ئەو دکتۆرە تەنیا وشەی ماشائەللاو ئینشائەللا فێر ببوو.مەلا لە دکتۆری پرسی ئاخۆ

نەخۆشیەكەی من زۆر سەختە؟ دكتۆرەكەش لە وەرام دا گوتی: ماشائەللا ماشائەللا،مەلا دیسان لە دكتۆرەكەی پرسیەوە گوتی دكتۆر گیان ئەم نەخۆشیەی من دەمكوژێت؟دكتۆریش گوتی ئینشائەللا ئینشائەللا.

## جەنگ

شەوێك مەلا مەشور پێش ئەوەی كە بچێ بنوێت هەستا ئەو شومشێرەی كە بە دیواری ژووری نوستنەكەیەوە هەلواسرابوو،لە خۆی بەستا و ئەوسا بەرەو نوستن چوو لەوكاتەدا ژنەكەی لە مەلای پرسی و گوتی:ئەرێ مەلا ئەوە تۆ بۆ دەچی دەنویت و ئاوا شومشێریشت لە خۆ بەستاوە ؟ مەلا لە وەرامدا گوتی: خانم گیان لە بەر ئەوەی كەدوێنێ شەوێ لە خەومدا لە گەل كابرایەك بەشەڕ دەهاتم ئەو كابرایە شومشێری پێ بوو كەچی منیش هیچم پێ نەبوو بۆیەكە لەو شەڕە شكەستم خوارد ئەو سەركەوت ، جا ئێستا دەمەوێ ئیمشەو ئەو كابرایە لە خەو ببینمەوەو تا كو بەم شومشیرە تۆلەی خۆمی لێ بكەمەوە،ئەوسا ژنەكەی مەلا گوتی: مەلاگیان زۆر وریای خۆت بەو ئاگات لەم شومشیرە بێت لە

دەستی نەدەی چونكە ئەمە تەنیا یادگاری باوكمە بۆم بەجێ ماوە!!!!!.

## نامە نوسین

رۆژێكیان مەلا مەشور چووە لای كابرایەكی نوسەر و گوتی: تكایە نامەیەكم بۆ فلانەدۆستم كەلە شـــارێكی تر دا دەژیت بۆ بنوسە، كابراش دەستی كرد بە نامە نوسین بۆ مەلا ، كاتێ كە نامەكەی نوسی مەلا یەك بە خۆ هاواری كردو گوتی: بۆم بنوسە پارەم نیە هەندێ پارەم بۆ بنێرە.

نامە نوسەكەش زۆر بە تورەییەوە گوتی:خاڵەگیان بۆچی وا هاوار دەكەی خەریكە گوێچكەم كەڕ بێت.مەلا مەشوریش گوتی:كاكی خۆم لە بەر ئەوەی كە ئەو دۆستەی من كەوا نامەی بۆ دەنوسی كەڕەو بۆیەش من وام هاوار كرد هەتا تۆش نامەكە بە بلندی بنوسی تا دۆستەكەم بتوانێ بیخوێنێتەوەو.

*

## سەد ولاغ

رۆژێكیان مەلا مەرێكی بۆ حاكمی شار بە هەدیە برد.حاكمیش بەو كارەی مەلا زۆر شاد بوو.مەلا زۆر بە توندی گوتی:جەنابی حاكم خۆت ئیختیارت هەیە،تۆ بە قەد سەد ولاغ بۆ ئێمە نرخت هەیە.

## كابرایەكی شەقاوە

ڕۆژێكیان مەلا بە ڕێگاوە دا دەڕۆیشت و دالغەی لێ دابوو، بۆیەكە بەرچاوی خۆی نەدی و لە ناكاو شانێكی زۆر بە توندی لە كابرایەكی شەقاوەی شاردا،كابرای ملەستورو شەقاوەش وای زانی كە مەلا بە قەست وای كردووە بۆیەكە ڕووی وەرگێڕاو چەند جنێوێكی ناشرینی بە مەلا دا،مەلاش كەمێ ڕاوەستاو لە كابرای ملەستور مۆڕ بۆوە،لەو كاتەشدا دوو هەنگاوی تر بەرەو لای كابرا چوو و گوتی:بۆچ جنێوانم پێ دەدەی؟. كابرای ملەستووریش دوو هەنگاوی بۆ لای مەلا هاویشت و گوتی:نەخێر من جنێو بە باپیرو داپیرەت دەدەم.
مەلاش كە كابرای بەم شێوەیە دیت زانی شتێك بكات مەلا تۆش دەبێت،بۆیە لەوكاتەدا دوو هەنگاو بەرەو دواوە گەڕایەوەو گوتی:ئەها ببورە من وام زانی جنێو بە من دەدەی!!!.

*

## حەماقەت

ڕۆژێكیان مەلا چادانێكی چینی زۆر جوانی كڕی بوو و بەرەو ماڵ دەگەڕایەوە ، بەلام لە ڕیگەدا بیری لەوەكردەوە كەئەگەر ئەم چادانە لە ماڵەوە بكەوێتە سەر زەوی و بەربێتەوەو بشكێتن،ئەوكاتە

من لە كوێ چادان بەستێك پەیدا بكەمەوە كە تا پارچەكانی ئەم چادانەم بۆ ببەندێتەوە ، دوای كەمێ بیركردنەوە لەو بارەوە و سەرەنجام بە خۆی گوت:ئێ باشە ئێستا من لە بازارم و با بۆخۆم ئەم چادانە بشكێنم و بیدەم بە بەندساز و بۆم چاك بكاتەوە،مەلا لەوكاتەدا قۆری چادانەكەی دا بەزەوی و شكاندی،ئیتر هەموو پارچەكانی كۆ كردەوەو بۆلای وەستای چینی بەندی بردو چادانەكەی دایێ تا چاكی بكاتەوەو بیبەستێتەوە.

*

## مۆز خواردن

ڕۆژێكیان مەلا چەند دانەیەك مۆزی كڕی و هەر بە پەلكەوە دەستی كرد بەمۆز خواردن.پیاوێك لەو كاتە دا لە لای مەلاوە ڕەت دەبوو،ئەم دیمەنەی مۆز خواردنی مەلای بینی بەلایەوە سەیر بوو كە ئەو كابرایە ئاوا بە پەلكەوە مۆز دەخوات،بۆیەكە لە مەلای پرسی و گوتی:ئەری برالە بۆچی تۆ ئەم مۆزە بە پەلكەوە دەخۆیت؟

مەلاش بزەیەكی هاتێ و گوتی:هەی مرۆڤی نەزان! من دەزانم كە لەناو ئەو پەلكەدا چی هەیە،كەواتە بۆچ پەلكەكەی لێ بكەمەوەو فڕێی بدەم؟.

*

## ڕێ نیشاندان

ڕۆژێك كابرایەك دەمانچەیەكی هەفت تیری دۆزیەوە و چوو بۆ لای مەلا تا بزانێت ئەمە چیە ، لە مەلای پرسی و گوتی:مەلا گیان پێم بلێ ئەمە چیە؟

مەلاش لێی وەرگرت و كەمێ تێی وەڕاماو گوتی:برا ئەمە قەلنەی فەرەنگیە،كابرای كە هەفت تیرەكەی دۆزیبۆوە، خۆشحال بوو وهەفت تیركەی بە ددان گرت و ویستی قەلنەی فەرەنگی بكێشێ،لە ناكاو گولەیەك لە هەفت تیرەكە دەرچوو و كەللەی كابرای شەق كردو هەر ڕاستەو خۆ لەوێ گیانی دەرچوو و مرد.

مەلاش سەیرێكی تەرمی كابرای كرد و گوتی:بەڕاستی توتنێكی زۆر توند لە ناو ئەو قەلنەیە فەرەنگیە بوو،چونكە ئەوكابرایە تەنیا یەك قومی لێ داو ئاوا نەشئە گرتی و كەوتەزەوی.

*

## گۆشت كرین

ڕۆژێكیان مەلا مەشور نیو كیلۆ گوشتی بەبێ هێسكی كڕی و بردیەوە مالەوە،كە چۆوە ژنەكەی لە كەناری حەوزی ئاوەكە بینی كە خەریكی قاپ و قاچاغ شوشتنە،مەلا ویستی كە گۆشتكە بدا بە

ژنەکەی ، لەو کاتەدا پشیلەیەکی لەولاوە چاو پێ کەوت و بە ژنەکەی گوت ئافرەت: نیو کیلۆ بەفرم کڕیوە،کەبۆ ئیمشەو بیکەی بە شێو و بیخۆین،مەلا کیسەکەی لەلای دیوارەکە داناو ڕۆیشت بۆ سەرکارەکەی خۆی.

ژنەکەی مەلاش چاوێکی کردە کیسەکەی کە لەلای دیوارەکەوە بوو و گوتی: هەی پیاوی ئەحمەق لە جیاتی گۆشت چووە بەفری بۆمن کڕیوە. خێزانەکەی مەلا ئەم قسەیەی گوت و خەریکی کاری خۆی بوو.پشیلەکەش سودی لەو ماوەیە وەرگرت و چوو هەموو گۆشتەکەی خواردو تێر وتەسەل بوو.شەو کاتێ کە مەلا گەڕایەوە مالەوە لە ئافرەتەکەی پرسی و گوتی: باشە بۆچی ئەو گۆشتەی کە نیوەڕۆ هێنابوومەوە لێت نەناوە؟ئافرەتەکەی مەلاش گوتی گۆشتی چی تۆ نەتگوت بەفرم کڕیوە؟مەلاش دەستێکی بە سەری خۆی داداو گوتی:هەی گێلە ، من لە بەر ئەوەی وام گوت چونکە پشیلەیەك لەو لاوە پال کەوتبووتا گوێی لە من نەبێت کە بزانێت گۆشت لەناو کیسەکەدا هەیە بۆیەکە گوتم بەفرم کڕیوە،هەی گێلە،تۆ چۆن باوەڕت کرد کە من بەفر بۆ شێو لێنان دەکرم؟.

*

## مەلاو پشیلە

مەلا پشیلەیەکی زۆر جوان و مەلوسی هەبوو،ڕۆژێکیان سەیری کرد کە جەستەی پشیلەکەی زۆر پیس بووە،بڕیاری دا کە پشیلەکەی بشواتن،مەلا پشیلەکەی هەلگرت و بردیە لای جۆگاوەکە و خەریکی شوشتنی پشیلەکەی بوو.

پیاوێك لەوکاتەدا لەوێوە تێ دەپەڕی و کاتێ کە بینی وا مەلا پشیلەکەی دەشواتن و هات و گوتی: مەلا ئەوە بۆچی پشیلەکەت دەشۆی؟ مەلاش گوتی:زۆر پیس بووە دەمەوێ پاك ببێتەوە.ڕێبوارەکەش گوتی:بەلام لە وانەیە کە پشیلەکەت زۆر ناڕەحەت ببێ.کابرا ئەم قسەیەی کرد و ڕۆیشت.بەلام کاتێ کە گەڕایەوە زانی کە پشیلەکە مردووەو لە کەناری جۆگاوەکە کەوتووە و مەلاش لەوێ ڕونیشتووە و سەیری تەرمی پشیلەکە دەکات. ڕێبوارەکە گوتی:نەم گوت کە پشیلە بشۆرێ دەمرێت. مەلاش گوتی: بەلام ئەو بە هۆی شوشتنەوە نەمرد.ڕێبوارەکە پرسی ئەی بۆ مرد؟ مەلا گوتی:من ئەوم شوشت و بۆ ئەوەی وشك بێتەوە پشیلەکەم کوشی و ئەو کاتە مرد.

*

## پیاز بە عارەبی

لە مەڵایان پرسی و گوتیان مامۆستا بە عارەبی بە پیاز دەلێن چی؟مەلاش هەرچەند لێکی داوە نەیزانی و بە سەر خۆی نەهێناو یەکسەر گوتی پێی دەلێن پیحوازوو!!

## زیرەک

لە مەلایان پپرسی و گوتیان:لە شاری ئێوە بە فەرخەی گا دەلێن چی؟مەلاش هەرچەند فکری کردەوە وەبیری نەهاتەوە کە بلێ پێی دەلێن گۆلك نەیزانی ، بۆیەکە گوتی:لە شاری ئێمە دا کاتێ کە گا بچوکە ناوی لێ نانێن و ناوی لێ نانێن و ناوی لێ نانێن،تا گەوەرە دەبێ ئەوسا پێی دەلێن گا.

*

## چوونە شەڕ

شەڕێك ڕووی دا ئەو قەلایەی کە چەند دزێکی لە ناو بوو حاکم بڕیاری دا کە دەبێ ئەو قەلایە بگرن،مەلاش دارێکی بە دەستەوە گرت و چوو بۆلای ئەو قەلایەی کە شەڕی لێ بوو،کاتێ کە مەلا لە ژێر دیواری قەلایەکەوە بوو،یەکێ لە دزەکان بەردێکی ڕاوەشاندەمەلا ، بەردەکە لە لایەکی سوپەرەکەی

مەلا وە ڕەت بوو ڕاستەو خۆ بە سەر سەری مەلا کەوت و سەری مەلای شکاند،مەلاش لەو کاتە دا دەستی بە جنێو دان کرد و گوتی سەگبابانە ئەم سوپەرە گەورەیە نابینن و بەرد بە سەر سەری من دادەدەن.

*

## چارەسەری

ڕۆژێکیان گایەك سەری نایە ناو مەنجەلە ئاوێك کە ئاو بخواتەوە،بەلام گایەکە نەی توانی سەری لە ناو مەنجەلەکە دەر بێنێ.لەوکاتە دا مەلا لەوێوە تێ دەپەڕی،خەلك کاتێ کە مەلایان دیت لێی پارانەوە کە چارە سەریەك بدۆزێتەوە،مەلاش گوتی:زووبن سەری ئەم گایە ببڕن،هەتا نەخنکاوەو گۆشتەکەی حەرام نەبێتن.

بەقسەی مەلایان کردوچوون قەسابێکیان هێناو گەردەنی گایان بڕی وسەریان لە جەستەی گاجیا کردەوە،بەلام سەری گایەکە هەر لە ناو مەنجەلەکە مایەوە،لە مەلایان پرسی جەنابی مەلا ئێستا چی بکەین؟مەلا دیسان بیری کردەوەو گوتی:هیچ چارەیەك نیە دەبێ مەنجەلەکە بشکێنن و سەری گایەکە لە ناو مەنجەلەکە دەربێنن.

*

## پزیشكییەتی

ڕۆژێكیان مەلا پڕوپاگەندەی پزیشكی بۆ خۆی دەكرد و دەیگوت هەر نەخۆشیك بێتە لام دەتوانم چاكی بكەمەوە،كابرایێ كە فەرخە میشكێكی خواردبوو هێنایانە پێش مەلا بۆ چارەسەری كردن و هێنانە دەرەوەی فەرخە مشكەكە، مەلا كارێكیان بۆ ئەنجام بدات ، مەلاش بیری كردەوە كە چی بكات باشە و گوتی:فەرخە پشیلەیەكی بێنن و لە ناو گلاسێك ئاوی كولاو بتوێننەوە و لە ناو دەوی كابرای بكەن و لەو كاتە دا فەرخە مشكەكە دەترسێت و لە گەلووی دێتە كابرا دێتە دەرەوە و لە ترسان دەردەپەڕێت!!!.

*

## چوون بۆ بەغدا

ڕۆژیكیان كابریەك هاتە لای مەلاو گوتی:جەنابی مەلا تكات لێ دەكەم نامەیەكم بۆ دۆستەكەم كە لە بەغدایە بنوسە، مەلاش سەری تەكان داو گوتی:كابرا بڕۆ لێرە!من ئەوەندەم كار هەیە كە هەلی چوونە بەغدام نیە.

کابرایەکە کە لە قسەی مەلا نەدەگەیشت گوتی:
جەنابی مەلا من تەنیا داوام لە تۆوە کردووە کە نامەیەکم بۆدۆستەکەم کە لە بەغدایە بنوسی!من ئەم گوتووە تۆ بچیتە بەغا.
مەلا بزەیەکی هاتی و گوتی:دەزانم چونکە خەتی من ئەوەندە ناخۆشە ئەگەر نامەت بۆ بنوسم دەبێ بۆ خۆشم لە گەل نامەکەدا بچم تا لەوێندەر بۆی بخوێنمەوە.

*

## پرسەی جوجەلەکان

مەلا مامرێکی هەبوو کە چەند جووجەلەی بە دونیا هێنا بوو،ڕۆژێکیان لە ناکاو مریشکەکەی دەمرێتن،مەلاش پارچە قوماشێکی ڕەش پەیدا دەکات و بۆ هەر جوجەلەیەك پارچەیەك دەبڕێت و کونی دەکات و بە ملی هەریەك لە جووجەلەکانەوە دەکات ، یەکێك لە دۆستانی مەلا ئەمە دەبینێت و لە مەلا دەپرسێت و دەلێت: مەلا بۆچی ئەو پارچەقوماشە ڕەشانەت لە ملی جوجەلەکانەوە بەستووە؟ مەلاش دەلێت:دۆستی ئازیز بە داخەوە دایکی ئەم جوجەلانە مردووەو ئەوان ئیستا پرسە دارن بۆ دایکیان .

*

## كارەكانی دەرەوە و ناوەوە

رۆژێكیان هەوالیان دا بەمەلا كە مالەكەی ئاگری گرتووە، وا باشە كە هەرچی زووترە بچێتەوەو هەنگاو بۆ كوژانەوەی ئاگر باوێت ، بەلاّم مەلا زۆر بە خوێن ساردیەوە گوتی:من لە گەڵ ژنەكەم كارم دابەش كردووە ، هەركارێ كە لە ناو ماڵەوە بێت ئەوا دەبێ ژنەكەم ئەنجامی بدات و هەر كارێكیش كە لە دەرەوە بێت ئەوا دەبێت من ئەنجامی بدەم،ئێستا ئێوە وا باشە كە زەحمەت بكێشن ئەو هەوالە بۆ ژنەكەم بەرن،چونكە ئاگر گرتنی ماڵەوە شتێكی ناوەوەیە دەبێ ژنەكەم كاری پێویست لەو بارەوە ئەنجام بدات و ئەركی ئەوە كە ئاگرەكە بكوژێنێتەوە.

*

## مەلاوكەرەكەی

رۆژێكیان مەلا دارێكی زۆری لە كەرەكەی بار كردبوو ، بۆ خۆشی لە سەر بارە دارەكە دا لە سەر پێیان ڕاوەستا بوو،كەری بێچارەش لە بەر گرانی بارەكەو سوار بوونی مەلا لە سەر بارە دارەكەوە زۆر بە زەحمەت بە ڕێوە دەڕۆیشت،هەندێ كەس كە ئەوەیان بینی كە وا مەلا بە ڕاوەستاوی سواری بارە دارەكە بووە لە مەلایان پرسی و گوتیان:ئەوە بۆچی

تۆ لە سەر بارە دارەکەی سەر پشتی کەرەکەت ڕاوەستاوی و ڕوو نانیشی؟ هەتا خۆت و کەرەکەشت ئاسودەتر ببن مەلاش گوتی: من مرۆیەکی خاوەن ویژدانم نامەوێ ئەو هەموو قورساییەی کە من هەمە لە گەل ئەم بارەدارە بکەوێتە سەر پشتی کەرەکەمەوە

*

## غەیب گۆیی

ڕۆژێکیان مەلا هەندێ زەردەلووی لە دارێك دەکاتەوەو لە ناو دەسمالێکی دەکاو بەرەو مال دەچێتەوە،لە ڕێگە دا چەند نەفەرێك دەبینیت کە لە دەورو بەری یەك کۆ بوینەوە، خەریکی وت و وێژو قسە کردنن ،لە گەل یەکتر دا.مەلاش بۆ لای ئەوان چووە پێشەوەو گوتی: هەرکێ بتوانێت کە بزانێتن و بلێت لە ناو ئەم دەسمالەی من دا چی هەیە؟ ئەوا ئەو زەردەلوانەی کە لە دارم کردۆتەوە دەیدەمێ،یەکێ لە مرۆیەکان لە ناو ئەو کۆڕە دا بیری کردەوە و گوتی:کاکە گیان ئێمە خەلکێکی سادەین ، هیچ کارو بارێکمان لە گەل غەیبگۆیی دا نیە ، تا بتوانین بە تۆ بلێن کە چیت لە ناو ئەو دەسمالە داهەیەو ئەوسا جایزەی زەردەلوت لێ وەربگرین.

## پیاوی بار بەر

مەلا هەندێ کەل و پەلی کڕی و هەمووی خستە ناو کیسەکەیەوە ، بار هەلگرێکی بانگ کردو پێی گوت کە ئەو کیسە بارەی بۆ هەلگبرێ و بیباتەوە مالەوەی،کابرای حەمالیش بارەکەی بۆ هەلگرت و کەوتە رێگەوە، مەلاش بۆ ئەوەی کە رێگە بەو نیشان بداتن لە پێشەوەی حەمالەکە رۆیشت و حەمالەکەش لە دواوەبوو،مەلا کە گەیشتە نەزیك مالەکەی خۆی ئاورێکی دایەوە بینی کە کابرای حەمال لە دواوەی نەماوە، مەلا بێ ئاگا لەوەی کە حەمالەکە خۆی دزبۆوەو کەل وپەلی مەلای بردوەو رۆیشتۆتەوە مالەکەی خۆی ، مەلاش هەتا چەند رۆژێك لە دوای کابرای گەراو بەلام نەیتوانی کە بیدۆزێتەوە، لەدوای ئەوە دا کە دەرۆژ بە سەرئەو رووداوە دا چوو، مەلا لە گەل هەڤالێکی بە کۆچەیەك دا تێ دەپەرین لەو کوچەدا کابرای حەمالی دۆزیەوە،کە بارێکی لە پشتا بوو ، مەلا رووی لە هەڤالەکەی کرد و گوتی:بروانە ئەوە هەمان حەمالە کەدەرۆژە من لە دوای دەگەرێم،ئەو حەمالە کیسەیەکی پری لە کەل و پەلی من بردووە،مەلا لە کاتێك دا کە رووی لە لایەکی تری حەمالەکەوەبوو بۆ ئەوەی کە حەمالەکە ئەو نەبینێت لە کەناری ئەوا رەت بوو ، هەڤالەکەی

مەلا گوتی:باشە بۆچ قسەت لە گەل کابرا نەکردو مالەکەی خۆت لێ نەستاندەوە ؟مەلا گوتی:مەگەر شێت بووی دەتەوێ کە بانگی حەمالەکە بکەم و پارەی دەرۆژ حەمالی بە کابرا بدەم ؟

*

## دەرهێنانی مانگ لە ناو بیردا

شەوێکیان مەلا لە کەناری بیرێکی ئاوەوە تێدەپەڕی،کە سەیری ناو بیرە ئاوەکەی کرد وێنەی مانگی لە ناو ئاوی بیرەکەدا بەرچاو کەوت ، لە بەر خۆیەوە بیری لەوە کردەوە و گوتی:مانگی بێچارە کەوتۆتە ناو بیرەوە،مەلاش ویستی کە تا مانگ لە ناو ئەو بیرەدا نەخنکاوە هەوڵی دەرهێنانی و ڕزگاری لەناو بیرەکەدا بدات، مەلا زۆر بە پەلە چوو گوریسێکی هێناو گوریسەکەی بۆ ناو بیرەکە شۆڕ کردەوە،سەری گوریسەکەی لە بەردێکی زل قایم کرد،مەلا بە خەیاڵی ئەوەوە کە سەری گوریسەکە لە مانگ گیر بووە و گوریسەکەی بۆ دەرەوە ڕادەکێشا،بەلام مەلا لە ناکاو گوریسەکەی لە دەست بەربوووەو یەکسەر پشتی سەری بە زەوی کەوت،لەو کاتەدا کە لە سەر پشت کەوتبوو لە ئاسمانەوەچاوی بە مانگ کەوت کە لەو حەوایە

دەدرەوشایەوە،ئەوسا زۆر بە شادمانیەوە گوتی:بەخوا باش بوو بە هیوای خۆم گەیشتم هەرچەندە کە پشتی سەرم بە زەوی کەوت و جەستەم تەزی لە ژان ئێشان بوو،بەلام قەیدی ناکات و مانگم دەرهێناو لە ناو ئەو بیرە دا ڕزگارم کرد.

*

## چوون بۆ سەرتاشخانە

مەلا سەری زۆر هاتبوو،هەستا چووە سەرتاشخانەیەك بۆ ئەوەی سەری خۆی بتراشێت،بەلام کابرای سەرتاش تازە بوو کە زۆر شارەزای سەرتاشین نەبوو،هەر چەند جار تیغی بە سەری مەلا دادەهێنا لە خوێن سووری دەکردو هەندێ پەمۆی لە سەر برینەکە دادەنا،سەرەنجام مەلا کە لە ئاوێنەەوە سەیری خۆی کرد بینی کە نیوەی سەری بە پەمۆ داپۆشراوە،مەلا بە توڕەبوونێکی زۆرەوەگوتی:برا نامەوێ چیتر سەرم بتراشی چونکە تۆ لە نیوەی سەرمەوە پەمۆت چاندووە منیش دەمەوێ بە خۆم لە نێوەکەی تر کەتان بچێنم.

*

## چاو هێشان

پیاوێك چوو بۆ لای مەلاو گوتی:مەلا چاوم زۆر دێشێت،چی بکەم تا چاوم ژانی بڕواتن؟مەلاش بیری کردەوە گوتی:چەند ڕۆژ لە مەو بەر من ددانم ژانی دەکردو هەستام ددانەکەی خۆم کێشا و فڕێم داو ئیتر ددانەکەم ژانی نەماو ئارام بووم!.

*

## بە سەرخۆ داشکانەوە

مەلا لە مالەوە بوو کە دزێك هاتە مالەکەی مەلا،مەلاش خۆی لە ناو دۆلابێك شاردەوەو دەرگای دۆلابەکەشی لە سەر خۆیا بەست و خۆی لە گورە نەبرد،دزەکە خەریکی گەڕان و سوڕان لە ناو مالی مەلا بوو بۆ پەیدا کردن و دزینی کەل و پەلی بە نرخ دەگەڕا ،بەلام دزەکە هەرچەندە مالی مەلای پشکنی شتێکی ئاوای گیر نەکەوت،بۆیەکە کابرای دز لەبەر خۆیەوە گوتی:دەبێ ئەو مالە شت و مەکی بە نرخیان لە ناو ئەو دۆلابەدا نەبێ؟ دەبێ سەیری ناو ئەم دۆلابەش بکەم،دزەکە بۆ لای دۆلابەکە چوو،کە دەرگای دۆلابەکەی کردەوە لە ناکاو چاوی بە مەلا کەوت و زۆر ترسا و دەوی تێك ئالا و گوتی:تۆ لێرە بووی؟ مەلاش گوتی:من کە تۆی دزم دیت هاتوویە

ماڵەکەی من و هیچ شتێکی واشم نیە لە ماڵەوە کە تۆ بیدزی،جا لە بەر هەندێ زۆرم شەرم لە خۆم کردەوە و لە بەرئەوە کە زۆر بە خۆم داشکامەوە هاتم خۆم لە ناو ئەم دۆلابەدا شاردەوە!.

*

## چاویلکە

شەوێکیان مەلا زۆر بە هەراسانیەوە لە خەو ڕاپەڕی و بانگی مەلا ژنیشی کردو گوتی:زووبە بڕۆ چاویلکەکەم بۆ بینە،مەلا ژنیش کە زۆر بە نا ئارامیەوە لە خەو ڕاپەڕی بوو لە جێگەی خۆی هەستاو گوتی:عەینەگت بۆ چیە؟

مەلاش لە وەرامی ژنەکەی دا گوتی: کاتێ کە من نوستبووم،سەفەرم بۆ شارێکی دوور دوور کرد، هەندێ شوێن لەو شارەدا تاریك بوو،نەمتوانیی کە ئەو شوێنانە بەبێ عەینەگ ببینم،لەبەر هەندێ کە دەمەوێ عەینەگم لە چاوان بکەم و بتوانم باشتر شوێنە گرنگەکانی ئەو شارە ببینم.

## خورما خواردن

مەلا چووە بازار و هەندێ خورمای کڕی،ئیتر بە دنکەوە خەریکی خواردنی خورما بوو، ژنەکەی

مەلاش مەلای بەو شێوەیە دیت گوتی:مەلا ئەوە بۆ خورما بە دنکەوە دەخۆی؟
مەلاش لە وەلام دا گوتی:مەگەر دوکانداری سەری کۆلان خورمای بەبێ دنك بە من فرۆشتووە تا من ئەم خورمایە بەبێ دەنك بخۆم؟.

*

## زەڕینی کەر

مەلا هەندێ پیازی لە کەرەکەی بار کردبوو و لە کوچەو کۆلانی شار بۆ فرۆشتنی دەسوڕایەوە،هەر چەند جار دەیەویست کە بانگ بکاتن بۆ ئاگادار کردنی خەلك و بێن ئەوپیازە باش و هەرزانەی لێ بکڕن،هەرکە مەلا بانگی دەکرد وەرنە پیازان کەرەکەشی یەك بە خۆی دەزەری و نەی دەهێشت کە مەلا بەتەواوی بانگی وەرنە پیازان بکات و دەنگی مەلای دەبڕی، مەلا هەرچەند دەیەویست کە بانگی خەلك بکاتن بەلام مەلا بە زۆرە زۆڕی کەرەکەی ڕوو بەڕوو دەبۆوە،مەلا لەڕەفتاری کەرەکەی زۆر زۆر تۆڕە بوو،بۆیە بە کەرەکەی گوت:وەرە بزانم تۆ پیاز دەفرۆشی یامن؟

*

## مەلاو كچەكەی

مەلا گۆزەیەكی دایە دەست كچەكەی و شەقە زللەیەكی توندیشی پیا كێشاو گوتی:ئێستا بڕۆ سەر كانی و ئەم گۆزەیە پڕ لە ئاو بكەو بیهێنەوە و گۆزەكە نەشكێنی،مەلا ژنیش كاتێ كە مەلای بەم شێوەیە دیت و كچەكەشی ئەسرین لە چاوانی دهاتە خوارەوە زۆر بە توڕەییەوە لە مەلای پرسی و گوتی:بۆچی ئەو شەقە زللەیەت لەو كچە دا ؟

مەلاش بە مەلاژنی گوت تۆ ئەقلت كەمەو هیچ نازانی،من ئەم زللەیەم بۆیە لەو كچە داوە تاكو وریا بێت گۆزەكە نەشكێنێ،خۆ ئەگەر گۆزەكەی بە زەوی داداو شكاندی ئەوساكە لێدانی سودی نیە.

*

## میوانی مەلا

ڕۆژێك كابرایەك هاتەمالی مەلاو بوو بە مێوانی مەلا،مەلاش خواردنی بۆ هێناو كابراش پاش نان خواردنی گوتی:

لە شارەكەی ئێمە وا باوە لە دوای نان خواردن مێوە دەخورێتن، مەلاش لە وەرام دا بە توندی سەری تەكان داو گوتی:

بە پێچەوانەوە ئەم كارە لە شارەكەی ئێمە دا زۆر ناپەسەندە و كەس وا نایكاتن.

*

## هاوبەشیەتی لە ماست کڕین دا

مەلاو دۆستەکەی مەنجەلێك ماستیان کری،بڕیاریان دا بە یەکەوە ماستەکە بخۆن،دۆستەکەی مەلا کە کابرایەکی زیرەك بوو،خەتێکی لە ناوەندی ماستەکە کێشاو کردی بە دوو بەشەوەو گوتی:
ئەملای خەت بەشی منەو ئەولای خەتیش بەشی تۆیە.
مەلاش گوتی زۆر باشە ڕازیم،کابرای زیرەك گوتی:من دەمەوی بەشی خۆم شەکری تێکەلاو بکەم.
مەلاش گوتی:بەلام ماست شلە باشتر وایە شەکر بە هەموو ماستەکە وەربکەی تا هەردوکمان بیخۆین.
کابرای دۆستی زیرەکی مەلا گوتی:نەخێر ئەم کارە ناکەم.
مەلاش کە تووڕە بوو بوو قوتیەك ڕۆنی دی کە لەو لاوە داندرابوو دەستی دایەو لە ناو ماستەکەی کرد، دۆستەکەی مەلا هاواری کردو گوتی:بۆچی وات کرد؟مەگەر تا ئێستا کەسێك ڕۆنی زەیتی لە ناو ماست کردووە کە تۆ ئەم کارەت کرد؟
مەلاش گوتی: من بەشی خۆم لە گەل ڕۆنی زەیت تێکەلاو دەکەم نارحەت مەبەو هەقی خۆمە.

*

## نەخۆش کەوتن

مەلا نەخۆش کەوت و کەوتە ناو جێگاوە،گەلێ لە دۆستان و ئاشنایان دەچوونە سەردانی مەلا و بۆ ماوەیەکی زۆر لە مالەکەی مەلادا دەمانەوە و نانی نیوەرۆ و ئێوارەشیان لای مەلا دەخوارد.
رۆ ژێکیان کە بەرەبەری نیورۆ بوو گەلێ لە دۆستانی مەلاش لە لای ئەو بوون بۆ سەردانی چووبوون
لە ناکاو مەلا لە جێگەی خۆی بلند بوو لە سەر تەختی خەوەکەی هەستاو بەرەو رووی مێوانان روونیشت و گوتی:سوپاس بۆ خوا من چاك بوویمەوە و بەلام لێنەماوە،ئیتر رونیشتنی ئێوە لێرانە سودی نیەو هەستن و برۆنەوە مالەکەی خۆتان و خواتان لە گەل بێت.

*

## ددان هیشان

مەلا ژانە ددانێکی توندی گرتبوو ددانی زۆر دێشاو هەستا چووە لای دانساز و ددانەکەی بە دکتۆر نیشان دا و داوای چارەسەری کردنی کرد.

دكتۆری دانسازیش گوتی:دەبێ ددانی خەراپ بكێشرێتن تاكو ژانەكە بڕواتن.مەلاش گوتی:هەر ددانێ بە چەند دەكێشی؟دكتۆریش گوتی بۆ هەر ددانێك دوو دانە دەرهەم وەردەگرم.
مەلاش گوتی:ناكرێ تەنیا دەرهەمێك لە من وەربگریت؟
دكتۆری دانساز گوتی:نەخێر.مەلاش بە ناچاری ڕازی بوو،بەلام لە جیاتی ئەو ددانەی كە ژانی هەبوو ددانێكی ساغی بە دكتۆر نیشان داو گوتی:
ئەم ددانەم زۆر ژان دەكاتن دەبێ ئەوەم بۆ بكێشی.
ددانساز ئەو ددانەی بۆ كێشاو بەلام مەلابەبێ دواكەوتن گوتی:بەخوا هەلە بووم ئەو ددانەی كە ژانی هەبوو ددانێكی ترە نەوەك ئەوەی كێشات ، دەستی لە سەر ددانەكەی كە ژانی دەكرد داناو بە دكتۆری نیشان دا،دكتۆریش بە بێ چەند و چوون ئەویشی بۆ كێشا.
مەلا پاشان دوو دەرهەمی دا بە دكتۆر و بەرەو دەرگا چووتا بڕواتن،لە كاتی ڕۆیشتنی دا بە دكتۆرەكەی گوت:بەخوا جەنابی دكتۆر من كلاوم لە سەری تۆ ناو فێرم لێ كردی! نەشت زانی، چونكە من تەنیا یەك ددانم دێشا و تۆ دوو ددانی منت كێشا واتە

هەر بوو بە حیسابەكەی خۆم دانەی كەوتە سەر یەك دەرهەم.

*

## سركەی هەفت سالەیی

كابرایەك هاتە لای مەلاو لێی پرسی و گوتی: تۆ سركەی هەوت سالەییت هەیە؟
مەلاش گوتی:بەلێ من سركەی هەوت سالەییم هەیە.
كابراش گوتی:تكات لێ دەكەم شوشەیەكم لەو سركەیە بدەرێ.
مەلاش بە پێكەنینەوە گوتی:
بەڕاستی كابرایەكی لاپرەسەنگی ئەگەر بم ویستبایە بە هەركێ كە داوای ئەم سركەی كردبایە هەندێ لەو سركەیەم بدابایە ئێستاكە لە مێژبوو بۆ من هیچی نەدەما.

*

## چیشتی سارد بووەوە

لە مەلایان پرسی و گوتیان:مەلا بەزمانی عارەبی بە چێشتی سەرد بو وەوە دەلێن چی؟
مەلاش لە بەر ئەوەی نەی دەزانی بە عارەبی چی پێ دەلێن،لە دوای چەند ساتێك بیر كردنەوەدا گوتی: عەرەب لە هیچ كاتێك دا لێ ناگەڕێن كە چێشتیان سارد ببێتەوە و هەر بە گەرمی دەیخۆن.

*

## کەر فرۆشتن

ڕۆژێکیان مەلا بڕیاری دا کە کەرەکەی بباتە بازاڕو بیفرۆشێت،مەلا جلەوی کەرەکەی ڕاکێشاو بەرەو بازار چوو،هەرکە گەیشتە بازار بانگی دەلالەکی کردو گوتی: کەرەکەم بۆ بفرۆشەو هەقی دەلالی خۆشت وەر بگرە.
کابرای دەلال کەرەکەی بردە ناوەندی مەیدان و دەستی کرد بە ستایش کردنی کەرەکەی مەلاو هاواری دەکردو دەیگوت:ئەی خەلکینە ئەم کەرە کەرێکی تا بلێ چاکە،هەتا بلێی چالاکەو گەلێ باش کار دەکات و زۆر ڕەوهانەو زۆر کەمیش دەخواتن،کابرای دەلال ئەوەندەی ستایشی کەرەکەی مەلای کرد و مەلاش کە بە خۆی گوێی لەو هەموو ستایش کردنە بوو گوتی:کە ئەم کەرە ئەوەندە باشە بۆچی بۆخۆم نەچم بیکڕم ؟ مەلا پاش ئەوەی کە بیری کردەوە و هەستا چووە پێش دەلالەکەو گوتی: هەڤال دەتەوێ ئەم کەرە بە چەند بفرۆشی ؟
دەلالەکەش گوتی:سەد سکە.
مەلا گوتی بە هەشتا سکە بۆ من،دەلالەکەش بەو نرخە قەبولی کردو کەرەکەی بە مەلا فرۆشت و

پارەکەی لە مەلا وەرگرت و مەلا سواری کەرەکە بوو و بەرەو مال گەڕایەوە.
کاتێ گەیشتەوە مالەوە ژنەکەی بانگی مەلای کردو گوتی:مەلا نازانی کە ئەمرۆکە چە کارێکی باشم ئەنجام داوە؟
مەلا گوتی:چیت کردووە؟
مەلا ژن بە لەبخەندێکەوە گوتی:ئیمڕۆ کاتێ کە شیر فرۆش بیرە داهات،من بانگم کردو گوتم پێنج کێلۆ شیرم بۆ بکێشە و ئەویش تەرازووەکەی ڕاست کردو مەنجەلەکەی منی هاویشتە لایەکی تەرازوو و دەستی بە شیر کێشان کرد،لەو کاتەدا کە شیر فرۆش ئاگای لێ نەبوو،دەست بازنە زێریەکەی کە تۆ بۆ منت کڕی بوو،هاویشتمە لای کیلۆکانەوە و بە قەدەر ئەو بازنەیە گرانی شیرفرۆش شیری زیادی بۆمن کێشا.
مەلاش گوتی:باشە پاشان دەست بەندەکەت هێنایەوە دەرەوە؟
مەلا ژن بە پێکەنینەوە گوتی:ئاخر ئەگەر بازنە زێیڕەکەم هەلگرتبایە کابرای شیر فرۆش دەیزانی،من کلاوم لە سەری کابرا ناو فێلم لەو کرد.

*

## بۆ هیچ کوێ نەچی

کوڕەکەی مەلا دەکەوێتە ناو بیرێکی قوولەوە و یەك بە خۆی هاواری دەکردو داوای یارمەتی دان و دەرهێنانی لە ناو ئەو بیرە قولەدا دەکرد،مەلاش چووە سەر بیرەکەو سەیری ناو بیرەکەی کرد و بە کوڕەکەی گوت:ڕۆڵە گیان بۆ هێچ شوێن نەڕۆی تا دەچمە ئاوایی و قاندرمەیەکی دێنم و ڕزگارت دەکەم.

*

## ئامۆژگاری

مەلا کچەکەی خۆی دابووە پیاوێکی دێهاتی،ئەو ڕۆژە گەلێ لە کەس و کارانی زاوا هاتنە مالی مەلا و کچەکەیان سواری وەلاغ کرد و بردیان.
بەلام هێشتان زۆر دوور نەکەوتبوونەوە لە مالی مەلا،ناگەهان مەلا بە دوای بوك کەوت و غاری داو تا گەیشتە ئەوان.
یەکێ لە هەمڕاهانی بووك ڕاوەستاو بە مەلای گوت ها چە کارت هەیەوا بە پەلە بۆ ئێرە هاتووی ؟
مەلاش بە پشو سواریەوە گوتی:

دەبوایە ئامۆژگارەیەكی كچەكەم كردبایە بەلام لە یادم چۆوە،ئێستا هاتووم ئامۆ ژگاریەكەی پێ بلێم،مەلا دوای ئەم قسانەی بۆ لای كچەكەی چوو و سەری لە بن گوێ ناو گوتی:
ڕۆلە گیان لە هەركاتێ كە ویستت دەزوویێ بە كونی دەرزی دا بكەی لە یادت نەچێ سەرەكەی تری دەزوەكە دەبێ گرێ بدەیت ئەگینا دەزیەكە لە كونی دەرزیەكە دێتە دەرەوە.

*

## لەمال نەبوون

مەلا لەسەر لێواری ژوورەكەی مالەكەی خۆی لە كەناری پەنجەرەكەوە كە دەیڕوانیە كوچەو كۆلانەكەوە ڕوونیشتبوو،سەیری هات و چۆی خەلكی لەو ناوە دا دەكرد،لەو كاتەدا بینی كە كابرایەك وا بەرەو مالەكەی مەلا دێتن،مەلا ئەو كابرایەی بە باشی دەناسی و دەیزانی كە بۆ ئەو پارەیە هاتووە كە مەلا قەرز داریتی،لەو كاتە دا مەلا ژنەكەی بانگ كردو سەری لە بن گوێی ژنەكەی ناو شتێكی پێ گوت ئەوسا چاوەڕوانی هاتنی كابرای داوا كاری پارەكە بوون،چەند ساتێك دوای ئەوە كابرا لە دەرگای مالی مەلای داو مەلا ژنیش ڕاستەو خۆ

دەرگای لە كابرای كردەوەولە پێش كابرای داواكاری خاوەن قەرز وەستاو گوتی:كاكە من دەزانم كەتۆ چەند سالە تەنیابۆ داواكاری خۆت دێتە ئێرە،وە ئەوشت پێ بلێم كە ئێمە لەو كەسانە نین مالی خەلك بخۆین،خوا یار بێت بەم زوانە داواكەی تۆ جێ بەجێ دەكەین و قەرزەكەت دەدەینەوە، هەرچەندە كە مەلا بە خۆی لە مالەوە نیە،بەلام بە منی گوتووە،كە لە لەلای مالەوە بوەستم و هەر كاتێ كە مەڕ و مالات لێرەوە ڕەت ببن بۆ مەیدان بچن،من ئەو خوریانەی كە لێیان دەوەری و لێیان دەبێتەوە لە زەوی كۆیان دەكەمەوەو دەیان ڕێسم و دەیانكەم بە بلوزو ملپێچ لە بازار دەیان فرۆشم ئەوسا پارەكەی قەرزی جەنابت دەینەوە.

كابرای خاوەن قەرز كە ئەم قسەیەی بیست زانی كە داواكەی بەم زووانە وەدی نایێتن وبەم قسانەی مەلا ژن دەستی بە پێكەنین كرد.مەلاش كە لە پشت ژنكەیەوە خۆی مات دابووكاتێ كە گوێی لە پێكەنینی كابرا بوو كە بە قایم پێ دەكەنی هاتە پێشەوە و گوتی:هۆ فلانی هەقی خۆتە كە ئاوا پێ بكەنی!!! چونكە ئێستاكە بە تەواوی بۆت ڕوون بۆوە و باوەڕت هات كەوا پارەكەی خۆت دەست دەكەوێتەوە!!!.

*

## دەرۆزەكەر

دەرۆزەكەرێك هەموو ڕۆ ژی دەهاتە بەر دەرگای مالی مەلا و داوای یارمەتی لە مالی مەلا دەكرد،جاری یەكەم و دووەم و سێیەم مەلا هەرچی كە هیبوو دای بە دەرۆزەكەرەكە،بەلام دەرۆزەكەرەكە وا بە ئاسانی یەقەی لە مەلا نەدەكردەوە.

مەلا كە بە تەواوی لەو دەرۆزەكەرە دلی توند بووبوو،نەخشەیەكی كێشاو ڕۆ ژی دوایی كە دەرۆزەكەرەكە هاتەوە بەردەرگاو لە دەروازەی مالی مەلای داو مەلا پرسی و گوتی كێیە؟

-دەرەزەكەرەكە گوتی:مێوانی خودا!.

-مەلاش ڕاستەو خۆ دەستی دەرۆزەكەرەكەی گرت و پێی گوت وەرە با یارمەتیت بدەم.

دەرۆزەكەر خۆشحال بوو و لە دوای مەلاوە ڕۆیشت،مەلا چەند كوچەو كۆلان ڕۆیشت و دەرۆزەكەری بردە مزگەوت و بە كابرای گوت:

دۆستی خۆشەویست تۆ بە هەلە هاتووی بۆ مالی من چونكە ئێرە مالی خودایە،تۆ كە مێوانی خوای دەبێ بێی بۆ ئێرە نەك بۆ مالی من.

*

## لە مەلا ئەحمەقتر

لە مەلایان پرسی و گوتیان ئەری جەنابی مەلا تا ئێستا كەست لە خۆ ئەحمەقتر دیوە؟

مەلاش لە وەلام دا گوتی:بەلێ،ڕۆژێكیان دارتاشێكم هێنایە مالەوە تا دەرگایەك بۆ ژورێكمان دروست بكات،دارتاشەكە مەتری پێوانی پێ نەبوو تا ئەندازەی دەرگەكە بگرێت،وا بوو كە دەستی خۆی درێژ كردو ئەندازەی دەرگاكەی بە بێ مەتر پێوا.

دارتاشەكە بەو شێوەیەو بە دەستی درێژیەوە لە مالەوە چووە دەرەوە،زۆر وریا بوو تاكو دەستی بەكەسێ نەكەوێت و ئەندازەكەی لێ تێك نەچێت،كابرای دارتاش لە كاتێك دا سەری بلند كردبوو كەبەرپێی خۆی نەدەبینی بۆ لای دوكانەكەی دەڕۆیشت و لەو كاتەدا كە زۆر دوور نەكەوتبۆوە ڕاستەو خۆ كەوتە ناو چالێكی قوولەوە،خەلك لە دەورو بەری چالەكە كۆ ببوونەوە بە دارتاشیان گوت دەستت بۆ سەرەوە بلند بكە تا لە ناو چالت دەر بێنین،بەلام دارتاشەكە گوتی:

من ناتوانم دەستم بلند بكەم چونكە ئەندازەی دەرگای مالی مەلام لێ تێك دەچێتن بۆیەكە دەبێ ڕیشم بگرن تا هەلم دەكێشن.

*

## توانایی و لاویەتی

ڕۆژێ لە ڕۆ ژان مەلا لە گەل چەند کەسانێ لە دۆست و هەڤالانی خۆی لە شوێنی کۆ ببونەوە و ئەوسا مەلا باسی هێزو تواناو جوانی خۆی بۆ ئەوان دەکرد و دەیگوت:من لە ڕۆژگارانی لاویمەوە تا ئێستا هیچ گۆڕانکاریەکم بە سەردا نەهاتووە،هێزو تەوانای لاویەتیشم هەمان هێـــزو تواناو لاویەتی ڕۆژگارانی پێشومەو هیچ نە گۆڕوم .

یەکێك لە دۆستانی مەلا لە مەلای پرسی و گوتی:چۆن زانیت کە هەر وەك جاران ماوی؟

مەلاش لە وەرام دا گوتی:گوێیم لێ ڕابگرە تا پێت بلێم وگوتی: هەر لە کۆنەوە هاونێکی زۆر گەورەمان لە مالەوە هەبوو،کە ئەو ڕۆژگارانە من نەم دەتوانی ئەو هاونەبە هیچ کلۆجێك لە شـــوێنی خۆی لابەرم و بیبزوێنم،لەم ڕۆژانەدا چووم کە هێزی خۆم تاقی بکەمەوە و چووم هەمان هاونم تاقی کردەوە و ویستم لە شوێنی خۆی لابەرم، بەلام هەرچەند هەولم دا هەروەك جاران نەم توانی کە ئەو هاونە لە شوێنی خۆی ببزوێنم بۆیەکە زانیم کە هەمان هێزو تواناو لاویەتی ئەو ڕۆ ژگارانەم هەر ماوەو وەك جارانم.

*

## مەلاوکڕینی کەر

مەلا هەندێ پارەی بە دەستەوە بوو،وای بڕیار دا کە بچێتە مەیدانی ئا ژەلان و لەوێ کەرێك بکڕێتن،لەو کاتەدا کە بەڕێوە بوو دۆستێکی خۆی بینی و دۆستەکەی لێی پرسی و گوتی:مەلا ئەوە بۆ کوێ دەچیت؟

مەلاش گوتی:دەمەوێ بچمە بازاڕ و کەرێك بکڕم.

دۆستەکەی مەلاش گوتی:بلێ ئینشائەللا.

مەلاش گوتی:بەڕاستی کابرایەکی سەیری،من پارەم لە دەستەو پێمە،کەریش لە بازارە،جا ئینشائەللا گوتنی بۆچیە و وا دەچم کەرەکە دەکڕم؟

مەلا ئەم قسەیەی کردو ڕێگەی خۆی گرتە بەرو چوو بەرەو بازاڕ،وا ڕێك کەوت کە گیرفان بڕێك لەو دەمەدا لە مەلا نەزیك بۆوە، کاتێ کە زانی مەلا هەندێ پارەی لە گیرفان دایە ئیتر هەر خۆی لە مەلا نەزیکتر دەکردەوە،تا هەلێکی بۆ هەلکەوێت و بەبێ ئەوەی مەلا هەستی پێ بکات و بیزانێت پارەکەی مەلای دزی و گیرفانی مەلای پوخت وڕوخت بڕی.

مەلاش کاتێ کەگەیشتە بازار و دەستی بۆ گیرفانی خۆی بردکە پارەکەی دەربێنێ هەرچەند گەڕا ئیتر باسێ لە پارەکەیەوە نەبوو و هیچی لا

نەما بوو،زۆر بە نا ئارامیەوە بەرەو مال گەڕایەوە،لە ڕێگەی گەڕانەوەی دا هەمان كابرای دۆستی خۆی بینی و لە مەلای پرسی و گوتی:ها مەلا هۆی چی بوو كە كەرت نەكڕی؟

مەلاش زۆر بە تووڕەییەوە گوتی:ئینشائەللا دزێ پارەكەمی لە گیرفان دزیم و ئینشائەللا خودا نەفرین لە تۆش بكات كە بە وتەی شومی خۆت هاتیە سەر ڕێگەم و بویتە هۆی دزین و لە دەستچونی پارەكەم و ئینشائەللا بە پیادەش دەڕۆمەوە و ئینشائەللا دەچمەوە مالەوە.

*

## گریەو پێكەنین

كابرایەك قیبلە نامەیەكی دۆزیبۆوە و نەی دەزانی كە ئەمە چیە،بۆیەكە بردیە لای مەلا و بە مەلای نیشان دا و گوتی مەلا پێم نالێی ئەمە چیە؟

مەلاش سەیریكی قیبلە نامەكەی كردو بەبێ چەندو چوون دەستی بە گریان كردن كرد.بەلام پاش چەند دەقیقەیەك وازی لە گریان هێناو دەستی بە پێكەنین كرد،كابراش زۆر بە سەر سوڕمانیەوە پرسی و گوتی:مەلا ئەوە بۆ گریای و دوایش ئاوا

پێكەنی؟مەلاش سەری تەكان داو گوتی:گریانم بۆ ئەوەی بوو كە تۆ چەند نەزانی كە نازانی ئەم شتە بەم یچوكیەوە چیە.پێكەنینیشم بۆ ئەوە بوو كە چەند سەیرم كرد و لێم ڕوانی بۆخۆشم نازانم كە ئەمە چیە.

*

## میوانی دەعوەت نەكراو

ڕۆژێكیان مەلا بەبێ ئەوەی كە دەعوەت بكرێت چوو بۆ كۆڕێكی جەژن گرتن،كەسێك لێی پرسی و گوتی:مەلا خۆ تۆ دەعوەت نەكراوی بۆچی هاتوویتە ئەم جەژن گرتنە؟

مەلاش بەپێكەنینەوە گوتی:ئەگەر خاوەن مال واجبی خۆی جێبەجێ نەكردووە،خۆ نابێت كە من ئەنجام دانی كاری پێویستی سەر شانی خۆم لە بیر بكەم

*

## مەلەوانی فێركردن

ماوەیەك بوو مەلا لە ئاوایی دیار نەبوو،خەلكی ئاوایی و دۆستانی مەلا زۆر نگەرانی مەلا بوون كەوا بۆچ دیار نیە،كۆمەلێ گرد بوونەوەو بۆ مالی مەلا چوون،كە چوونە مالی مەلا دیتیان كە مەلا لەلای حەوزە ئاوەكەی مالەكەی بەنێكی بە

گەردەنی فەرخە مراویەکەوە کردووەو بێچوە مراویەکە لە سەر ئاوەکە بەملا و ئەولای دەبا و دەیهێنێ،ئەوانیش چوون لە مەلایان پرسی و گوتیان ئەری مەلا ئەوە تۆ چی دەکەی ماوەیەکە دیار نیت؟ مەلاش لە وەرام دا هێمای بۆ بێچوە مراویەکە کرد و گوتی:بە داخەوە دایکی ئەم بێچوە مراویە مردووە،منیش چەند ڕۆژێکە وا خەریکم فێری مەلەوانی دەکەم،چونکە دەترسم ڕۆژێ کە من لە مالەوە نەبم ئەو بەستەزمانە بکەوێتە ناو ئەم حەوزە ئاوەوە و یەکسەر بخنکێتن.

*

## شەق خواردن

ڕۆ ژێکیان مەلا لە کۆلانێکەوە تێ دەپەڕی،کابرایەکیش لەولاوە ڕا هات و یەك شەقە زیللەی بەبنا گوێچکەی مەلا کێشا.مەلاش ڕاستەو خۆ لە شوێنی خۆی ڕاوەستاو زۆر بە تووڕەییەوە سەیری کابرای دەکرد،زانی کەبە هەلە چووە،لە جیاتی کەسێکی تر ئەو شەققە زللەی لە مەلا داوە،بۆیەکە داوای لێ بوردنی لە کابرا کرد،مەلا کە کە شەقە زیللەی خواردبوو وازی لە کابرا نەهێناو بۆ لای قازی

برد و هەموو ڕووداوەكەی وەك خۆی بۆ قازی گێڕایەوە.

قازی لە دوای كەمێ بیر كردنەوە ڕووی كردە مەلا و گوتی:تۆش بڕۆ زیللەیەك لە كابرا بدەوە.

بەلام مەلا بەم كارە ڕازی نەبوو،بۆیەكە قازی بە كابرای گوت لە جیاتی ئەو شەقە زیللەیەی لە مەلات داوە سكەیەك لیرەی زێڕ دەبێ بدەی بە مەلا.

كابراش ئەو سكەیەی نەبوو كە بیداتە مەلاو بێ پارە بوو،بەلام بە ناچاری ڕازی بوو كەبچێ بۆ مالەوەو ئەو سكەیە بۆ مەلا بێنێ،كابرا بەرەو مال چۆوە،بەلام هیچ هەوالێ لە كابرا پەیدا نەبوو،مەلاش كە زۆری چاوەڕوان كردبوو و ماندوو بوبو هەستاو چۆوە پێش قازی و ڕاستەو خۆ یەك شەقە زیللەی لە قازی داو پاشان بە قازی گوت:

جەنابی قازی لە بەر ئەوەی كە من زۆرم كار هەیەدەبێ زووتر بڕۆم تكام وایە كە كابرا هاتە ئێرە تۆ لە جێگەی ئەو شەققە زیللەیەی لە تۆم دا سكە زێڕەكە بۆ خۆت وەربگرە.

*

## تەمەنی مەلا و برایەکەی

ڕۆ ژێکیان لە مەلایان پرسی و گوتیان ئەرێ مەلا تۆ و برایەکەت چەندتان جیاوازی هەیە لە تەمەن دا؟ مەلاش کەمێ بیری کردەوەو گوتی:پار سال دایکم دەیگوت: کە براکەم سالێك لە من گەورەترە،بۆیەکە دیارە کە بەڕاستی ئیمسال تەمەنم هەردووسالەیە و بەس.

*

## مەندیل

مەلا مەندیلێکی گەورەی لە سەری خۆی نابوو،کابرایەك چووە لای مەلا و کاغەزێکی دایە مەلا تاکو ئەو کاغەزەی بۆ بخوێنێتەوە.

مەلاش گوتی خوێندەواریم نیە.کابراش زۆر بە سەر سوڕمانەوە سەیری مەلای کرد و گوتی: تۆ کە خوێندەواریت نیە ئەی بۆچ ئەو مەندیلە زلەت لە سەر ناوە؟

مەلاش یەکسەر مەندیلەکەی لە سەری خۆی هێنایە خوارەوەو لە سەر سەری کابرای داناو گوتی:دەفەرموو کە مەندیل لە سەر نان نیشانەی خوێندەواریە ئێستا تۆ مەندیلت لە سەردایە دە نامەکەی خۆت بخوێنەوە.

*

## دووکەلی کەباب

ڕۆژێکیان هەژارێك لە پێش دەرگای کەباب خانەیەك تێ دەپەڕێ،کابرای کەبابچی ئەو گۆشتەی کە لە شیشەی دابوو هاویشتوبیە سەر ئاگرو باوەشێنی دەکرد و بۆنی کەباب ئەو ناوەی پڕ کردبوو.

کابرای هە ژاری بێچارەش چونکە زۆری برسی بوو و هیچ پارەشی نەبووکە بچێ کەباب بکێت و بیخوات،لەتە نانێکی کە لە ناو تورەگەکەیەوە بوو دەری هێناو پاشان بە ڕێ کەوت تا لەوێ بڕوات،لەو کاتەدا کابرای کەبابچیش هات زۆر بە پەلە دەستی هە ژارەکەی گرت و گوتی:ئەی کابرا بۆکوێ دەچی وەرە پارەی دوکەلی کەباب هەلمژینەکەت بدە!

بە ڕێکەوت مەلاش لەوێ تێ دەپەیڕ و ئەو ڕووداوەی بە چاوی خۆی دیت کە کەبابچی دەیەوێت پارەی دوکولی کەبابەکەی کەهەژارەکە هەلێ مژیوە لێی بسێنێت.

مەلا زۆری زگ بە کابرا هەژارەکە سواتا و چووە پێشەوەو بە کەبابچیەکەی گوت:

لەم کابرایە بگەڕێ با بڕوات من پارەی دووکەلی کەبابەکەی کە ئەو خواردویەتی دەت دەمێ.

کەبابچییەکە ڕازی بوو و کابرای هە ژاری ئازادکردو کابرا ڕۆیی ،مەلا کە چەند سکەیەکی لە گیرفان بوو دەری هێناو یەك لە دووای یەکی خستە سەر زەوی و بە کەباب فرۆشی گوت:وەرە ئەمەش دەنگی پارەی ئەو دوکەلەیە کە کابرا خواردوویەتی. کەبابچی بە مەلای گوت ئەوە چە پارە دانێکی کابرایە؟

مەلاش هەر پارەکەی دەهاویشتە سەر زەوی تا دەنگی پارەکە بێتن و کەبابچی گوێی لێ بێت و مەلا گوتی:باشە گیانی من کەسێك کە بۆنی دووکەلی کەباب بفرۆشێتن و بیەوێ پارە وەربگرێت دەشبێ لە جێگەی پارە زرنگەی پارە وەربگرێتن.

*

## ئاغاو جوتیار

لە مەلایان پرسی ئاغا گرنگترە یان جوتیار ؟ مەلا کەمێ بیری کردەوە و دەستی بە بیڕی خۆیا داهێناو گوتی:جوتیار.ئەوانیش گوتیان:بۆچی جوتیار لە ئاغا گرینگترە؟ئایە بۆ ئەو مەبەستە هیچ بەلگەیەکت هەیە؟

مەلاش‌گوتی:بەڵێ‌چونکەئەگەرجوتیارکار نەکات،ئاغا لە برسان دەمرێت.

*

## پەرتوکی مەلا

رۆ ژێکیان مەلا داوەتی کوڕێکی جەژن کرابوو،کاتێ کە مەلا چوو بۆ داوەتەکەو لە دەرگاوە بینی کە پێلاوێکی زۆر لە بەر دەرگای ئەو شوێنەیە کە کوڕەکەی لێیە بۆ جەژن گرتن،مەلاش ویستی کە پێلاوەکەی خۆی لە پێ بکاتەوە و ئەوسا بچێتە ژوورەکەوە،بەلام مەلا بیری لەوە کردەوە گوتی باشە ئەگەر من پێلاوەکەم لە بەر کردەوەو لە ناو ئەو هەموو پێلاوانە ون ببێتن چی بکەم ،بۆیەکە پێلاوەکەی لە پێ کردەوە و لە ناو دەستمالێکی ناو پێلاوەکەی لە باغەلی خۆی ناو ئەوسا چووە ژوورەوە ولە شوێنێ ڕوو نیشت،کابرای تەنیشت مەلا هەستی بە وە کرد کە باغەلی مەلا شتێکی تیایەو گوتی:
مەلا دیارە کتابێکی بە نرخت لە باغەل دایە؟
مەلاش سەری خۆی باداو گووتی:بەلێ ڕاستە.
کابرا گوتی کتابەکە لە بارەی چە باسێکەوەیە؟

مەلاش بیری کردەوەو گوتی:دەربارەی فەلسەفەیە.
کابرای ناوبراو پرسی وگوتی: گوتی دیارە کە ئەو کتێبەت لە کتابخانەکەی سەری کۆلانێ کڕیوە؟
مەلاش ڕاستەو خۆ وەرامی کابرای دایەوەو گوتی:نەخێر ئەوەم لە پێلاو فرۆشی کڕیوە.

*

## کام قسەت باوەڕ بکەم

ڕۆژێکیان مەلا بە ژنەکەی خۆی گوت:هەندێ پەنیرم بۆ بێنە کەوا بیخۆم،چونکە بیستوومە کە دەلێن پەنیر حەزی خواردن زێدە دەکاتن و بۆ تەندروستیش زۆر باشە.
مەلا ژن گوتی:مەلا بە داخەوە کە ئێمە پەنیرمان لە مالەوە نیە.
مەلاش کەمێ ڕاوەستاو ئەوسا گوتی:پەنیر لە بەر ئەوەی کە خوێن پیس دەکات و چەوری تەنی مرۆڤ زیاد دەکات هیچ سودێکی نیە.
مەلا ژن لە قسەکانی مەلا کە هەر جارو بەجۆرێك بوو،جارێك گوتی باشە و جاری دووەمیش گوتی خراپە سەری سوڕماو گوتی:
ئەوە چی دەلێی مەلا؟قسەی یەکەمت باوەڕ بکەم یان قسەی دووەمت؟

مەلاش گوتی؟ئەگەر پەنیرمان لە مالەوە هەیە قسەی یەکەمجارم باوەڕبکە،خۆ ئەگەر پەنیرشمان لە مالەوە نیە ئەوا قسەی دووەم ڕاستە.

*

## هەوال پرسین

مەلا چووە سەردانی نەخۆشێکەوەتا هەوالی تەندروستی بپرسێت،نەخۆشەکە لە وەرامی هەوال پرسینی مەلا دا گوتی:
تاییێکی زۆر گرانم لێ بوو،گەردەنم گەلێك دێشاو هەمو گیانم گەرم بووبوو ،سوپاس بۆ خوا کە دوو ڕۆژە تاکەم شکاوەو بەری داوم،بەلام هێشتان گەردەنم هەر ئازاری هەیە.
مەلاش کەمێ بیری کردەوەو گوتی:خەمێ مەخۆ من دوعات بۆ دەکەم کە ئەویش تا دوو ڕۆ ژی تر بشکێت.

*

## تەماعی

ڕۆ ژێکیان مەلا لە کەناری زەلکاوێکەوە تێ دەپەڕی،سەیری کرد کە مراویەك لە ناو ئاوەکە دایە،بەبێ چەندو چوون دامێنی کەواکەی خۆی بلند کردو دەستی کرد بە ڕا کردن لە دوای مراویەکە دا و مراویەکەش ڕای دەکرد،لەوکاتەدا چەند کەسێ

مەلایان دیت كە كەوای لێ هەل كردووە وا ڕادەكات،هاتن لە مەلایان پرسی و گوتیان مەلا ئەوە بۆچ والە دوای ئەم مراویە ڕادەكەی؟ مەلاش گوتی:ئاخر لەوانەیە كە ئەم مراویە هێلكە بكاتن وا باشترە كە هێلكەكە لە سەر دامێنی كەوای من بكاتن نەك لە سەر زەمین.

*

## حەز لە خواردن كردن

ڕۆ ژێكیان مەلا بە مەلاژنی گوت:من دەچمە حەمام و بۆ نیوەیڕ شیوی هەرشتە لێ بنێ،مەلا ژن گوتی:باشە.

دوای ڕۆیشتنی مەلا مەلاژن خەریكی شیو لێ نان بوو،خواردنێكی زۆر بە تام و زۆری لێ نا، مەلا ژن دەستی بە خواردنی شیوەكە كرد،لەبەر ئەوەش كە شیوەكەی مەلا ژن تا بلێی بە تام و بۆن خۆش بوو مەلا ژن ئاگای لەوە بڕا كە شیوەكەی هەموو خواردووە و هیچ نەماوەتەوە.

مەلاژن خەریكی نەخشەكێشان بوو كە ئەوە لە مەلا بشێرێتەوە،بەبێ چەندو چوون مەنجەلی شیوەكەی لە شوێنێك شاردەوەو چاوەڕوانی هاتنەوەی مەلای دەكرد.

سەرەننجام سعاتێك دوای ئەوەی کە مەلاژن شیوەکەی خواردو نەخشەکەی خۆی دابین کرد و مەلا هاتەوە مالەوەو زۆری برسی بوو داوای لە ژنەکەی کرد کە خواردنی بۆ بێنی، چاوەڕوانی خواردنەکە بوو.

مەلاژن هات و گوتی:

خۆشەویستەکەم ئێستا تۆ ماندوو بوویت و هەندێ ئیسراحەت بکە و ئەوسا خواردنەکەت بخۆ.مەلا گوتی باشەو پالی داوە،لە بەر ئەوەی کە ماندوو بوو خەوی لێ کەوت،کە مەلا خەوی لێ کەوت،مەلا ژنیش هەستا ئەو شیوەی کە لە بنی مەنجەلەکەدا مابووەوە هێنای و لە سەرو سمێلی مەلای هەلسووو لە گۆشەیەکەوە لێی ڕوونیشت،سعاتێك پاشان مەلا واگا هات و گوتی:مەلا ژن دەبڕۆ خواردنەکەم بۆ بێنە زۆرم برسی بووە. مەلا ژنیش لە وەرام دا گوتی:بۆچی وا حەواست پەرت بووە،تۆ هەر ئێستاکە دوای ئەوەی کە لە حەمام گەڕایەوە،یەك مەنجەلە شیوت خواردو هیچت نەهێشتەوەو ئیستاش شیوەکەت وا بە سەرو سمێلانەوە دیارە. مەلاش دەستی بە سەرو سمێلان و دەم و زاری داهێناو چونکە دانەدانەی هەڕشتەکەی بە سەرو سمێلانەوە مابوو و بینی کە بە دەستی وەنوساوەوبۆ خۆی بینی و گوتی:زۆر سەیرە ئەی

بۆچی ئەوەندەم برسیە؟دیارە کە من ئیشتهام زۆر باش بووە.

*

## کەر فرۆشتن

رۆژێ لە رۆژان مەلا بێ پارە دەبێت بۆیەکە بڕیاری ئەوە دەدات کە کەرەکەی بباتە مەیدان و بیفرۆشێت.مەلاژن کە ئەو بڕیارەی مەلای پێ دەزانی و گوتی:مەلا مەگەر شێت بووی؟ ئەی ئەگەر کەرەکەت فرۆشت بەچی کارو بارەکانت ئەنجام دەدەی و بەچی بەولاو ئەملا دادەرۆی؟
مەلاش خەندەیەکی هاتێ و گوتی:ئافرەت خەیالت راحەت بێت،من نرخێکی ئەوتۆ لە سەر کەرەکەم دادەنێم کە هیچ کەسێك نەتوانێ بەم نرخە کەرەکەی من بکیێتن.

*

## ئاگر کردنەوە

رۆ ژێکیان مەلا ژن لە مالەوە نابێت و مەلا بڕیار دەدات بچێتە چیشتخانە و بە خۆی خواردنی نیوەڕۆ دروست بکات.مەلا لە دوای ئەوەی کە چووە ژووری چێشتخانەکەی مالەوەیان بیری لەوە کردەوە

کە هەندێ دار بخاتە ناو سۆبەکەوە و ئاگری تێ بەر بداتن،هەرچەند کە هەولی دا دارەکان ئاگریان نەگرت..

مەلا بیری کردەوەو گوتی:ئیستا زانیم و تێگەیشتم کە بۆچ ئەم دارانە ئاگر ناگرن،چونکە من ژنی مالەوە نیم و ئاشپەزی کاری من نیە، هەر لە بەر ئەوەشە کە ئەم دارانە ئاگر ناگرن،مەلا بیری کردەوەو گوتی:کەواتە من دەزانم کە چە فێلێك لەو دارانە بکەم کە ئاگر بگرن.

مەلا دوای کەمێ بیر کردنەوە لەو بارەوە هەستا چووە ژوورێکی ترو لەوێ دەستمالی مەلا ژنی لە سەر سەر کردو هاتەوە ئاشپەزخانەکەو خەریکی هەلکردنی ئاگرەکە بوو.

وا ڕێکەوت کە ئەمجارە دارەکان ئاگریان گرت،لەو کاتەوە ژنەکەی مەلا هاتەوە،کاتێ کە مەلای بەو شێوەیە دیت زۆر بە سەر سوڕمانەوە گوتی:بۆچی دەسمالی منت بەسەر سەرەوەیە؟

مەلاش زۆر بە هێواشی بە مەلا ژنی گوت:بێ دەنگ بە،من فیلم لەم دارانە کردووە،ئەوان وادەزانن کە من مەلاژنم نەك مەلام ئەگینا بە هیچ کلۆجێك ئەم دارانە ئاگریان نەدەگرت.لەوکاتەدا پروشکێك ئاگر پەڕیە سەر کراسەکەی مەلاو ئاگری گرت،مەلا

بە پەلە لە ئاگرەکە دوور کەوتەوە لە کاتێ کە خەریکی کو ژانەوەی ئاگری سەر کراسەکەی بوو هاواری دەکردو دەیگوت:ئەی مەلا ژن ئەوەندەت قسەو پرسیار کرد تا ئاگرە تێ گەیشت و دارەکان زانیان کەمن فێلم لێیان کردووە بۆیەکە تۆڵەی خۆیان سەندەوەو ئاگریان لە من بەرداو خەریك بوو لە ناوم بەرن.

*

## مەلا و جەنگ

لە نێوان دوو ئاوایی نەزیك گوندەکەی مەلادا شەرێک ڕوو دەداتن خەلکی ئەو دوو ئاواییە بە تەواوی تێك بەر بووبون و شەڕێکی گەرم ڕووی دا،لە گوندەکەی مەلاش دا هەندێ خەلك کۆبوونەوە کە بچن یارمەتی یەکێ لە دییەکان بدەن و مەلاش یەکێك بوو لە خەلکی ئەو دێیە کە لەگەل هەڤالانی بۆ ئەو جەنگە چوو کە شیرێك و سوپەرێکیان دا بە مەلا بۆ شەڕ کردن،مەلاو ئەوانی تریێکەوەبەرەو شەڕەکە چوون ،لە دوای چەند ڕۆ ژێك مەلا بە سەری شکاو و چەند برینێك لە جەستەیەوە گەڕایەوە،لە مەلایان پرسی باشە بۆچی بەرگریت لە خۆوە نەکردووە وئاوا ڕێگەت بە دو ژمن داوە کە بریندارت

بکەن و ئاوا لە خوێنت سور بکەن؟مەلاش لە وەرام دا گوتی:
ئەریٚ خەلکینە ئەگەر ئێوە لە جێگەی من دەبوون و دەستێکتان شەمشیر و دەستێکیشتان قەلغان دەبوو بە چی بەرگریتان لە خۆتان دەکرد؟
*

## کەم مەسرەفی

ڕۆ ژێکیان دۆستان و یارانی مەلا مەشور مەلایان بینی کە دەستێك و چاوێك وگوێیەکی خۆی پێچاوە،بەو خەیالەوە کە مەلا نەخۆش دەکەوێت،شەو ئەوان چونە مالەکەی و زۆر دلسۆزانە لە مەلایان دەپرسی و گوتیان: جەنابی مەلا هەر باش بێت ئەوە بۆچ وا چاوت و دەستت و گوێچکەت بەستووە؟
مەلاش بە پێکەنینەوە گوتی: من زۆر باشم و سەلامەتم!تەنیا بۆ ئەوەی کە کەم خەرجی ئەنجام بدەم و نیوەی ئەندامانی جەستەی خۆم بەستاوە تا کار نەکەن.
*

## كاركردنی زگ

رۆ ژێكیان مەلا نەچوە سەر كارەكەی خۆی و ژنەكەی چوو لێی پرسیو گوتی:ئەرێ مەلا ئەوە بۆچی وا لەماڵەوەی و نە چویتە سەر كار؟مەلاش لە وەرام دا گوتی:هەتا كەنگی من كار بكەم و زگم بیخوات،با ئیمرۆ زگم كار بكات و ئەمن بیخۆم؟

*

## بە پێیان رۆیشتن

رۆژێكیان مەلا لە گەل كەرەكەی بە پێیان دەرۆیشت و توشی كابرایەك هات و لە مەلای پرسی و گوتی:ها مەلا ئەوە بۆچ بە پێیان دەرۆی و سواری كەرەكەت نەبووی؟

مەلاش لە وەرام دا گوتی:كابرایەكی سەیری مەگەر من لەم كەرە كەمترم كە ئەو بە پێیان برِوات و منیش سوار بم؟.

*

## مەلاو شیر كرین

ڕۆژێكیان مەلا مەشور دۆلكەیەكی دەست دایێ و چووە درەوە بۆ لای شیرفرۆش و داوای كیلۆیەك شیری لە كابرای شیرفرۆش كرد.
كابرای شیر فرۆش سەیرێكی دۆلكەكەی دەستی مەلای كردو گوتی:كیلۆیەك شیری مانگا لەم كاسەیە جێگەی نابێتەوە.
مەلاش كەمێ بیری كردەوەو گوتی:ئێ باشە قەیدی ناكاتن كیلۆیەك شیری بۆ تێكە!.

*

## ون بوون

ڕۆژێكیان مەلا مەشور كەرەكەی خۆی ون كردبوو،بە كوچەو كۆلانی شاردا دەگەڕاو هاواری دەكردو دەیگوت:خودایە زۆر سوپاس.
كابرایەك لە مەلای پرسی و گوتی:مەلا تۆ سوپاسی خوا دەكەی دیارە رازیت و پێت خۆشە كە كەرەكەت ون بووە؟
مەلاش لە وەرام دا گوتی:كەبرا دەزانی من بۆ سوپاسی خوا دەكەم<
كابراش گوتی:نەخێر

مەلا گوتی من كە سوپاسی خوا دەكم بۆ ون كردنی كەرەكەم نیە،بەلكو سوپاسی خوا دەكەم بۆ ئەوەی كە من بەخۆم سواری كەرەكەم لە كاتی ون بوون دا نەبوومە، ئەگەرنا ئێستا منیش سواری كەرەكەم بام لە كاتی ون بوون دا ئەوا دەبوایە كەسێكی تر لە من و لە كەرەكەم بگەڕابایە چونەک منیش ون دەبووم!

*

## نەخۆش كەوتن

چەند ڕۆ ژێك بوو كە مەلاژن نەخۆش بووبوو لە مالەوە لە ناو جێ كەوتبوو مەلاش هەموو ئێواران كە دەگەڕایەوە مالەوە لە كەنار جێی مەلا ژنەوە دەستی بە گریان دەكرد.

ڕۆ ژێكیان كە هاوسێیەكەی مالی مەلا هاتە لای مەلاژن بۆ ئەوەی هەوالی بپرسێت،بینی كەوا مەلا دەگرییێت،هاوسێكەی مالی مەلاش دلّی مەلای دەدایەوە و دەیگوت: جەنابی مەلا ئەوەندە خۆت نائارام مەكە تا چەند ڕۆێكی تر مەلاژن چاك دەبێتەوە.مەلاش لە وەرام دا گوتی:

دەزانم چاك دەبێتەوە بەلام چونكە زۆر بێكەسە،بۆیەكەمن لە ئێستاوە بۆی دەگرییێم تاكو ئەو كاتەی كە مرد نەلێت كەسم نیە كە بۆم بگرییێت.

*

## مردنی مەر

ڕۆژێكیان مەلا لە ناو شاردا پیاسەی دەكرد،لە ناكاو ساتمەیەكی كرد و بەربۆوە،و سەری بە بەردێك كەوت و زۆر هێشا و لە تاوان چاوی ڕەشكەو پێشكەی دەكردن بە شێوەیەكە كە ئاسمانی بە زەوی دەدیت و زەویشی وەك ئاسمان دەهاتە بەر چاوان،مەلا هەروەكو كە كەوتبووە سەر زەوی لە بەرخۆیەوە دەیگوت: ئەی خودایە بەڕاستی من مردوومە.

مەلا هەروا لە جێگەی خۆیەوە مایەوە،بەلام كەسێ نەهات كە جەنازەی مەلا هەلگرێت و لەوێی لابەرێت و لەبەر خۆیەوە بیری كردەوەو دەیگوت:

ئەمە ڕاستە كەسێ هەوالی مەرگی من نازانێت، بۆیەكە وا باشترە كە بۆ خۆم بچم هەوالی مەرگی خۆم بە مەلا ژن ڕا بگەیەنم.پاش ئەو بیر كردنەوە زۆر بە توندی و بە پەلە لە جێگەی خۆی هەستایەوەو هێواش هێواش بەرەو مالی خۆی بووەوە و كە چووەوە ژوورەوە بە ژنەكەی خۆی گوت:

ئافرەت تۆ هەر ئاوا ڕونیشتی و مێردەكەشت وا لە نەزیك ئاشەكەوە بە سەر زەوی دا كەوتووە و لەوێ مردووە!هەستە زوو هەڕوو جەستەی من هەلبگرەو بیبە بۆ گۆڕستان!

مەلا ئەم قسەیەی كردو بە پەلە خۆی گەیاندەوە هەمان شوێنی كە لێی كەوتبوو و لەوێندەر مایەوە.مەلا  ژنیش كە ئەم هەواڵەی بیست،بە پەلە لە ماڵەوە بە ڕاكردن و گریانەوە چووە دەرەوەو  تاكو تەواوی هاوسێكانی تێ بگەیەنی كەوا مەلا مردووە!
هاوسێكان هۆی گریەو هاواری  ژنی مەلایان دەپرسی و مەلاژنیش دەیگوت:
من بۆ مەلا دەگرییێم كەوا مردووە و دلم  بۆ بێكەسی ئەو دەسوتێ،كە مەلا بە خۆی بە ناچاری هاتەوە هەواڵی مەرگی  خۆی بە من ڕاگەیاندووە.
*

## دز بدۆزنەوە

ڕۆژێكیان مەلا لە دێیەكەوە تێ دەپەڕی و كەمی پشووی لەو دییێە دەدات،لەو كاتە دا دزێك دێت و كورتانی  كەرەكەی مەلادەدزێت ،لە دوای  سەعاتێك مەلا دەزانی كە كورتانی   كەرەكەی دزراوە،ئەوسا ڕوو لە خەڵكی ئاوایی دەكات و دەڵێت:
ئەهای خەلكینە زوبن دزی كورتانی  كەرەكەم بدۆزنەوە،خوا دەزانێ كە ئەگەر نەی دۆزنەوە هەر بە خۆم دەزانم چی دەكەم.

خەلکی گوندیش لەو هەڕەشەیەی مەلا دەترسن،جا بەبێ چەندو چوون لە دوای دزەکەو کورتانی کەرەکەی مەلا دەگەڕێن تا دزەکە دەگرن و کورتانی کەرەکەی مەلاش دێننەوە،ئەوسا یەکێ لە خەلکی ئاوایی لە مەلا دەپرسی ودەلێت:هایلّآ باشە ئێستا کورتانی کەرەکەت دۆزرایەوە ئەگەر دزەکە نەگیرابا چیت دەکرد؟مەلاش سەری خۆی بادا و لە کاتێك دا کە سواری کەرەکەی دەبوو تا لەوێ بڕوات گوتی:هیچ!ئەو کاتە دەگەڕامەوەو بەڕەکەی کە لە مالەوەم هەیە دەچووم دەمبڕی و دەمکرد بە کورتانی کەرەکەم.

*

## شۆخی کردنی کویخای گوند

ڕۆ ژێکیان مەلاو کوێخوای گوند بە یەکەوە دەچنە حەمام لە و کاتەیدا کە کوێخا خۆی دەشوشت لە مەلای پرسی و گوتی:بەڕاستی ئەگەر من کوێخا نەبووم و نۆکەرێك بامایە چە نرخێکم هەبوو؟

مەلاش دوای ئەوەی کە کەمێ بری کردەوەو لە وەرامی کوێخوادا گوتی:ئەوساکە تۆ دە دینار نرخت دەبوو!کوێخا ئەوسا زۆر تورە بوو و گوتی: هەی

ئەحمەق من تەنیا لاقێکم کە بە جەستەمەوەیە دەدینار دەهێنێ.
مەلاش بەبێ چەندو چوون گوتی:ئێ باشە من تەنیا نرخی لاقێکتم گوتووە ئەگینا بە خۆت هیچ نرخێك ناهێنی!.

*

## هەوای گەرم

مەلا لە وەرزی زستان دا کە لە مالەوە وەدەر دەکەوت هەمیشە فەروایەکی گەرمی لە بەر دەکرد تا لە دەرەوە سەرمای نەبێت و جەستەی گەرم دا بێت، بەلام هەرکات کە دەگەڕایەوە مالەکەی خۆی و فەرواکەی لە بەر دەکردەوەو و بە پوختی سەرو خوارەوەی فەرواکەی توند دەبەستەوەو لە گۆشەیەکی دا دنا و لێی دەگەڕا،ڕۆژێکیان مێوانێکیان هاتە مالی مەلاو بەو جۆرە چاوی بە فەرواکەی مەلا کەوت کە سەرو خوارەوەی بەستراوە،ئەوسا لە مەلای پرسی و گوتی:ئەرێ مەلا ئەوە بۆچ ئەو فەروایەت وا بەستاوە؟مەلاش لە وەرام دا گوتی ئاخر من دەمەوێ ناوەوەی ئەو فەروایە هەمیشە هەر گەرم بێت کاتێ کە لە بەرم کرد،سەرمام نەبێتن.

*

## كەر فرۆشتن

ڕۆژێكیان مەلا كەرەكەی بۆ بازار دەبرد كە بیفرۆشێت و پاشان كەرێكی تر بكڕێت.بەلام لە كاتێك دا كە بەرەو شار دەچوو لاقی كەرەكەی كەوتە ناو چالێكەوەو كەرەكەی مەلا كەوتە ناو چالەكە ، ناو چالەكەش پڕ لە ئاوی پیس و چلكاو بوو.مەلا زۆر بە زوویی كەرەكەی لە ناو چالەكە ڕاكێشایە دەرەوەو و ویستی بەرەو ڕێگەكەی بڕوات،بەلام لەو كاتە دا بینی كە و ا كلكی كەرەكەی زۆر پیس و قوڕاوی بووە.

مەلا ش بیری كردەوە لەوەی كە كەسێ ڕازی نیە كەكەرێكی ئاوا كلك پیس و قوڕاوی بكڕێت.بۆیەكە چەقۆكەی لە گیرفانی خۆی دەرهێنا و پوختەو ڕوختە كلكی كەرەكەی بڕی و لێی كردەوەو هاویشتیە ناو تێڕەكەی سەر پشتی كەرەكە و بە رەو شار بەڕێ كەوت.

لە بازاری شاردا كابرایەك لە دوورەوە چاوی بە كەرەكەی مەلا كەوت و پەسەندی كرد،چوو لای مەلاو ویستی كە مامەلەی لە گەل بكاتن بۆ كڕینی، لە ناكاو چاوی بە بیینی كلكی كەرەكە كەوت وگوتی: من ئەم كەرە بەبێ كلكە ناكڕم. مەلاش پرسی بۆچی نایكڕی؟

کابرای کڕیار گوتی:چونکە کەرەکەی جەنابت کلکی پێوە نیە.
مەلاش زۆر بە توندی گوتیی: تۆ مامەلەکە تەواو بکەو کلکی کەرەکە وا لەناو تێڕەکەیە.

*

## کاتی کە عیزرائیل هات

مەلا ڕۆژێکیان زۆر بێ هێزو تەندروستی خەراپ دەبێت دەکەوێتە ناو جێگەوە و زۆر نەخۆش دەکەوێت.بانگی مەلا ژن دەکات و بە خێزانەکەی دەلێت: مەلاژن تکات لێ دەکەم کەل و پەلی جوانت لە بەر بکە تا دەتوانی خۆت جوان بکە و وەرە لە سەر سەری من ڕوونیشە.
مەلاژنیش زۆر بە سەیرەوە تەماشای مەلا دەکات و دەلێت:یانی چی کە تۆ ئەوەندە نەخۆشی وبە من دەلێیت خۆم جوان بکەم و بێم لە سەر سەرینی تۆ ڕونیشم و تا خەلك بە من بلێن من بە مردنی تۆ خۆشحالم؟ مەلاش لەو کاتەدا لە ناو جێگەکەی خۆی دا بەو نەخۆشیەوە بزەیەکی هاتێ و گوتی:نەخێر وانیە،من دەمەوێ تۆ خۆت جوان بکەی و بێی لە لای من ڕوونیشی تا ئەو کاتەی کە عیزرایل بۆ ڕوح کێشانی من هات،ئەوسا تۆ بەو جوانیە ببینێ و

پەشیمان ببێتەوە و حەز لە تۆ بکاتن و ئەوسا لە جیاتی من تۆ بۆ ڕوح کێشان لە گەل خۆی ببات و لە من پەشیمان ببتەوە!

*

## نان کرین

ڕۆژێکیان مەلاژن مەلا بانگ دەکات و دەلێت:مەلا ئەمرۆ من کارێکی زۆرم هەیە باشتر وایە کە تۆ بچیە نانەواخانەکە و دوو دانە نان بکڕیت و بیهێنیتەوە.

مەلا گوتی باشە،تورەگەی نانی دەست دایێ ولە مالەوە چووە دەرەوەو بەرەو نانەوایی کەوتە ڕێگەوە.لە بەر ئەوەی کە کاتی نیوەڕۆ بوو خەلکێکی زۆریش ڕویان لە دوکانی فرنچی کردبوو بۆ نان کڕین ڕێزێکی زۆری خەلك ڕاوەستا بوون و چاوەڕوانی نۆبەی خۆیان دەکرد.

مەلاش کاتێ کە چاوی بەو هەموو خەلکە کەوت کە چاوەڕوانی نان کڕین دەکەن،لە بەر خۆیەوە بیری کردەوە گوتی: خۆ ئەگەر هەتا شەویش لێرە بوەستم ناگا بە من و ئەوکاتەی کە نۆبەتیشم دەگاتێ ئەوا نان لە نانەواخانە نەماوە.مەلا دوای ماوەیەك بیر کردنەوە نەخشەیەکی لە دلی خۆی دا کێشاو پیاوێك کە لە کەناری مەلاوە وەستا بوو بانگی کردو زۆر بە هێواشی گوتی:سەلام:کابراش ڕووی لە مەلا کردو

سەیرێکی مەلای کردو گوتی سەلامت لێ بێت و چیت دەوێت؟
مەلاش سەری بردە بن گوێی کابراو بە هێواشی گوتی:مەگەر نازانی کە ئەمڕۆکە (حەسەنی کەربەلایی)نان بە خۆیایی دەداتە خەلك و بۆچی لێرە وەستاوی بە پارە نان دەکریت؟کابراش زۆر بە سەر سوڕمانەوە سەیری مەلای کردو گوتی:دەلێی چی؟ حەسەنی کەربەلایی لێرە نیەو چووەتە مەککە.
مەلاش خەندەیەکی هاتێ و گوتی:باشە ئەو ئێستاکە هاتۆتەوە لە بەر ئەوەشە کە هەرکەسێ کە بچێتە مالەکەیەوە بە خۆڕایی نانی پێ دەدات.
ئەو خەلکانەی کە لەو کاتە لەوێ لە ڕێز ڕاوەستا بوون گوێچکەی خۆیان قوراغ کردبوو بۆ لای مەلاو دەیانەویست بزانن کە مەلا چە دەبێژێ،کە لە مەبەستی مەلا گەیشتن ئیتر وردە وردە خۆیان دەکێشایەوە و بەرەو مالی حەسەنی کەربەلایی کە لەو پەڕی شار بوو بە ڕاکردن دەڕۆیشتن.
لە دوای چەند دەقیقەیەك جگە لە مەلا کەسێکی تری لێ نەما.
مەلاش کە سەیری ئەو نانە گەرم و جوانەی دەکردو لە تەندوور دەهاتە دەرەوە و بە خۆشحالیەوە بە نانەوای گوت:دوونانم بدەرێ.

نانەواش دوو نانی هەلگرت و کە بیدا بە مەلاو مەلاش دەستی بۆ گیرفانی برد کە پارە دەرێنێ و بیدا بە نانەواکە،بەلام لەو کاتەوە خەیالێکی بۆ هات و لە بەر خۆیەوە گوتی:بەڕاستی کابرایەکی ئەحمەقم،ئێستا کە حەسەنی کەربەلایی نانی بە خۆڕایی بە خەلك دەدات  بۆچی منیش وەکو ئەم هەموو خەلکە نانی بەلاش وەرنەگرم؟ ئمەلا پاش ئەو گوتنەو خەیالەی  بە نانەوای گوت:من نانم ناوێت و دەچم نان بە خۆڕایی وەردەگرم.

مەلا لە دوای ئەم قسانەی نانەکەی وەرنەگرت و ئەویش بۆ خۆی رۆیی بۆ لای کەربەلایی و هەتگاوی زۆر بە پەلەی دەهاویشت و بەرەو مالی حەسەنی کەربەلایی دەچوو کە کابرایەکی  بازرگان و زەنگین و دەولەمەند بوو.بەلام هێشتان نەگەیشتبووە بەر دەمی مالی ناوبراو خەلکێکی زۆری دی کە هێشتان نەگەیشتبوونە بەردەمی مالی حەسەنی کەربەلایی،ئەوانیش ئەوان کەسان بوون کە لە ڕێزی نان کڕینی بەردەمی نانەواخانەکە بوون و مەلا هەلی خەلەتاندبوون بە درۆ پێی گوتبوون کە لە مالی حەسەنی کەربەلایی نانی بە خۆڕایی دەدەن.

یەکێ لەوانە کە مەلای چاو پێ کەوت کە زۆر بە پەلە ڕا دەکات گوتی:ها مەلا بۆ کوێ دەچی؟مەلاش

لە وەرام دا گوتی:دەمەوێ بچمە مالی حەسەنی کەربەلایی تاکوو نان بە خۆڕایی وەربگرم.
کابرای ناوبراویش گوتی:بەلام حەسەنی کەربەلایی نان بە خۆڕایی ناداتە کەسێك و ئەویش هێشتان هەر لە مەکە نەگەڕاوەتەوە،مەگەر نابینی کە ئێمە بە دەستی خالی گەڕاینەوە؟
مەلاش کە هەر بە پەلە غاری دەدا و گوتی:باشە من دەچم بۆ مالی حەسەنی کەربەلایی بەلکو ئەو ئێستا هاتبێتەوەو نانێکی بەلاش بە من بدات.

*

## دۆزینەوەی ئەنگوستیلە

ماوەیەك بووکە مەلا مەشور ئەنگوستیلەکەی خۆی لە ژوورەکەیا ون کردبوو،لەبەر ئەوەی کە ئەنگوستیلەکەی خۆی نەدۆزیبۆوە لە ناو ژوورەکەدا لێی دەگەڕا.
مەلاژن کە ئەوی دیبوو والە حەوشەکە دەگەڕا و گوتی:مەلا تۆ ئەنگوستیلەکەت لە ژوورەوە ون کردووە،بۆچی حەوشەی ژورەکە ئەگەرێی؟
مەلاش دەستی بە ڕیشیا دا هێناو گوتی: لە بەر ئەوەی کە ژوورەوە تاریکە و ناتەانم لە تاریکایی لە

ئەنگوستیلەکەم بگەڕێم بۆیەکە لە حەوشە لێی دەگەڕێم چونکە ڕوناکە و لێرە باشتر دەبینم.

*

## پیاو یەکپەیڤی هەیە

لە مەلایان پرسی گوتیان:مەلا تەمەنت چەند سالە؟ئەویش گوتی تەمەنم چل سالە. گوتیان مەلا چۆن شتی ئا وا دەبێت؟تۆ بیست سال لە مەوبەر گوتت تەمەنم چل سالە،ئێستاش هەر دەلێی چل سالم.

مەلا سەری خۆی تەکان دا و گوتی:ئێستا هەر دەلێم چل سالم و ئەگەر بیست سالی تریش تێپەیی هەر دەلێم چل سالم چونکە پیاو ئەو پیاوەیە کە لە قسەی خۆی پەشیمان نەبتەوە.

*

## هێنانی دکتۆر

مەلاژن ڕۆژێکیان زکی ژان دەکات و زۆر نا ئارام دەبێت و هەر هاوار دەکات،مەلاش کە هۆی گریان و هاواری لە مەلاژن دەپرسێت و مەلاژنیش دەلێت: کە ژانەزکی گرتووە،مەلا زۆر نارحەت دەبێت و بەبێ چەند و چوون کەل و پەلی خۆی لە بەر دەکات و بە ژنەکەی دەلێت: نارحەت مەبە من هەر ئێستا دەچم

دکتۆرت بۆ دێنم،مەلا لە دوای ئەم پەیڤەی لە مال هاتە دەرەوەو و بەلام هێشتان لە مالەکەی خۆی زۆر دوور نەکەوتبۆوە،مەلا ژن لە پەنجەرەکەوە بانگی مەلای کردو گوتی مەلا بگەڕێوە ژانە زگەکەم چاك بوەتەوە پێویستیم بە دکتۆر نیە.

بەلام مەلا بەبێ ئەوەی کە گوێ بداتە مەلاژن ،نەگەڕایەوەو بەرەو مالی دکتۆر ڕۆیشت.

لە دەرگای مالی دکتۆری داو چووە ژوورەوە،دکتۆریش سەیرێکی سەرو پۆتەلاکی نا ئارامی مەلای کردولێی پرسی گوتی:مەلا چی ڕووی داوە؟مەگەر خوا نەخواستە شتێکی خراپت بۆ هاتۆتە پێش کە ئەمەندە نا ئارامی؟

مەلاش پشوێکی درێژی هەلکێشاو گوتی:نەخێر جەنابی دکتۆر،من کە لە مالەوە دەرچووم ژنەکەم ژانە زگێکی زۆر خراپی گرتبوو،بەلام کاتێ کە بەرەو ئێرەوە دەهاتم خێزانەکەم لە پەنجەرەوە سەری دەرهێناو گوتی مەلا بگەرێوە ژانە زگم نەماوە،بۆیەکەش من هاتوومەتە ئێرە کە بە جەنابتان ڕا بگەیەنم کە ئیتر پێویست بەوە ناکات خۆتان زەحمەت بکێشن و بێی بۆ مالەکەی ئێمە.

*

## ئەگەر نەمردبووم

ڕۆژێکیان مەلا لە ژنەکەی پرسی و گوتی: ژنەکە وەرە بەراستی پێم بلێ ئەگەر مرۆ بمرێ جەستەی چۆن دەبێت و مرۆ چە هەستێکی هەیە؟ مەلا ژنیش بیری کردەوەو گوتی: ئەگەر مرۆ بمرێت جەستەی بە تەواوی سارد دەبێت و توانای هیچ کارێکی نامینێ.
لە دوای چەند ڕۆژێک بەدواوەهەوا زۆر ساردەبێ و بەفرو بورانی زستان دای هێنابوو ،مەلاش بۆ کۆکردنەوەی بارە دارێك ڕووی کردە جەنگەل و لێڕەوارەکەی ئاواییەکەیان.
لەو لێڕەوارەدا هەندی داری سوتانی کۆ کردەوەو کەرەکەی بار کردو لەو کاتەدا هەستی بەوە کرد بە هۆی هەوای زۆر ساردەوە دەست وپاو دم و چاوی زۆر سارد هەلگەڕاوەو شەختەی بەستووە،لەو کاتەدا بیری لە خۆی کردەوەو یەکسەر یەك بە خۆی ڕاکشاو مرتەقی لە خۆی بڕی،لەو دەمەشدا گورگێك پەیدا بوو کەرەکەی مەلای پارچە پارچە کرد و خواردی،مەلاش هەروەها سەیری گورگەکەی دەکرد کە سەرگەرمی خواردنی گۆشتی کەرەکەی بوو، زۆر بەلەسەر خۆییەوە گوتی:ئەی گورگە برۆ سوپاسی خوا بکە کە من مردووم ئەگەر نا کارەساتێکم بە سەرت دەهێنا کە هەتا هەتا مابای لە بیرت نەچوو بایە.

*

## پێ هەلا گوتن

مەلاچێرێكی هەبوو كە زۆر لەڕ و لاواز بوو،ئەو رۆژێكیان چێرەكەی بردە بازاربۆ فرۆشتی.لە بازار دەستی كرد بە پێ هەلاگوتنی چێرەكەی،بەلام خەلك كە چێرەكەی مەلایان دەبنی وا لەڕو لاوازە،ئامادەی كڕینی نەبوون.

سەرەنجام دەلالكی بازار هاتە لای مەلا و زۆر بە هێواشی سەری لە بن گوێی مەلا ناو بە مەلای گوت:مەلا ئەگەر من چێرەكەت بە نرخێكی باش بفرۆشم چیم دەدەیتێ؟

مەلا بیری كردەوەو گوتی:

نیوەی پارەكەی نرخی چێرەكەتپێ دەدەم.

دەلالەكەش قەبوولی كرد و لە مەلا دوور كەوتەوەو دەستی بە تەنی گاكە دادەهێناوگوتی:ئەی خەلكینە ئەم چێرەی دەبینن ئەوە ئاوسەو رۆژێ دێت شیر دەدات و دەبێتەخاوەنی گۆلكێك ، لەو كاتەدا كابرایەك هاتە لای دەلالەكەو چێرەكەی مەلای كڕی.

مەلاش پارەكەی وەرگرت و هەروەك كە گوتوبووی نێوەی پارەكەی بە دەلالەكە داو بەرەو مال هاتەوە..

کاتێ کە هاتەوە ماڵەوە،مێوانیان هاتبوو،زانی کە بۆ داخوازی کچەکەی هاتوون کە تائەوکاتە بەمێردیان نەدابوو،بینی کە ژنەکەی لە پێشەوەی مێوانەکان ڕونیشتووەو باسی کچەکەی خۆی دەکات و پێی دا هەڵ دەڵێت.مەلاش چووە ژوورەوەو لە گۆشەیەکی ژوورەکە ڕوونیشت و گوتی:
بەڵێ ئەم کچەی من تا بڵێی نەجیب و خاوەن هۆش و گوێ ڕایەڵەو هەموو کارو بارەکانی ماڵەوە ئەنجام دەدات،مەلا لەو کاتە بە یادی کابرای دەلال کە مەدحی چێرەکەی چۆن کردبوو و چەند زوو بەو پێ هەلاگوتنە بۆی فرشت و ئیتر ئەوویش ئاوا لە سەر قسەکانی خۆی ڕۆیی و گوتی:لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە ئەم کچەی من ئاوسەو لە دوای ماوەیەکی تر دەبێتە خاوەن کوڕێکی پرچ زەردو جوان و ژیکەلە!!!.

*

## لێفە

شەوێکیان مەلا نوستبوو کە دادو هاوارێکی زۆری لە کوچەو کۆلانەکەیانەوە بیست،بۆ ئەوەی کە هۆی ئەم دادو هاوارە بزانێت لەخەو هەستا و لێفەکەی بە سەر شانی داداو لە ماڵەکەی چووە دەرەوە.

ئەم هەراو هۆریایەش بە هۆی بینینی دزێك كە لەو ناو پەدا ببوو دەهات ، دزەكەش لەو كاتەدا كە مەلای ئاوا دیت و لێفەكەی مەلای فڕاندو پێی پێوە ناو ڕای كرد،كە دزەكە ڕۆیی ئیتر هەراو هۆریا نەماو ئەو ناوە بێ دەنگیەكی تەواو دای گرتەوە.مەلاش بەبێ لێفە گەڕایەوە مالەوەو ژنەكەی لێی پرسی و گوتی:مەلا ئەوە چە هەراو هۆریا بوو؟
مەلاش كە لێفەكەی بە سەر شانیەوە نەما بووبە پێكەنینەوە گوتی:
هیچ هەوالێك نەبوو،بەلام ئەو هەموو شەڕو شۆڕەو هەراو هۆریایە كە گوێمان لێ بوو لە سەر لێفەكەی مەلا نەسریددین بوو.

*

## مەلا ودرەخت چاندن

مەلا باخچەیەكی بچكۆلانەی لە تەنیشت مالەكەی خۆیەوە هەبوو،لە وەرزی بەهار دا چەند دارێكی لە ناو باخچەكەدا دەچاند،بەلام كاتێ كە تاریك دادەهات دارەكانی هەلدەكێشاو دەیبردەوە مالەوە.
خەلكیش كە ئەم كارەی مەلایان دەبینی سەریان لەوە دا سوڕ مابوو زۆریان پێ سەیر بووڕۆژێک چەند

کەسێ دەچنە لای مەلاو هۆی ئەم کارەیان لە مەلا پرسی ،مەلاش لەو کاتەدا دەستی بە ڕیشی خۆی دا هێناو گوتی:
هەڤالان ئێوە دەزانن کە لەو شارە دا ماوەیەکە دز زۆر بووینە،بۆ ئەوەی کە دزەکان نەتوانن ئەم دارانە بدزن من هەموو شەوێك دەیان بەمەوە مالەوەو لە ژوورەکەی خۆمیان دادەنیم.
*

## هەزار دینار

مەلا هەموو ۆۆ ژێک لە بەر خوا دەپاڕایەوە و دەستی بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوەو دەیگوت:خودایە هەزار دینارم پێ ببەخشەو ئەو هەزاردینارە لە مالی خۆتا لە غەیبەوە بۆم بنێرە،تا دەولەمەند ببم،لە یادیشت نەچێت دەبێ ئەو پارەم هەر بۆ بنێری،خۆ ئەگەر یەك دیناریش کەمتر بێت ئەوا من نامەوێت،مەلاش هاوسێیەکی قرچۆکی زۆر دەولەمەندی هەبوو،ئەم پاڕانەوەی مەلای گوێ لێ دەبێت ،ئەویش بۆ ئەوەی مەلا تاقی بکاتەوە بزانێ کە مەلاڕاست دەکات ئەگەر یەك دینار لە هەزار دینارەکە کەمتر بێت نایەوێت؟
کابرای هاوسێ هەستا نۆسەدو نەوەدو نۆ دیناری خستە ناو کیسیەکەوەو لە سەر بانی مالەکەی خۆی

ڕا چووە سەربانی مالی مەلاو لە كولانەی سۆبەكەی مالی مەلاوە ئەو پارەیەی خستە خوارەوە.
مەلاش لەو كاتەد اكە نوێژی دەكرد و خەریكی دوعا كردن بووكاتێ ئەو كیسەیەی دی و بە خۆشحالیەوە كە كیسەكەی كردەوە بینی كە پڕ لە دینارە،پارەكەی ژمارد و زانی كە دینارێك لە هەزار دینارەكەی كە داوای دەكرد كەمترە،سەری بەرز كردەوەو گوتی:
ئەی خودای گەورە،تۆ كە ئەو پارەت بۆمن ناردووەو دینارێكت نەناردووە،من زۆرزۆر سوپاست دەكەم،ئێستاكە من ئەم پارەیە هەل دەگرم و تا تۆ دینارکەی كە لە یادت چووە بۆم دەنێری.
مەلا دوای ئەم قسانەی پارەكەی هەلگرت و لە ناو سندوقەكی خۆی دا شاردیەوە.لە لایەكی تریشەوە كابرای خاوەن پارەكە زانی كە مەلا بە پێچەوانەی داواكەی خۆی پارەكەی هەلگرتووەو بە نارحەتیەوە لە سەر بانەكە هاتە خوارەوەولە مالەكەی هاتە دەرێ و ڕووی لە مالی مەلا كرد و لە دەرگای دا، مەلاش پاش دەرگای مالەكەی كردەوەو كە مەلای بینی پێی گوت:
مەلا ئەو پارەیەی كە ماوەیەك پێش ئێستا كەوتە مالەكەی تۆ ئەوە پارەی منە،من بۆ ئەوەی جەنابت تاقی بكەمەوە،ئەو پارەیەم بۆت لە كولانەی سۆبەوە

فڕێ دایە خوارەوە،ئێستا تكات لێ دەكەم بڕۆ كیسە پارەكەم بۆ بگەڕێنەوە.
مەلاش سەیرێكی قەدو گیپالی كابرای كردو گوتی:
بڕۆ خالە بڕۆ لێرە ون بە،خوا ڕزقت لە جێیەكی ترەوە بداتێ،مەگەر تۆ شێتی كە ئەم جۆرە قسانە دەكەیت؟من ماوەیەكی زۆرە كە لە دەرگای خوداوەند دەپاڕێمەوە و تكای لێ دەكەم كە هەزار دینارم بۆ بنێری،ئێستاكە كە خودا نۆسەدو نەوەدو نۆ دیناری بۆمن ناردووە تۆش دەڵێیت ئەو پارە هی منە! لێرە بڕۆ بەخۆڕایی خۆت ماندو مەكە!!.
كابرای قرچۆك و دەولەمەندیش كە زانی پارەكەی لە دەست داوەو هاواری كردو ڕووی كردە مەلاوگوتی:ئەی پیاوی چاك،ئەو پارەیە هی منەو بڕۆ بۆم بێنەوە ئەگینا بۆلای قازیت دەبەم و شكایەتت لێ دەكەم.
مەلاش سەری تەكان داو گوتی:كابرا من تەنانەت دیناریێكیشت نادەمێ،ئەگەر پێت خۆشە ئامادەم بچین بۆ لای قازی،چونكە ئەو پارەیە خوا بە منی داوەو دیناریێكیشی كەمەو ئەویشم لە خوا داوا كردووە كە بەم زوانە بۆم بنێرێت و بۆی ناردم ، كابرای خاوەن پول هاواری كردو گوتی:زۆر باشە فەرموو بۆ لای قازی بچین.

مەلاش خۆی خستە سەر پشت و بە كابرای گوت:باشە من دێم بەلام ناتوانم بە پێ بڕۆم، چونكە زۆر ماندووم و مالی قازیش زۆر دوورە.بڕۆ ئەسپێكم بۆ بینە تا بە سواری لە گەلتابێم.

كابرای پارە پەرست چوو بە پەلە ئەسپێكی سواری بۆ مەلا هێناو مەلاش سەیرێكی ئەسپەكەی كردو گوتی:ئەگەر دەتەوێ من بێمە مالی قازی دەبێ لباسێكی تازەو نوویی خۆشتم بۆ بێنی چونكە بەم لیباسەی خۆم ناتوانم لە گەلت بێم.

كابرای خاوەن پارەكە كە دەیەویست بە هەر شێوەیەك بێت مەلای لە گەل خۆی دا بەرێتە مالی قازی چوو دەستێك كەل و پەلی تازەشی بۆ هێنا.

مەلا كەل و پەلەكانی لە بەر كردو سواری ئەسپ بوو و لە گەل كابرا بۆ مالی قازی بە یەكەوە بە رێكەوتن.

كاتێ كە گەیشتنە مالی قازی و چونە لای قازی،كابرای پارە پەرست هەموو شتێكی بە قازی گوت.

قازی سەیرێكی مەلای كردو گوت:

باشە مەلا ئایا ئەم كابرایە ئەوەی كە دەیلێت ڕاستە كە تۆ پارەی ئەم كابرایەت هەلگرتۆتەوە؟.

مەلاش سەری خۆی تەكان داو گوتی:

نەخێر قوربان وانیە،ئەم کابرایە کابرایەکی درۆزنترین وفێلبازترین مرۆڤی سەر زەمینە،بۆ ئەوەی کە پارە لە من بستێنی ئەم داستانە درۆیەی دروست کردووە.

قازیش ڕووی کردە کابراو گوتی:

باشە تۆ دەلێی چی مەلا ڕاست دەکات؟

کابرای خاوەن پول و قرچۆك هاواری کردو گوتی:جەنابی قازی مەلای خۆی درۆزنە پارەی منی هەلگرتۆتەوە.

مەلاش بە پێکەنینەوە بە قازی گوت:

جەنابی قازی ئەم کابرایە ئەوەندە بە تەماع و پول پەرست و فێلبازە کە ئەگەر چەند دەقیقەیەکی تر کە لە گەل جەنابت قسان بکات پێت دەلێت: ئەو ئەسپەی کە بە سواری پێی هاتووم هی ئەوەو من لە ویم دزیوە.

کابرای پارە پەرست ئەم قسەیەی بیست زۆر بە تووڕەییەوە هاواری کردو گوتی:

مەلا دەتەوێ بلێی کە ئەسپەکەش هی تووە؟

مەلا ڕووی کردە قازی و گوتی:

قوربان نەم گوت...خۆ ئەگەر چیتر زیاتر ڕوو بەو کابرایە بدەیت داوای ئەوەش دەکات دەلێت: ئەو کەل و پەلەی لە بەریشمە هی ئەوە.

کابرای پارە پەرەست و قرچۆك گەلێك توورە بوو خوێنی جۆشاو هێرشی کردە سەر مەلا تاکو تەنبێی بکات دەستی لێ بوەشێنێ،لەو کاتەدا گوتی:

ئەی فێلبازی درۆزن مەگەر ئەم کەل و پەلانەی لە بەریشت هی من نیە؟بۆچی ئەوەندە درۆزنی،هەر ئیستا دەتکو ژم.

مەلاش لەو کاتەدا دەستی کردە دادو هاوار،سەربازەکانی قازییش بە فەرمانی قازی کابرای دەولەمەندیان گرت بردنیانە زیندان،قازی رووی کردەمەلاو گوتی:دۆستی خۆشەویستم زۆر سوپاست دەکەم کە کابرایەکی ساختەچیت بە ئێمە ناساند و هەر لە بەر ئەوەش دینارێکت پاداش دەدەمێ،دوای قسەکانی قازی دینارێکی لە گیرفان دەرهناو دای بە مەلا.

مەلا پارەکەی وەرگرت و دەستی بۆ ئاسمان بەرز کردەوەو گوتی:

خودایە گەلێك سوپاست دەکەم،ئەو قەرزەی کە لات مابوو زوو داتەوە،ئەو دینارەی کە لات مابوو زوو بۆت ناردم و زۆر زۆر سوپاس.

*

## نەشارەزا

مەلا چووە شارێكەوە،لە كوچەوكۆلانی ئەو شارەدا دەگەڕاو بەملاو ئەملای دا دەڕوانی ،كابرایەكی لێ هاتە پێشەوە ولە مەلای پرسی و گوتی:
كاكە گیان زەحمەت نەبێ پێم نالێ ئەمڕۆكە چە ڕۆژێكە؟
مەلاش سەیرێكی قەد و گیپالی كابرای كردو گوتی:بەخوا نازانم من تازە هاتوومەتە ئەم شارە و هێشتان هیچ شوێنێك شارەزا نیم.

*

## سەنگی پشیلە

ڕۆژێكیان مەلا كیلۆیەك گۆشت دەكڕێت و دێنێتە مالەوە و دەیداتە مەلاژن و پێی دەلێت ئافرەت من ئەمشەو مێوانم هەیە ئەم سێ كیلۆ گۆشتە بكە بە كەباب بۆ مێوانان ئامادەی بكە.

مەلا لە دوای ئەمە لە مالەوە چووە دەرەوە،مەلا ژنیش گۆشتەكەی ورد كردو هەمووی كرد بە كەباب و چەن هاوسێیەكی داوەت كردو ملیان لە بەر كەباب خواردن ناو تێرو تەسەلیان خوارد.
شەوێ كاتێ كە مەلا گەڕایەوە مالەوە بە مەلاژنی گوت كوا كەبابت دروست كردووە؟ مەلاژنی فێلبازیش لەو كاتەدا گوتی:بەداخەوە من هەموو گۆشتەكەم ورد

كردو ئامادەم كرد كە ئاگر بكەمەوەو بیان برژێنم،تا ئاگرم ئامادە كرد لە ناكاو پشیلە هات و هەموو گۆشتەكەی خوارد.

مەلاش گوتی:كەواتە ئێستا پێویستە كە خواردنێكی تربۆ مێوانان دروست بكەیت.

مەلا بە بێ چەند و چوون چووە حەوشەكەو پشیلەكەی كە لە گۆشەیەكەوە پال كەوتبووگرتی و تەرازووی هێناو پشیلەكەی كێشا و گرانی پشیلەكە كەمتر لە سێ كیلۆبوو،ئەوسا مەلا زۆر بە تووڕەییەوە ڕووی لە ژنەكەی كردو گوتی:

هەی ژنی درۆزن ئەگەر ئەم پشیلەیە سێ كیلۆ گۆشتی خواردووە چۆن گرانی لە سێ كیلۆ گۆشت كەمترە؟خۆ بەلای كەمیەوە دەبوایە گرانی ئەم پشیلەیە كە ئەو هەموو گۆشتەی خواردووە ئێستا لە سێ كیلۆ زیاتر بوایە؟

ڕووی كردە مەلاژن و گوتی:خۆ دیارە كە ئەم پشیلەیە تەنانەت دوو كیلۆش نابێت.

*

## بۆنی چێشت

مەلا لە مالەوە ڕوونیشتبوو،ئاواتی بوو دەیگوت ئای كە ئێستاكە یەك قاپ شیوی گەرم لێرە بوایە و منیش تێرو تەسەلم لێ دەخوارد.

لەو كاتەدا زەنگی دەرگا لێ درا،مەلا دەرگای كردەوەوو چاوی بە منداڵەكەی هاوسێیەكەی خۆیان كەوت،ئەو منداڵە لە كاتێك دا قاپێكی خاڵی بە دەستەوە بوو گوتی:
دایكم سلاوی هەیە و گوتی ئەگەر شیویان لێ ناوە هەندێ لەو شیوە بدەن بە ئێمە.
مەلا سەری خۆی تەكان داو گوتی:
ئای كاری ئەم جیهانە چەندە سەیرە،خەڵك تەنانەت بۆنی ئارەزوو كردنی چێشتیش دەكەن.

*

## كەم خەرجی

ڕۆژێكیان مەلا ویستی كە مۆرێك بە ناوی كوڕەكەی دروست بكات،كابرایەكیش هەبوو مۆرساز بوو بۆ هەر پیتێك دینارێكی وەر دەگرت.
مەلاچوو داوای لەو مۆر سازە كرد گوتی:جەنابی فلانی من دەمەوێ مۆریكم بە ناوی كوڕەكەم بۆ دروست بكەیت،ئەویش گوتی باشە بۆ خۆت دەزانی كە من بۆ هەر پیتێك دینارێك وەردەگرم:مەلاش گوتی باشە.
كابرای مۆر ساز گوتی ناوی كوڕەكەت چیە؟
مەلاش بیری كردەوە و گوتی:كوڕەكەم ناوی(خس)ە.
كابرای مۆرساز گوتی باشە دوو دینام بدەرێ.

مەلاش پارەکەی داو ریی،کابراش دەستی کرد بە مۆر دروست کردن،پاش کەمێك ناوی(حس)ی دروست کردو ویستی نوقتەکە دابنێت لەو کاتەدا مەلا ڕووی کردە کابراوگوتی:تکات لێ دەکە دەکەم  نوقتەکە لە جیاتی لە سەر (ح)دابنێی لە ناو زگی(س)ین دابنێ کابراش بە قسەی مەلای کرد و ئەوسا مەلا مۆرەکەی وەرگرت و ڕووی کردە کابرای مۆر ساز و گوتی:
من لە جیاتی سە پیت پارەی دوو پیتم بە جەنابت دا ئەی مۆرسازی زیرەك.

*

## لێرە ڕاوەستە

کابرایەك دەیگوت هیچ کەسێك  ناتوانی فێڵ لەمن بکات،مەلاش کە گوێی لەو قسانەی کابرا بوو چوو بۆ لای کابراو گوتی:
من قەولت دەدەمێ کە من دەتوانم فێڵت لێ بکەم.
کابرا سەری لەو قسەی مەلا سوڕماو گوتی:تۆ هەرگیز ناتوانی ئەم کارە بکەیت و ئەگەر توانیت فێڵ لەمن بکەیت ئەوا  من هەزار دینارت دەدەمێ.
مەلاش گوتی: زۆر باشە هەزار دینارەکە لە لای قازی دابنێ من ئەوسا فێڵت لێ دەکەم.

کابرای ناو براو لە گەل مەلا چوونە لای قازی و کابرای ناو براو هەزار دینارەکەی دا بە قازی و گوتی:ئەم هەزار دینارەم لای جەنابت بێت کاتێ کە مەلا توانی فێڵ لە من بکات ئەم هەزار دینارەم بە مەلا بدە و حەلالی بێت.

مەلا دوای ئەوەی کە باوەڕی هات کە ئەو پارەیە وەردەگرێت ، لە پێش قازی بە کابرای گوت: باشە جەنابی فیلانی تۆ هەر لێرە لای قازی بوەستە تا من بچم فێڵەکەت لێ بکەم.

کابرای ناو براویش لەو شوێنە لە لای قازی مایەوە بەلام چەند سعاتێکی پێ چوو کە هەوالێ لە مەلا نەبوو و نەگەڕایەوە.

سەرەنجام کابرای ناو براو تووڕە بوو و گوتی:

جەنابی قازی دیارە کە مەلا دۆڕاندی چونکە نەگەڕایەوە کە بێ فێڵەکە لە من بکاتن.

قازیش بە بزەیەکەوە گوتی:بەلام وانیە تۆ هەلەی،مەلا گرەوی خۆی بردەوە،چونکە ئەو توانی کە فێڵ لە جەنابت بکات،کەوا چوار سەعاتە تۆی لێرە گیر کردووەو چاوەڕوانی کردی و بۆ خۆشی نەگەڕایەوە ئەمە فێڵەکە بوو،بۆیەکە ئەو هەزار دینارەی کە خۆت ویستت دەبێ بە مەلا بدەم چونکە ئەو بردیەوە. کابرای داوا کاریش ئیتر هیچ

قسەیەکی نەکردو ڕاست ڕۆیشت،بۆ سبەی ڕۆژ، مەلا چووە مالی قازی و هەزار دینارەکەی وەرگرت و زۆر بە خۆشحالیەوە گەڕایەوە مالەکەی خۆی.

*

## کاری بەرەوا ژوو

ڕۆژێکیان مەلا دەچێتە بازار و هەندێ پەتاتە و پیاز دەکرێت و دەیانخاتە ناو تێڕی سەر پشتی کەرەکەی و خۆشی سواری کەرەکە دەبێت وبەرەو مال دەگەڕێتەوە.کەرە بەستەزمانەکەش کە ماندوو دەبێت و لە ڕێگادا دەست بە زەڕەزەر دەکات.

مەلاش سەیرێکی کەرەکەی دەکات و دەلێت:ئێستا دەزانم بۆچ کەرەکە دەزەڕێت.

مەلا پاش ئەو بیرکردنەوە و پەیڤەی خۆی،لە کەرەکەی دێتە خوارەوەو ئەمجارە بەرەو پشت سواری کەرەکەی خۆی دەبێت،لە کاتێك دا کە بەرەو پشت سواری کەرەکەی خۆی بووبوو کیسەی پیازو پەتاتەکش لە تێڕەکە دەردێنی و بە دەستی خۆیەوە هەلی دەگرێت و ڕوو لە کەرەی دەکات و ئەوسا دەلێت:باشە ئێستا بارەکەت سوك بووە و ئارام بووی

دەزانم چونكە بارەكەت گران بوو بۆیەكە وا زەڕەزەڕت دەكرد!.

*

## ببورە نەم زانی كە مالی تۆیە

ڕۆ ژێكیان مەلا بە ڕێگا دادەڕۆیشت بوخچەیەكی پڕی لە سەر ڕێگا چاو پێ كەوت كە داندرا بوو،مەلاش لە كەرەكەی هاتە خوارەوەو بوخچەكەی هەلگرت و كردیەوەو لە ناو بۆخچەكەدا كورتەك و شەروالێكی تیا بوو كە زۆر بە دلی بوو.مەلا دەستی خستە ناو گیرفانی كورتەك و شەروالەكە و لە هەمان كات دا دەیگوت:

سوپاس بۆ خوا كە بووم بە خاوەنی كورتەك و شەروالێكی زۆر باش.

مەلا كە گیرفانی كورتەك و شەروالەكە دەگەڕا و لە ناو گیرفانەكەدا ئاوێنەیەكی دۆزیەوەو تیادا سەیری خۆی دەكردو چاوی بە وێنەی خۆی دەكەوت،كە خۆی لە ناو ئاوێنەكە دیەوە وای زانی كە ئەم وێنەیە وێنەی خاوەنی بوخچەكەیە و لەو كاتە دا ڕووی كردە وێنەكەی خۆی و گوتیی:

ببورە بەڕاستی نەم زانی كە ئەم بوخچەیە و ئەم كەل و پەلانە هی تۆیە،ئەگینا ئەوم لە سەر زەوی دانەدەناو هەلم ناگرتەوە.

*

## لێی گەری با بیبات

مەلا مەشور سندوقێکی بچکۆلانەی خۆی هەبوو هەمیشە شتی بە نرخ و پارەو پولێکی کە هەیبایە لە ناو ئەو سەندوقە دا دەیشاردەوە،شەوێکیان دزێك دەچێتە مالی مەلاو سەندوقەکەی مەلا هەلدەگرێ وبە ڕاکردن بەرەو حەوشەکە دەڕوات.

لەو کاتەدا مەلا ژن واگا دێت و دزەکە دەبینێ کە سەندوقەکەی هەل گرتوەو ڕادەکات بۆدەرەوە دەڕوات ژنەکەی مەلابانگ دەکات ولە خەوی واگا دێنێ و بە مەلا دەلێت:

مەلا هەستە زووکە هەستەدز هاتۆتە مالەوە سندوقکەی پارەو پوول و جەواهێراتی دزیوە و بردی و هەستە دزەکە بگرە.

مەلاش باوەشکی دێتێوە دەلێت:

ژنەکە تۆ چەند بێ ئەقلی وا کلیلی سەندوقەکە لای خۆمە و ئەم دزە ناتوانێت هیچ بکاتن.

*

## سعات

مەلا سعاتێکی هەبوو کە زۆر لە مێژ بوو زۆر بە باشی کاری دەکرد و هیچ عەیبی نەبوو،بەلام ڕۆ ژێکیان لە ناکاو سعاتەکەی لە کار دەکەوێت.

مەلا سەعاتی هەلگرت و بردیە لای سعاتچی،سعاتچی دەرگای سعاتەکەی کردەوەو بینی کە مێشێکی مردوو لە ناو سعاتەکەی مەلا زیندانی بووەو هێنایە دەرەوە.
مەلاش کە ئەوەی دیت سەری تەکان داو بە سەرسوڕمانیەوە گوتی:ئەها ئەوە بۆیێ سعاتەکەم وەستاوە و شوفێری سعاتەکە کار ناکات.
*

## کەری مردو

ڕۆ ژێکیان مەلا لە ڕێگەیەکەوە دەڕۆیشت یەکێك لە دۆستەکانی مەلای دیت و گوتی:
-ئەری مەلا تۆ بۆچی ئەمڕۆ پیادەی و ئەی کەرەکەت چی لێ کردووە؟ مەلاش لە وەرام دا سەری خۆی بادا و گوتی:
بەداخەوە دوو ڕۆژ پێش ئەمڕۆ کەرەکەم مردو تەمەنی درێژی بۆ ئێوە بە جێ هێشت.
لەو کاتەدا کابرا گوێی لە زەڕەی کەری مەلا بوو و گوتی:مەلا ئەی ئەمە زەڕەی کەری تۆ نیە وا دێت؟
مەلاش لە وەرام دا گوتی:مردوت نەمرێ بە من باوەڕ ناکەی بە زەڕەی کەرەکەم باوەڕ دەکەی؟
*

## بۆ پێنج دینار

مەلا قەرزاری دوكاندارەكەی كۆڵانەكەی خۆیان بوو،بۆ ئەوەی كە دوكاندار مەلا نەبینێت و داوای پارەكەی لێ بكات مەلا هەرگیز بە پێش دوكانەكەوە نە دەڕۆیی.

ڕۆ ژێكیان كە مەلا لە بازار لە شوێنێ لە گەل دۆستانی خۆیەوە ڕونیشتبووە دەرەوە،خاوەن دەكانەكە لەوێوە تێدەپەڕێ و چاوی بە مەلا دەكەوێت كەوا ڕونیشتوو، لە كاتەدا یەقەی مەلای گرت و داوای پارەكەی خۆی لە مەلا كردەوە و گوتی: مەلا ئەو بۆچ ڕادەكەی بەلای منەوە هەر نایێی و پارەكەم نادەیتەوە؟ مەلاش هیچ قسەی نەكرد و خۆی لە گورە نەبرد،كابرای خاوەن قەرز بە دەنگێكی بەرز ترەوە هاواری كردو گوتی:ئەگەر پارەكەم نەدیتەوەئابڕووت دەبەم و بە هەموو خەلك دەلێم كە مرۆیەكی چەند پارەخۆری و قەرزی خەلك نادەیتەوە.لەو كاتەدا مەلا زۆر تووڕە بوو و گوتی:هەی پیاوی چاك من چەند قەرزاری تۆمە كە تۆ ئەوەندە تووڕە بی و هاوار دەكەیت؟ كابرای دوكاندار گوتی:پەنجا دینار.

مەلا گوتی:زۆر باشە بیست و پێنج دینارسبەینێ بیست و پێنج دینارت دەدەمەوەو دوو سبەش بیست

دینارت دەدەمەوە ئێستا چەند دەمینێ؟كابرای دوكاندار گوتی پێنج دینار دەمینێ.
مەلا لە جێگەی خۆی بلند بوو و هاواری كرد هەی پیاوی چاك شەرم ناكەیت تۆ بۆ پێج دینار ئەوەندە هاوار دەكەیت و ئابڕووی ئێمە دەبەیت؟بڕۆ من چەند ڕۆژێكی تر دێمە لات و پێنج دینارەقەرزەكەت دەدەمەوە چونكە ئێستاكێ پارەی خوردەم پێ نیە.

*

## هەنار فرۆشتن

ڕۆژێكیان مەلا بارێكی ئەناری لە كەرەكەی بار كرد و بردیە بازار بۆ فرۆشتن و لە كۆی و شەقامەكانی بازاردا هاواری دەكرد و دەیگوت:ئەهای خەلكینە هەناری زۆر چاكم هەیە و هەنارەكانم گەلێ باشن.
بەلامك هەركاتێ مەلا هاواری دەكردو ئەم قسانەی سەرەوەی دەگوتەوە،كەرەكەی مەلاش یەك بە خۆی دەستی بە زەرەزەڕ دەكردو لاسایی مەلای دەكردەوە.
كاتێك كە ئەمە چەند جارێك دووبارە بۆوە ،مەلا زۆر توڕە بوو و بە تویە هاواری كرد و گوتی:
ئەی كەری بێچارە بۆ بێ دەنگ نابی نازانم من هەنار فرۆشم یا تۆ؟بەلام كەرەكە دیسان هەر دەستی بە زەڕین كردەوە و مەلاش گوتی:

زۆر باشە ئێستا کە وای لێ هات ئیتر من بێ دەنگ دەبم و تۆ زەڕە زەڕ بکە،ئێستا دەردەکەوێ کە کەسێك نایەت تەناتە یەك هەناریش بکیێت.

*

## پرسیار کردنی راست نیه

ڕۆ ژێکی کابرایەك هاتە لای مەلا و قوتویەکی سەربەستراوی هێنایە لای مەلا و بە ئەمانەت لای ئەوی داناو تا دوایی بێتەوە وەری بگرێتەوە.
کە کابرا ڕۆیشت ئیتر مەلا سەری قوتووەکەی کردەوە بینی کەوا پڕ لە هەنگوینێکی زۆر باشە،مەلاش قامکێکی لە هەنگوینەکە ناو بینی کە بەڕاستی هەنگوینێکی زۆر بە تام و بۆیە،مەلا هەرکاتێ دەچووە دەرەوەو دەگەڕایەوە قامکێکی لە هەنگینەکە دەناو دەیخوارد تا وای لێ هات هەنگوینەکە تەواو بوو.
مەلا بە هۆی خواردنی هەنگوینێکی زۆر لە دوای دووسێ ڕۆ ژ دا نەخۆش کەوت.کاتی کابرای خاوەن هەنگوین گەرایەوە و قوتوو هەنگوینەکەی هەلگرت و زانی کە قوتیەکە سوکە،بۆیەکە سەری قوتیەکەی کردەوە بینی کە قوتوەکە خالیەو هیچی تیا نەماوە.
لە مەلای پەرسی و گوتی:مەلا ئەو شتەی لە ناو ئەم قوتیە بوو چی لێ هاتووە؟

مەلاش لە وەرام دا گوتی: نەخۆشی من ببینە بۆیەكە لەو بارەوە پرسیار مەكە و چاوی لێ بپۆشە.

*

## خەوم لێ هەڕماوە

شەوێكیان مەلا لە نیوە شەوەوە لە مالەكەی خۆی هاتە دەرەوەو لە كوچەو كۆلانی شارەكەی دەگەڕا.پاسەوانێكی شەوانە هاتە لای مەلاو پێی گوت:خێرە بەم شەوە دەسوێێتەوە؟
مەلاش لە وەرام دا گوتی:
جەنابی پاسەوان خوا دوورت بكات لە دەردو بەلا،خەوم لێ هەڕمایەوهەردچەن دەگەییم ناتوانم كە بنووم و خەوم لێ ناكەوێت .

*

## كەم خەرجی

كاتێ كە مەلا بێ پارە بوو بیری لەوە كردەوە كەوا كەم مەسەفی بكاتن،لە گەل خۆی دا پەیمانی بەست كە هەر لەم ڕۆوە لە جۆی ئالیكی كەرەكەی كەم بكاتەوە،ماوەیەك ئەم كارەی كرد و چەند مستێكی جۆی خۆراكی كەرەكەی كەم كردەوە،بینی كە كەرەكەی جیاوازیەكی نەبوو لە گەل جاران،مەلاش

هەر ڕۆ ژە هەندێكی تری لە ئالیكی كەرەكەی كەم دەكردەوە،تا وای لێ هات كەرەكەی بەتەواوی لەی بوو و دوایش كەرەكەی تۆپی،كاتێ كە مەلا كەرەكەی بەم شێوەیە بینی و یووی كردە كەرەكەی و گوتی:
بە داخەوە بە وەرزش كردن یام هێنا بووی بەلام داخەكەم كە مەرگ مۆلەتی پێ نەدای و مردی.
*

## شایەدی بە درۆ

كابرایەك بیست دیناری دا بە مەلا كە لە پێش قازی شایەدی بدات كە سەد یبی گەنم داواكارە لە كابرایەكی تر.كاتێ كە لە لای قازی ئامادە بوون و نۆبەتی مەلا هات كە شایەدی بداتن و مەلا گوتی:
من شایەدی دەدەم كە ئەم كابرایە سەد خەروار جۆ لەو كابرایە داوا دەكات.
قازی گوتی:ئەو داوای گەنم دەكات تۆ شایەدی جۆ دەدەی.
مەلا گوتی:ئەم كابرایە لە گەل من پەیمانی بەستاوە كەمن شایەدی بۆ بدەم بەلام نەی گوتووە شایەدی جۆ یا گەنم بدەم.
*

## پارە پەرستی

كابرایەكی قرچۆك و یەزیل و پارە پەرست لە مەلا دەپرسێت و دەلێت مەلا تۆ پارەت خۆش دەوێت؟
مەلاش لە وەرام دا دەلێت:هەر ئەوەندە پارەم خۆش دەویێت كە موحتاج بە مرۆی نامەردو خراپ نەبم.

*

## دووبارە بۆوە كەر

كەرەكەی مەلا تۆپی.مەلاش بە هەول و ماندوبوونێكی زۆرەوە پارەیەكی پێك هێناو چووە بارزار چووە بازارو كەرێكی زۆر باشی كڕی و هەوساری كەرەكەی گرت و بەرەو مال هاتەوە.لە ڕێگەی مالەوە دوو كەسی فێلباز و ناپەسەند بڕیاریان دا كە هەر چۆنێك بێت ئەم كەرە لە ژێر چنگی مەلا دەربێنن و بیبەن،دزێكیان زۆر بە لەسەر خۆیی هەوساری كەرەكەی لە ملی كەرەكەی كردەوەو لە ملی خۆی كردو ئەویتریش كەرەكەی دزی و بردیە بازارو فرۆشتیەوەو پارەكەی لە گیرفانی خۆی نا،مەلاش كە گەیشتە مالەوە،بینی كە لە جێگەی كەرەكەی مرۆڤێك هەوساری كەرەكەی لە مل دایە،لەو كاتە دا زۆر حەپەساو لە جێگەی خۆی واقی وڕما،مەلا لەو كابرایەی پرسی و گوتی:

تۆی کێی؟ کابرای هەوسار لە ملیش گوتی:مەلا گیان من بەرامبەر دایکم بێ ڕێزیم کردووە و بووم بە کەر،دایکیشم منی هێنایە بازارو منی فرۆشت،بەلام دوای ئەوەی کە تۆ منت کڕی ولە گەورەیی و پیاوەتی تۆوە کەمێك ڕۆیشتین من بوومەوە مرۆڤ!!!.

ئەو کابرایە پاشان دەست و پێی مەلای ماچ کردو زۆر سوپاسی مەلای کرد کە ئەوەندە مرۆیەکی بەرزە،مەلاش بە کابرای گوت:زۆر باشە بڕۆ بەلام لە مەو دوا لە هیچ کاتێك بێ ڕێزی بەرامبەر بە دایکت مەکە.

کابرای دزی ساختەچی جێ بەجێ لەو ناوە دوور کەوتەوە،سبەی ئەو ڕۆ ژە،مەلا پارەیەکی تری پێك هێناو چۆوە بازار تا کەرێکی تر بکڕێت،یەکەمجار چاوی بە هەمان کەر کەوتەوە کە دوێنێ کڕی بووی و لێی دزرا بوو،مەلاش بە ئارامی چووە بن گوێی کەرەکە و پێی گوت:هاوڕێ بە قسەی منت نەکرد !دیارە دیسان دایکت ئەزیەت داوتەوە بۆیەکە دوو بارە بویتەوە کەر.

*

## قسەی خۆش

لە مەلایان پرسی گوتیان: ژیانی مرۆڤ هەتاکەی هەر دەبێت؟

مەلاش لە وەرام دا گوتی:تا ئەو کاتەی کە بە هەشت و جەهەننەم پڕ دەبێت .

*

## کەر ون بووە

ڕۆژێکیان مەلا کەرەکە ون دەکات و لە بازار هاواری دەکرد دەیگوت:

هەرکەسێ کە کەرەکەی من بدۆزتەوە ئەوا کەرەکم بە هەوسارو کورتان و هەموو شتێکی کەرەکم بەو کەسە دەبەخشم.

کابرایەك لە مەلای پرسی گوتی:تۆ کە کەرەکەت بە هەموو شتێکی دەبەخشی بۆچی خۆت ماندو دەکەیت تاکو کەرەکەت بدۆزیتەوە؟

مەلاش وەرامی کابرای دایەوەو گوتی:تۆ نازانیت کە چەند خۆشە تۆ شتێکی ون بکەیت و بیدۆزیتەوە.

*

## سیبەری هەور

مەلا ڕۆژێكیان لەشوێنێك لە دەشتێكەوە چالی هەل دەكەند،كابرایەك كە بە لای مەلاوە تێدەپەڕی لە مەلای پرسی ئەوە چی دەكەیت مەلا؟

مەلاش وەرامی كابرای دایەوەو گوتی:هەندی پارەم لێرە شاردۆتەوە هەندی دەكەم نای دۆزمەوە.

كابراكەش پرسی گوتی:مەگەر هیچ نیشانەیەكت بۆ ئەو شوێنە دیاری نەكردووە؟

مەلاش گوتی:چۆن كاتێ كە پارەكەم شاردەوە پەلە هەورێك سێبەری لە سەر ئەو شوێنە كردبوو،بەلام ئێستا نازانم لە كوێیە.

*

## سودی مانگ

لە مەلایان پرسی گوتیان ڕۆژ سودی پترە یا مانگ؟

مەلاش گوتی:ئەمە پرسیاری ناوێ،خۆ كە ڕۆژ دێتە دەرەوە بوونی ئەو ڕۆ ژە زۆر سودی نیە،بەلام شەوانە كە جیهان تاریك دادێت و مانگ دێتە دەرەوە شەوانە ڕوناك دەكاتەوە ئەمە هەزار جار بەرامبەر ڕۆژێ بە سودترە.

*

## خواردنی بە تام

ڕۆژێکیان مەلا جەرگ وهەناوێکی کڕی و بردیەوە مالەوەلە ڕێگەی مالەوە چاوی بە یەکێك لە دۆستەکانی خۆی کەوت،دۆستەکەی لە مەلای پرسی و گوتی:ئەری ئەم جەرگ و هەناوە بەچی لێ دەنێن؟
مەلاش لە وەرام دا گوتی: لە تکەی دەدەین.
کابرای دۆستی مەلا گوتی:ئەگەر ئەم جەرگ و هەناوە وەك من دەیلێم لێ بنێن خواردنەکی زۆر خۆش دەردەچێت.
مەلاش لە کابرای پاڕایەوە و گوتی: لە بەر ئەوەی کە شتم زۆر لە بیر دەچێتەوە زۆر مەمنون دەبم کە چۆنیەتی لێنانی بۆ لە سەر پارچە کاغەزێك بنوسیتەوە.
دۆستەکەی مەلاش چۆنیەتی لێ نانەکەی نوسیەوەو دای بە مەلا.
مەلاش کە چۆوە مالەوەو جەرگ و ناوەکەی لە گۆشەیەك دا نا تا کەل و پەلی چۆنیەتی لێنانی جەرگ و ناوەکە وەك کە دۆستەکەی نوسیویەتەوە لێ بنێت،لەو کاتەدا قەلە ڕەشەیەك پەیدا بوو جەرگ و ناوەکەی فڕاند و بردی،مەلاش کە ئەمەی دیت و زانی

كە تازە جەرگ و ناوی لە كیس ڕۆییوە و بۆیەكەكاغەزەكەی كابرای كە بۆی نوسی بوو چۆنی لێ بنێت وبلندی كردو ڕووی كردە قەلە ڕەشەكە لە كاتێك دا كە بە جەرگ و ناوەكەوە دەفڕی و لە حەوا بوو،مەلا گوتی:باشتر وابوو كە كاغەزەكەشت لە گەل خۆ بردبا تاكو بتزانیبا خواردنێكی بە تامی لێ دروست بكەیت.

*

## فرۆشتنی كەر

ڕۆژێكیان مەلا كەرێكی بردە بازار تا بیفرۆشێت.هەر كڕیارێ كە لە لای پێشەوە بۆ لای مەلا دەهات ئەوا كەرەكەی مەلا زاری دەكردەوەو دەیەویست كە گەزە لە كابرای كڕیار بدات و هەر كڕیارێكیش كە لە لای پشتەوە ڕا بۆ لای مەلا بهاتبایە ئەوا كەرەكەی مەلا لوشكەی بۆ دەهاویشت.

كابرایەك كە هاتە لای مەلا و بە مەلای گوت: مەلا كەس كەرێكی ئاوا نافرۆشێت.

مەلاش گوتی:منیش نیازی فرۆشتنی ئەم كەرەم نیە!تەنیا دەمەوێ خەلك ئەوە بزانن كە من چەند ئازاران دەكێشم لە دەست ئەم كەرەی خۆمەوە.

*

## ئەوە منم یان ئەو

مەلا سەفەرێکی درێژی کەوتە پێش.کەدوێکی کۆنی بە ملی خۆیەوە کرد تاکو گوم نەبێت.شەوێکیان کە نوستبوو کابرایەك بە شۆخی کودوەکەی لە ملی مەلا کردەوەو بە ملی خۆیەوەی وەکرد.سبەینێ کە مەلا لە خەو هەستا هەمان کودووی بە گەردەنی کابرایەوە بینی و بیری کردەوە گوتی:بەڕاستی من ئەو کابرایەم،ئەی ئەمن کێمە؟

*

## شەری سەر بان

لە شەوێکی هاوین دا کە مەلاو ژنەکەی لە سەر بان دەخەوتن شەی و هەللایەك ڕووی دا،لە کاتی شەڕەکەدا مەلا پای هەلخلیسکاو لە سەبان ڕا کەوتە خوارەوە.

دراوسێکانیش کە لە دەنگی هەللا و هۆریاو بەربوونەوەی مەلا واگا هاتن و زۆر دلگران بوون ،بۆ زانین وهەوال پرسینی ئەم ڕووداوە هاتنە لای مەلا،مەلا لە کاتێك دا بە هۆی ئەو بەربوونەوەی لە سەر بانەوە لە خۆی چووبووو تا شەو نەهاتەوە سەرخۆی و زۆر بە زەحمەت هۆشی هاتەوە بەر،ئەوسا هەوالی مەلایان پرسی.

مەلا لە وەرام دا گوتی:هەر کەسێ کە دەیەوێ لە هەر باسێ زۆر باش تێ بگات بابچێ لەگەل ژنەکەی خۆی لە سەر بانەوە شەڕ بکات و ئەوسا باش تێ دەگاتن.

*

## وانەی پەند و ئەندەرز

مەلا چووبووە حەمامێك،شاگردی حەمەماەکە زۆر گوێی نەدایە مەلا و بە باشی خزمەتی نەکرد،مەلا کە هاتە دەرەوە دە دیناری دا بە کریێ حەمام و خاوەن حەمامیش زۆر دڵخۆش بوون و سەریان لەم کارەی مەلا دا سوڕ ماو زۆریان سوپاس کرد.

هەفەتیەك لە دوای ئەو ڕۆژە مەلا دووبارە چۆوە هەمان حەمام،تا بلێی ڕێزیان لە مەلا ناو زۆریان بە خێر هاتن کردو هەر یەك لە خزمەتکارەکانی حەمام دەیەویست زیار ڕێزی مەلا بگرێت و لە پیش مەلا دا دەهات و دەچوون،ئەمجارە کە لە حەمام دەرچوو تەنیا یەك دیناری دا بە خاوەن حەمام و.خاوەن حەمام لەم کارەی مەلا دا سەریان سوڕماو پرسیان کە بۆ جاری پیشو دەدینارت داو ئەمڕۆش تەنیا دینارێك؟

مەلا لە وەرام دا گوتی:من کرێی ئەمڕۆی حەمامم ئەو ڕۆ ژە دا پیتان و کریێ ئەو ڕۆ ژەشم ئێستا دا پێتان

تاوەكو ئێوە زیاتر رێز لە خەلك بنێن و زیاتر چاوتان لە وانە بێت كە دینە حەمامەوە.

*

## مندال بوونی پیاوی سەد سالە

رۆژێكیان لە مەلایان پرسی ئەرێ پیاوی تەمەن سەد سالە مندالی دەبێت یاخێر؟ مەلاش لە وەرام دا گوتی:بە مەرجێ مندالی دەبێت ئەگەر لاوی تازە پێ گەیی و بیست و سی سالەیان هاو سێ بێت و هات و چۆیان بكات،ئەوسا مندالیان دەبێت.

*

## بۆ ئەوەی كە گران نەبیت

لە مەلایان پرسی گوتیان:بە یانیان هەیشە هەندێ خەلك بە لایەكا دەرۆن و هەندێكی تریش بە لایەكی تر دا دەرۆن ئەمە بۆچی وایە؟

مەلاش لە وەرام دا گوتی:ئەمە بۆیە وایە ،ئەگەر هەموو خەلك بە یەك لادا رۆیشتبانایە ئەوە هەوا كێشی زەوی تێك دەچوو و خوار دەبۆوە و لە جێگەی خۆی نەدەما و رادەوەستا.

*

## ئارەزووی دایک

مەلا دایکێکی پیری هەبوو،ڕۆژێکیان لە لای دۆستانی خۆی مەلا باسی دایکی خۆی دەکرد و دەیگوت:خوا تەمەنی دایکم درێژبکات،ئەو بووەتە هۆی خێرو بەرەکتێکی زۆر لە مالی ئێمەدا.دۆستانی مەلاش گوتیان تۆ کە ئەوەندە دایکی خۆت خۆش دەوێت بۆچی مێردێکی بۆ پەیدا ناکەیت؟

مەلاش گوتی:ئەمە جێگەی شۆخی نیە.

لەو کاتە دا دایکی مەلا گوتی:ڕاستەکەن، خۆی قسەی ڕاست پێی ناوێ دلت پێ گران ببێت.

*

## مەلا لەقەبرستان دا

ڕۆژکیان مەلا چووبوە قەبرستان و لە قەبرێکا بەبێ ئەندازە دەگریا.ڕێبوارێ لەو دەمەد ا بەوێ دا دەرۆیی وای زانی کە مەلا لە سەر گۆڕی کوڕەکەی ئاوا دەگریت،مەلا لە کاتی گریانەکەی دەیگوت:بۆچی بەزەییت بەمن نەهاتەوە ئاوا زوو مردی؟کابرای ڕێبواریش هاتە لای مەلاو ویستی کە پرسەی خۆی لە مەلا بکات و لە مەلای پرسی و گوتی:ئەوە گۆڕی کێیە جوانەمەرگی خۆتانە ئاوا بۆی دەگرین؟مەلاش لە وەرام دا گوتی:نەخێر،ئەمە گۆڕی مێردی پێشووی

ژنەكەمە كە مردووە،ئەم بەلایەی بە سەری من هێناوە و ژیانم لێ تال و ناخۆش بووە.

*

## تۆلە

رۆ ژێك كچێ هاتە لای مەلا و شكایەتی كرد كە كابرایەك بە تۆبزی كچەی ماچ كردووە،مەلاش لە وەرام دا گوتی بە پێی شەرع تۆش برۆوە بە تۆبزی كابرای ماچ بكەوە تۆلەی خۆت بسێنە.

*

## ئاگر لە زستان دا

مەلا لە تەمەنی پیری دا بیری لە ژنێكی تازە كردەوە،یەكێ لە دۆستانی مەلا بە مەلای دەگوت ئێستا كاتی ئەوەیە كە دەبێ تۆ بە یادی دوا رۆ ژ بی،هێنانی ژنێكی تازە هیچ لە باشی و باریەكی بۆ تۆ تیانیەو لێت ناوەشێتەوە.

مەلاش لە وەرامی كابرا گوتی:مرۆڤی بێچارە ئەگەر ژنێكی تر بێنێ پێویستی زیاتری بە ئاگری زستان هەیە.

*

## هەلەی كابرای سەرو پێ لینەر

مەلا كەللەیەكی سەرە مەرِی كرِی بۆ خواردن چوو لە ژێر دارێكا لێی رِونیشت ،لەو دەمەدا

ڕێبوارێ مەلای دیت و هاتە لای مەلا و ئەویش لەلای مەلا ڕونیشت.مەلا بۆ ئەوەی کە لە کابرای ڕێبوار ڕزگاری ببێ و گوتی:
ئەو کابرایە کەللە فرۆشە ناپەسەندو فێلبازە کەللەیەکی سەری بە من داوە کە تەنیا یەکچاوی هەیە,دەبێ بچم ئەم کەللە سەرە بگۆڕمەوە بە یەکێکیتری کە دوو چاوی هەبێت،ئیتر هەستاو ڕۆیی،کە لە کابرای ڕێبوار دوور کەوتەوە ،ڕاستەوخۆ دەستی کردە خواردنی و بەتەنیایی هەمووی سەرەکەی لرف کرد و خواردی.

*

## نەزری مەلا

کەرەکەی مەلا ون دەبێتن، مە نەزری لە خۆی گرت ئەگەر کەرەکەی بدۆزێتەوە ئەوا دە دینار دەکاتە خێری دۆزینەوەی کەرەکەی لە ئیمام زادەکەی ئەو ناوچەیە دا.چەند دەقیەیەکی پێنەچوو کەرەکەی مەلا پەیدا بۆوە،مەلاش چووە ئیمام زادەکەو گوتی:چونکە من نەزرم لە خۆ گرتووە بۆیەکە لێرە نەزر دەکەم کە ئەگەر ئەمڕۆ سەد دیناری موفت و خۆڕام وەدەست بکەوێت،ئەوا دە دینارەکەی نەزری پێشوو بە دەدیناری ئەو پارە موفتە دەگۆڕمەوەو بۆت دەکەمە خێر و سەرفی دەکەم.

*

## مەلا ژن

ڕۆ ژێکیان مەلا ژن بە مەلای گوت:ئەرێ هۆی چیە کە تۆ ئەوەندە خڕو پف دەکەیت لە کاتی خەو دا؟

لە وەرامی مەلا ژن دامەلا گوتی:خانم گیان بۆچی درۆیان دەکەیت؟تۆ کە جارێکی تریش وات بە من گۆت من هەستام دوو شەوو دوو ڕۆ ژان خەوم لە خۆم حەرام کرد بۆئەوەی کە بزانم ڕاستە کەمن ئەوەندە خڕە خڕ دەکەم،لەوماوەیەدا من گوێم لە هیچ خر و پفێك نەبووە،بۆیەکە بە ڕاستی پێت دەلێم کە تۆ ناراستی تێگەیشتووی ، ئەو خڕ و پفەی کە گوێت لێ دەبێت ئەوە هەمووی هی خۆتە و وا بیر دەکەیتەوە کە ئەمە منم خڕەخڕ دەکە م تۆ بە هەلە گوێت لێ دەبیت.

*

## پشو دانی مەلا

کابرایەك لە مەلا مەشوری پرسی و گوتی:
مەلا تۆ لە چە ساعەتێك پشو دەدەیت و ئیسراحەت دەکەیت؟ مەلاش لە وەرام دانەوە گوتی:
من چەند سعاتێك شەوانەو دوو سعاتیش دوای نێوەڕۆ هەمیشەکە ئەو دەخەوێت .

کابراش لە مەلای پرسی ئەو کێ یە؟
مەلا گوتی مەلا ژنی خێزانمە.
کابراش گوتی:نەزان من پرسیم تۆ چە سعاتێك پشو دەدەی؟ چە کارم بە مەلا ژن هەیە.
مەلا گوتی:خۆت نەزانی مەگەر نازانی ؟ کە لەو کاتەی کە خێزانەکەم واتە ژنەکەم دەنویت ئەوسا من دەتوانم پشو بدەم و ئیسراحەت بکەم و کەمێ ئارام بم.

*

## ناسن

رۆژێکیان مەلا لە مەزرایێک ڕوونیشتبوو،کابرایەك لەو دەمەدا بە سواری لەوێوە تێ دەپەڕی و مەلابە سوارەی گوت: فەرموو سوار ئەسپەکەش پرسی و گوتی:ئەسپەکەم لە کوێ ببەستمەوە؟ مەلاش کە بیری لەوە نەکردبۆوە کە ئەو پرسیارەی لێ بکرێت گوتی:لە سەر زمانی منی ببەستەوە.

*

## موجامەلە کردنی راستی

لە کاتێکی کە مەلا زۆر بێ پارە بوو،دۆستەکانی مەلا داوای دەعوەتێکیان لە مەلا کرد،مەلاش هەرچەندی کردو بیانووی هێنایەوە دۆستەکانی مەلا

قەبولیان نەكرد، بەڵێ بەو جـــۆرە ڕۆژێكیان دیاری كردو مەلاش بە ناچاری ڕازی بوو.
لەوڕۆ ژەی كە دیاری كراو هەموو دۆستانی مەلا كۆ بوونەوەوچونە مالی مەلا، ماوەیەكی پێ چوو كە نان وخواردنێكی باش ئامادە كرا، مەلا لە سەر سیفرەڕەنگینەكەی بە دۆستەكانی خۆی گوت: فەرموون چاك بخۆن وهیچ شەرم مەكەن بە خوا ئەمە مالی خۆتانە،هەتا دەتوانن تێرو تەسەل بخۆن و ئیتر ئەوانیش ملیان لەبەر خواردن ناو تێرو پڕیان خواردو ئەو ڕۆژە ڕۆژێكی خۆشیان گوزەراند،كاتێ كە هەستان بڕۆن دیتیان كە پێلا و عەباو پالتۆكانیان لە جێگەی خۆی نەماوە،لە مەلایان پرسی و گوتیان پێلاو و پالتۆو عەباكانی ئێمەت لە كوێ داناوە؟
مەلاش لە وەرام دا گوتی لای كۆنە فرۆش. ئەوانیش گوتیان بۆ لەوێت داناوە؟مەلاش گوتی : مەگەر پێم نەگوتن باش بخۆن و شەرم مەكەن ئەمە مالی خۆتانە؟ خۆ من درۆم نەكرد و ڕاستیم پێ گوتن،ئەم مەسرەفەی كە كردوومە هەمووی نرخی پێلا و عەباو پالتۆكانتانە.
مێوانەكانی مەلا واقیان وڕ ماو بە ناچاری پارەكەیان كۆ كردەوە و دایان بە مەلا و تا بچێ كەل و پەلەكانی ئەوان بهێنێتەوە.ئەوسا مەلا بە

مێوانەکانی گوت:دەبێ ئەوە بزانن کە ئیسرارکردن و داوا کردن ئەگەر لە جێگە و کاتی خۆی نەبێت بە زیانی خۆتان تەواو دەبێت.

*

## گۆرانی سیما

ڕۆژێکیان هەوساری کەرەکەی مەلایان دزی،مەلاش گوێی کەرەکەی خۆی گرتێو بەرەومال گەڕایەوە،چەند ڕۆژێك دوای دزینی هەوسارەکە،مەلا هەوسارەکەی لە سەری کەرێکی کابرایەکی بەندەری دۆزیەوە،کەمێ سەیری هەوسارەکەی کرد و گوتی:سەری ئەم کەرە هی منە بەلام جەستەی کەرەکە هی من نیە و پەیوەندی بە منەوە نیە.

*

## ڕۆ ژانیمندالیەتی ومەندیل

لە ڕۆژێکی جەژن دا مندالانی شار لە کوچەیەك دا خەریکی یاری کردن بوون،مەلاش لەو کاتە دا گۆشەیەکی ئەو کۆلانەدا وەستا بوو و سەیری مندالەکانی دەکرد،یەکێ لە مندالە قۆشمەکان لە ناکاو پڕی دایە مەندیلی مەلا و فڕاندی و بۆ یەکی لە مندالەکانی هاوڕێ هاویشت،بەو جۆرە مەندیلی مەلا لەو مندال بۆ ئەو مندال وەکو تۆپ دەست بە دەست

دەرۆیشت،مەلاش هەرچەند کە هەولی دا کەوا مەندیلەکەی خۆی لە دەست مندالان وەر بگرێتەوە بەلام هیچی بۆ نەکرا،ئەوسا بە ناچاری بە سەری کۆتەوە بەرەو مالی خۆی گەڕایەوە،لە ڕێگە دا توشی بە هەندێ خەلکێك هات،ئەوان کە مەلایان وا بە سەرکۆتی دیت سەریان سوڕماو لە مەلایان پرسی و گوتیان: مەلا ئەوە بۆچی وا بە سەرکۆتی هانویتە دەرەوە و چی ڕووی داوە؟

مەلاش لە وەرام دا گوتی :مەندیلەکەم یادی ڕۆژگارانی مندالی خۆی کردۆتەوە و بۆ یاری کردن لە گەل مندالان دا وا خەریکە ئەویش لە گەل مندالانی کۆلان یاری دەکات.

*

## مەلاو دوو ژن

مەلا دو ژنی هەبوو،ڕۆ ژێکیان هەردوکیان هاتنە لای مەلاو لێیان پرسی و گوتیان:ئەرێ مەلا کێت لە ئێمە زیاتر خۆش دەوێت؟:مەلاش بۆ ئەوەی کە بتوانێ هەردوو ژنەکانی ڕازی بکات لە وەرام دا گوتی:بە ڕاستی هەردوکتانم یەك لە یەك خۆشتر دەوێت،بەلام ئەوان بەو قسەی مەلا باوەڕیان نەهات و بۆیەکە دووبارە پرسیارەکەیانکردەوە.پاشان ژنە جوانترەکەی مەلا گوتی:باشە ئەگەر ئێمە لە دەریادا

سواری کەشتی ببین و کەشتیەکەمانوەرگەڕێتن هەولی ڕزگاری کامە لە ئێمە دەدەیت؟
مەلاش هەرچەند بیری کردەوە وەرامێکی نە دۆزیەوە کە ئەمجارەش هەردوکان ڕازی بکات،دەمێ وەستاو پاشان ڕۆوی لە ژنە کۆنەکەی کرد و گوتی:پێم وایە تۆ کەمێ مەلەوانی دەزانی دەتوانی خۆت تار بکەیت.

*

## چاپووک سوار

لە کۆڕی مەجلسێکدا چاپوك سوارێکی زۆر زیرەك و باش ئامادەبوو،هەر یەکە لە بەشدار بووانی ئەو کۆڕە باسی شارەزایی و لێ هاتوویی خۆیانیانەوە دەکرد لەو بوارانەی کە لێی شارەزان،مەلاش یەکێك بوو لە بەشدار بووانی ئەو کۆڕە،نۆبەت گەیشتە سەر مەلا و گوتی:
لە ڕابووردوو دا تا بڵێی چاپووك و زیرەك بووم،ئەو ڕۆژگارانە لاوێکی تازە پێ گەیی بووم،لە مەیدانەکەی گابازی دا ئەسپێکی زۆ چەموشیان هێنا بوو کە بەڕاستی زۆر ترسناك و هار بوو، من لە دەورو بەری ئەسپەکە سوڕامەوە،لەو کاتەدا کە مەلا هێشتان لە قسەکانی نەبوو بۆوە،دووکەسی تر هاتنە ژوورەوە کە هاوڕێی ڕۆژگارانی لاویەتی و ئەو

سەردەمانەی مەلا بوون و ئاگاداری ئەو كاتە بوون كە مەلا دەیەویست حۆی پێ هەل بكێشی و كە ئەوانی دیت ڕاستە و خۆ قســەی خۆی گۆڕی و گوتی:

بە داخەوە هەرچەند لە دەور و بەری ئەسپەكە سوڕامەوە تێنم دایە خۆم ولە خۆم ڕا نەبینی كەبە هیچ شێوەیەك نەزیك ئەسپەكە ببمەوە.

*

## بەلگەی راست

مەلا ڕۆ ژێكیان دوو سەبەتە ترێی لە سەر پشتی كەرەكەی بار كردو بەرەو شار ڕۆیی،جحێلەكانی گەڕەك ڕویان كردە مەلا ولێی كۆ بوونە و گوتیان مەلا هەندێك تریمان نادەیتێ؟

مەلاش سەیری ئەو هەموو لاوانەی كرد و بیری كردوە خۆ ئەگەر بە هەریەكێك وشیە ترێیەك بدات ئەوا هەموو ترێیەكەی لە دەست دەڕوات و چی بۆ نامنێتەوە،بۆیەكە تەنیا وشیە ترێەكی لە سەبەتە ترێیەكان دەرهێناو قلقلی كردو بە هەر یەكێك لە جحێلەكان تەنیا قلێكی پێیان داو گوتی:چونكە تەنیا تام كردنی ترێ مەبەستە بۆیەكە قلە ترێیەكتان بەسەو دنكێك یان وشیەك بۆ تام كردن هیچ جیاوازیان نیە!!

*

## مردنی مەلاژن

ژنەكەی مەلا مرد،بەلام مردنی مەلا ژن ئەوەندە كاریگەر نەبوو لە دەروونی مەلادا و چی پێوە دیار نەبوو كە ڕوداوێكی ئاوا ڕووی داوە و ژنەكەی مردووە،بەلام كەرەكەی كە مرد تا چەند ڕۆ ژێ كەس مەلای بە دلخۆشیەوەنەدی و زۆ خەمبار بوو.

دۆست و هاوڕێیانی مەلا هەمیشە شادی مەلایان دەویست،بۆ پرسەو سەرەخۆشی كۆ بونەوەو چونە لای مەلا و گوتیان:مەلا خۆتان سەلامەت بن و خوا چە خەمی ترتان نەداتێ و دوا پە ژارەتان بێت.
-پاشان یەكێك لە دۆستەكانی مەلا ڕووی كردە مەلا و گوتی:لە گەل ئەوەش دا كە مەلا ژن مردووە بەلام مەلا كەمتر خەمباریت پێوە دیارە،بەلام كە كەرەكەت مرد ئەو هەموو خەم و خەفەتەت پێوە دیار بوو كە نا ئارامی؟.

مەلاش لە وەرام دا گوتی: برادەران مەلا ژن كە مرد دۆستان و هاوسێیان دەیانگوت هیچ خەم مەخۆ یەكێكی باشترت بۆ پەیدا دەكەین،بەلام كە كەرەكەم مرد كەس نەهات بە من بلێت یەكێكی باشترت بۆ پەیدا دەكەم.

*

## كوڕی مەلا

ڕۆژێك مەلا لە سەر مینبەری مزگەوت بوو،خەلكێكی زۆر لە مزگەوت كۆ ببونەوە،گوێیان لە پەیڤەكانی مەلا دەگرت،بەلام مەلا هەرچەند بیری دەكردەوە لە سەر مینبەرەوە هیچی بۆ نەدەهات كە باسی بكاتن،بەلام لە دوایی دا مەلا گوتی:
ئەی خەلكینە خۆتان دەزانن كە من هەمیشە چەندە ڕەوان و باش و زیرەكانە قسەم بۆ كردوون وەعزم بۆ داون!بەلام ئەمڕۆكە هەرچەندی دەكەم هیچم بە خەیال نایەت كە بۆتان باس بكەم.
كوڕی مەلاش كە لەوێ بوو گوێی ڕا گرتبوو هەستایەوە سەر پێ و پرسی و گوتی:بابا تەنانەت هاتنە خوارەوەت لە سەر مینبەریش بە خەیال دانەهاتووە؟
خەلك لەم قسەیەی كوڕی مەلا سەریان سوڕ ماو گوتیان:بەڕاستی كوڕی باوكی خۆیەتی،مەلاش سوپاسی خوای كرد كە كوڕێكی ئاوا زرەنگی هەیە و ئەوسا ڕاستەو خۆ لە سەر مینبەر هاتە خوارەوە.

*

## دەرگای مزگەوت

ڕۆژێکیان دزان دەرگای مالەکەی مەلایان دزی و بردیان،مەلاش کە هاتەوە بینی دەرگای مالەکەی هەلکەندراوەو دزراوە،ڕاستەو خۆ چووە مزگەوت و دەرگای مزگەوتی لێ کردەوەو هێنابەوەو لە دەرگا دزراوەکەی مالەکەی خۆی دایناوە،خەلك کە بەمەیان زانی بە مەلایان گوت:ئەوە بۆ مەلا ئەم کارەت کردووە؟

مەلاش گوتی:دز هاتوون دەرگای مالەکەی منیان دزیوە.خواش ئەو دزانە باش دەناسێت،بۆیەکە درگای مزگەوتم لە جێی دەرگاکەی مالی خۆمان هێناوە تاکو خوداوەند دەرگای مالەکەی ئێمە لە دزەکان بستێنێتەوە.

*

## گۆرانی گوتن

ڕۆژێکیان مەلا زۆر بەیا کردنەوە لە دەشتێکەوە دەڕۆیشت و زۆر بەبەرزیگۆرانی دەگوت و یای دەکرد.لەو دەمەدا کابرایەکیش لەوێندەری تێ دەپەڕی و مەلای بەو شێوەیە دیت و هات لە مەلای پرسی و گوتی: ئەری مەلا ئەوە بۆچی وا لەو دەشتە دوورەوە گۆرانی دەلێیت و ئاواش ڕا دەکەیت؟

مەلاش گوتی: چونکە دەلێنکە ئاواز لە دوورەوە خۆشە بۆیەکە دەمەوێ دەنگی خۆم لە دوورەوە ببیستم.

*

## کاری مەلا

مەلا لە وەرزی هاوینێك دا بۆ زیارەتی غەوس دەچێتە بەغدا ، کە ،کابرایەك لە مەلا دەپرسێت و دەلێت :مەلا ڕۆژانە لە بەغدا چیت دەکرد؟
مەلاش دەلێت عەرەق!!

*

## ڕشانەوە

مەلا نەخۆش دەکەوێت،دەچێتە لای دکتۆر،دکتۆر لێدانی دلی مەلا دەگرێت و دەلێت:
هەتوانی نەخۆشی تۆ ئەوەیە کە هەموو ڕۆژێك مریشکێکی سورکراوە بە ڕوونی زەعفەران بخۆیت و پاشان بڕشێتەوە.
مەلاش بە دکتۆری گوت:خوا ئەقلت پێ بدات،هەرکەسێ خواردنێکی ئاوا بخوات ولە لای من بڕشێتەوە ئەوا ڕاستەو خۆی دەیخۆم.

*

## کەوشی دەزوو

مەلا لە شوێنێکی نا ئاشنا بوو کە خەلکێکی سەیری لێ بوو،چووە مزگەوت و لەوێ بە کەوشەکەیەوە نوێژی کرد،کابرایەك کە مرخی خۆی لە کەوشەکەی مەلا خۆش کردبوو،بە مەلای گوت مەلا بەو شێوەیە دروست نیە کەنوێژ بکەیت ،مەلاش لە وەرام دا گوتی:گومانم وایە ئەگەر نوێژ دروست نەبێتن،کەوشەکە دەبێت لە مالەوە بێت.

*

## تورەبوونی

مەلا کە زۆر تورە بووبوولە کەرە تەنبەل و هەمیشە ماندووەکەی، بانگی کورەکەی کرد و گوتی: لە مەودوا هیچ کاوجۆ و ئالیك بەم کەرە تەمەلە نەدەیت،تا تەمبێ بێت و ئێمە توشی ئەو هەموو ماتەل بوونە نەکاتن،

بەلام کە لە تەویلە هاتنە دەرەوە بە کورەکەی گوت:رۆلە ئەم قسەی من نەکەی بە راس بزانی کە ئالیك بە کەرەکە نەدەیت،من بۆ ئەوە لای کەرەکە ئەو قسەیەم کرد هەتا کەرەکە گوێی لێ بێت و کەمێ بترسێت وچیتر تەمەلی نەکاتن،تۆ وەك هەمیشە ئالیکی خۆی بدەرێ گوناهە.

*

## ئەگەر ئەقلی پێ بشکێتن

مەلا هەستا پێش ئەوەی کە کوڕەکەی بگاتە تەمەنی تەواوی ژنێکی بۆ هێناو یەکێك لە دۆستانی مەلا گوتی:

مەلا وا باشتر بوو کە کەمێ سەبرت دەکرد و کوڕەکەت بە ئەقلی تەواو دەگەیشت و بالیغ دەبوو ئەوسا ژنت بۆ هێنا بایە.

مەلاش لە وەرامی کابرا دا گوتی:زۆر هەلەی،ئەگەر کوڕەکەم ئاقل بباو بە تەمەنی دروستی خۆی بگەیشتبایە ئەوا هەرگیز بەم قسانەی باوەڕ نەدەکرد.

*

## رۆلە گوێ لەقسان بگرە

ڕۆژێکیان مەلا ئامۆژگاری کوڕەکەی خۆی دەکرد و پێی دەگوت ڕۆلە هەمیشە گوێ لە قسان بگرەو ڕێز لە دۆست و برادەران و خەلك بنێ،چیت بۆ خۆت پێ باشە بۆ خەلکیشت ئاوات بوێ.

کوڕەکەی مەلاش لە وەرام دا بە باوکی گوت:بابەگیان من هەمیشە گوێ لە گەپ دەگرم بەو مەرجەوە کە برادەرەکەی منیش ئاوا چی بۆخۆی پێی باش بێت بۆ منیشی ئاوا بوێت.

*

## داواكاری

ڕۆ ژێكیان كابرایەك لە بازار یەقەی مەلا دەگرێت و داوای ئەو قەرزە لە مەلا دەكاتەوە كە ماوەیەك لەمەوبەر دابووی بە مەلا،مەلاهەرچەند كردی ناوبراو ڕازی نەبوو كە سەبری لێ بگرێت تا ماوەیەكی تر بۆی جێ بەجێ بكات،بۆیەكە مەلا گوتی:ڕاستە كەمن هەندێ قەرز داری ئەو كابرایەم،هەرچەند كە ماوەی دوو سالە من داوا لەو كابرایە دەكەم كە دووسێ مانگم لە سەر ڕا بوەستێ تاوەكو هەموو قەرزەكەی بە جارێ بدەمەوە،مۆلەتی پێ نەاوم،بۆیەكە ئەگەر من نەتوانم ئەو پارەیەی بدەمەوە ئەدی چی بكەم؟

*

## هۆی خەمباری

یەكێك لە دۆستەكانی مەلا زۆر بە خەمباریەوە هاتە مالی مەلا،مەلاش هۆی دلتەنگی و خەمەكانی لە دۆستەكەی پرسی و كابرا گوتی:بیری ئەو قەرزانەی كە لە سەرمە و توانای دانەوەیانم نیە ئەوەندەی دلتەنگ كردووم كە هەمیشە خەمبارم.

مەلاش لە وەرامی دۆستەكەی دا گوتی:بەڕاستی مرۆیەكی سادەی بۆ خەم بەمەوە دەخۆی،ئەم خەمە

دەبێ ئەوانەی هەیان بێ كە تۆ پێیان قەرزداری نەك تۆ،تۆ هەر گوێش مەدێ.

*

## حەزی مەلا

رۆژێكیان مەلا دەعوەت كرابوو،لە مەجلیسی دەعوەتەكە لە مەلایان پرسی و گوتیان:مەلا ئێستاحەزت لە خواردنە؟

مەلاش گوتی:من لە جیهان دا تەنیا ئەوەم هەیە كە حەزم لە خواردنە.

*

## نكتەی خۆش

باوكی مەلا بە مەلای گۆت:خواردن بێنەو دەرگاكەش پێوە دەو قایمی بكە.

مەلا گوتی:بابە گیان رۆخسەت بدە یەكەمجار دەرگا ببەستم و ئەوساخواردن بێنم.

*

## تاقی كردنەوەی مەلا

رۆ ژێكیان مەلا لە بازار جەرگ و ناوێكی كڕی و بەرەو مالەنەی دەچۆوە،،لە رێگەدا قەلە رەشێكی تۆش هات و جەرگ و ناوەكەی لە دەستی مەلا فڕاند و رۆیشت،مەلاش دوای ئەوەی كە دەمێك

لە قەلەڕەشکەی دەڕوانی و زانی کە هیچی پێ ناکرێت،لەوکاتەش دا کابرایەکیش جەرگ و ناوێکی کڕی بوو ئەویش بەوێندەر دادەهات،مەلا کە جەرگ و ناوەکەی لە دەست کابرا دیت ویەکسەر جەرگ و ناوەکەی لە دەستی کابرا فڕاند و بە پەلەڕای کرد و چووە بۆ سەر گردۆلکەیەکی نەزیك لەو ناوە و کابرای خاوەن جگەریش وەدوای مەلا کەوت وتا جگەرەکەی لە دەستی مەلا بسەنتەوە و ڕوی کردە مەلا ولێی پرسی و گوتی:مەلا هۆی ئەم کارەی جەنابت چی بوو کە جەرگ وناوت لە دەستی من دا فڕان؟

مەلاش گوتی:من ویستم بزانم کەوا وەکو ئەم قەلە ڕەشەی کە جەرگ و ناوەکەی منی فڕاند ئاوام پێ دەکرێت یا خێر.

*

## بووە بە قازی

مەلا کەرەکەی گوم کردبوو،زۆر بەپەلە و نا ئارامیەوە لە کەرەکەی دەگەڕا،کابریەکی تۆش هات و بە مەلای گوت ئەوە بۆچ ئەوەندە بە تالوکەو مشەوەشی؟مەلاش لە وەرام دا گوتی چی بلێم کەرکەم لێ ون بووە.کابراش گوتی:بیستومە دەلێن کەرێك بوە بە قازی شار،

مەلالش گوتی:حەتما ئەوە کەرەکەی منە بووەتە قازی،چونکە هەموو کاتێ کە دەرسم دەخوێند کەرەکەم زۆر بە دیققەتەوە گوێی لێ ڕا دەگرت و سەری خۆی تەکان دەداو دیار بوو کە ڕازی بوو لە تێگەیشتنی خۆی،دەمزانی ڕۆژژگارێ ئەو کەرەی من دەبێ بە قازی.

مەلاش لە دوای کەرەکەی وردە وردە چوو بۆ ئەو شوێنەی کە پێی نیشان درابوو،مەلا بە هەوسار و هەندێ جۆ ئالیکی کەرەکەی کە لە ناو تورەگەکەی بە دەستەوە بوو چوە ئەو  ژوورەی کە قازی لێ بوو،پێش هەموو شتێ دامەنی کەواکەی خۆی پێ نیشان دا بۆ ئەوەی بیناسێتەوە،بۆ ڕام کردنەوەی وەکو جامبازان، وردە وردە بۆ لای قازی ڕۆی و ڕاستەو خۆ ڕیشی قازی گرت و هەوسارەکەی لە سەری قازی کرد و بە شولکە دارێک تێرو پڕی لە قازی هەلدا  و ڕووی کردە ئامادەبووانی  ژوورەکەی قازی و گوتی: گوناهی ئێوە نیە گوناهی حاکمە کەوا کەری منی دزیوە و کردوویەتە قازی ئێستا کە من ئەوەم زانیوە هاتووم کە کەرەکەم ببەمەوە مالەوەو نەیەلم چیدی قازیاتی بکات تاوەکو ئێوەش لە گرفتاری نەزانی کەسانی خەلکی نادان ڕزگاریتان ببێت.

*

## نامەت نەنوسی؟

هاوسێکەی مەلا دەعوەتێکی ڕێك خست،گەلێ لە دۆستان و ئاشنایانی داوەت کرد، بەلام مەلای داوەت نەکرد،مەلاش ئەوەی لە دل دابوو بۆیەکە بیری لە تەکبیرێك کردەوە کە کارێك بکات ئەو داوەتەی لە کیس نەچێت،هەستانامەیەکی خستە پاکەتەوە و لە کاتی نان خواردن و سیفرە دانانی ئێوارە چوو بۆ مالی کابرای هاوسێکەی خۆی و نامەکەی دایە دەست کابرای هاوسێ،پاشان مەلا ڕاستەو خۆبەبێ فەرموو فەرمووی هاوسێکەی یەکسەر چوو لە سەر سیفرەڕەنگینەکەدا چوار چێمکی لێی ڕوو نیشت و دەستی بە خواردن کرد،خاوەنی مالیش سەیرێکی نامەکەی کردو ڕووی کردە مەلا و گوتی:

لە سەر پاکەتی نامەکە شتێك نە نوسراوە ؟

مەلاش لە کاتێك دا پارووی زلزلی لێ دەداو گوتی:من ئەم نامەیەم بۆ تۆ هێناوە کە کەم مەسرەفی بکەیت و کاغەزی داوەتمان بۆ نەکریت و ڕاستەو خۆ ئەو نامەیەم بۆ بنوسی و ئێمەش لە بیر نەکەیت کە داوەتمان بکەیت.

*

## سودی مەلا

دەلێن ڕۆژێكیان مەلا مەڕێك دەفرێنێت و سەری دەبڕێت و گۆشتەكەی ورد دەكات و دەیكات بە خێرو خێرات.لە مەلایان پرسی و گوتیان:ئەوە بۆچی تۆ ئاوات كرد؟ مەلاش لە وەرام دا گوتی:چاكەی خێرو خێرات لە گەل خەراپەی دزی وەكو یەك وایە و یەكسانە،لێرەدا قازانجی من تەنیا پێست و سەر و كەللەكەیەتی و بەس.

*

## بە خۆی دەزانێت

گایەكی زەبەلاح دەچێتە ناو مەزراكەی مەلا و دەست بە خوادن و تێك دانی مەزرایەكەی مەلا دەكات،مەلاش خوترمەیەك هەلدەگرێت و وەدوای گایەكە دەكەوێت و بەلام هەرچەند لە دوای ڕا دەكات مەلا نایگاتێ و گایەكە بۆی دەردەچێت،لە دوای چەند ڕۆژ دا مەلا دەبینی هەمان گا لە مەیدانی وەلاغانە بۆ فرۆشتن،ئەویش خوترمەكەی دەهێنی و دەچێتە مەیدان و دەست بە لێدان و كوتانی هەمان گاكە دەكات.لە مەلا دەپرسن ئەوە بۆچ ئەم ئاژەلە دەكوتی؟مەلاش لە وەرام دا دەلێت:هیچ مەلێن چونكە ئەم گایە بە خۆی دەزانێت هۆی ئەم لێدان و كوتانەی چیە و بۆیەكە هەرچەند

كوتەك بخوات دەنگێك ناكات و بە خۆی دەزانێت هۆی چییە.

*

## وەلامی چلێس

باوكی مەلا هەندێ پارەی دا بە مەلا كە بچێت كەللەو پاچە بكڕێت،كە كەللەو پاچەكەی كڕی مەلاش لە ڕێگەوە تا گەیشتەوە مالەوە هەندێ گۆشتی لە كەللە سەرەكە كڕاند و خواردی،مەلا زۆری پێ خۆش بوو،دەستی بە خواردن كرد وتا هێسكەكەشی ڕەق و تەق مایەوە و بۆ باوكی بردەوە.
باوكی مەلاش كە چاوی پێ كەوت لە مەلای پرسی و گوتی: ئەم سەرە هەر ئێسقان و چی پێوە نیە ئەی گوێچكەی ئەم كەللە سەرە كوا؟
مەلا خۆی تێك نەدل و گوتی: ئەم ئا ژەلە بەستەزمانە كەڕ بووە.
باوكی مەلا پرسی و گوتی : ئەی چاوی كوا؟مەلا گوتی :بابەگیان كوڕییش بوو.
باوكی پرسی ئەی زمانی كوا؟مەلا گوتی باوكەگیان لالیش بوو.
باوكی مەلا گوتی ئەی كوا پێستی سەری ئەم كەللەیە؟مەلا گوتی:بێچارە كەچەلیشبوو.بەلام لە بریتی هەموو ئەمانە ددانێكی زۆر توندو تۆل و

پتەوی هەبوو کە تەنانەت ددانێکیشی لێ نەکەوتووە.

*

## دوو ڕکات نوێژ

مەلا مەشور ڕۆژێکیان لە هاوسێیەکەی خۆی دەپرسێت و دەلێت:ئەوە هۆی چیە کە تۆ جارێکیان من دەعوەت ناکەی؟ هاوسێیەکەشی لەوەلامی مەلا دا گوتی:بە هۆی ئەوەی کە تۆ زۆری دەخۆی و هێشتان پارویێکت تەواو نەکردوە پارویێکی تر هەلدەگریت .
مەلا گوتی:ئەگەر تۆ دەعوەتێکم بکەی پەیمانت دەدەمێ لە نێوان دوو پاروە نان دا دوڕکائەت نوێژان بکەم.

*

## لە حەمام دا

لە حەمام دا دەلالێك مەلای دەشێلاو پشتی بە لیفکە دەشوشت،مەلاش کە ویستی لە سەر لایەکەی تری درێژ بێت و کە خۆی وەر سوڕاند ڕاستەو خۆ گونی کابرای دەلاك دەرکەوت،مەلاش بەبێ چەند و چوون گونی کابرای زۆر بە توندی پڕ دایێ و گرتی و دەلاکی هەژاریش یەك بە خۆی هاواری کرد گوتی ئای گونم!:ئەوە چی دەکەیت ؟

مەلاش گوتی:ترسام کە بەربیتەوە خوارەوەکە گونم گرتووی و ڕام گرتووی.

*

## خواردنی هەمووو شت

ڕۆ ژێکیان مەلا نیو کیلۆ گۆشتی کڕی و هێنایەوە مالەوەو لە ژنەکەی پرسی و گوتی:بەم گۆشتە دەتوانی چی دروست بکەیت؟مەلاژنیش گوتی:هەمووو شتێك.مەلا دلی خۆش بوو گوتی کەواتە ئیمشەو چێشتی هەمووو شتێ دەخۆین.

*

## بەری نە دەن بەری نادەم

ڕۆژێکیان مەلا بۆ نوێژی جەماعەت دەچێتە مزگەوت، لە دوای ئیمامی مزگەوتەوە جێگەی خۆی گرت و نوێژ دابەسترا،مەلاش کە کراسەکەی بەری کەمێ کورت بوو هەرکە چونە سەجدەوە یەکسەر جوتە گونەکانی مەلا لە پشتەوە دەرکەوت،کابرای دوای مەلاش بەبێ چەند و چوون ڕاستەو خۆ پڕی دایە گونی مەلاو بە توندی گوشی و گرتی،مەلاش کە ئازاری پێ گەیشت ڕاستەو خۆ گونی ئیمامی مزگەوتی گرت و ئەویش بە توندی کوشی،ئیمامی جەماعەتیش لە تاو ئازاری گونی دا دەستی بە

سەلەوات لێدان كرد، مەلاش زیاتری كوشی و بەری نەداو گوتی:
ماموستا سوێند بە سەری جەنابتان دەئەوەندەش هاوار بكەیت و سەلاواتان لێ بدەیت بێ سودە هەتا گونم بەر نەدەن گونت بەرنادەم.
*

## باشترین چاكەی یەزدان

رۆژێكیان مەلا دەچێتە مێوانی دۆستێكی، دۆستەكەشی گاتو بۆ مەلا دێنێ و مەلاش دەست بە خواردنی دەكات ،برادەرێكی مەلا لێی دەپرسێت دەلێت:مەلا ئەم خواردنەی كەدەیخۆیت ناوی چیە؟مەلاش لە وەرام دا دەلێت:چونكە حەمام باشترین شتی خودا پێ داوە باوەڕم وایە كە ئەم خواردنە ناوی حەمامە.
*

## بوو بەباوكی

رۆژێكیان مەلا دەچتە ناو جێی كەنیزەكەی باوكی،ئافرەتەكەش سەری سوڕ دەمینێ و دەلێت:مەلا چیت دەوێت؟
مەلاش لە وەرام دا دەلێت:مەگەر نابینی كە من باوكم.
*

## خەیالی خراپ

مەلا ڕۆژێكیان لە گەل دۆستێكی بە یەكەوە دەڕۆن دەچنە گوندێكەوە، هەریەكە لە مەلا و دۆستەكەی یەک و لەتەنانێكیان بۆ خواردن پێ دەبێت،لە ڕێگە دۆستەكەی مەلا بە مەلا دەلێت: وەرە با بە یەكەوە خواردنێكی باش بخۆین.

مەلاش دەلێت:باشە تۆ لە تێك نانت پێیە و منیش لە تێك نان،ئەگەر خەیالت خراپ نیە؟كەواتە با هەریەكەمان نانی خۆمان بخۆین.

*

## ئیختار بەوە

ڕۆ ژێكیان مەلا سواری كەرەكەی دەبێ و لە گەل چەند دۆستێكی بەرەو شوێنیك دەڕوات،لەڕێگەدا كەرەكەی مەلا دەغەزری و بەو ڕێگەیەی كە مەلا دەیەوێت ناڕوات و ڕێگەیەكی تر بەرەو لایەكی تردا دەگرێتە بەروئەوسا دەڕوات، هاوڕێیانی مەلاش لە مەلا دەپرسن مەلا خۆ ئەم ڕێگەیە ڕێگەی تۆ نیە،مەلاش لە وەرام دا دەلێت:

من چی بكەم ئیختیار بە دەست كەرەكەمەوەیە،بۆ كوێ بڕوات من لە گەلیا دەڕۆم.

*

## پاسەوانی لە دەرگا

دایكی مەلا بە مەلای گوت:دەمەوێ بچمە كەنار حەوزەكەی مەلەوانیوە،تا دێمەوە تۆ ئاگادری لە دەرگای مالەوە بكە.مەلاش ماوەیەك لە بەر دەرگای مالەوە پاسەوانی دەكات. خالی مەلاش لەو كاتە دا دێتە لای مەلا وپەیامێكی بۆ دێنێ ودەلێت:بە دایكت بلێ ئیمشەو ئێمە مێوانی ئێوەین،بە دایكت بلێ كەئاگادار بێت،مەلا بیری لەوە كردەوە كە نابێت قسەی دایكی بشكێنێ و بچێ هەوال بە دایكی بدات و دەرگا بەجێ بێلێ.ئیتر هەستا دەركەی لە ڕێشمەوە دەرهێنا و لە سەر پشتی خۆی داپناو چوو بۆ لای دایكی كە هەوالی پێ بدات،دایكی مەلاش كە چاوی بە مەلا كەوت گوتی:ئەمە چیە تۆ بۆ دەرگات هێناوەبۆ ئێرە؟ مەلاش لە وەرام دا گوتی:خالم هات و پەیامی دا بەمن كە بێم بە تۆ بلێم ئیمشەو مێوانی ئێمەن و دێنە لامان،بۆ ئەوەی قسەی تۆ نەشكێنم و چاوم لە دەرگاوە بێت هەلم كەند و لە گەل خۆم هێنام.

*

## تەكبیر

خوێندكارێ لە كەناری گۆمێكی ئاوەوە دەیەویست دەستنوێژ هەل بگرێت،لەو كاتەدا هەندێ پارەی لە

گێرفانەكەیەوە بەربۆوە خوارەوەو كەوتە ناو ئاوەكە،خوێندكارەكەش ویستی كەپارەكە بە هۆی چەسپاندن بە سەری گۆپالەكەی دەربێنیّ، دیارە كە نەی توانی ئەم كارە ئەنجام بدات،لەو كاتەدا مەلا دێتە لای خوێندكاەكە،دوای كەمیّ وەستان گوتی:ئەمن ڕێگەیەك دەزانم كە بە ئاسانی دەتوانی پارەكەت دەربهێنی.
خوێندكارەكە بە دلنیاییەوە لە مەلای پرسی و گوتی:چە تەكبیرێك دەزانی؟
مەلاش گوتی:سەری گۆپالەكە بە زارت تەڕ بكەو ئەوسا پارەكەت بە گۆپالكەت وەدەنوسیّ و دێتە سەرەوە و هەلی بگرەوە،تەواوی ئامادە بووان لەو تەكبیرەی مەلا سەریان سوڕما!!!

*

## كەرایەتی

حاكمی شار كابرایەكی میّ باز بوو،مەلاهەمیشە ئامۆژگاری حاكمی دەكرد كە لە خەزكردن لە ژنان‌دوور بكەوێتەوە،كچێكی زۆر جوان و نازدار كە حالمی ئەوناجەیەی خۆش دەویست كچەش كە ئامۆژگاریەی مەلای بۆ حاكم بیست زۆری پیّ ناخۆش بوو،ڕۆژیّ كچەكە لە حاكمی پرسی و گوتی:هۆی چیە

کەوا کەنارگیریم لێ دەکەیت؟حاکمیش کە ئامۆ ژگاریەکان مەلا ی لە گوێ گرتبوو ، بۆ کچەکەی گێڕایەوە.کچەکەش گوتی:جەنابی ئەمیر ئەوە باش بزانە کە مەلا بۆ خۆی دەستی بە هیچ ناگات بۆیەکە ئەو جۆرە ئامۆ ژگاریانە دەکات،کەواتە دەمەوێ کەتۆ من بەو ببەخشیت حاکمیش قسەکەی کچەکەی قەبوول کرد و ئەوی بە مەلا بەخشی.

مەلاش کە ئەوەی زانی و چاوی بە کچەکە کەوت زۆر دلی خۆش بوو،کچەکە بوو بە هاوسەری مەلا،مەلاش هەرچەند لە گەل کچەکەی هەول دەدا کچەکە ئەوەندە ڕووی خۆی نەدەدا بە مەلا و نەی دەهێشت کە مەلا لێی نەزیك بێتەوەو تەنیا جارێکیش نەیتوانی کە کچەکە لە باوەش خۆی بگرێت،تا ماوەیەکی پێ چوو، کچەکە بە مەلای گوت:ئەگەر دەتەوێ کە دلت ڕازی بکەم دەبێ ڕۆژێ من سواری پشتی خۆت بکەیت و و بە مەرجێ کە زین لە سەر پشتی خۆت دابنێیت و هەوساریش بە ددانی خۆت بگریت و منیش سواری پشتی تۆ بم و بمگێڕی.

مەلاش کە لە تاو جوانی کچەکە شێت و شەیدا بووبوو لە خوای دەویست کە دلی ڕازی بکات گوتی:بە چاوان هەرچی ئەتۆ دەیلێ ئامادەم و ئەنجامی دەدەم تەنیا تۆ دلم ڕازی بکەیت.

کچەکەش پەیامێکی بۆ حاکم نارد و داوای لێ کرد کە سعاتێك بێ بۆ مالی مەلا،مەلاش زینی لە پشتی خۆی کرد و هەوسارەکەی بە ددانی خۆی گرت و کچەکەش لێی سوار بوو و مەلای تاو دەداو مەلاش ئەوی دەسوڕاندەوە، لەو کاتەدا حاکم هاتە ژوورەوە کە چاوی بە مەلا کەوت لەم حالە دایە و دەستی بە قاقای پێکەنین کرد و بە مەلای گوت:باشە مەلا تۆ هەمیشە منت ئامۆژگاری دەکرد کە لە ژنان دوور بمەوە ئەی تۆ بۆچ ئاوا بە پەستی خۆت داوەتە دەستی ژنەوە؟.مەلاش گوتی:

جەنابی ئەمیر من لە بەر ئەوە تۆم لە مێبازی دوور لە ژنان ئامۆ ژگاری دەکرد چونکە قەت نەم دەویست کە ڕۆژێ نێت تۆش وەك من کەر ببی و ئاوات بە سەر بێنن.

*

## پێ بەخێر

پادشای شارەکەی مەلا بۆ ماوەی هەفتەیەك بۆ پشو دان سەفەری شارێکی ئەو ناوە دەکات.لە دوای هەفتەیەك دەگەڕێتەوە شار،بۆ بەخێر هاتنەوەگوتنی پادشا کۆمەلێ لە خەلکی شارو و یەکێ لەوانەش مەلا دەبی دەچنە لای پادشاو بەخێر هاتنەوەی لێ دەکەن.

لە كاتی قسە كردن دا لە گەل پادشاو دوای بەخێر هاتنەوە لێ كردنی، مەلا لە پادشای دەپرسێ دەلێت:جەنابی پادشا ئینشائەللە جەنابتان لەو سەفەرەتان خۆشتان گوزەراندوە شتی تازەتان دیوەو دلتان پێ خۆش بووە.

پادشاش لە وەلام دا دەلێت:لە ماوەی ئەم هەفتەیەدا ڕۆژانە خەریكی گەردش و سوڕانەوەو ڕاو كردن بووین.بەلام لەشەوی دووشەم لەو شارەدا ئاگرێكی زۆر گەورە لە شوێنێك بەربوو كە بە هۆی ئەو ئاگرەوە چەند نەفەرێك سوتان و شوێنەكش وێران بوو.

لە ڕۆ ژی سێ شەممەش داسەگێكی هار دوو نەفەری گرت و ئەوسا مەجبوور بوون كە نەبادا نەخۆشی هاری بلاو ببێتەوە نەخۆشەكانییان داغ كرد.

لە ڕۆ ژی چوارشەممەش دا لافاوێكی زۆر گەروە ڕووی داو گوندەكەی نەزیك شاری وێران كرد و هەرچی كشت وكارو دەرامەت بوو هەمووی تێك شێلاو لە ناوی برد،ئەو ڕۆ ژە هەتا نیوەشەوان ئێمە مەشغولی ئەو لافاوە بووین.

لەڕۆژی پێنجشەممەش دا گورگێــك لە نەزیك شارەوە دوو نەفەر دەبینێ و پەلاماریان دەدات و پارچە پارچەیان دەكات.

لەرۆژی هەینیش دا نەفەرێك شێت دەبێت و تەواوی مندالەكانی خۆی دەكو ژێت وسەریان دەبڕێت .

لەرۆ ژی شەمووش\بوومە لەرزەیەك هات و چەند مالێكی وێران كردو چەند نەفەرێكی خستە ژێر كەلاوەوە.

لەرۆژی یەكشەممەش ژنێك كە چەند مندالێكیشی هەبوو لە داخی مێـــردەكەی خۆی بە دارەوە دەكات و خۆی دەكوژێت. مەلاش كە ئەو هەموو هەوالە ناخۆشانە لە پادشا دەبیستێت دەلێت: جەنابی پاشا هەر خوا ڕەحمی كرد كە سەفەرەكەی جەنابتان یەكهەفتەی زیاتر نەخایاند،ئەگینا لە سایەی سەری پادشاو پێ و قەدەمی پاشامان ، ئەوا تەواوی ئەو ناوە وێران دەبوو و بەردێكیش لە جێگەی خۆی نەدەماو هەمووی خاپور و داغون دەبوون و تەواوی ئەو خەلكەش بەدبەخت و مال وێران و سەرگەردان دەبوون.

*

## سعات چەندە؟

ڕۆژێكیان كە مانگی یەمەزان دەبێت كابرایەك لە مەلا دەپرسێت دەلێت جەنابی مەلا سعات چەس ؟

مەلاش لە وەرام دا دەلێت:سعاتی جۆراو جۆر هەیە لە دە دینارەوە تا چەند هەزار دینار.كایرا بە مەلای

گوت:مەبەستی من ئەوە نیە کە سعات نرخی چەندە،من دەلێم سعات چەس ؟.
ملاش گوتی:سعات سانیە ژمێرو سعات ژمێرو بەردو چەرخ و ئەم جۆرە شتانەیە.
کابرا گوتی: مەلا گیان من نالێم سعات چی تێدایە دەلێم سعات چەس؟مەلا گوتی سعاتی من نوقرەیە.
کابرا گوتی:سەیرە!مەلا من شۆخی ناکەم،دەلێم بۆ فتار کردنەوە چی ماوە؟
مەلا گوتی:دۆلمە و پلا و و نانی گەرم و لەوانەشە پاقلاوەشمان هەبێت.
کابرا گوتی: زۆر سەیرە!مەلا تۆ دیارە زۆر درەنگ تێ دەگەی،من مەبەستم ئەوەیە کە چە زەمانێکە ؟ مەلا گوتی:ئاخرالزمانە.
کابرا کە بینی مەلا تێ ناگات،سەری خۆی داگرت و ئیتر بەرەو ڕێگەی خۆی کەوتەوە ڕێ و مەلای جێ هێشت و ڕۆیشت.

*

## حیکمەتی خودا

ڕۆژێ لە ڕۆ ژان مەلا لە دەشتێکەوەتێ دەپەڕی،لە کاتێك دا کە زۆر ماندوو شەکەت دەبێت کەرەکەی بۆ لەوەڕاندن بەرهەلدەداو بە خۆشی لە ژێر سایەی درەخێکی دارە گوێزدا لێی ڕودەنیشێت ،کە سەیری

پێشەوەی خۆشی دەکات چاوی بە بیستانێکی پڕ لە ئاروو و گندۆرە و شوتی گەورە گەورە دەکەوێت،مەلا دوای کەمێ پشو دان سەری خۆی هەلبڕی چاوی بەو دارە گوێزە زەبەللاحە کەوت کە بەری گوێزێکی زۆری گرتبوو،لەو لاوەش ئەو بیستانە پڕ لە گوندۆرە و شوتی ئارووی ناسک ناسک بوو،لەوکاتەدا بیری کردەوەو لە بەر خۆیەوە گوتی: ماشەللا لە بەر کارو فەلسەفەی خودا،ئەم دارە دار گویزە زەلامە ئەو بەرە گویزە بچکۆلانە دەگرێت و ئەو بڕکە بچکۆلە شوتی و گندۆرانەش ئەو شوتی زەلام و گندۆرانە دەگرێت،مەلا زۆر بە قوولی چووبووە ناو ئەو ئەندێشەوە،لەبەر خۆیەوە لە خوای دەپرسی و دەیگوت: خودایە ئەمە چە فەلسەفەیەکە؟ هێشتان هەر لەو خەیالانە دابوو چاوی بە سمۆرەیەك کەوت کە لە سەر دارە گویزەکە وا خەریکی گوێز خواردنە لە کاتێ دا کە سمۆرەکە دەپەڕێتە سەر لقی دارێکی ترەوە،ڕاستەو خۆ گوێزێك بەردەبێتەوە خوارەوە وبەسەر سەری مەلا دەکەوێت و سەری مەلا زامدار دەکات و خوێنی لێ دێتە خوارەوە،مەلاش لەو دەمەدا یەکسەر کڕنوشی بردو سوپاسی خوای کرد و گوتی(تبارك الله احسن الخالقین)ئەگەر لە جێگەی ئەم گوێزە بچکۆلانەیە ئەو شوتیە زەلامەم بە سەر دا بکەوتبایە هەر

ئێستاکەلەسەر زەوی لێی دەکەوتم و یەکسەر گیانم دەردەچوو.

## بۆ نەمانی گومان

کابرایەك کە لە پیاو ماقولانی شار بوو هەمیشە وای نیشان دەدا کە مەلای زۆر خۆش دەویێت،ڕۆژێکی مەلاش ویستی کە بچێ سەرێ لە مالی کابرا بدات،مەلا لە دوورەوە کابرای دی کە لە پەنجەرەی ئاغەبانی مالەکەی سەری هێنا بووە دەرێ،کە چاوی بە مەلا دەکەویێت وا بۆ لای مالی ئەوانەوە دێت،ئیتر پەنجەرەکەی داخست و خۆی وەلادا،مەلاش چوو لە دەرگای مەلاکەی داو خزمەتکارەکەی مالی کابرا هات دەرگای کردەوەو مەلا لێی پرسی:جەنابی خاوەن مال لە مالەوەیە؟خزمەت کارەکەش گوتی:نەخیر هەر ئێستا ڕۆیشتە دەرەوە و ئەگەر بیزانیبایە جەنابت هاتوی بۆ لای بەڕاستی دلگیر دەبێت،

مەلاش بە خزمەتکارەکەی گوت:زۆر باشە،بەلام لە بیر نەکەی کە هاتەوە مالەوە ئەوەی پێی بلێ کە لەمەو دوا هەر کاتێ ویستی کە بڕوات و بچێتە دەرەوە با سەری خۆی لە پەنجەرەکەی سەرەوەی مالەوە نەهێنێتە دەرەوە چونکە دەبیندرێ و دەبێتە هۆی شەك و گومان لێ کردنی.

*

## شیرینی خواردنەوە

ڕۆژێكیان مەلا ژن بە پڕە پڕ لە دەرگای مالەكەی خۆیان دێتە دەرەوەو یەك بە خۆی هاوار دەكات و بە ڕاكردن و هەلاتنەوە دەلێت:ئەهای خەلكینە وەرن من لە چنگی ئەم كابرایە ڕزگار بكەن،مەلاش كە خوترمەیەكی ئەستوری بە دەستەوە بوو لە دوایمەلا ژنەوە ڕای دەكرد تا مەلا ژن چووە مالێكی هاوسێی خۆیانەوە،لە دوای مەلا ژنیش،مەلا خۆی كرد بە مالەكەوە،خاوەن مالەكەی هاوسێیان كە ئەمەیان دیت،مەلا ژنیان بردە ژوورێكەوەو مەلاشیان توند گرت ،خاوەن مالەكە گوتی:ئەمە كارێكی باش نیە مرۆ نابێ بەو شێوە ڕەفتار بكات و وا بە زووی توورە ببێت،بە تایبەتی مرۆیەكی وەك جەنابت مەلا و ڕێزدار،كارێكی زۆر خراپەكە ئاوا بتەوێت لە ژنی خۆت بدەیت بەم شێوە ناشرینە لە كوچەو كۆلانان وەدوای بكەویّ.

خاوەن مالەكە كە زۆریشیان قسە كردو مەلایان توند گرتبوو بەلام مەلادەیەویست خۆی لە دەستی ئەوان ڕزگار بكات و دەستی بگاتە مەلا ژن و تێی هەل بدات،بەلام بە هەزار ناری عەلی هاوسیكەی مەلا

توانی کە تووڕەیی مەلا کەم بکاتەوەو مەلا واز لە ژنەکەی خۆی بێنێت، مەلاشیان بردە ژوورێکی ترەوە.کەمێکی پێچوو سینیەکیان هێنا پێش مەلا کە پڕ لە نوقل و نەبات و پاقلاوەو شیرینی تر بوو و بە ملایان گوتی فەرموو هەندێ شیرینی بخۆ تا ئەو تووڕەییەت هەمووی بنیشێتەوە. مەلاش دەستی بۆ سینیەك بردو پاقلاوەیەکی کەرت کردو هەلگیرت و گوتی:

ئەگەر دەستم دەگەیشتە مەلا ژن بە خوا وەك ئەو پاقلاوەیە لەتم دەکردکە دەستی بە خواردنی پاقلاوەکەش کرد ئەوا هەر هەڕەشەو گوڕەشەی لە مەلاژن دەکرد،مەلا کە لە شیرینی خواردن تێر و تەسەل بوو ڕووی کردە خاوەن مال و گوتی:

هاوسێی بەڕێز،من هیچ شتێکم لە گەل مەلا ژن نیەو قەت لێی نەڕەنجاوم،بەلام لە یادتانە کە هەفتەیەك لە مەوپێش شیرینیتان خواردەوەو ئێمەتان بانگ نەکرد،جا منیش لە گەل مەلا ژن تەکبرمان کرد کە من بەوشێوە وەدوای بکەوم و ئەویش بێتە مالەکەی ئێوەو بەم جۆرە بۆخۆمان تێر و پڕ شیرینی بخۆین و تۆلەی ئەو ڕۆژە بکەینەوە،ئێساتاش کارەکەمان سەرکەوت و بانگی مەلاژن بکەن و با بچینەوە،تەواوی خانەوادەی هاوسێش بەم کارەی

مەلا تێر پێكەنین و مەلا ژنیان ڕەگەل مەلا دایەوەو چوونەوە مالەكەی خۆیان.

*

## مرۆی شارستانی

كابرایەكی موسەلمان پێنج سەد دیناری دا بە مەلا كە بۆ ماوەی یەكسال هەموو نوێژەكان بكات و نوێژێك بۆ خۆی نوێژێكیش بۆ كابرا دووبارە بكاتەوە واتە قەزای بكاتەوە،مەلاش پارەكەی وەرگرت و ا چل دیناری دایەوە كابراو گوتی:لە بەر ئەوەی كە هەموو شەوانی كورت نوێژی بەیانی من قەزا دەبێتەوە بۆیەكە نرخی ئەو نۆێژانەی كە چل دینارە دەتدەمەوە تاوەكو قەرزدار نەبومەوە

*

## خۆ پیس كردنی منالی ساوا

ڕۆ ژێك كابرایەك لە ئاوایی مەلی دەعوەت كرد،شەو كەرەو هەنگوین و قەیماغیان بۆ مەلا هێنا بۆ خواردن،مەلا بە حەزێكی زۆرەوە نانەكەی خوارد،چونكە كەمێ نەساغ بوو لە لای مندالە ساواكەی مالەكە لێی پال كەو ت و خەوت،لە نیوەشەو دا چونكە زۆری خواردبوو تەنگاو بوو،هەستا بچێتە دەرەوە بۆ سەر پێشاو،كە چووە دەرەوە سەگەكەی خاوەن مال لە مەلای مڕاند و مەلاش لە

ترسان گەڕایەوە نەوێرا بچێتە ئاو دەسەوە،هاتەوە سەر جێگەی خۆی و زۆر تەنگاو بوو،چی بكا چی نەكا،بیری كردەوە باشتر وایە كە لە ناو جێی منداڵە ساواكە خۆی خاڵی بكات و ئەم كارەی ئەنجا دا،بەیانی كە خاوەن ماڵ لە خەو هەستان و ویستیان منداڵەكە پاك بكەنەوە بینیان كە ئەمشەو منداڵەكە زۆر بە نا ئاسایی خۆی پیس كردووە و ناو جێگەكەی زۆر تەڕ بووەو پیساییەكی عەجیب و غەریبی كردووە،سەریان لەو كارەدا سوڕ ما چۆن دەبێ منالێكی ئاوا بەو جۆرە خۆی پیس بكاتن!!ڕاستەو خۆ وایان زانی كە ئەو منداڵە خراپ نەخۆش كەوتووە،لەو كاتەدا مەلایان بانگ كرد كە لێی بپرسن و چارەیەك بدۆزێتەوە كە چی بكەن ؟كە لە مەلایان پرسی و مەلا گوتی:
ڕاستیەكەی ئەوەیە تاكو ئێوە ئەو سگە زەبەلاحەو هەبێت و خواردنی وا چەور لە قەیماغ و كەرەو هەنگوین بە مێوان بدەن هیچ چاوتان لە چارە سەری ئەو منداڵەوە نەبێت .

*

## كارگەریەتی دوعا كردن

یەكێك لە دۆستەكانی مەلا هەمیشە مەلای ئەزیەت دەدا،مەلاش هەردەم هەرەشەی لە كابرا

دەکردو دەیگوت ئەگەر جارێکی تر ئەزیەتم بدەی ئەوا ناچارم نەفرین و دوعات لێ بکەم،بەلام کابرای هیچ گوێی نەدەدایە مەلاو سەرەڕای قسەی مەلاش کابرا زیاتری ئەزیەت دەداو ڕا نەدەوەستا ، ڕۆژێکییا گۆپالەکەی مەلاشی شکاند ، مەلای زۆر ئەزیەت دا،مەلاش لەو کارەی کابرادا زۆر زۆر تورە بوو و گوتی:تۆ ئەو گۆپالەی منت شکاند واتە قاچی منت شکاند،مەلا گوتی:دەبڕۆ ئەی خوایە لە تۆلەی من قاچی ئەو کابرایە بشکێت و ڕەببی دوعاکەم قەبوول بفەرمووو.

کابراش لە کاری خۆی نەدەوەستاو هەمیشە کە مەلای دەدیت زیاتری ئەزیەتی دەکر،لەو کاتەدا کە دلی مەلای زۆر ڕەنجاند و ڕۆیشت کە چەند هەنگاوێکی هاویشت کابرا زۆر خراپ کەوتە خوارەوە و لاقی چەپی سوڕاو لە سەر زەوی کەوت،کە هەستایە پێیەوە و بە شەلە شەل بۆلای مەلا هات،لە کاتێك دا کە فرمێسکی لە چاوان دەهاتە خوارەوەو زۆر ئازاری هەبوو ڕووی کردە مەلاو گوتی:

مەلا دوعای تۆ زوو کاری کرد و من لاقم شکا، کەتۆ گوتت تۆلەم لێ دەبێتەوە و دوعات لێ کردم زۆر بە زوویی دوعاکەت هاتە دی.

مەلاش گوتی:ڕاستە کە دوعای من دروستە و قەبول دەبێ،بەلام ئەم کارەساتە کە بە سەرت هاتووە،ئەمە هی دوعای من نیە،بیر بکەوە بزانە پێشی من کێت ئەزیەت داوە دوعای لێ کردوویت ئەمە کاریگەریەتی دوعای ئەوە،بەلام چاوەڕوان بە تا چل ڕۆ ژی تر یان چل مانگی تر پاکەی ترشت چۆن دەشکێت،ئەو کاتە کاریگەریەتی دوعا و نەفرینی من بزانە چۆنە.

*

## ئەوکەرەی کە سواری‌بوو نەی دە ژمارد

ڕۆژێکیان مەلا 9 نۆ کەری بەکرێ گرت ،تاباریان بکات و هەندێ موعامەلە بکات،هەشت کەری لەونۆ کەرە بار کردو کەرێکیشی بۆ سواری دانا ، مەلا بەرەو شار کەوتە ڕێ،لەگوندێکەوە تێ پەڕێ،دوای ماوەیەك بیری کردەوە کە کەرەکان بژمێرێت،بزانێ تەواون،لە کاتی سوار بوون یەکەمجار کەکەرەکانی ژمارد تەنیا 8 هەشت کەر بوون،هاتە خوارەوە، دیسان کەرەکانی ژماردەوە ئەمجارە( 9 نۆ) هەر نۆ کەکە تەواو بوون،سەیری پێهات دیسان سوار بۆوە و بە ڕێوە کە سواربوو کەرەکانی ژماردەوە، بینی کە تەنیا ( 8 هەشت ) کەرن،سەری لەوە سوڕما،دیسان سواری کەرەکەی بۆوەو،بیری کردەوە بادیسان بیان

ژمێرێتەوە،دیسان کەرەکانی ژماردەوە بینی کە هەشت کەرن،مەلا لەو کاتەدا دوای سێ چوار جار ئەو بەزمە ترسێکی زۆری لێ نیشت و گوتی: هەبێ نەبێ ئەوە دێو و ئەجننەن ئەو کارە بەمن دەکەن ئەگیـــنا بۆ جارێکیان کە دهیان ژمێرم هەشتەو جارێکیشیان نۆیە؟ دەستی بە دوعا کردن کرد،چەند جارێکیی تریش دووبارەیکردەوە،هەر وا بوو جارێ ( 8 هەشت )کەرەو جارێکییش( 9 نۆ) کەری تەواوە،هەرچەند بیری لەوە دەکردەوە مەلا زیاتر ترسی لێ دەنیشت،تا وای لێ هات لە ترسان یەك بەخۆی هاواری کردو دەنگی هاوارەکەی لەو کێوە نەزیکانەوە دەنگی دەدایوە،مەلا وای زانی کە ئەو دەنگ دانەوە هەبێ نەبێ دەنگی دێوو جنۆکەکانە،زیاتر ترسی لێ نیشت و بە هاوارەوە خۆی مات دا،نەی توانی کە چیتر بە ڕێگەوە دا بڕوات،لەو دەمەش ڕێبوارێك لەوڕیەوەبوو،کە مەلای دیت وا هاوار دەکات کابرای ڕێبوار یەکسەر چوو بە هانایەوە،لێی پرسی مەلا ئەوە بۆچ وا مات و خەمگین و ترس دایگرتووی و چی ڕووی داوە؟مەلاش داستانەکەی خۆی بۆ گێڕایەوەو گوتی:چی بکەم جنۆکەو دێو دەورەیان داوم،من نەم دیون بەلام گوێم لە دەنگیان بووە،هەموو ڕووداوەکەی بۆ کابرا

گێڕایەوە،کابراش تێ گەیشت کە مەسەلە چیە و مەلا لە کاتێ کە سواری کەرەکەی دەبێت کەری سواری نا ژمێرێت،بویەکە بە مەلاشی گوت: تۆ ئەو کەرەی کە سواری دەبی نای ژمێریت و لە یادی دەکەی بۆیە لە کاتی سوار بوون هەر (8 هەشت)کەرە،مەلابیری کردەوە گوتی بە خوا ڕاستە، ئەو موعەممایە بۆ مەلا حەل بوو ، مەلاش سوپاسی کابرای کرد و گوتی:بەخوا حەواسم پەرت بووە کاتی سوار دەبووم ڕاستە کە کەرەکەی ژێر خۆم نەدە ژمارد،ئیتر زۆر سوپاسی کابرای کرد و ڕێگەی خۆی گرتە بەر و کابراشی بووە هاوڕێی ڕێگەیەوە.

*

## بەشی مەلا

ڕۆژێ لە وەرزی بەهارێ دا مەلا لە گەل دۆستەکانی خۆی چوونە گەردش و لە ناو باغێکی ئەو ناوەدا زۆر بە شادی و خۆشی و بەزمیان ڕا بوارد،ئەوەندە بەزم و خۆشیان لەو گەردشە دا گێڕا،بڕیاریان دا کە هەفتەیەکی تریش بۆ خۆیان بێنەوە هەمان بەزم و سەیران دووبارە بکەنەوە و هەریەکێکیان پێویستی گەردشەکەیان بە گوێرەی بەشی خۆیان لە ئەستۆ گرت لە مەلاشیان پرسی مەلا تۆ چی دەهێنی؟مەلاش گوتی:

دیارە کە هەر یەکێ لە ئێوە بڕیاری بەشی خۆتان داو من ماوم،ئەگەر منیش ڕووم لەوەوە وەربگێڕم ئەوا نەفرینی خودا بەشی من بێت.

*

## (تۆز) ی توند

ڕۆ ژێکیان هاوسێی مەلا دەچوە شار،مەلاش هەستا قاپێکی بردو دای بە هاوسێکەی و پێی گوت ئەگەر زەحمەت نەبێ هەندێ ڕۆنی زەیتم بۆ بێنی ، هاوسێکەی مەلاش هەستا قاپەکەی پڕ لە ئاو کرد و هەندێ ڕۆنیشب لە سەر کرد و دایەوە مەلا ، مەلاش گەڕاوە ویستی هەندێ تەماتە و باینجان سور بکاتەوە،کاتێ کە ڕۆنەکەی خستە ناو تاوەکەوە و لە سەر ئاگری داناو بینی کە تەنیا ئاوی تەواوە بەس ، زانی کە کابرا فێلی لێ کردووە،بڕیاری دا کە تۆڵەی ئەو فێلبازیە لە کابرا بکاتەوە،هاتەوە بیری کە کابرا ئەو تۆزەی کە لە ناو کەپوو دەکەن لە جیاتی جگەرە کێشان بەکار دێنێت،مەلا هەستا چوو دوو قوتی لەو تۆزەی بۆ کابرا ئامادە کرد،لە یەکێ لەو قوتیانە هەندێێ بەهاراتی وەك ببەری زۆر تیژو تەندی لە یەکێ لە دوکانەکان کڕی و تێکەلی یەکێ لە قوتیە دەرمانەکانی کرد،لە کۆلانەکەی مالیان لە بەر دەرگای خۆیانەوە چاوەڕوانی هاتنە دەرەوەی

کابرای بوو،کاتێ کە هاوسێکەی هاتە دەرەوە مەلا هەندێکی لەو تۆزە هێنایە دەرەوەو بە کەپووی خۆی هەلی لوشی و چاوەکانی خۆی خومار کرد و گوتی:ئای کە تۆزێکی باش و لە بارە بۆ هەلمژین و بۆنی خۆشی ئەو تۆزە دلم دەبات،مەلا جارێکی تریش ئەمەی دو بارە کردەوەو پشوێکی درێژی هەلکێشا .

هاوسێکەشی کە ئەمەی بینی ولە مەلا نەزیك بۆوەو گوتی:

مەلا دەکرێ هەندێك لەو دەرمانەم بدەیتێ،مەلاش گوتی بە چاوان مەلا دەرگای دووەم قوتی کە تەژی بیبەری کردبوو کردیەوەو کابراش هەندێکی هەڵگرت و یەکسەر هەلی مژی و پشوێکی درێژی بۆ کێشا،لە توندی و تیژی ئەو (ئەنفیە)ی مەلا کە گەیشتە ناو مێشکیەوە، کابرای هاوسێ گەلێک نا ئارام بوو و زۆری کار تێکرد و نا ئارامی کرد،لە مەلای پرسی و گوتی،خوا بتگرێ ئەمە چە (ئەنفییە)یێ بوو ؟مەلاش گـــــوتی ئەم( ئەنفیە)واتە ئەم دەرمانە تۆزە ئەوە لە هەمان ڕۆنی ڕەحمەتی ئێوەیە.

*

## جێگای هەق

ڕۆژێكیان كابرایەك هاتە لای مەلا و لێی پرسی و گوتی: ئەرێ مەلاپێم نالێی كە جێگەی هەق لە كوێیە؟
مەلاش بە لە سەر خۆییەوە گوتی:من هیچ شوێنێ نابینم كە هەق لەوێ نەبێت و منیش هەستم شوێنێكی بۆ هەق دیاری بكەم،هەق لە هەموو شوێنێكەوە هەیە.

*

## لە هەموو شوێنێ دەركراو

مەلا دوای ئەوەی كە سالەها دەرسی خوێند و تا بوو بە مەلاو خوێندنی تەواو كرد ، مەلاش كە لەیەكێ لە شارەكان بوو بیری لەوە كردەوە كە لە شارا مەلای زانا زۆرەو جێگەی مەلای لێ نابێتەوە، بۆیەكە ڕووی كردە گوندەكانەوە تا بتوانێ شوێنێك بۆ مەلایەتی كردن بدۆزێتەوەو ژیان و گوزەرانی خۆی و مندالانی لێ بەرێتە ڕێوەد ، لە دوای ئەوەی كە گەلێ شوێن گەڕاو سەری لە زۆربەی ئاواییەكان دا بێ هیوا بوو و هیچی دەست نەكەوت و لە هەموو شوێنێك بێ نیاز ما ، بە ناچاری ڕۆیی و هەر شوێنێ كە دەچوو مەلای

خۆیانی لێ بوو،دوا جار چووە گوندێك بینی کە خەلکێکی زۆر کۆ بوونەتەوەو هەر مشت ومڕیانە،مەلاش لێیان چووە پێشەوە تا بزانی ئەمە چی مەسەلەیەکە،کەلێیان نەزێك بووەتەوە بینی کە ڕیوەیەکیان گرتووەو دەورەیان لێ داوە،مەلاش لەو خەلکەی پرسی کە ئەوە چە باسە؟

لە وەرامی مەلا دا گوتیان کە ئەو ڕێویە زۆر لە مێژە هەرچی مریشك و قەل و قازی ئەم گوندەیە قڕانی بۆ هێناوەو لە مێژە لە دوای دەگەڕێین کە بیگرین تا ئەمڕۆ بە تەلە وەبوەو گرتومانە،ئێستاش نازانین چی لێ بکەین و چۆن ئازاری بدەین تۆلەی ئەو هموو قازو مراوی و مریشك و پەڕەورانەی لێ بکەینەوە؟مەلاش گوتی زۆر هاسانە بۆمنی بێنن،هێنایانە لای مەلا و مەلاش یەکسەر مەندیلەکەی خۆی لە سەر کردەوەو لە سەری ڕێویەکەی نا،عەباکەشی لە بەر ڕێوەیەکە کردو یەکسەر بەرەلای کردو ڕێویەکە بەو شێوە ڕای کرد و هەلات،خەلکەکە ڕویان کردە مەلاو هاواریان لە سەر کردو گوتیان تۆ چۆن ئەو ڕێویەت بەرەللا کرد؟دەبێ ئەو هەموو زەرەرو زیانەی ئەم ڕێویە تۆ بدەیتەوە.

مەلاش گوتی:ئەوەی کە من دەزانم ئێوە نایزانن،من بەلایەکم بە سەری ئەو ڕێویە هێناوە کە تا دوا

ژیانی هەمیشە هەر بەدبەخت بووە كە لە هیچ كون و قو ژبنێكەوە ڕیگەی نادرێت و جێی بۆ نابێتەوە.

*

## جیگەی پەریان

لە مەلایان پرسی و گوتیان:لە پێش دروست بوونی زەوی و ئاسمان و ئادەم و حەوا جێگەی پەریەكان لە كوێی بووە؟
مەلاش بە لە سەر خۆییەوە گوتی:لە مالی خۆیان بوون!!!!.

*

## سۆفی بانگ دەر

مەلا سەفەری شارێكی كرد لەوێ سۆفیەكی بانگدەری دیت كە لە سەرەوەی منارەكەیەوە كە مەلا بۆ یەكەم جار بوو منارەی دەبینی سۆفی لەو سەرەوە بە نالە نال خەریكی هاوار كردن بوو.
مەلاڕووی كردە سۆفی و هاواری كردووگوتی:
ئەی بێچارە وانەزانی كە هیچ كەسێ یارمەتی تۆ دەداتن،من ئامادەم كە یارمەتیت بدەم ، بەلام تۆ چویتە سەر دارێكی بێ گەلا و ڕەق و ڕووت،كە یارمەتی دانت بە هیچ شێوەیەك ناكرێت.

*

## لە ترسان

مەلاو چەند كەسێكی تر لە لای حاكم بوون،لاوێكی خۆ هەلكێش كە هیچ تالی وناخۆشی نەدی بوو،خۆی هەل دەكێشاو دەربارەی ئازایەتی خۆی و چوونی بۆ ڕاوە پلنگ وشێر و چۆن بە سەر دزان دا زال بوون بەم جۆرەشتانە خۆی هەلدەكێشاو فشەفشی دەكردن،كابرا لەو فشەفشە دابوو كە كوڕەكەی حاكم بایەكی لێ بەربوو،حاكمیش دەیەویست دلّی كوڕەكەی بداتەوەو شەرم لە خۆی نەكاتەوە،لەوكاتەدا مەلاش هاتە وەلام و گوتی:جەنابی حاكم هیچ عەیبی تیا نیە،خۆ من كە گەورەو تەمامم لە بیستنی ئەو هەموو فشە فشە و نەترسە و دلێریەی ئەم لاوە وا خۆم پیس كردوو،جا بەرەلا بوونی بایەك بۆ مندالێكی ئاوا بچوك عەیبێكی تیا نیە و زۆر زۆر ئاساییە.

*

## هەلەی كورت

كابرایەكی ئەسفەهانی هاتە لای مەلا و باسی چۆنیەتی ئەسفەهان و ئەو هەموو تەلارو خانوو بەرە جوان و شیكانەی ئەوێندەری دەكردو دەیگوت هەر لە

بەر ئەوەشە كە ئەسفەهان دەلێن نێوەی جیهانە،مەلاش وای دەزانی كە ئەم كابرایە فشەكەرەو دەیەویست كەمێ دەمكوتی بكاتەوەو بۆیەكە گوتی:لە نزیكی ئێمەوە شارێك هەیە كە تەلارێكی لێ دروست كراوە كە بە پانایی پێنج هەزار مەترە و درێژایی پەنجا مەتر،گوتی ئەو تەلارە لە ناو باغ و باغاتێكی وەك بە هەشت وایە،لەو كاتەش دا چەند كەسێكی شارەزاو ئاگا لەو ناوە هاتنە كۆڕەكەوە،مەلاش كە ئەوانی بینی بەم شێوەیە درێژی بە باسەكە داو گوتی:بە درێژایی پەنجا مەتر!!

یكێ لە ئامەدەبوان قسەی مەلای بڕی و گوتی :مەلا جان چۆن دەبێت پانایی پێنج هەزار مەترو درێژایی پەنجا مەتر بێت؟

مەلاش گوتی:هاتنی برادەران ناچاریان كردم كە لە درێژیەكەی ببڕم و كەم بكەموە،گوتی لە ڕاستی دا لە پانیەكەشی كەم و كۆڕی هیەیە بۆ خۆی پانایی تەلارەكە بیست و پێنج مەترە!!.

*

## موعامەلەی نامۆ

مەلا چوو بۆ شارێك و لەوێ چووە دوكانێكی كەل و پەل لەبەر كردن ، شەروالێكی هەلگرت و دوای

موعامەلە كردن و نرخ زانینی لە بەری كرد و شەروالەكەی زۆر باش و بێ كەم وكورِی بوو،لە دوای چەند دەقیقەیەك هات و چۆ كردن شەروالەكەی لە بەر كردەوەو بە خاوەن دوكانەكتی گوت:شەروالەكەم زۆر باشە،بەلام ئەم شەروالەم بۆ بە عەبایەك بگۆرِنەوە.

خاوەن دوكانەكەش شەروالەكەی وەرگرتەوە و عەبایەكی بۆ مەلا هێناو مەلاش راستەو خۆ لە بەری كرد و یەكسەر رِێگەی هاتنە دەرەوەی گرتە بەر و خاوەن دوكانەكەش بانگی مەلای كردو گوتی:مەلا پارەت نەداوە بێنە پارەی عەباكەمان بدەرێ،مەلاش لە وەلام دا گوتی:پارەی چی ئەی من شەروالەكەم بەم عەبایە نەگۆرِیەوە؟ دوكان دارەكەبە مەلای گوت:خۆ تۆ پارەی عەبات نەداوە ؟مەلاش گوتی:من عەبام بۆ ئەوە هەلنەگرتووە كەوا بێم پارەكەی بدەم! من گۆرِیتمەوە چۆن پارە بدەم؟.

*

## ئامۆژیاری

مەلا لە كۆیێكی دادگایی كردن دا یوو نیشتبوو،لەو كۆیە دا مەلا بییارو باس كردن و چۆنیەتی دادگاو شێوەی هەلس و كەوتی خەلك و بییارەكانی

حکومەتی بە خەلك یا دەگەیاندو شێی دەکردەوە،مەلا زۆری درێ ژە بە باسەکانی خۆی داو حاکم هەر چەند داوی لە مەلا دەکرد کە بێ دەنگ بێت و بەسیە چیتر با لە سەری نەیواتن،مەلاش هەر نەی دەبییەوە،تا حاکم وای لێ هات زۆر توویە بووو بە مەلای گوت:هەی ئەحمەق چە وای لە تۆ کردووە کە بەو سەرو پۆتەلاکەتەوە ئەو هەموو قسە زلانەی لەلای منێکی وا گەورە بکەیت و ئەوەندەی بلێیت؟مەلاش لە وەرام دا گوتی:بچوکی خۆم یێگەی پێدام کە ئەم پەیپانە بلێم.

*

## حیساب کردن

مەلا هەندێ پارەی بەقازانج ب قەرز دابوو،هەمووی لە دەفتەرێك دا نوسیبۆوە،ڕۆ ژێ یەکی لە قەرزدارەکان بە پێش مالی مەلا دا تێ دەپەیێ،مەلاش کە کابرای بینی یەکسەر بانگی کرد وگوتی:کابرا تۆ دەزانی کە لە مێ ژە قەرزاری منی و تا ئێستا قەرزەکەت نەداومەتەوە؟ کابراش دلنیا بوو لە وەی کە مەلش بە سادەیی خۆی لێی دەبوورێ بە

مەلای گوت:مەلا گیان دەفتەرەکەت بێنە با بزانم چەند قەرز دارم؟
مەلاش کە وای زانی بە وەرگرتنەوەی قەرزەکەی لای ئەو کابرایە گەیشتووە یەکسەر چوو دەفتەرەکەی هێناوحیسابی کردو گوتی:سیو پێنج دینار قەرزداری،کابراش سەیرێکی مەلای کرد و بینی کە هاوسێکەشی بیست و پێنج دینار قەرزدارە،کابرای قەرزداری مەلا گوتی:مەلا تۆ ئەو بیست و پێن دینارەی هاوسێکەی من قەرزدارە لە قەرزەکەی من ببیە،واتە بست و پێنج دیناری ئەو لە سی و پێنج دیناری من ببیە وکەمی بکەرەوە، ئەوسا دە دینار دەمینێتەوە و ئەو دە دینارەشم بدەرێ و خەتێکیش لە سەر حیسابەکان بدە!!!مەلاش چی کە کابرا گوتی بە گوێی کردو ئەنجامی داو خەتێکی لە سەر حیسابەکان کێشاو دەدینارەکەو وەسلێکی دا بە کابرا، مەلا دلی زۆر خۆش بوو بە جێ بەجێ کردن و تەسفیە کردنی قەرزەکانی،کابراش هەستا ڕۆیی ومەلاش بە دلخۆشیەوە چوو مو ژدە بداتە ژنەکەی و گوتی:مەلا ژن ئەمرۆکە من هەندێ قەرزەکانم وەرگرتەوە و جێ بەجێم کردن و قەرزی دوکەسم زۆر بە هاسانی جێ بەجێ کرد،مەلا ژنیش کە سەیرێکی دەفتەرەکانی کرد زانی مەلا فێلی لێ کراوەو مەلای

تێ گەیاند،مەلاش کە یاستیەکەی زانی یەکسەر چوو شکایەتی لە کابرای کردو،قازیش بانگی کابرای کردو پێی گوت ئەوە بۆ فێلت لە مەلا کردووە؟کابراش یاستیەکەی بە قازی گوت و گوتی:من بۆ شۆخی ئەوەم کردووەو مەلا هەستی پێ نەکردوو،ئیتر قازی بییاری دا کە قەرزەکەی مەلا بدەنەوەو مەلاش جارێکی تر ئەم جۆرە حیساباتە نەکاتن چونکە لە حیساب کردن کلۆلە.

*

## بە کورتی

مەلا لە کۆڕێکی وەعز دان دەیگوت:

بە کورتی تەندروستی مرۆ بریتیە لەم چوار شتانەی خوارەوە و دەبێ مرۆ هەمیشە وریایان بێت بۆ ئەوە تەندروست باش بێت:

- هەردو پێیەکانی خۆت هەردەم گەرم ڕاگرەو سەرمایان نەبێت.
- هەیشە سەری خۆت فێنك ڕا بگرە.
- لە خواردنی خۆت هەمیشە بە باشی بڕوانە کە چی دەخۆی.
- هەمیشە زۆر بیر مەکەرەوە.

دیگوت گەر مرۆ وابكات تەندروستی باش دەبێت

*

## ناوی وەک یەک

مەلاژن كوڕێكی بوو،لە شەوی شەشەمی لە دایك بوونی كوڕەكەی مەلا دا كۆمەلێ لە دۆستان و خزمان و هاوسێكانی و كەسانی مەلا چوونە مالّی مەالا بۆ ناو لێنانی كوڕی مەلا لەوێ كۆبوونەوە، لە لە مەلایان پرسی ناوی كوڕەكەت چی بێت؟

مەلاش گوتی:ناوی ژنەكەم لەو دەنێم.

بەشدار بوانیش گوتیان:

مەلا ناكرێت كە ناوی ژنان لە كوڕان بنێن.

مەلاش گوتی:ئاخر من ژنەنكەی خۆم ئەوەندە خۆش دەوێت كە ژنەكەم مرد تا ئەمن بە ناوی ژنەكەم بانگی كوڕەكەم بكەم و یادی ژنەكەم هەمیشە بكەمەوە ، بۆیەكە دەمەوێ ناوی ژنەكەم لە كوڕەكەم بنێم.

*

## دەنكی كەمانچە

شەوێكی درەنگان مەلا لە گەل ئەو كابرایەی كە كاری بۆ دەكردن لە مێوانی دەگەڕایەوە.لەو كاتەدا

بینیان كە وا چەند دزێك دەرگای دوكانێكیا كردۆتەوە و ملیان لە بەر دزینی كەل و پەلەكانی دوكانەكەوە ناوە. مەلا بیری كردووەوە كە خۆ تێ گەیاندن لەم كارەوە بێ سودەو بە زیانی مەلا تەواو دەبێت. گرینگی بەم دزیە نەداو زۆر بە پەلە ڕێگەی خۆی درێژە پێ داو ڕۆیشت.كابرای كارگەری مەلا كە بینی مەلا زۆر بە خێرایی دەڕوات و گوتی:ئەو خشە خشە چی بوو دەهات؟

مەلاش گوتی ئەوە كۆمەلێ خەركی كەمانچە لێدان بوون ، كارگەرەكەش گوتی:ئەی بۆچ دەنگی نەدەهات.

مەلا گوتی:ئاخر ئەم جۆرە كەمانچەیە پاش ماوەیەك لێدانی ئەو جا دەنگ دەداتەوە و دەنگی دێت.

*

## براوەی گرەو

دۆستەكانی مەلا لە شوێنێك كۆبوونەوە،لە بارەی شتێكەوە گرەویان كرد، مەلاش بەشداری گرەوەكرنەكە بوو، گرەوەكەش ئەوە بوو ئەگەر مەلا بتوانێت كە ئەمشەوی زستان بە بێ كەل و پەل و ڕووپۆش و ئاگر كردنەوە بێتە مەیدانی شارەوە و لەوێ بمێنێتەوە ئەوا دەعوەتێكی گەورەی مەلا

دەكەن ،ئەگەر مەلاش نەی توانی ئەو كارە ئەنجام بدات و خۆی لە بەر سەرما پێ نەگیرا ئەوا مەلا دەعوەتێكی گەورەی ئەو هەموو خەلكە بكات. لە دوای بەستنی ئەم گرەوەدابە مەلایان گوت:
چونكە لەو شەوەدا بە سەلامەت دەرناچیت،دەبێ وەسیەتی خۆت بكەیت.
مەلاش بەبێ گرنگی دان زۆر بە خوێن ساردیەوە گوتی:هەمووم گوێتان لێ بوو،هەر لە دوای ڕۆژ ئاواوە چووە مەیدانەكەو سبەینێ هاتەوە لای دۆست و هەڤالەكانی و چی وەسەر نەهات و دۆستانی مەلا سەریان سوڕما كە مەلا چی لێ نەهاتووە!لە مەلایان پرسی و گوتیان:تو شەوەت چۆن بۆ گوزەرا ؟
مەلاش گوتی:سرمایەكی زۆر و تاریكی بوو،لە هیچ لایەكەوە تروسكەیی ڕۆناكی چراش دیار نەبوو،دۆستانی مەلاش كە لە دوای بەهانە دەگەڕان و هەموویان بە یەكەوە گوتیان ئەها گرەوت دۆڕاند،دیارە تۆ كە بە ڕۆناكی گلۆپەكان گەرم بوویتەوە، دەبێ دەعوەتێكی چا بكەیت،تۆ دۆڕای.
مەلاش بە ناچاری قەبوولی كردو شەوێك هەموو دۆستەكانی خۆی بانگ كردو لە مالی مەلا كۆبوونەوە،دوای ئەوەی كە هەمویان ئامادەبوون،ئیتر چەند كات ژمێرێكی بە سەر چوو هیچ هەوالێك لە

خواردن نەبوو،لە مەلایان پرسی و گوتیان:ئەری کەی خواردنمان دەدەیتێ؟مەلاش لە جێگەی خۆی هەستاو گوتی:بچم بزانم ئەگەر کولابێ خواردنەکەتان بۆ بێنم و لە ژوورەکە چووە دەرەوە،دیسان چەند سعاتێکی پێچوو مەلا هەر نەهاتەوە،خەلکەکەش هەر زگی خۆیان لە برسان دەکوشی و بێ تاقەت بو بوون،هەستان لە دوای مەلا چوون،دوای گەڕان لە مەلا ئەویان بینی کەوا زنجیرێکی بە لقی دارێکی گەورەی حەوشەکەی خۆیەوە هەلواسیوە و کەلەشێرێکی زلیشی بە سەری زنجیرەکەوە کردووەو مۆمێکی بچوکیشی لە ژێر کەلەشێرکەوە داگیرساندووە و بۆ خۆشی واتە مەلا لەوێ وە ڕاوەستاوە.لە مەلایان پرسی بۆچی ئێمەت ئاوا ماتەل کردووە مەلا ؟

مەلاش زۆر بە لە سەر خۆییەوە گوتی:بریانیم بۆ دروست کردوون و پڕی ناو زگی ئەم کەلەشێرەم برنج کردووە هەروا چاوەڕوانم کە بکولێت و بێنمە خزمەتتان بەلام هەر ئامادە نەبووەو نەکولاوە.

دۆستانی مەلاش گوتیان،باشە ئەم کەلەبابەو برنجە چۆن بەو مۆمە بچکۆلانەیە دەکولێت؟

مەلاش لە ورامی ئەوان داگوتی:ئەی چۆن مرۆ بە ڕوناکی گلۆپێ لەو بلندابیەوە لە شەوێکی ساردی

زستان دا گەرم دەبێتەوەو بەلام مۆمێکی ئاگر لەو نەزیکەوە کەلەشێرێك ناکولێنێ؟
دۆستانی مەلا بەو وەلامەی مەلا مەحکوم بوون و ئیتر ڕۆیشتن و بۆ سبەی داوەتێکی باشی مەلایان کرد .
*

## بیر بکەرەوە

مەلا لە خەویابوو و بینی کەوا تەواوی ژنەکانی هاوسێیانی وا کۆ بووینەتەوەو دەیانەوێ بە زۆر ئافرەتێکی زۆر جوان بدەن بە مەلا و لێی مارە بکەن،مەلاش لەو خەوەدا یەکسەر ڕاپەڕی وئ ەملاو ئەولای سەیر کرد کەس دیار نیەو هیچ هەوالێکیش لە ژنانی هاوسێ نیە،تەنیا ژنەکەی خۆی بینی لە پالیەوە خەوتووە،ئیتر زۆر زۆر بە پەلە بانگی خێزانەکەی خۆی و کرد و لە خەو هەلیستاند وگوتی: کچێ هەستە هەستە زوو بە!!تۆ نابینی هەموو ژنانی دراوسێ وا کۆبووینەوە بە زۆری زۆرداری دەیانەوێ ئەو ژنە جوانە بدەن بە من، تۆ ئەگەر ڕازی نیت هەستە هەرچیت دەوێ ئیستاکە بیکە،پاشان مافی گلەیی و گازاندەت نیە.
*

## پێنج ئەنگوست

کابرایەك مەلای بینی کە زۆر بە پێ خۆشی وحەزەوە نان دەخواتن،لە مەلای پرسی و گوتی:بۆچی بە پێنج ئەنگوست نان دەخۆییت؟ مەلاش گوتی چونکە شەش ئەنگوستم نیە.

*

## هەلۆی مەلا

ڕۆژێکیان مەلا لە کۆلانێکەوە تێ دەپەیی ،دوو زارۆکی بینی کەوا شەڕیان لە سەر بالندەیەکە و گرتویانە و هەر یەکە بالێکی بالندەکەی بە دەستەوەیە و بۆ خۆی ڕا دەکێشێ و ئەو دەلێ هی منەو ئەویتر دەلێ هی منە،زۆری نەما بوو کە بالندەکەی بکەن بە دوو لەتەوە،مەلاش ڕاستەو خۆ دەچێتە نێوانیانەوە و پێیان دەلێت زۆر شەرمە کە لە کۆلانێك دا ئاوا لە گەل یەك بە شەڕ بێن و لە گەل ئەوەش ئەو بالندە بەستەزمانەچە گوناهێکی هەیە بەو شێوەیە وا ئەزیەتی دەدەن ؟.
مندالەکان خۆشحال بوون لە نێوان کردنی مەلا دا و گوتیان:تۆ گوێ لە ئێمە بگرەو هەریەکەمان قسەی خۆمان دەکەین و تۆش چیت بڕیار دا ئێمە وا دەکەین.

یەکەمیان گوتی:مەن یەکەمجار چاوم بەو بالندە کەوت و وەدوای کەوتم تا گرتم.
ئەویتریان گوتی:ڕاستە،منیش لە دوای ئەوەوە ڕام کرد و گرتنی ئەم بالندەیە ئەوەندە ئاسان نەبوو،ئەگەر ئەو لە جیاتی من بایە نەی دەتوانی ئەم بالندەیە بگرێت،ئێستاکە زەحمەتم کێشاوە بالندە هی منە.
مەلاش گوتی:گۆشتی ئەم بلالندەیە ناخورێتن،تا بیکوژمەوەو گۆشتەکەتان بە سەر دابەش بکەم،خۆ ئەگەر کەمێکی ترتان ڕاکێشابا لە نێوانتان دەمرد هیچ شتێك نە دەبووە بەشی ئێوە،جا بۆ ئەوەی کە هیچتان بێ بەش نەبن من ئەم بالندەتان لێ دەکرم . مەلابە هەر یەکە سەرو درهەمێکی دانێ و بالندەکەشی ئازاد کردو هەردو مندالەکەش زۆر خۆشحال بوون.
بالندەکە ئەوەندەی ئەزیەت بینی بوو لە ڕاکێشان نێوان ئەو دوو مندالەدا نەی دەتوانی کە بە باش بفڕێتن،مەلا کە بەرەلای کرد،یەکسەر کەمێ فڕی و پاشان لە ناو کێلگەیەك دا لە نێوان دوو گادا کەوتە خوارەوە،مەلا کە ئەمەی بینی گوتی:هەی ئافەرین هەلۆی ئازای من،نێچیری باشی گرتن،یەکسەر ڕای کرد بۆ ئەو شوێنەو ئیتر هەردوو گاکەی وەپێش خۆی

دا و بردیەوە ماڵەکەی خۆی ، خاوەنگاکان کە هاتن بینییان کە گاکانیان نەماون، دوای گەڕان و سوڕان سۆراغی گاکانیان لە ماڵی مەلا دۆزیەوە،چوونە ماڵی مەلا و کابرای خاوەن ڕووی کردە مەلا و گوتی:باشە تۆ بە چە مافێك ئەو گایانەی خەلکت هێناوەتە ماڵەوە،خۆ بێ خاوەن نین؟

مەلاش لە وەرامی کابرادا زۆر بە خوێن ساردیەوە گوتی:مەگەر تۆ نازانی کە شکار لە هەموو شوێنێك ئازادە،ئەمڕۆکە هەلۆکەی من چوەتە سەر پشتی گاکەی تۆ واتە ئەم گایەی تۆی ڕاو کردووە،ئێستاش ئەم گایە هی منەو بڕۆ شکایەت لای قازی بکە،کابرا زانی لە گەل مەلا بێ سوودە.

ناو براو چووە لای قازی و هەموو شتەکەی بۆ قازی ڕوون کردەوە،قازیش یەکسەر مەلای داوا کرد،مەلا کە چووە لای قازی و وای لە قازی کرد کە ڕازی بکاتن و بە بەرتیل وەرگرتن بڕیارەکە بە سودی مەلا بدات،مەلا بە قازی گوت،ئەگەر بە سودی من بڕیار بدەن ئەوا چەند تەنەکە ڕۆن و دیاریتان بۆ دەنێرم،قازی بەهۆی ئەو تەماعەوە گاکەی دا بە مەلا و بە خاوەنی گاکەی گوت هیچ هەقێکت نیە،کابرا بە ناچاری و نا ئارامیوە ڕۆیشتەوەو مەلاش گەڕایەوە

مالەکەی خۆی و ئیتر چەند تەنەکەیەکی پڕ ڕۆن کرد و بۆ مالی قازی نارد.

قازی کە چاوی بەو هەموو دیاریەی مەلا کەوت دلی زۆر خۆش بوو،ڕۆژێکیان مەلا بە مالەوەی گوت کە دەعوەتمان هەیەو بێنن ئەم ڕۆنەی کە بۆمان هاتووە بیشکێنن و خواردنێکی باش و بە تامی لێ دروست بکەن،

هێنایان ڕۆنەکەی مەلایان سەر هەلداوە بینیان کە پڕە لە خۆل و شتی بێ سود.قازی کە چاوی بەوە کەوت خوێنی لە مەلا جۆشا.

بۆ سبەینێ مەلای بانگ کرد و بە مەلای گوت بۆچی ئاوا گالتەت بە ئێمە کردووە و مەسخەرەمان دەکەیت؟مەلاش لە ورام دا بە کابرای گوت،تۆ کە قازیت و یاسا پارێزەری ئەم شارەی بۆچی یاساو ڕاستیەکان دەشوێنی و ناهەق دەکەیتە هەق و هەقیش دەکەیتە ناهەق،خۆ ئەو گایە فڕی بە سەر منەوە نیەو تۆش ئەم ڕاستیە دەزانی ئەی بۆچی دات بە من تۆ کە ئاوای هەر ئەوەت شایانە،قازی ڕووی کردە مەلا و تکای لێ کرد کە ئەو شتە نەدرکێنێ و بەردێکی لە سەر دابنێت.مەلاش گەڕایەوەو چووە دوو خاوەن گاکەو گاکەی وێ داوەو بە کابرای خاوەن هەقی گۆت ئەم کارەم بۆ ئەوە کرد،کە تۆ بزانی و تێ

بگەیت کە قازی ئێمە چۆن مرۆڤایەتی و هەق و ناهەق دەپارێزێ.

*

## ڕەوشی ئەم شارە

میرێکی ئەو وەلاتە هاتبووە شارەکەی مەلا،لە کۆڕێکی کە بۆ بەخێر هاتنی جەنابی ئەمیر ساز کرابوو شەربەتی گێلاسیان دا بە جەنابی ئەمیر و ئەمیریش لە دوای خواردنەوەی شەربەت بە توندی پشمی،کابرایەکیش لە جیاتی پێی بلێ نۆشت بێ گوتی: مەرهەبا ، ئەمیر وای زانی کە گالتەی پێ دەکەن ، ویستی هەل بچێ و تووڕە ببێت،بەلام مەلا لەو کاتە هاتە دەست و گوتی:جەنابی ئەمیر لە شاری ئێمە وا عادەتە لە جیاتی گوتنی نۆش لەم شێوەیەدا دەلێین مەرهەبا وەکو شارەکەی ئێوە نیە بلێین نوش.

*

## دوعای لاو

مەلا ژنێکی هاوسێی زۆر هاری هەبوو،کە هەمیشە هاوار هاوارو قیژە قیژی بوو کە ئەمەس مەلای زۆر نا ئارام دەکـــــرد، ڕۆژێکیان ئەو دراوسێیەژنەی مەلا هاتە لای مەلا و بە مەلای گوت مەلاگیان توخوا نوشتووەکم بۆ بنوسە تا کچەکەم کەمێ باشتر بێت و

ئەو هەموو نا ئارامی و ڕەوشط خراپیەی باش بێتیووي چونکە دەترسم کە شتێکی زراپی بە هۆی لەو ڕەفتارانەی بە سەر بێت. مەلاش گوتی:نوشتووی پیرەمێردێکی وەك من کار ناکات بۆ کچەکەی تۆ،بەلام باشتر وایە کە لاوێکی 25 سالە دوعای بۆ بکات و دوعای ئەو لاوە زۆر باش قەبوول دەبێ بۆ کچەکەت.

*

## قەتێ زیندوو بویتەوە

مەلا چوو بوە ڕاوە قەتێ و چەند دانە قەتێیەکی ڕاو کردبوو و هێنابوویەوە مالەوە،مەلاش قەتێکانی کوشتەوەو هەمووی پوخەت و ڕوخت سور کردنەوە و گۆشتەکەشی خستە ژێر سەبەتێکەوە،دەیەویست چەندکەسێ لە دۆستەکانی خۆی بە گۆشتی قەتێ دەعوەت بکات،لەو کاتەدا دراوسێکەی مەلاش چەند قەتێیەکی کڕی بوو کە بیان کاتە کەباب.کابرای دراوسێ هاتە مالی مەلا و قەتێکانی خۆی نایە ژێر سەبەتەکەوەو قەتێکانی سورکراوەی مەلاشی بۆ خۆی برد،مەلاش کاتێ کەگەڕایەوە ویستی قەتێ سورەکراوەکانی خۆی لە بن سەبەتەکە بینیتە دەرەوە،کە سەبەتەی هەلدایەوە قەتێکان یەکسەر فڕین و لە ژوورەکە

چوونە دەرەوە،مەلا کە ئەمەی دیت سەری سوڕماو گوتی:ئەی خودایە من هیچ نالێم کەتۆ ویستووتە دووبارە ژیان و گیان بەو قەتێیانە بدەیتەوە،بەلام دەبوایە ئەو هەموو ماندوو بوون و ڕۆن سەرف کردن و خوێ و پیازو مەسرەفی منت چاوەڕوان کردبایە.

*

## ئافرەتی ناشیرین

دراوسێکی مەلا، مەلای خەلەتاند و ژنێکی زۆر ناشیرینی بۆ دۆزیەوەو لە مەلایان مارە کرد،لە دوای ئەوەی کە مەلا گواستیەوە ، ڕۆژێ مەلا ویستی لە مالەوە بچێتە دەرەوە، ژنەکەی هات بە مەلای گوت:مەلا گیان تۆ هیچ ئامۆژگاری منت نەکرد دەربارەی ڕێز گرتن لە دراوسێیان و خەلکی تر! من نازانم چون ڕێز لە خەلك بگرم ؟ مەلاش لە وەلام دا گوتی:هەول بدە زۆر ڕقت لە من بێتەوە و لە خەلکی تریش کەیفی خۆتە حەزت لە کێ بوو خۆشت بوێ.

*

## پیاو چاک

لە مەلایان پرسی گوتیان:چۆن دەتوانی کە تۆ بسەلمێنی کەوا پیاوی چاکی ؟

مەلا گوتی: هێما بۆ هەر دارێ یان بەردێ بکەم بۆ لای من دێت! دارچنارێکی زۆر گەورەش لە بەرامبەر

مەلا هەبوو ، خەلکەکە گوتیان:دەی مەلا کەواتە بانگی ئەو درەختە چنارە بکە با بێتە لات. مەلا سێ جاران بە چەند پەیڤێکی تایبەت و موبارەکانە بانگی درەختەکەی کرد،درەختەکە نەهات،چەند جارێکی تریش دوبارەی کردەوەهەوالێ لەهاتنی درەختەکە نەبۆ کە بێتە لای مەلا ،ئەوسا مەلا بۆ لای درەختەکە چوو.

گوتیان مەلا داوات لە دارەکە کرد نەهات،بۆچی خۆت بۆ لای دارەکە چووی؟

مەلاش گوتی:ئەولیاو پیاو چاکان ڕوح گەورە نین،درەخت کە بۆ لای من نەهات من دەچمە لای درەخت.

*

## وەلامی ڕاستی

کابرایەکی گەڕۆك دەیگوت: هەچ کەسێك ناتوانێت کە وەلامی پرسیارەکانی من بداتەوە.

گەلێ دانیشمەند و زانایان ئامادە بوون بۆ وەلام دانەوەی پرسارەکانی کابراو نەیان توانی کە وەلامی ناوبراو بدەنەوە ، پاشای ئەو شارەش بەمە زۆر تۆڕە بوو ، بە وەزیرو دانیشمەندەکانی گوت:ئەگەر نەتوانن کە وەلامی ئەم کابرایە بدەنەوە ئەواناچار دەبم پارەی هەمو لایەکتان بەو کابرایە بدەم.

یەکێك بە پاشای گوت:جەنابی پاسا من وا بزانم کە مەلا دەتوانێ وەلامی ئەو کابرایە بداتەوە.پاشاش داوای مەلای کرد و مەلا هات و لە مەسەلەکە گەیشت و گوتی:جەنابی پاشا من ئامادەم بۆوەلام دانەوەی ئەو کابرایەو زۆر ئاسانە و هەموو پرسیارەکانی ئەو گەڕۆکە من وەلام دەدەمەوە. بە کابرای گەڕۆکیان گوت:هەر پرسیارێکت هەیە فەرموو بیکە،کابرای گەڕۆك بە گۆپالەکەی خۆی بازنەیەکی کێشاو سەیری مەلای کرد،مەلاش هەستا هێلێکی لە ناو دائیرەکەی کیشاو بازنەکەی کرد بە دوو بە شەوە کابرا ڕازی بوو لە وەرامی مەلا دا.کابرای گەڕۆك بازنەیەکی تریشی کێشا،مەلاش ئەمجارە یەکسەر بازنەکەی بە چوار بەش دابەش کردو بە دەستی خۆی بەشێکی لەو چوار بەشە بۆ کابرای گەڕۆك دیاری کردو سێ بەشیشی بۆ خۆی دیاری کرد،کابرای گەڕۆك سەیرێکی مەلای کردو بەم وەرامەش ڕازی بوو ، ئەمجارە کابرای گەڕۆك پڕووی ەنجەکانی خۆی لە ئاسمان کرد.مەلاش یەکسەر بە پێچەکانی خۆی ڕوو لە زەوی کرد و پشتی دەستی لە ئاسمان کرد،کابرا سەیری مەلای کردو بەم وەرامەش لە مەلا ڕازی بوو،ئەوسا کابرای گەڕۆك ڕووی کردەوە پاشاوا گوتی:جەنابی پاشا وەلامەکانی هەمووی ڕاست

بوون،دەبێ تۆ شانازی بەو دانیشمەند و زاناو بلیمەتە بکەیت.

پاشاش لە کابرای پرسی و گوتی:نیاز لەو پرسیارانەت چی بووە ؟ کابرای گەڕۆك گوتی:من کە بازنەکەم کێشا مەبەستم نیشان دانی خڕۆکی زەوی بوو،مەلاش کە بازنەکەی کەرت کرد مەبەستی ئەوە بوو کە زەوی خڕەو هێلی ئیستوا بە دوو بەشی دابەش کردووە بەشی سەرو و بەشی خواروو.جاری دووەم کە بازنەکەم کێشاوە مەبەستم ئەوەبوو کە زەوی چوار بەشە،مەلاش کە بە چوار بەشی دابەش کرد،مەبەستی ئەوە بوو بە لێ ڕاستە چوار بە شە ،کە هێمای بەشێکی بۆ من کرد ماناکەی ئەوەبوو کە تەنیابەشێکی خاکە سێ بەشەکەی تریشی ئاوە.پرسیاری دواییم ئەوەبوو کە بە ئەنگوستەکانم هێمام کرد ئەوە بوو کەپێ گەیشتنی دارو گیاو بوونەوەرەکانم نیشان دا،مەلاش لە وەرامەکەی گوتی:هۆی پێ گەیشتن و بوونەوەری گیاو گوڵ و دارو درەخت و کشت و کاڵ بوونی باران و ڕۆ ژ و خاکی زەویە،کەوا گەورە دەبن و پێ دەگەن.کابرا ڕووی کردە پاشاو گوتی:جەنابی پاشا بەڕاستی دانیشمەند و زانا و بلیمەتی وەك مەلا کە زۆر زانایە دەبێ ناوی دەریای زانستی لێ بندرێت. لە دوای ڕۆیشتنی

کابرای گەڕۆك لە مەلایان پرسی و گوتیان باشە ئەو هەموو پرسیارەی کابرا وەلامی جەنابت چی بوو ؟مەلاگوتی: کابرا وێنەی زەوی کێشا،من نێوەم کرد،کابرا نەیتوانی داوای نیوەکەی تریش بکات ، ئەمجارەش کە بازنەی دووەمی کێشا من دابەشی چوار بەشم کرد،سە بەشم بۆ خۆ هەلبژاردو بەشێکیشم دا بە کابرا،پاشان بە پەنجەکانی خۆی هێمای بۆ ئاسمان کرد و مەبەستی ئەوە بووکە زۆری برسیەو ئەگەر ئێستا پلاو لێرە هەبایە دەمخوارد،منیش لە وەرام دا گوتم ئەگەر لە دەورو بەری پلاوەکە کشمیش و باوی و گۆشت هەبوایە زۆر باشتر بوو،لە بیستنی وەلامی مەلا خەلکەکە زۆر پێکەنین و بە مەلایان ا گوت ئافەرین مەلا.

*

## زال بوونی ئافرەت

حاکمی شارێك ژنێکی زۆر جوان و نازداری هەبوو،کە بە تەواوی بە سەر حاکم دا زال بوو،حاکم هەموو کارێکی بە قسەی ژنەکەی بوو،تەنانەت دەرکردنی کارمەندان و حوکم دانی لە هەر ڕوویەکەوە بە ڕای ژنەکەی بوو،خەلکی ئەو شارە چوونە لای مەلا و داوای چارەسەریەکیان لە مەلا کرد.مەلاش ڕاوەستا،تا ڕۆژێ لە مالی حاکم دەعوەت بوون ، مەلا

ژنەکەی خۆشی بۆ مالی حاکم لە گەل خۆیا برد،لە ڕێگەوە مەلا بە ژنەکەی گوت،ئەم کورتانە لە پشتی من ببەستەو تۆش وەرە سواری پشتم ببەو لە دەورەی مالی حاکم دەسوڕێنەوە،ئەم کارەیان ئەنجام دا،حاکم و ژنەکەی مەلاش لە بەر پەنجەرەکەوە ئەمەیان دیت کە مەلاژن سواری پشتی مەلا بووەو مەلاش حیلە حیلیەتی و ژنەکەشی پێ دەکەنێت،چەند جارێک لە دەورەی مالی حاکم سوڕانەوە،پاشان هاتنە لای حاکم و حاکم لە مەلای پرسی مەلا ئەو چێ بوو بۆ ژنەکەت ئاوا سواری پشتت بوو بوو ، مەلاش گوتی جەنابی حاکم من هەموو کارو بارێکم بە ژنەکەم سپاردووە و بە سەرما زال بووە،بۆیەکە هەرچی بلێ ناتوانم نەی کەم دەبێ ئەنجامی بدەم ئەگەر بم کا بە کەریش هەر دەبێ ڕازی بم ، حاکم بیری لەو قسەی مەلا کردەوەو تێ گەیشت کە مەلا مەبەستی چیە ، ئیتر لەو کاتەوە بڕیاری دا کە ئیتر لەمەو داو وا بکات کە ژنەکەی بە سەریا دا زال نەبێت و بە قسەی ژنەکەی نەکات.

## ژنی چاو خیل

مەلا دەیەویست کە ژنێك بێنێ و لە دوای ژن دەگەڕا ، دراوسێکانی مەلاش ئەوەندەیان باسی

ژنێك بۆ مەلا کردو مەدحیان دەکرد و باسی جوانی و نازداری ئەو ژنەیان بۆ مەلا دەکرد ، مەلا لە دوورەوە ئاشقی ئەو ژنە بوو بوو بە تایبەتی ئەویندارى چاوە جوانەکانی ببوو ، مەلا ژنەکەی خواست و گواستیەوە،لە شەوی بۆکێنی دا مەلا شوتیەکی کڕی و بردیەوە مالەوە ، ژنەکەی لە دوورەوە بە مەلای گوت: مەلاگیان بۆ دوو شوتیت کڕیوە ئەوە زێدە مەسرەفە،مەلاش زانی کە ژنەکەی خێلەو یەك بە دوو دەبینێ ، بەلام تازە چارەی نەماوە.

رۆژێ کە لە سەر سیفرە ڕوو نیشتبوون، ژنەکەی لە مەلای پرسی و گوتی:مەلا ئەو کابرایەی کە لە تەنیشتەوە ڕوو نیشتووە کێیە ؟

مەلاش گوتی: هەر شتێکی کە بە دوو دەبینی قەیدی ناکات بیبینە ، بەلام تکام وایە تەنیا من بە دوو کەس مەبینە.

## وەلامی ددان شکین

بازرگانێك سەفەری دەکرد و شەو لە کاروان لەسەرایەك بارو بنەی لێ خست ، بازرگان بۆ نانی ئێوارە داوای خواردنێکی کرد ، کابرای خاوەن

گازینۆكەش خوادنێكی پوخت و ڕوختی لە جوجە كەباب بۆ هێنا،كابرای بازرگان تێرو تەسەلی لێ خوارد، بازرگان پاشان لێی خەوت و خەوێكی باشی كردو بەیانی ، خاوەن گازینۆ واگای هێناو پارەی خواردنەكەی لێ وەرگرت ، بازرگان ڕۆیی و دوای سێ مانگان كە گەڕایەوە،هاتەوە هەمان گازینۆ و دیسان برسی بوو داوای خواردنی لە گازینۆكە كردو كابرای خاوەن گازینۆ نان و خواردنی بۆ هێناو نانی ئێوارەیەكی باشی خواردو تێرو تەسەل بوو، كابرای بازرگان داوای لە كابرای خاوەن گازینۆ كرد كە بێت تا پارەی خواردنەكەی بداتی،كابرای گازینۆش هات و لیستێكی دوور و درێژی بۆ بازرگان هێناو پارەكەی تیا نوسی بوو كە دەكاتە هەزار دینار، بازرگان كە چاوی بەو پارەیە كەوت و گوتی:ئەم پارەیە بۆ وا زۆرە؟ كابرای خاوەن گازینۆش هات و گوتی:من زۆرم كەم نوسیوە،ئەگینا پارەكە گەلێ زیاترە! بازرگانیش گوتی: بۆ دەبێ هەزار دینارت بدەمێ ؟ كابرای گازینۆوا گوتی:گوێ بگرە ئەگەر من ئەومریشكانەی كە جاری پێشوو خواردت،ئێستا مابان هەریەكە چەند هێلكەیان دەكرد و چەن جوجەیان هەل دێناو ئەوانیش دەبوون بە مریشك و ئەو مریشكانەش چەند هێلكەیان دەكردو و چەنس جوجەیان هەل دێنا ،

ئەوسا من دەبووم بە خاوەن پارەیەکی زۆر و گەلێ سودی پتر دەبوو،ئێستا کە داوای هەزار دینار دەکەم تۆ دەبێ سوپاسم بکەیت کە داوای زیاترت لێ ناکەم،بەلام کابرای بازرگان هەر ڕازی نەبوو،کارەکە گەیشتە لای قازی و کابرای بازرگان هەرچەند هەولی دا هیچی بۆ نەکراو قازی بڕیاری دا کە دەبێ پارەکەی بە خاوەن گازتنۆکە بدات چونکە کابرا خاوەن گازینۆ هەقە،بازرگان زۆر نا ئارام بوو،دۆستەکانی پێیان گوت تەنیا مەلا مەشور دەتوانێ هەقت بسەنێ،بازرگان چووە لای مەلا و باسەکەی بۆ کردو مەلا گوتی زۆر باشە من دێم بۆ دادگا ، دوبارە داوای دادگایی کردنەوەیان کردو ڕۆژی دادگای دیاری کراو هەمویان ئامادە بوون و مەلا نەهات و دوا کەوت،کە مەلا دیسان لە دوایان نارد ئەمجارە هات،قازی توڕە بوو بە مەلای گوت:مەلا تۆ ئەو هەموو داوایەت کرد کە دادگا دوبارە بێتەوە خۆشت دوا کەوتی،مەلاش گوتی جەنابی قازی کەمێ کارم هەبوو،دیهاتیەکان هاتبوون کە هەبوو ،تۆی چاندن بەرن،ویستم تەکبیرێ بکەم کە بەرهەمی سال باشتر و زیاتر ببێت،ئەگەر لەوێ نەبام ئەوا تۆیەکەیان نەدەبرد،من ڕاوەستام تا

تۆیەكان كران بە دانووو بەتەواوی كولا،ئەوسا دابەشم كرد،چونكە بە كولان بەرهەم زیاتر دەبێتن. قازی ڕووی كردە خەلكەكەو گوتی: تەخسیری ئەو نیە تەخسیری خۆمانە كە كارمان بەو نادانە سپاردووە،وا چەند سعاتێك ئێمەی بە دوا خستووە تا ساعەتها گەنم بكولێنێ و بە جوتیارانی بداتن و بەرهەم زیاد بێتن،هەموو كەس دەزانی كە گەنمی كولاو نابێ بە تۆی چاندن و بەرهەمی نابێتن.

مەلاش ئەوسا ڕووی كردە حاكم و گوتی:جەنابێ حاكم ئەی بۆ ئاوەی مریشكی مردو زیندوو ذیبێتەوەو هێلكە بكات و جوجە دەرێنی و بەرهەمێكی زۆری هەبێتن ؟ بەلام گەنمی كولاو نابێ بە تۆ و بەرهەمی نابێتن.

بەم وەلامە ددان شكێنەی مەلاهەموو لە هەموو سەریان سوڕماو قازیش بە ناچاری گوتی: زۆر ڕاستەو كەواتە هەق بە بازرگانە و خاوەن گازینۆ تاوانبار بوو .

*

## فێركردنی خویندەواری كەر

كەرێكی زۆر شیك و جوانی بەغداییان بۆ حاكمی شار بە دیاری هێنابوو،تەواوی ئەو خەلكەی كە ئەو

کەرەیان بینی بوو بە تێکڕایی بەو کەرەیان دا هەلدەگوت و باسیان دەکرد.

ڕۆژێکیان مەلا لە کۆڕێکی مەجلسێکی حاکم دا بە حاکمی گۆت:جەنابی حاکم من ئامادەم کە سێ مانگان دەرس بەو کەرە بلێم و فێری خوێندەواری بکەم.

حاکم و ئامادەبووان لەم قسەی مەلا سەریان سوڕ ماو حاکم گوتی:مەلا ئەگەر تۆ بتوانی ئەم کەرە فێری خوێندنەوە بکەیت ئەوا پاداشێکی زۆر باش وەر دەگریت ، بەلام ئەگەر دەتەوێ کە گالتە بە ئێمە بکەیت ئەوا تۆلەت لێ دەکەمەوە.

مەلا قسەی حاکمی قەبوول کرد کەرەکەی وەرگرت و بردیەوە مالەوە،سێ مانگان مەلا خەریکی فێرکردنی کەرەکەبوو،ڕۆ ژێکیان لە دوای سێ مانگان دا حاکم کۆڕێکی گەورەپیاوانی شاری بەست و داوای کەرەکەو مەلای کرد،مەلاش بە خۆی و کەرەکە هاتن،مەلا کتابێکی لە پێش کەرەکەدانا،کەرەکەش لاپەڕە بە لاپەیەی کتابەکەی بە زمان وەردەگێڕاو تا دوا لاپەڕە تەواو بوو،کەرەکە کە هەموو لاپەڕەکانی هەلدایەوە ئاوڕێکی لە مەلا دایەوەو دەستی بە زەڕە زەڕ کردن کرد،تەواوی ئامادە بووان سەریان لەو کارە سوڕما.

حاکم لە مەلای پرسی و گوتی:مەلا ئەوە چیت کردووە کە ئەم کەرە لاپەڕەکانی ئەم کتابە هەل دەداتەوەو و دەڕوانێتە تۆ و ئەوسا دەست بە زەڕە زەڕ دەکاتن؟

مەلاش لە وەرامی حاکم دا گوتی:ئەو ڕۆژەی کە ئەم کەرەم بردەوە مالەوە، کتابێکی گەورەم هەیە کە لاپەڕەکانی لە پێستی ئاهووە،لە نێوان هەر لاپەڕەیەکا چەند دنکە جۆیەکم دانا،ڕاوەستام تا کەرەکە برسی بوو ، ئەوسا کتابەکەم لە پێش کەرەکە دانا،کەرەش کە بۆنی جۆی دەکردو برسی بوو، کە لاپەڕەی یەکەمم بۆکردەوە ،کەرە کە چاوی بە جۆ کەوت ئیتر دەستی بە خواردن کرد و وردە وردە بەو شێوەیە هەتا لاپەڕەکان تەواو بوون کەرەش هەر جۆێەکەی دەخوارد،ڕۆژێ لە دوای مانگێك کە کەرە زۆر برسی بوو،بە هەمان شێوە کتابەکەم لە پێش کەرە دانا،بەلام من بۆم هەل نەدایەوە،کەرەش کە برسی بوو،بە خۆی لاپەڕەی یەکەمی بە زمان هەل دایەوەو دەستی کرد بە جۆ خواردن لە لاپەڕەی یەکەمەوە تا دوا لاپەڕە بەو شێوەیەی تەوا کردو هەموو جۆکەی نیوان لاپەڕەکانیشی خوارد،تاکو سێ مانگ تەواو بوو، ئیتر کەرەبۆ خۆی فێری ئەوە بوو کە چۆن جۆ بخواتن و

لاپەڕەكان هەل بداتەوە،كاتێ كە لاپەڕەكانی تەواو دەكرد و ئاورێكی لە من دەدایەوەو دەیگوت جۆم تەواو بووەو بەو زەڕینە بە منی دەگوت كە برسیمە.
مەلاش كە لە قسەكانی خۆی بۆوە،بەشدار بوانی كۆڕەكە هەندێكیان بە حاكمیان گوت:كەر چ بایەخێك بۆ ئەو قسانەی مەلا دانەنێت ، بەلام مەلا ئەوەی بە حاكم سەلماندو گوتی: كەتەنیا زەڕەی كەرە نیە كە فێری خوێندن بووە ئەم كەرە بە هۆی هەلدانەوەی لاپەڕەكان هەمو كتابەكەش دەخوێنێتەوە،جا حاكمیش لە سەر بڕیارەكەی خۆی مابوو بۆیەكە پاداشێكی باشی بە مەلا دا.

*

## هەق بە هەمووتانە

كابرایێ هاتە لای مەلا و شەرعی بە ملا كرد،هەموو كێشەكەی خۆی بۆ مەلا شێ كردەوەو بە تەواوی خۆی بە خاوەن ماف نیشان داو بە مەلای گوت:ڕای جەنابتان لەو بارەوە چیە؟
مەلا گوتی: ماف بە تۆیە.
ڕۆژی دوایی كابرای شكایەت لێ كراویش هاتە لای مەلا و ئەویش هەموو بابەتەكەی خۆی بە دلَی خۆی

شێ کردەوەو ئەویش خۆی بە خاوەن ماف نیشان داو بە مەلای گوت:

ڕای جەنابتان لە سەر چیە؟

مەلاش گوتی:

لەم کێشەیە تۆ بە خاوەن ماف دەبینم.

کابرا ڕۆیشت مەلاژنیش کە گوێی لە هەردو وەلامەکانی مەلا بوو بوو هاتە لای مەلا و گوتی:

ئەرێ مەلا من قازی نیم ، بەلام ژنی قازیم ، تا ئەندازەیەك تێ دەگەم،لەم وەلامانەی تۆ سەر دەرنابەم،تۆ بە هەردوکیانت گوت هەق بە تۆیە،ئەمە یانی چی و دوا جار کارەکە بە کوێ دەگاتن؟

مەلاش زۆر بە لەسەرخۆییەوە گوتی: هاوسەری ئازیزم تۆش هەر ڕاست دەکەی.

*

## خەسوو

ڕۆژێکیان هەوالیان بۆ مەلا هێناو گوتیان:مەلا خەسوت لە کەناری ڕوباری ئاوایی خۆی شوشتووەو پێی خلیسکاوە و کەوتۆتە ناو ڕوبارەکەو ئاو بردویەتی و تا ئێشتاش تەرمەکەی نەدۆزراوەتەوە.

مەلاش یەکسەر چووە شوێنەکەی کە خەسووی خۆی لێ شووشتبوو،هیچ هەوالێ لە خەسووی مەلا نەبوو،مەلا لە جیاتی بەرەو خوار بچێ لە تەرمی خەسووی بگەڕێتن، بەرەو سەرەوەی ئاوەکە لە تەرمی خەسووی دەگەڕا،هۆی ئەم کارەیان لە مەلا پرسی و گوتیان مەلا خۆ تەرمی خەسوت ئاو بەرەو خواری بردووە نەك بەرەو ژوور؟تۆ بۆچ لە لای سەرەوە لە خەسووت دەگەڕێیت،مەلا گوتی: ئێوە نازانن کە خەسووی من چۆن بووە،من خەسووی خۆم باشترلە ئێوە دەناسم،چونکە ئەو هەمیشەلە قسەو ڕەفتارەکانی بە پێچەوانەوە بوو،ئێستاش کە لە ئاو خنکاوە حەتمەن بە پێچەوانەوە چووە.

*

## چوار نەفەر لە سەر یەک تەختی نوستن

مەلا لە دوای مردنی مەلاژن،بێوەژنێکی تری هێنا،هەموو شەوانە لە سەر جێگای خەوتن دا مەلا باسی ژنی پێشووی خۆی دەکردو ستایشی لێ دەکرد،مەلاژنی تازەش بە هەمان شێوە باسی مێردی پێشووی خۆی دەکرد و پێی دا هەل دەگوت:شەوێکی باس لەو باسانە بوو،مەلاژن کە باسی مێردەکەی دەکات و مەلا زۆر تۆڕە دەبێت،مستێکی توند ڕا دەوەشێنێ و لە مەلاژن دەدات و مەلاژن یەکسەر

دەکەوێتە خوارەوە،و ئازاری زۆر دەبێت و بۆ سبەینێ لای باوکی خۆی شکایەت دەکات،باوکی ژنە بە مەلا دەلێت:مەلا ئەوە بۆ ئاوا کچەکەت لە سەر تەخت خستۆتە خوارەوەو وا ئەزیەتت داوە؟

مەلاش زۆر بە خوێن ساردی و زۆر بە لەسەر خۆییەوەدەلێت:چی بلێم ئێمە ئەو شەوە چوار نەفەر بووین لە سەریەك تەختی خەومان، من و ژنی پێشووم و مەلا ژنیش لە گەل مێردی پێشووی و هەرچەن دەمان کرد جیمان لە سەر ئەو تەختە نە دەبۆوەو مەلاژنی تازە یەکسەر لە سەر تەخت بەر بۆوە خوارەوە.

*

## دەنگی پارە

ڕۆ ژێکیان دوو کەس هاتنە لای مەلا لە بارەی بڕیار دانی شەرعی لە قەرز و قەرزداری.یەکێ لەوان گوتی: کە بیست دیناری لە سەر ئەویترە کە بە دەستی خۆی لە منی وەرگرتووە ، لە کاتی وەرگرتنی پارەکە دەی ژمارد و زرینگەی لێوە دەهێناو دەیگوت:بگرە ئەمە یەك ئەمە دوو تا هەر بیستی بەو جۆرە ژماردو دەنگەکەی دەدایە گوێی کابرا داواکار.

مەلاش گوتی:دەبڕۆن کابرا پارەی تۆی دایتەوە هەمووی بۆ ژمـــــاردووی و دیارە وەرت گرتۆتەوەجا لێرە بڕۆن.

*

## نکتە

کابرایەك لە لای مەلا ڕوو نیشتبوو.لە ناکاو بایەکی لێ بەربوو،بۆ ئەوەی بتوانێت کە دەنگی تڕەکە بشارێتەوە،پێلاوەکانی لە زەوی دەخشاند و دەنگی جۆراو جۆری بە پێیەکانی خۆی دەردەهێنا،مەلاش کە ئەم دەنگە ناخۆشەی سیڕەسیڕەی گوێ لێ بووگوتی: دەنگی باکەت لە بەین برد ، بەلام دەبوایە بۆ بۆنەکەشی بیرێکت کردبایەوە.

*

## نا ئارامی

شەوێکی جە ژن مەلاژن خواردنێکی زۆر بە تام و بۆی دروست کردبوو،مەلاش کە هەمیشە حەزی لە خواردنی کفتە بوو،تێرو تەسەلی خواردو ئەوەی ماوە ش بۆ سبەی نیوەڕۆ هەلیان گرت.

شەو کە مەلاژن نوستبوو،مەلاش هەر بە خەیالی ئەو کفتانە بوو کە بۆ سبەی هەلیان گرتبوو ، هەرچەند

كردی و ئەولا ئەو لای كرد مەلا لە تاو نەوسی خۆی و كفتەكان خەوی لێ نەكەوت.
مەلا ناچار بانگی مەلاژنی كردو گوتی:مەلاژن من خەوم لێ هەڕمایەو دەبێ چارەیەك بكەین.
مەلا ژنیش گوتی: بلێ چارەی چی بكەم ؟
مەلاش گوتی:ئەو كفتانەی كە ماوەتەوە بیان هێنە كە بیانخۆم تاكو بتوانم بنووم.
مەلاژنیش گوتی:پیاویژگە شەرم بكە تازە خواردنت خواردووە ، بخەوە سبەی كفتەكان دەخۆین.
مەلاش هەر گوتی:ئافرەت كفتەكان بێنە تاخەوم لێ بكەوێت.
مەلا وازی نەهێناو مەلاژن بە ناچاری چوو كفتەكانی هێنا.مەلاش زۆر بە پەلە هەموی خوارد و لرفی كرد و ئیتر ئارام بوو و لێی خەوت.

*

## مالی فەقیر

مەلا لە گەل چەن كەسێ چوونە سەر دەعوەتەوە.هەمویان لە گۆشـەیەكەوە ڕوونیشتبوون بنێشتیان دەجوو ، لەو كاتەدا خانەخوێكەیان هات و گوتی: فەرموون نان ئامادەیە.كە چوونە سەر سفرەكە ڕوونیشتن ونان بخۆن ، مەلا بنێشتەكەی زاری خۆی دەرهێناو بە سەر لوتی خۆیەوەی نوساند و

خەریك خواردن بوون،مێوانەكان لە مەلایان پرسی و گوتیان مەلا بۆچی ئاوات كردووە؟
مەلاش گوتی:باشتر وایە كە مالی پیاوی فەقیر هەمیشە لە بەر چاوی خۆیەوە بێتن.

*

## گەردەن بەند

مەلا دوو ژنی هەبوون،لە چنگ ئەو دوو ژنانەی بەدبەخت بوو بوو،ڕۆژێكیان بۆ ئەوەی كە كەمێ نا ئارامی خۆی لە دەست ئەو دوو ژنانە كەمتر بكاتەوە هەستا سەرو گەردەن بەندی بۆ كڕین و داوای لێ كردن كە وابكەن كەس بەویتر نەلێت و وا نەكات كە ئەویتر بزانێ.بەلام لە دوای چەند ڕۆژژێك ژنەكان بڕیاریان دا كە لە مەلا بپرسن و بزانن مەلا كامەیان لەویتر پتری خۆش دەوێت.لەو كاتەدا گەردەن بەندەكان بە هاواریەوە هاتن و مەلا گوتی:گەردەن بەندم بە كێ داوە ئەوم لەویتر خۆشتر دەوێ.ئیتر بەو قسەیەی هەردوكیانی ڕازی كردن بەبێ ئەوەی كە ئەوان بزانن كە وەلامی مەلا گیرو گرفتی هەردوكیانی حەل نەكردوە.

*

## بۆچی ناخۆی؟

ڕۆژێكیان مەلا بە سەفەر دەچی،لە ڕێگەوە توشی بە دو ڕیگران دەبێت و هەرچی لە گیرفانی دەبێت لێی دەدزن و دەیبەن،مەلاش دەڕواتە شارێك و لەوێ زۆری برسی دەبێت و دەگەڕێ و دەگاتە دوكانێكی نانەوایی و لە خاوەن دوكانەكە دەپرسێت ودەلێت:ئەم دوانە هی خۆتە؟كابراش دەڵێت بەلێ هەمووی هی خۆمە.ئیتر مەلا چەند جارێك ئەو پرسیارە لە خاوەن نانەوایی دەكاتەوەو هەمان وەرام دەبیستێتەوە.لە پاشان دەلێت:ئێ كەواتە بۆچی وەستاوی و نان ناخۆێت؟

*

## زمانی خەلک

ڕۆژێكیان مەلاو كوڕەكەی دەچونە گوندێكەوە، مەلا كوڕەكەی سواری كەرەكەی دەكات و بە خۆشی بە پێیان دەڕواتن.لە ڕێگەوە گەیشتنە چەن نەفەفرێك و نەفەرەكان گوتیان:مندالانی ئەم زەمانە هیچ ڕێز لە دایك و باوان ناگرن،سەیركەن ئەوكوڕەی مەلا سواری كەر بووەو باوكیشی بە پێیان دەڕواتن.
كوڕەكەی مەلا كە ئەمەی بیست یرووی كردە باوكی و گوتی:بابەگیان بینیت من گوتم باوكە باش نیە كە من سوار بم و تۆش پیادە بڕۆیت قەبولت نەكرد؟ئەوا

خەلکی تریش ئاوا دەلێن،جا وەرە تۆ سوار بەو من بە پێیان دەڕۆم.مەلا ئەمجارە سوار بوو و کوڕەکەی بە پێیان دەڕۆیشت.کاتێ کە لە شوێنێکەوە کە مەیدانی بار بەری بوو تێ دەپەڕین،گەیشتنە کۆمەلێ خەلك کە لەوێ وەستا بوون. کە مەلایان دیت سوارەو کوڕەکەی پیادەیە گوتیان:

سەیری ئەم کابرایە ئەحمەقە بکەن کە سالەهای سال بە پێیان ڕۆیشتووەو سەرماو گەرماشی زۆر دیوە بە خۆی سواری کەر بووەو کوڕەکەشی پیادەیەو بەڕاستی بێ ویژدانە،ئەمجارە مەلا کە ئەمەی بیست دەستی کوڕەکەی گرتوو لە تەك خۆیا سواری کەرەکەی کردو هەردوکیان بە سواری دەڕۆیشتن،هێشتان ئەوەندە نەڕۆیشتبوون،توشیان بە کۆمەلێکی تر هات و گوتیان،بەڕاستی ئەم دوو نەفەرانە نەزان و بێ ویژدانن،بنواڕن چۆن هەردوکیان بە یەکەوە سواری ئەو کەرە بەستەزمانە بونەو هیچ زگیان بەو کەرە ناسوتێت،ئیتر مەلا کوڕەکەی لە کەرەکە هاتنە خوارەوەو هەوساری کەرەکەیان گرت و بە پێیان بە ڕێوە دا ڕۆیشتن. هێشتان ئەوەندە نەڕۆیشتبون توشیان بە کابرایەکی تر بوو و گوتی:بەڕاستی ئەم دو کەسە گێلن هەردوکیان بە پێیان دەڕۆن و هەوساری کەریان

گرتووەو لە دوو خۆیان دەیكێشن.مەلا كە ئەمجارە كە اوای بیست و گوتی:بەلێ ڕاست دەكەی بەلام تو خودا تۆ وەرە بۆ ڕزگاری لە دەستی خەلك ڕێگەیەكمان بۆ بدۆزەوە كەئێمە بزانین چی بكەین باشە؟

*

## هیزە

مەلا هیزەیەكی كۆنی بە سالا چووی لە مالەوە هەبوو،هەستا ئەو هیزەیەی بە كۆلی خۆی دادا و بۆ بازای برد تا بیفرۆشێت.زۆر سوڕاو گەڕا كڕیارێكی بۆ نەدۆزیەوە،ئەمەش لە بەر ئەوەی كە هیزەكەی كونێكی تێدا بوو،كابرایەك گوتی:مەلا ئەم هیزەی تۆ هیچی لە ناو ڕا ناوەستێت چونكە كونێكی تێدایە و كەسیش لێت ناكڕێت.

مەلا زۆر بە ڕازیبوانە بە كابرای گوت:وانیە ئەم هێزەی من لە مالەوە سالەهایە كە ژنەكەم پڕ لە پەمۆی دەكات و هیچیشی لێ نەڕژاوە،ڕوی كردە كابراو گوتی:تۆ چۆن دەلێیت هیچی لێ ڕاناوەستێت؟

*

## زیرەكی

مەلا چووە لای حاكمی شارەوە.مەلا بە حاكمی گوت:جەنابی حاكم وەرە بڕیارێكم بۆ بنوسە كە هەر

کەسێك لە ژنی خۆی بترسێت من مریشکێکی لێ وەر بگرم.

حاکم کە مەلای باش دەناسی و بە شۆخی کردنەکانی مەلا ئاشنایی هەبوو،هەستا ئەو بڕیارەی بۆ مەلا نوسیو بڕیارەکەی دا بە مەلا.مەلاش دوای بەسەرچونی ئەمە چەند ڕۆژێك بە سەفەر چوو،کە گەڕایەوە زیاتر لە سەد مریشکی لە گەل خۆیا هێنا بوو،حاکمی شاریش لە کاتی گەڕانەوەیَ مەلا چاوی بە مەلا کەوت ، کە ئەو هەموو مریشکەی پێیە و سەری سوڕما و پرسی و گوتی:ئەرێ مەلا تۆ ئەو هەموو مریشکەیەت بە هۆی ئەو بڕیارەوە وەدەست کەوتووە؟

مەلا لە وەلام دا گوتی:جەنابی حاکم ماندو بووم و حەوسەلەی زیاترم نەبوو ئەگینا بە قەد هەموو خەلکی ژێر فەرمانڕەوایی تۆ مریشکم پەیدا دەکرد،گوتی:ئێستا با بە جەنابت بلێم،لە فلان شار کەنیزێکی تا بلێی جوان و شیك و نازدارم بینی،کەئەو ئافرەتە تا بلێی دەنگی خۆش بوو،ئەو ئافرەتە بۆهاوسەریەتی ئێوە بەیڕستی لە بار و نازدار بوو،حاکم کە ئەمەی بیست دەستێکی بە دەم و چاوی دا هێناو گوتی:مەلا ئاگات لە قسەکانت بێت،خێزانم لەپشت دەرگاوەیەو دیوار بە گوێیە.

مەلاش گوتی:جەنابی حاكم كارم هەیە تكایە فەرمان بدە با مریشكێكم بۆ بێنن تا بڕۆم،ئەوسا حاكم تێ گەیشت و زانی كە مەلا ویستوویەتی كە تاقی بكاتەوە،بە مەلای گوت ئافەرین بەڕاستی زیرەكی و دەستوری دا كە یەك كەلەشێری گەورە بۆ مەلا بێنن،مەلاش زۆر بە دلخۆشی گەڕایەوە مالەوە.

*

## ئاشنای

ڕۆژێكیان مەلابە تەنیایی لە دەشتێكی پان و بەرین دەسوڕایەوە،توشی بە كۆمەلێ لە ڕاوچیان بوو كە لە سەر سیفرە نانیان دەخوارد،مەلاش كە چاوی بە سفرەكە كەوت یەكسەر چوو لە سەر سیفرەكە ڕوونیشت و وەك ئەوان بەبێ چەند و چوون دەستی بە خوارند كرد ، بەبێ ئەوەی كە كەس لەوانە بناسێت.

یەكێ لە ڕاوچیەكان لە مەلای پرسی و گوتی:كامەمان دۆست و ئاشنای جەنابتین؟

مەلاش لە كاتێك دا كە كەسی لەوانە نەدەناسی و پارووی زلی لە دەما بوو هێمای بۆ خواردنەكە كردو گوتی:ئەمە دۆستمە بەڕاستی و ئاشناو خۆشەویستی منە.

*

## چەورتر

مەلا لە مەلاژنی پرسی و گوتی:ئیمشەو بۆ پلاو برنج چیمان پێ دەوێ؟

مەلاژنیش گوتی:كیلۆیەك برنج و دووكیلۆ ڕۆن.

مەلا گوتی:دوكیلۆ ڕۆن بۆ یەك كیلۆ برنج زۆر نیە؟

مەلاژن گوتی:خواردنێ كە لە سەر سیفرە نەبێتن با چەوری زیاتر بێتن.

*

## خودایی

ڕۆژێكیان كابرایەكی قولەڕەشی هەژار لە دواوەی مەلا لە مزگەوت بوو ، مەلا خەریكی نوێژو دوعا كردن لە خودا بوو و دەستی بلند كردبوو لە خوا دەپاڕایەوە .

قولەڕەشەكەش كە دوعای دەكردن لە ناكاو پرسی و گوتی:ئەی خودایە لە بینینی تۆیا هەزار سال چەندە ؟

مەلاگوتی:یەكسانیە.

قولە ڕەشە دیسان پرسی و گوتی:ئەی خودایە هەزار دینار لەلای تۆ چەندە؟

مەلا گوتی:یەك دینار

قولە ڕەشەكە گوتی:كەواتە ئەی خودایە دە تۆ ئەو دینارەم پێ بدە.

مەلا گوتی:یەك سانیە سەبر بكە.

*

## كووڕی مەلاو پەیڤی ناشرین

ڕۆژێكیان كوڕی مەلا هەندی قسەی ناشرین و خراپی بە مرۆیەكی باشی ئاوایی گوت.مەلا كاتێ كە ئەمەی زانی،هەستا چووە لای كابراو داوای لێ بوردنی لە كابرا كردو گوتی:

هەرچیەكی كە ڕووی دابێ ئەو وەكو كوڕی خۆت وایە و زۆر كەرە ، زۆر بێ ئەقلی كردووە.دەبێ ببووریت و لە دلت نەمینێ.

*

## زیرەكی

شەوێكیان مەلا لە گەل چوار نەفەری تر لە سەر سیفرە ڕونیشت بوون بە یەكەوە نانیان دەخوارد و لە ناكاو چرای مالەكە كو ژایەوە.

بڕیاریان دا كە یەكێكیان بچێ چراكە هەلكاتەوەو تا دەگەڕێتەوە كەس دەست بۆ خواردنەكە نەباتن،بۆ ئەوەش كە بزانن كەس خەریكی خواردن نیە دەبێ چەپلە لێ بدەن،مەلاش لە جیاتی ئەوەی كە چەپلە بە هەردو دەستی لێ بداتن بە دەستێك خەریكی خواردن بوو و بە دەستەكەی تریشی لە ڕانی خۆی دەدا و بەوشێوە

خەریکی چەپلە لێ دان بوو،کاتێ کە چرا هات و سەیری خواردنەکەیان کرد دیتیان کە زۆربەی خواردنەکە نەماوەو خوراوە،هەریەکەیان ئەویتری گوناهبار دەکرد و مەلاش بەبێ دەنگ هەندی خواردبوو هەلسابوو مرتەقی لێ برِا بوو.

*

## زوو وەلام دانەوەی

رِۆژێکیان مەلا بە پەلە لە دەشتێکەوە دەرِۆیشت و کەرەکەی دا بووە بەر قامچیان و بە توندی لە کەرەکەی دەدا،لەوکاتەدا توشی بە کابرایەکەە هات و کابرا گوتی:هەی بێ ویژدان ئەوە بۆ تۆ ئاوا لەو کەرە بەستەزمانە دەدەیت؟ئاخر گوناهت دەگاتێ.
مەلاش لە وەرام دا گوتی:ببورە نەمزانی کە خزمایەتی لە گەل جەنابتانەوە هەیە.

*

## فەرمانی خواردن هینان

رِۆژێکیان مەلا چووە گوندێکەوە،چەند کەسێکی دیت و داوای لەو کەسانە کردو و گوتی: بەبێ دوا کەوتن خواردنم بۆ بێنن،ئەگینا ئەو کارەی کە بە ئاوای قۆرِیتانم کردووە بە ئێوەشی دەکەم.خەلکی ئاوایی سادە دلیش یەکسەر چوون

خواردنیان بۆ مەلا هێنا،لە دوای ئەوەی کە مەلا تێرو تەسەلی خواد و لە مەلایان پرسی و گوتیان:
ئەرێ چیت لە ئاوایی قۆڕیتان کردووە؟
مەلاش گوتی:لەوێندەر داوای خواردنم کرد هیچ خواردنێکیان بۆ نەهێنام و خواردنیان نەدامێ،منیش بەبێ چەندو چوون یەکسەر هەستام و هاتمە ئێرە.خۆ ئەگەر ئێوەش خواردنتان نەدا بامێ ئەوا ڕاستەو خۆ دەڕۆیشتم.

*

## هەست و هۆشی مەلا ژن

مەلاژن لە مەلای پرسی و گوتی:ئەرێ دز چۆن دێتە مالی خەلکەوە؟
مەلاش گوتی:دز کە دێتە مالەوە لباد لە پاکانی خۆی دەبەستێ و لە شت دەگەڕێ تا دەنگی پێکانی نێت و خاوەن مال لە خەو هەلنەستێت و واگانێتن.
شەوێکیان مەلاژن خەوی لێ هەڕ دەمینێ و خەوی لێ ناکەوێتن.بە گالتە مەلا واگا دێنێت و دەلێت:
مەلا مەلا هەستە وابزانم دز هاتۆتە مالەوە.
مەلاش لە خەو ڕادەپەڕێ و دەلێت کوا دز لە کوێیە؟
مەلاژنیش دەلێت:ماوەیەکە هەرچەند کە گوێ ڕا دەگرم هیچ سەرو سەدایێ نایێت،وابزانم دز هاتووتە

مالەوەو لبادی لە پێی خۆی ئالاندووەو دەنگی هیچ نایێتن.

*

## کەللەسەری مەڕ

ڕۆژێکیان مەلا لە سەر ڕوبارێك مەڕێك سەر دەبڕت و سیکاردەکەی زۆر کول دەبێت،هیچ چەقۆیەکی تری دەست ناکەوێت،بە ناچاری زۆر بە توندی چەقۆیەکەی دەخاتە ملی ئا ژەلەکەو سەری ئاژەلەکە لە جەستەی مەڕەکە جیا دەبێتەوەو ڕاستەوخۆ دەکەوتە ناو ڕوبارەکە.
مەلاش هەل دەستێت باقە گیایەك دەچنێ و لە دەستی خۆی دەگرێت و دەلێت:مەڕەکە گیان وەرە وەرە گیام بۆ چنیوی،هەرچەند بانگی دەکات هەوالێ نیەو ئاوەکە مەرەکەی بردووە.مەلاش کە بێ هیوا دەبێت و زۆر بە دلنیاییەوە دەلێت:ئێستا کە گوێ لە من ناگری دەبرۆ با گورگ دەندەکانت وردو خاش بکات و بتخوات .

*

## گوێ ڕایەلی کردن

کورەکەی مەلا عادەتی وا بوو هەرچیت پێ بگوتبایە ئەو بە پێچەوانەوە ئەنجامی دەدا،مەلاش ئەمەی دەزانی هەرچی کە پێی دەگوت بە

پێچەوانەوە پێی دەگوت.ڕۆژێکیان دەچنە ئاش و باراش لێ دەکەن و دەگەڕێنەوە،لە ڕێگەوە باری ئاشەکە خوار دەبێت بە لای چەپەوە واتە بەلای ڕوبارەکەوە.مەلا دەلێت کوڕەکەم وریابە نەوەك بارەکە بکەوێتە ڕوبارەکەوە.چونکە بارەکە بەلای ڕاستەوە خوار بوەتەوە،بڕۆ لەلای ڕاستەوە بارەکە بلند بکەوە تا بکەوێت،کوڕەکەی مەلاش دەلێ بابە بە چاوان،یەکسەر دەچێ لە لای ڕاستەوە کارەکە ئەنجام دەدات،مەلا کە دەبینێ ڕاستیەکە ئەنجام دەدات دەلێت:کوڕم وانابێت،بە پێچەوانەوە،کوڕەکەی مەلا دەلێت باوکە گیان لەم ڕۆوەڕا تۆبەم کردوە هەرچی کە پێم بلێی وا ئەنجامی دەدەم،بۆیەکە لە لای ڕاستەوە بارەکەی بلند کردو ڕاستەو خۆ بارەکەی کەوتە ناو ڕوبارەکەوە.

*

## دۆستی قەرز دار

لە مەلایان پرسی کێت زۆر خۆش دەوێ؟مەلاش گوتی:ئەو کەسەم زۆر خۆش دەوێت کە تیرو تەسەلی خواردنم بکاتن.

کابرایەکیش لەو کاتە لەوێ دەبێت دەلێت مەلا من تێرو تەسەلت دەکەم و خواردنێکی زۆر چاکت بۆ دروست دەکەم.

مەلاش لە وەرامی کابرا دا دەلێت:قوربان دۆستایەتی بە قەرز نابێتن.

*

## ئامۆ ژگاری

رۆژێکیان مەلا ئامۆژگاری خەلکی دەکردو دەیگوت:دەزانن کە کەسانی هوشیار لە ناو مەست و سەرخۆشان دا وەك زیندو لە ناو مردووانە؟چونکە هوشیارە کە هەم مەزەیان لێ دەخوات و هەم بە ئەقل و رەفتارو قسەی سەرخۆشەکان پێ دەکەنێ.

*

## چاکە

مەلا هەمیشە لە وەعزەکانی خۆی دا بەخەلکی دەگوت:چاکە بکەن چونکەچاکە شتێکی زۆر باشەو هەمیشە هەرچی چەوری و گەنی و و پیس و چروکە لە پشتەوەی خەلك دوور دەکاتەوە و مرۆ ئارام و بێ گیرو گرفت دەکات و باش دەخەوێتن،خەراپەش هەمیشە بەدی و شتی پیس و کاری نارەوا لە مرۆ نەزیك دەکاتەوەو خەو لە چاوی مرۆ نایەلێ و تۆشی گیرمە و کێشە و نا ئارامی دەکاتن.

*

## یادی بزن

ڕۆژێكیان مەلا وەعزی دەداو دەیگوت: خێرات و سەدەقە بكەن،لەو كاتە دا بینی كە پیرێژنێك زۆر بە سەختی دەگرییێت،مەلاش كە ئەوی بینی وبە خەلكەكەی گوت:ئاوا وەك ئەو پیرێژنە بن دەبینین كە چەند بە دلسۆزی دەگریت!! بە بیستنی ئەم قسانەی من بۆ سەدەقەدان چۆن دەگری . پیرە ژنەكەش كە ئەمەی بیست گوتی:مەلا گیان بەڕاستی من كە چاوم بە جەنابت كەوت و ڕیشی بەڕێزتانم دی هەر كت ومت ڕیشی بزنەكەی منە بە تۆ وەیە زۆر لەو دەچێت ،سا بە یادی بزنەكەم هاتمەوە كە چەند ڕۆژ لەمەوبەر گورگ خواردی و بۆیە دەگریێیم.

*

## قسەی خۆش

كابرایەك لە مەلای پرسی و گوتی: قەتێ چۆن دەكرێ بە كەباب؟

مەلاش لە وەرام دا گوتی:هەر كاتێ كە ویستت لە كەبابی دەی پێم بلێ و دێم فێرت دەكەم.

*

## سەرد تر

كابرایەك لە مەلای پرسی و گوتی: ئەرێ مەلا بەفری ئەم شارە سارد ترە یان بەفری شارەكانی تر؟
مەلاش گوتی:پرسیاری جەنابتان لە هەردوكیان سەردترە.

*

## نرخی عەلوا

ڕۆژێكیان مەلا لە گەل كوڕەكەی دەچێتە دوكانێكی عەلوا فرۆشی هەندێ حەلوا دەكڕێت و حەلواكەی دەداتە دەست كوڕەكەی كە بیباتەوەو بۆ خۆشی لە دوكانەكە مایەوە سەیری شیرینەمەنیەكانی تری دەكرد.دوای دلنیایی لە دوور بوونەوەی كوڕەكەی بە حەلوا فرۆشەكەی گوت:
ئەگەر كەسێك بیەوێ حەلوا لە جەنابت بكڕێت و پارەی نەبێت بداتێ چی دەكەی؟
حەلوا فرۆش گوتی:شەقێكی تێ هەلەدەم و دەری دەكەمە دەرەوە.
مەلاش گوتی:كەواتە بەبێ دەنگی وەرە شەقێك لە من هەل بدەو دەرم بكە دەرەوە.
كابرای دوكانداریش شەقێكی لە مەلا هەلدا و دەری كردە دەرەوە.مەلا گەڕایەوە گوتی:ئەگەر هەر وایە

دەشەقێکی تریشم تێ هەل بدەو هەندەی ترم عەلوا بدەرێ.

## دوعای کاریگەر

ماکەرەکەی مەلا جاشکێکی وەدونیا هێنا بوو، مەلا بە ناچاری شیری مانگاکەی خۆیانی بە جاشکە کەرەکەی دەدا،بەم هۆیەوە هەموو خانەوادەی مەلا لەو شیرەبێ بەش بووبون هیچیان بەرنەدەکەوت.مەلاش بە ناچاری دەستی بە دوعایان کردبوو دەیگوت: خودایە ئەم جاشەکەرەمان لێ بستێنی و بیتۆپێنی ، تاوەکو خۆمان سود لە خواردنی ئەم شیرە وەربگرین و بەمی نەدەین.بەیانیەکی زوو کە لە خەو هەستا بینی کە مانگاکەی مردووە.مەلاش کە ئەمەی بینی و ڕووی کردە ئاسمان وگوتی:خودایە تۆ تا ئێستاکە -کەر و مانگا -لێك جیا ناکەیتەوە؟

*

## قەرزی مەلا

مەلا کەرێکی هەبوو هەر ڕۆ ژ کە دەهات زەعیف تر دەبوو.

لە مەلایان پرسی و گوتیان:ئەرێ مەلا ئەوە بۆ خواردن بەم كەرە بەستەزمانەت نادەیت وا خەریكە دەمرێتن؟
مەلاش گوتی چۆن هیچی پێ نادەم،هەر ڕۆژ هەقی دوو مەن جۆیە بۆ خواردن .
گوتیان ئەی كەواتە بۆ هەروا لەڕ و كز دەبێتن؟
مەلاش گوتی:ئاخر من یەكمانگ بە كەرەكەم قەرز دام ئەو داوا كاری بژیوی مانگێكە .

*

## چاكت كرد

- مەلا لە گەل چەند كانێك و حاكمی شار چووبوونە ڕاو.مامزێك لەو ناوە دەركەوت، حاكمی شار نیشانەی لێ گرت و بەلام لێی نەدا.
- مەلا گوتی: جەنابی حاكم زۆر چاكت كرد .
- حاكم وای زانی كە مەلا گاڵتەی پێ دەكات.
- مەلا گوتی جەنابی حاكم بە مامزەكەم گوت چاكت كرد .

*

## خەون

مەلا خەونێكی زۆ خۆشی بینی لە خەویا بوو كە كوپە زێڕیكی زۆر بە نرخی دۆزیتەوەو ئەو كوپە زێڕەی لە كۆڵی خۆیا كردووەو وا بە ڕێگا دا

دەڕوات و لە بەر گرانی کوپە زێڕەکە خۆی تەڕ کردوو و میزی بە خۆیا کرد.
مەلا لەو کاتەدا لە خەو ڕاپەری و ژنەکەی دەیبینێ کە مەلا خۆی تەڕ کردووە، هاوار لە سەر مەلا دەکات و دەلێت:مەلا تۆ قەت خەجالەت ناکێشی کە وەکو مندالی ساوای ناو بێشکە خۆت تەڕ کردووە؟
مەلاش لە وەلام دا گوتی:ئەی ئافرەت ئەگەر هەموو خەوەکەم ڕاست دەبوو ئێستا تۆ دەهاتی دەست و پێیانی منت ماچ دەکرد.

## مەلاو بی ژینگ

مەلا ویستی کە لە سەر تاخچەیەکی مالەکەی شتێك بێنێتە خوارەوە،لەو کاتە دا بێ ژینگێکی پڕ لە پیاز لەو سەرەوە کەوتە خوارێ و بە تەپلی سەری مەلای کەوت و سەری زۆر بە ژان هات مەلا بە سەربێ ژینگەکە دا کەوتە خوارەوەو نێە چاوەکانی بە بێ ژینگەکە کەوت و بریینداری کردو خوێن بە لاچاوانی دا هاتە خوارەوە،مەلا هەستایەوەو چوو سیکاردێکی گەورەی لە چێشتخانەکە هێناو گوتی:بێژینگی نا پەسەند ئێستا ئەگەر جورئەتت هەیە وەرە پێشەوە بزانم چیت وەسەر دێنم.

*

## خۆاردنی کۆتر

کابرایەك ماستی خواردبوو،هەندێ لەو ماستە بە بیشی کابرایەوە وەنوسا بوو،مەلاش لە کابرای پرسی و گوتی:ئەوە چیت خواردووە؟ کابراش لە وەلام دا گووتی:کۆتر.مەلاش گوتی:زانیم کۆترت خواردووە.
کابرا گوتی چۆنت زانی:
مەلاگوتی:بەو جیقنەیەی کە بە سەر بیشتەوەیە دیاربوو.

*

## جێگەی مردوو

تەرمی مردوویەکیان بە کۆلانێ دا دەبرد، مەلاو کوڕەکەشی لەو کاتە دا بەو کۆلانە دا دەڕۆیشتن و وەستا بوون،کوڕەکەی مەلا پرسی و گوتی: باوکەگیان ئەوە چیە لە ناو ئەو سەندووقە دیەا؟ مەلاش گوتی:ڕۆلەگیان ئەوە ئینسانە.کوڕەکەی مەلا پرسی و گوتی: ئەوە ئەو مرۆیە بۆ کوێ دەبەن ؟ مەلاش گوتی:دەیبەنە شوێنێ کە نە خواردن و نەخواردنەوەو نەئاوردووی سوتاندن نە زێڕو نە زێوی لێ یە.
کوڕەکەی مە لاش کە ئەوەی بیست گوتی:ئێ باوکە گیان بەڕاستی بلێ ئەوە بۆ مالی ئێمەی دەبەن .

*

## وەلامی کەر

کابرایەك هاتە لای مەلا کەداوای کەرەکەی بە ئەمانەت لە مەلا کرد،مەلاش گوتی:ڕاوەستە با بچم لە خودی کەرەکەم بثرسم بزانم ڕازیە یان خێر؟ مەلا هەستا چوە مالەوەو گەڕایەوەو گوتی:کەرەکەم دەلێت هەرگیز من بەو کابرایە نەدەیت، کەرەکە گوتی:چونکە کە من دەبەن وکارم پێ دەکەن زۆر جنێوی ناشرین بە تۆی کە خاوەنمی دەدەن ، ئەم کارەش کارێکی زۆر خراپە و هیچ سودێکی تێدا نیە، بۆیەکە کەرەکەم گوتی: ڕازی نیم.

*

## ئەوبەری دار

ڕۆژێیکان مەلا لە بن دارێکی بلند ڕوونیشتبوو، لەوکاتە دا سێ مندالی قۆشمە ویستیان کە فێلێك لە مەلا بکەن وپێلاوەکەی مەلا بفرێنن و بیبەن، هاتنە لای مەلا و گوتیان:کەس ناتوانێ بچێتە سەر ئەم دارە،مەلا گوتی: ئەم کارە زەحمەتنیە، من دەتوانم بچمە سەرەوە. مندالەکان گوتیان: قسەکردن و کارکردن زۆر لێك جیاوازن،ئەگەر ڕاست دەکەی فەرموو مەیدان مشکان نەخوادووە.

مەلاش هەستاو پێلاوەکەی لە پێ کردەوەو لە بەنێکی بەست و لە پشدێنەکەی خۆی قایم کرد و لە گەل خۆی برد، مندالەکان بە مەلایان گوت: ئەوە بۆ پێلاوەکەت لە گەل خۆتا دەبەی؟ مەلا گوتی بەلکو رێگەیەکی ترلەو سەرەوە بۆ ئەو بەری دارەکەوە هەبێت و من بەوێ دا دەرۆومەوە.

*

## بەلگەی گرنگی پێدان

رۆژێکیان مەلایان دەعوت کردبوو،مەلاش هەستا بە کەل و پەلێکی کۆنەوە چووە مالەکە و سەلامی کردو مالەکەش کە چاویان بە مەلا کەوت و ئەو قەدو قیافەیان بەو جلە کۆنەوە بینی هیچ گرنگیەکیان بە مەلا نەداو فەرموو فەرمویان لێ نەکردو بۆشوێنێکی باش فەرمویان بەمەلا نەگۆت.

مەلاش کەمێ رونیشت و هەستا چۆوە مالەوە،کەلو پەلی خۆی گۆری و کورتەك شەروالێکی زۆر شیکی لە بەر کردو خۆی زۆر قۆز کرد،مەلا گەرایەوە مالەکەو خاوەن مالەکە و مەجلیسەکە لە بەری هەستان و فەرموو فەرمویێکی زۆر باشیان لە مەلا کرد و مەلایان لە شوێنێکی زۆر باش دانا،کاتێ کە سیفرەیان هێناو فەرمویان بۆ نان خواردن کردومەلاش لە سەر سیفرەکەی پێش ئەوەی کە دەست

بۆ نانخواردن ببات قۆلی کورتەکەکەی بەری دەرهێناو بە دەستی خۆی فەرمووی لە قۆلی کورتەکەکەی خۆی کردو گوتی:دە تێرو پڕ بخۆ،خەلکەکە سەریان لە مەلا سوڕ ماو گوتیان: مەلا ئەمە یانی چی بۆ وا دەکەی؟مەلاش لە وەرام دا گوتی:چونکە ئەم ڕێز و شوێنە باشەی کە بە منتان داوە،ئەمە ڕێز و شوێنی کورتەك و شەروالەکەمە نەك ریز لەمن.دیارە ڕێز گرتن لە کەل و پەلی باشە نەك لە مرۆ،بۆیەکەش خواردن هەر شایستەی کەل و پەلی باشە و ڕاستە عارەب کەگوتیانە (ئەلناس بل لباس وەلەو کانە مام ئیلیاس ) خەلک بە کەل و پەلی باش دەناسرێت.

*

## زەڕە زەڕ

ڕۆژێکیان دراوسێکەی مەلا هات و داوای کەرەکەی بە ئەمانەت لە مەلا کرد و مەلاش لە وەلام دا گوتی: بە داخەوە کەرەکەم لێرە نیە.لەو کاتە دا کەرەکەی مەلا دەستی بە زەڕە زەر کردو نەی دەبڕیەوە.کابراش کە گوێی لە زەڕەی کەرەکەی مەلا بوو بە مەلای گوت:ئەی ئەوە نیە کەرەکەت وا یەك بە خۆی دەزەیێنێ و دەلێت لێرەم.

مەلاش گوتی:بە ڕاستی كابرایەكی بێ باوەر و پڕ سەیر و سەمەرەی،باوەڕ بە قسەی من ناكەیت باوەڕ بە زەڕە زەڕی كەرەكەم دەكەیت؟.

*

## جیوە بەكار هینان

ڕۆژێكیان مەلا خۆی كۆ كردەوەو بەرەو شاخ چوو كە چەند بارە دارێك بۆ سوتاندن و ئاوردووی مالەوە كۆ بكاتەوە، لە ڕێگەوە كەرەكەی مەلا ماندوو بوو و بوو ، نەی دەتوانی لەو هەورازەوە سەر بكەوێت.ڕێبوارێك كە بەلای مەلاوەدا تێ دەپەڕی و بینی كە كەرەكەی مەلا بە ڕێگەوە داناڕوات و بە مەلای گوت:

مەلا كەمێ جیوە لە قینگی كەرەكەت بكە،ئەوسا زۆر بەباش بە ڕێگەوەدا دەڕوات.

مەلاش ئەو كارەی ئەنجام داو كەرەكەی زۆر باش دەڕۆیی و لەو هەورازە بە ئاسانی سەركەوت و بارەدارێكی كۆ كردەوەو بەرەو مال گەڕایەوە،بۆ ئەوی كە كەرەكەی باشتر بڕوات ئەمجارەش هەندێ جیوەی لە قنگی كەرەكەی كردو ئیتر كەرەكەی زۆر خۆش ڕۆ بوو و مەلای بە جێ هێشت ، مەلا هەرچەندی دەكرد نەدەگیشتە كەرەكەی و بیری كردەوە كە هەندێ جیوەش لە قنگی خۆی بكات تا

بگاتە کەرەکەی ، مەلا هەستا ئەم کارەشی ئەنجام داو کەمێ جیوەشی بە خۆیا کرد،مەلا ئەوەندە خۆش ڕۆ بوو بوو کە کەرەکەی بە جێ هیشت و زووتر گەیشتە مالەوە ، لە مالەوە لە بەر سوتانەوەی قنگی خۆی پێ ڕانەدەگیرا و زۆر نا ئارام بوو،جێی پێ جێ نەبوو ،مەلاژنیش کە مەلای بەو جۆرەوە بینی و لێی پرسی مەلا ئەوە چیت لێ قەوماوە ؟ مەلاش لە شەرمان نەی دەویست کە بە مەلا ژن بلێت کە چی کردووە و گوتی: ئەگەر دەتەوێ بزانی کە من چیم بە سەر هاتووە ، فەرموو وەرە ئەوەی کە من کردوومە تۆش ئەنجامی بدە ئەوسا دەزانی کەمن چیم بەسەر هاتووە.

*

## دیاری مەلا

ڕۆژێکیان هەندێ زەردەلووی زۆر بە تام و باشیان بۆ مەلا بە دیاری هێنابوو ، مەلاش کە برادەری حاکمی شار بوو ، بیری کردەوە کە هەندی لەو زەردەلوانە بە دیاری بۆ حاکمی ببات،هەستا چەند دانەیەکی خستە ناو قاپێکی کەمێ پەل،لە ڕێگە کە قاپەکەی بە دەستەوە بووهەرچەن دەڕۆیشت زەردە لووەکان لە ناو قاپەکە دا بە باشی نەدەوەستان،مەلاش ڕووی کردە زەردەلوەکان و پێی

گوتن:ئەگەر ڕانەوەستن دەتان خۆم ، مەلا هەرچەند دەڕۆیی زەردەلوەکان تەکانیان دەخواردو بەولا و ئەولای قاپەکە دەڕۆیشتن،مەلاش دەستی بە خواردنیان کردو تەنیا یەك دانە زەردەلووی هێشتەوە،ئەو دانە زەردەلوەشی بۆ حاکم برد و لە پێش حاکمی دانا و حاکمیش زۆر سوپاسی مەلای کرد کەوا ئەو دیاریەی بۆ ئەو هێناوەو پاداشی بە مەلا دا.

ڕۆژی دوایش مەلا هەستا چووە بازار و هەندێ خەیاری کڕی کە بۆ حاکم بە دیاری ببات.لە ڕێگەوە کابرایەك گەیشتە مەلاو لە مەلای پرسی و گوتی مەلا ئەوە چیە کڕیوتە،مەلاش گوتی خەیارە، بۆ حاکم بە دیاری دەبەم،کابراش گوتی:مەلا ئاروو باش نیە بۆ دیاری. تەماتە باشترە. مەلاش خەیارەکانی وەلا ناو هەستا سندوقێك تەماتەی کڕی و بۆ مالی حاکمی برد.ئەو ڕۆ ژەش حاکم زۆر تووڕەو تۆسن بوو بوو،کە مەلای بینی تەماتەی بۆ هێناوەو دەستووری دا کە هەمووی بە سەری مەلا دابدەن،خولامانی حاکمیش ئەو کارەیان لە بەر چاوی حاکم ئەنجام داو هەرچی تەماتە بوو بە سەرو کەللەی مەلایان دادا، مەلاش لەو کاتەدا هەر سوپاسی خوای دەکرد و پێ دەکەنی:حاکم کە چاوی لە مەلا بوو:هەر سوپاسی

خوا دەكات و پێ دەكەنی،چوو لای مەلاو پرسی و گوتی: مەلا هۆی چیە تۆ وا سوپاسی خوا دەكەیت و هەر پێ دەكەنی؟ مەلاش گوتی:جەنابی حاكم چونكە من خیارم كڕیبوو بۆ جەنابت بە دیاری بێنم بەلام كابرایەكم تۆش بوو گوتی:خەیار خراپە بۆ دیاری،جا چاك نەبوو كە خیارم نەهێنا،ئەگینا ئێستا هەموو سەر و كەللەم بەو خیارە وردو خاش دەبوو،حاكمیش كە ئەمەی بیست توڕەییەكەی وەلا چوو و دەستی بە پێكەنین كردو پاداشی دا بەملا و بڕیاری دا كە لەمەو دواش هەمیشە شتێك بە مەلا بدات.

*

## ئەمە لە جیگەی ئەمە

لەكاتی كە مەلا بۆ سەفرێك چوو بووە شارێك مێوانی حاكمی ئەو شارە بوو،كاتێ كە لە سەر سیفرەی نان خواردن لە گەل حاكم نانیان دەخوار،حاكم چەند جارێك پشمی و هەموو جارێكیش كە دەپشی ڕووی دەكردە مەلا، لە مەلای دەپرسی و دەیگوت:ئەم كارەی تۆ زۆر پەسندە.حاكمیش دەیگوت:بەلێ لە شاری ئێمە ئەم پشمینە عەیب نیە. مەلاش لەو كاتە دا ڕاستەو خۆ بایەكی بەرەللا كردو حاكم زۆر توڕە بوو و گوتی: بەڕاستی مرۆیەكی بێ خوو و ڕەوشتی كە لە سەر

سیفرە ئەم جۆرە کارە ناپەسەندە لە تۆ ڕوو دەداتن و دەترپیێ .مەلاش لە وەلام دا گوت:جەنابی حاکم لە شاری ئێمە دا ئەم کارە هیچ عەیب نیەو کارێکی زۆر تەواو ڕەوایە.

*

## سوار ی بەرەوا ژی

مەلا ڕۆژێکیان لە گەل مریدەکان بە سواری دەچووە مزگەوت،مریدەکان لە دواوەی مەلا پیادەبوون ،لە دوای کەمێ ڕۆیشتنی مەلا لە کەرەکەی هاتە خوارەوەو و بەرەو پشت سواری کەرەکەی بۆوە،لە مەلایان پرسی مەلا بۆچی ئاوا بەرەوا ژوو سواری کەرەکەت بووی؟مەلاش گوتی:ئاخر من پشتم لە ئێوە بوو،ئەگەر ئێوەش لە پێشەوەبان ئەوا پشتتان لە من دەبوو،بەلام ئێستاکە بەم جۆرە سوار بوویمە ڕوومان لە یەکترە.

*

## جوببەی کۆن بوو

شەوێکیان مەلا لە خەو واگا هات و لە حەوشەی مالەکەی خۆی تارماییەکی بەر چاو کەوت و ڕاستەوخۆ وای زانی کە ئەو تەرمە دزە ، مەلا ژنی واگا هێناو داوای لێ کرد کە بەبێ دوا کەوتن تیرو کەمانەکەی بۆ بێنی،مەلا ژن تیرو کەمانی بۆ مەلا

هێنا،مەلاش یەكسەر تیرێكی گرتە تارماییەكەو زانی كە بەری كەوتووە چونكە هیچ نەجولایەوە،مەلا گوتی:دز كوژرا و ترس نەما،با لێی گەڕێین و بچین بخەوین ، مەلاو مەلاژن تێر لێی خەوتن و بەیانی كە هەستان چوونە حەوشەكەوە،كە سەیریان كرد زانیان كە دزی شەو جوببەی خودی مەلا بووەكە بە ڕستەی حەوشەكەوە هەلواسرابوو،تیرەكەی بەركەوتبوو كون كون بوو بوو، مەلا كە ئەمەی بینی و گوتی: خودایە زۆر زۆر سوپاس و كڕنوشی بۆ تۆ ، مەلاژن كە ئەمەی بینی و گوتی:مەلا ئەم هەموو شوكرانەی خوا وا بەبێ جێ بۆچیە؟ مەلاش گوتی:ئافرەت مەگەر نەت دیوە كە تیرەكە چۆن بە سەر شانی جووبەكە كەوتووەو وا كونكون بووە؟بەلام ئەگەر جوببەكە لە بەر خۆم بایە دەبوایە ئێستا تابووتت بۆمن هێنابایە.

*

## بە تۆ چی؟

مەلا ئاگای لەوە نەبوو كە مەلا ژن كوڕێكی بووە و خوا كوڕێكی پێ داوە!كابرایەكی دراوسێی مەلا هەستا چوو موژدە بۆ مەلا بەرێت بەمەلای گوت مەلا موژدەتان دەمێ خوا كوڕێكی پێ داون!مەلاش زۆر بە بێ گرنگی دان بەو موژدەدەرەی گوتی:جا من كوڕێكم بووە بە تۆ چی ؟.

*

## ئارەقەی قولە رەشەکە

مەلا نۆکەرێکی هەبوو ناوی ( بێزار ) بوو.لە کاتێك دا کە ڕۆژی جەژن بوو مەلا خۆی جوان گۆڕی بوو و کەل و پەلێکی تازەو شیکی لە بەر کردبوو ، ویستی کە نامەیەکی جەژنانە بۆ یەکێ لە دۆستەکانی خۆی بنوسێ،لە کاتی نامە نوسین دا چەند دلۆپێك مەرەکەب لە پێنوسەکەی تکاو کەوتە سەر کەل و پەلە تازەکەی مەلا و ڕەش بوو،کە چۆوە مالەوە یەکسەر ژنەکەی چاوی پێ کەوت و لە سەری هاواری کردو گوتی:ئەمە چیە مەلا ؟ تۆ شایانی کەل و پەلی تازە لە بەرکردنت نیە.مەلاش گوتی: ئافرەت وا باش بوو پێشان هۆکەت بزانیبایە ئەوسا ئاوا هاوارت لە سەر من بکردابایە،ئەمرۆ کە( بێزار) بۆ پیرۆزبایی جە ژن هات دەستم ماچ بکات و لەو کاتە دا چەند دلۆپێ عارەقی لە نێوچاوانی (بێزار) هاتە خوارەوەو کەوتە سەر کەل و پەلکەم و ئاوا ڕەشی کرد.

*

## پێی بێ دەست نوێژ

ڕۆژێکیان مەلا دەستنوێژ هەل دەگرێت و پیش ئەوەی کە پێی چەپی بشوات،ئاوی مەسینەکەی تەواو

دەبێت و دەست بە نوێژ کردن دەکات،لە کاتی نوێژ کردن دا مەلا لەسەر یەك پا ڕادەوەستێت و دەستێت و دەست بە نوێژ کردن دەکات،لە مەلایان پرسی و گوتیان: مەلا ئەوە بۆچ لە سەر یەکپا ڕاوەستابووی و نوێژت دەکرد؟مەلاش گوتی:ئاخر پای چەپم بێ دەست نوێژ بوو.

*

## لای دەستە راست

مەلا مێوانێکی بۆ هاتبوو،شەو پێویستی بە سەراو هەبوو،لەو کاتەش دا مەلا واگابوو،لە مەلای پرسی و گوتی:چراکە لە لای دەستی ڕاستی تۆیە بمدەرێ تا هەلی بکەم.مەلاش گوتی: مەگەر شێتی ؟ بەم تاریکیە من چوزانم کە دەستی ڕاستم لە کام لایە؟.

*

## گەیشتن بە مەرام

مەلا گایەکی هەبوو تا بلێی بە هێز و زەبەلللاح و شاخ دار بوو،مەلا ڕۆژانە ئەو گایەی دەبرد جۆتی پێ دەکرد،مەلا لە مێژ بوو دەیەویست و حەزی دەکرد کە هەلێکی بۆ هەلکەوێت و لە نێوان هەردو شاخە زلەکەی گاکەدا سواری پشتی ئەو گایە زەلامە ببێت،ڕۆژێکیان گاکەی مەلا پال کەوتبوو کاوێژی

دەکردن،مەلاش ئەوەی بە هەل زانی و هەستا چوو سواری گاکە بووو لە نێوان هەردو شاخی گایەکەوە لێی دامەزرا،گاکەش کە ئەمەی بینی هەستایەوەو هار بوو بوو،یەکسەر مەلای سوڕاندو لە ناکاو قۆچی خۆی ڕاوەشاندو مەلای بۆ ئەولاوە فڕێ داو مەلا کەوتە سەر زەوی،مەلا لەو کاتە دا یەك بە خۆی هاواری کرد، ژنەکەی مەلا گوێی لەو هاوارە بوو،هاتە حەوشەکەو مەلای بینی وەك مردوو کەوتۆتە سەر زەوی و هەموو سەرو گوێلاکی شکاوەو بێ دەنگە،مەلاژنیش هاواری کردو مەلا لە هاواری مەلاژن بە خۆ هاتەوەو دلی ژنەکەی دایەوەو گوتی: گوێ مەدەرێ هیچ نەبووە هەرچەند سەرو کللەم شکاوەو بریندار بوویمە بەلام من بە ئاواتی خۆم گەیشتم.

## پێشبینی

مەلا ڕۆژێکیان چوو بووە سەر دارێکی زۆر بەرزەوە،لە سەر لقێکی دارەکە لای سەری دارەکەوە وەستا بوو دەیەویست کا ئەو لقە دارە ببیێتەوە،کابرایەك لەو دەمەدا بەوێ دا دەڕۆیی،هاواری کردە مەلاو گوتی:جەنابی مەلاتۆ چی دەکەیت ئێستا دارەکە دەشکێت و خۆت دەکەویتە خوارەوە و توش بە ئازاران دەبی لەو کاتەدا دارەکە شکاو مەلا کەوتە

سەر زەوی و یەکسەر هەستایەوەو یەقەی کابرای گرت و گوتی:دیارە جەنابیت غەیبگۆی،کەواتە پێم بلێ کەی دەمرم ؟ کابراش ویستی خۆی لە مەلا ڕزگار بکات و درۆیەکی کردو گوتی:هەرکاتێ کە کەرەکەت بترێت ئەوا مرنی تۆ نەزیکەو تۆ دەمریت.

ڕۆژێکیان مەلا دیسان دەچوە کێو بۆ داری ئاوردوو دەچوو،لە ڕێگەدا لە هەورازێك کەرەکەی مەلا ترێکی کرد و مەلا یەکسەر هاتەوە سەر بیری قسەی کابرا،مەلا لەو دالغانە دابوو کەرەکەی مەلا دیسان دەستی بە ترین کردەوە،لەو کاتەدا مەلاش بیری کردەوە کە مردنی نەزیکە بۆیەکە لەسواری پشتی کەرەکەی هاتە خوارەوەو لەو ناوە یەك بە خۆی لێی ڕا کشا،خەلکی گوندیش کە ئەویان بینی هاتنە سەر سەری مەلا و دیتیان کە مەلا مرتەقی نایەت،وایان زانی کە مەلا مردووە،مەلایان بۆ شاردنەوە بەرەو گۆڕستان برد،لە ڕێگەوە گەیشتە روبارێکەوە و هەر یەکە لەو خەلکانە ڕێگەیەکیان دیاری دەکرد بۆ پەرینەوەو لە دەراوی ئەو روبارە،لەو کاتە دا مەلا لە ناو دارەبازەکە هەستایەوەو ئەویش ڕێگەیەکی کە خۆی شارەزا بوو نیشانی دان و گوتی:کاتێ کە من زیندوو بووم لەو ڕێگەیەی ئەملاوە دەپەڕیمەوەو دەراوێکی زۆر تەنکە بۆ پەرینەوە.

*

## ئای بۆ رۆ ژگارانی لاویەتی

رۆژێکیان مەلا دەیەویست سواری ئەسپێك ببێت،هەرچەند خۆی هەل دەدا بۆ سەر ئەسپەکە نەی دەتوانی کە سواری ئەو ئەسپە ببێت و گوتی:ئای بۆ رۆژانی لاویەتیم،ئەملاو ئەو لای خۆی سەیر کردو کەسی وەدی نەکرد و لە بەر خۆیەوە گوتی:خۆ لە رۆژگارانی لاویەتیشم هەر چە نەبوومز

*

## چارەسەری کاریگەر

مەلا ژن زکی پر بوو،کاتی لە دایك بوونی منالەکەی بوو، ژانی دەهاتنێ و بەلام مندالەکەی وەدونیا نەدەهات،خزمانی نایحەت بوو بوون لەو کاتە دا،چوونە لای مەلا و کە چارە سەریەکی بکاتن نەوەکو مەلا ژن شتێکی بە سەر بێتن،مەلاش بۆ وەلامی ئەوان شتێکی بە خەیال دا هات وگوتی:ئێستا کارەکە جێ یەجێ دەکەم،مەلا هەستا چووە بازارو چەند گوێزێکی کڕیو هێنایەوەو گوتی ئەم گوێزانە لە ژێر مەلا ژنەوە دابنێن،لەو کاتە دا کە مندالەکە ئەو گوێزانە ببینێ ئەوا ڕاستەو خۆ بۆ یاری کردن بەو گوێزانە دێتە دەرەوە.

*

## هۆی پریان

ڕۆژێكیان مەلاو مەلاژن بە یەكەوە لە سەر سیفرەی نان خواردن ڕوو نیشتبوون،مەلاژن كەوچكەكەی كە لە ناو شیوە شلە گەرمەكە بوو هەلی گرت و كەوچكێكی لە شیوەكە خوارد،چونكە كەوچكەكە زۆر گەرم بوو،مەلاژن پڕی چاوی ئاو بوو و گریا،مەلاش هۆی گریانی مەلا ژنی پرسی؟مەلا ژن لە وەلام دا گوتی:لەم كاتە دا هاتەوە یادم كە دایكی خوا لێ خۆش بووم ئەم خواردنەی زۆر پێ خۆش بوو بۆیەكە گریان بە سەرم دا زال بوو.

پاشان مەلا دەستی بە خواردن كرد،لەو كاتەدا لە بەر گەرمی شیوەكە مەلاش چاوی پڕ لە فرمێسك بوو،ئەمجارە مەلاژن هۆی گریانی لە مەلا پرسی؟ مەلاش لە ولام دا گوتی:منیش هاتمەوە سەر یادی خوا لێ خۆشبووی دایكت كە ژنێكی وەك تۆ خراپ و بێ كەلكی تووشی من كردوە.

*

## كورتان لە جێگەی جوببە

ڕۆژێكیان مەلا لە دەشێكەوە تێ دەپەیی،كاتی نوێژی نیوەڕۆ هات و جوببەكەی لە بەر كردەوەو لە سەر ثشتی كەرەكەی داناو ڕۆیشت بۆ لای ڕوبار تا دەستنوێژ هەل بگرێت،مەلا كە خەریكی دەست نوێژ

هەلگرتن بوو،دزێك هات و جوببەکەی مەلای دزی و بردی،مەلا کە گەڕایەوە بینی کەجوببەکەی نەماوە،ئەویش هەستا کورتانی کەرەکەی لە پشتی کەرەکە کردەوەو لە سەر ملی خۆی داناو بەڕێگە دا ڕۆیشت،ناوە بە ناوە ڕووۆ دەکردە کەرەکەی وپێی دەگوت:بە خولا قەسەم تا جوببەکەم نەدەیتەوە کورتانەکەت نادەمەوە.

## مەلاو گەدا

ڕۆژێکیان لە دەرگای مالی مەلایان دا،مەلاش لە پەنجەرەی بالاخانەکەی مالەوەیان گوتی: کێیە؟کابرای پێش دەرگاکەیان گوتی:دەرگا بکەرەوە. مەلاش چوو دەرگای کردەوە، مەلا بینی کە دەرۆزەکەرێکە داوای خواردن لە مەلا دەکاتن، مەلاش بە گەداکەی گوت وەرە سەرەوە. مەلا کە کابرای دەرۆزەکەری بردە سەرەوە پێی گوت:خوا بت داتێ!

گەداش گوتی:باشە پیاوی چاك تۆ کە هیچت نیە بم دەیتێ بۆچی منت هێنایەوە سەرەوەو هەر لە خوارەوە نەت گوت خوا بت داتێ؟

مەلاش گوتی: هەی پیاوی چاك ئەی تۆ کە شتێکت لە من داوایە بۆچی منت ڕاکێشا خوارەوە بۆلای دەرگاوە ،پێش ئەوەی کە بێمە خوارەوە داوی هیچت نەکرد ؟

*

## مەنجەل زایین

مەلامەشوور مەنجەلێكی لە هاوسێكەی خۆیانەوە بە ئەمانەت وەرگرت،سبەینێ هەمان ڕۆژ، مەنجەلێكی تری بچكۆلەی خستە ناو مەنجەلەكەی هاوسێكەیان،هاوسێكەی مەلا داوای مەنجەلەكەی كردەوە و لە مەلای پرسی كوا مەنجەلەكەمان ؟ مەلاش لە وەلام دا گوتی:مەننجەلەكی ئێوە ئاوس بوو،دوێنێ شەو زاوە،كابرای خاوەن مەنجەل زۆر خوشحال بوو،مەنجەلەكەی وەرگرتەوە و گەڕایەوە، ڕۆژێكی تر مەلا هەمان مەنجەلی لە هاوسێكەی خۆی داوا كردەوە و بە ئەمانەت وەری گرت، مەلاش بە قەست چەند ڕۆژێك مەنجەلەكەی نەدایەوە كابرای هاوسێ، مەلاش هات و داوای مەنجەلەكەی كردەوە،مەلاش بە كابرای گوت،بۆ خۆتان سەلامەتبن بە داخەوە مەنجەلەكەی ئێوە مرد كابراش واقی وڕ ماو بە مەلای گوت مەلا تا ئێستا بیستووتە مەنجەل بمرێتن ؟

مەلاش لە وەلام دا گوتی:چۆن باوەڕت كرد كە مەنجەل بزێتن، ئاواش دەمرێتن.

*

## گۆڕینی جێگا

شەوێکیان کە مەلا لە ماڵەوەلێی خەوتبوو، دزێکی شەرمن هاتە ماڵەکەی مەلا،هەرچی کە لە توانای دابوو کەل و پەلی ماڵی مەلای کۆ کردەوەو کردی بەکۆڵێك و هاویشتیە سەر ملی خۆی و بۆ دەرەوە ڕۆیشت،مەلاش کە واگا هاتبوو لە کاتێ کە دزەکە دەرکەوت مەلاش پێخەفەکەی خۆی هەلگرت و بە دوو دزەکە کەوت و تا هەردوکیان بە یەکەوە چوونە ماڵی دزەکە ، دزەکە کە مەلای لەوێ بینی زۆر بە تووڕەییەوە بە مەلای گوت ئەوە لێرە چی دەکەیت ؟ مەلاش وەلامی دایەوە و گوتی: شوێنی ماڵەکەم گۆڕیوە و کرێی حەماڵی تۆش ئامادەیە.

*

## وەک یەک

ڕۆژێکیان کابرایەك هاتە سەردانی مەلا، مەلاش زۆر بە خێرهاتن و ڕێزی لێ نا،تەواوی ئەو ڕۆ ژە لە گەل ئەو کابرایەی بردە سەر،کاتێ کە کابرا ویستی بڕوات،مەلا لە کابرای پرسی و گوتی: ناوت چیە ؟ میوانەکەش لە وەلام دا گوتی: مەگەر جەنابت منت نەناسی؟مەلاش گوتی: نەخێر، میوان پرسی و گوتی:باشە کە منت نەناسی بۆچی ئاوا میواندارێت لێ کردم؟ مەلاش گوتی:چونکە مەندیل و جوببەکەت،

هەروەك مەندبل و جوببەی خۆمە،وام زانی کە هەر خۆمم مێوانم.

*

## گۆڕی باوک

ڕۆژێکیان مەلا لە گۆرستانێکەوە تێ دەپەری،لەو کاتە دا سەگێکی بینی کە بەیەکێ لە گۆرەکانەوە دادەمیزێ، مەلاش بەردێکی بە سەگەکە دادا،سەگەکەش ڕاستەو خۆ هێرشی کردە سەر مەلا، مەلا لە سەگەکە ترسا:بە ڕێزەوە دەستی بە بناگوێی خۆیەوە ناو بە سەگەکەی گوت: فەرمو ئەمجارەش پێی دا بمیزە ، ئێمەش ببورە نەم دەزانی کە گۆری باوکتە خێراتی بۆ دەکەی.

*

## باڵندەی ئاوی

ڕۆژێکیان مەلا چووە سەر گۆمێکێ ئاوەوە، لەکەناری ئەو گۆماوە دا باڵندەیەکی زۆری لێ وەدی کردن،مەلاش لە بەر خۆیەوە گوتی: دەگرم و دەیکولێنم و نانێکی پوخت و ڕوختی پێ دەخۆم.
هەر بەو خەیالەوە بەرەو پێشەوە دەڕۆیشت. بەلام کاتێ کە لە باڵندەکان نەزیك بووەوە، تەواوی باڵندەکان چوونە ناو قولایی گۆماوەکەوە، مەلا کە ئەمەی بینی ئیتر بێ هیوا بوو، بۆیەکە وردیە

نانەکەی خۆی هێنا درێ و هەندێکی لێ ورد ورد کردو لە ئاوی گۆماوەکەی کوشی ودەستی بە خواردن کرد .

لەو کاتە دا کابرایێ لەوێوە تێ دەپەیی و چاوی بە مەلاکەوت نانی لەو ئاوە کوشیوەو وردە وردە دەیخواتن. هاتە لای مەلا و لێی پرسی و گوتی:ئەوە چی دەخۆی ؟ مەلاش لە وەلام دا گوتی:خۆ کۆرە نی نابینی کە نان بە ئاوی بالندەی ئاوی دەخۆم

*

## مانگی چل رۆ ژ

لە هەوەل ڕۆژی مانگی ڕەمەزان دا هەر ڕۆ ژێکی کە بە سەر دەچوو مەلا بەردێکی بچکۆلانەی دەخستە ناو ئەو دیزەیەی کە بۆ ئەو مەبەستە کڕی بوو،کچەکەی مەلاش ڕۆژێکیان چەند بەردێکی بچکۆلانەی خستە ناو دیزەکەوە بەبێ ئەوەی کە مەلا ئاگای لێ بێتن. چـــەند ڕۆژێ بە سەر مانگی ڕەمەزان دا تێپەیی چەند کەسێ لە مزگەوت لە مەلایان پرسی و گوتیان مەلا ئەمڕۆ چەندەمین ڕۆژی ڕەمەزانە؟مەلاش گوتی سەبر بکەن پێتان دەلێم چوو بەردەکانی ناو گۆزەکەی ژماردو بینی کە هەشتا دانە بەردی تێ دایە مەلاش بیری کردەوە خۆ مانگ هەشتا ڕۆ ژ نیە، ئێستا پێیان بلێم کە هەشتمین ڕۆژە

گاڵتەم پێ دەکەن بۆیەکە بیری کردەوە کە نیوەی بکات و پێیان بڵێ کە چلەمین ڕۆژی ڕەمەزانە،مەلا چوو بەوانی گوت کەچلەمین ڕۆژی یەمەزانەو ئەوانیش گوتیان مەلا مانگ بە خۆی سی ڕۆژە چۆن ئێستا چلەمین ڕۆژیەتی؟بە مەلا پێکەنین،مەلاش گوتی مەردی حیسابینە خۆ خەتای من نیە ئەگەر ڕاستیم پێ گوتوبانە ئەمڕۆکە تەواو هەشتایەمین ڕۆژی مانگی ڕەمەزانە.

*

## مانگە کۆنەکان

لە مەلایان پرسی و گوتیان:مەلا کاتی کە مانگ تازە دەردەکەوێت ئەی کۆنە مانگەکان چیان وەسەر دێت؟مەلا لە وەرام دا گوتی:مانگە کۆنەکان ڕێز دەکەن و ئەستێرەکانیا لێ دەسازن.

*

## نەزیک بوونەوەی قیامەت

ڕۆژێکیان مەلا کاوێیکی دابەستەی زۆر قەلەوی هەبوو،هەندێ لە لاوانی ئاوایی کۆبوونەوە و بڕیاریان دا کە بە هەر فرت و فێڵێ بێت مەلا وا لێ بکەن کە ئەو کاوڕە سەر ببڕێت و بە یەکەوە بیخۆن،بۆیە هەمویان بە یەکەوە چوونە لای مەلا و

گوتیان: مەلا وابزانە کە سبەی ڕۆژی قیامەتە،ئەوکاتە ئەم دابەستەیەی کە هەتە چە سودێکی تۆی دەبێت ؟ کەواتە باشتر وایە کە ئەمڕۆ سەری ببڕی و ئەمڕۆکە ئێمە داوەت بکەیت و بە یەکەوە ڕونیشین و لە سایەی تۆوە بە گالتەو گەپەوە بیخۆین.

مەلا قسەکانی ئەوانی چووە دلەوە ، کاورەکەی سەربڕی و بە یەکەوە ڕونیشتن و هەمویان خوارد ، ئەو ڕۆ ژەش کە ڕۆ ژێکی زۆر گەرم بوو و دوای نان خواردنی نێوەڕۆ هەمویان کەل و پەلەکانیان لە بەر کردەوەو چوون بۆ مەلەوانی کردن ، مەلاش کە لە دوای سەربڕینی دابەستەکەی پەشیمان ببوەوە ، هەستا چوو تەواوی کەل و پەلی ئەوانی کۆ کردەوەو هەمووی لە سەر یەك دان و گڕی تێ بەردان و سوتاندی. تیرو تەسەلەکانی بە گۆشتی مەلا کە لە مەلاوانی بوونەوە،دیتان کە هیچ کەل و پەلیان نەماوە ، بە مەلایان گوت چیت لە کەل و پەلی ئێمە کردووە ؟ مەلاش لە وەلام دا گوتی هەمویانم سوتاند،ئەوانیش گوتیان بۆ وات کردووە ؟مەلا گوتی:وا بزانن کە بەیانی قیامەتە جا ئەم کەل و پەلانە چە سودێکیان بۆ ئێوە دەبێت .

*

## وەسیەت

مەلا هەمیشە لای دۆستانی خۆی وەسیەتی دەكرد و دەیگوت:ئەگەر من مردم لە كۆنە قەبرێكەوە بمشارنەوە ، دۆستەكانی مەلاش دەیانگوت بۆ مەلا ؟ ئەویش دەیگوت:تا ئەگەر مونكیر بێت پرسیارانم لێ بكات،بە هەلە بچێت و وابزانی كە من لە مێژە مردووم و پرسیارم لێ نەكات.

*

## خوتبەدان

ڕۆژێكی هەینی مەلا لە مزگەوت دا لە پێش خوتبەدانی دا ڕووی لە خەلك كردو گوتی:ئەی خەلكینە ئێوە دەزانن كە من دەمەوێ چی بلێم؟ خەلكەكەش لە وەلام داگوتیان: نەخێر ئێمە نازانین كە تۆ دەتەوێ چی بلێی. ئەوسا مەلا بە تووڕەییەوە گوتی : كەواتە ئەوەندە نەزانن هیچتان بۆ نالێم ، ئەمەی گوت و یەكسەر لە سەر سەكۆی خوتبە دان هاتە خوارەوەو ڕۆیی.

سبەی ئەو ڕۆ ژە دیسان لە مزگەوت چۆوە سەر سەكۆ و ڕووی لە خەلكەكە كرد و گوتی: هۆ خەلكینە ئێوە دەزانن كە من دەمەوێ چیتان پێ بلێم ؟ خەلكەكەش دوای پرس و ڕای یەكتروەرگرتن، گوتیان بەلێ دەزانین.

مەلا ئەمجارە گوتی:ئیستا کە ئێوە دەزانن من چی دەلێم کەواتە پێویست بەوە ناکات من هیچتان بۆ بلێم . لەوکاتە لە سەر سەکۆکە هاتە خوارەوەو ڕۆیشت و تەواوی خەلکە کە سەریان لەوەدا سوڕماو بیریان کردەوە کە ئەمجارە ئەگەر مەلا ئەو پرسیارە بکاتن وا باشە نیوەی بلێن نازانین و نیوەی تر بلێن دەزانین،بەلکو مەلا بە قسە بێتن و خوتبەکەی خۆی بداتن.

ڕۆژی سێیەم مەلا هاتە سەر سەکۆی مزگەوت گوتی: خەلکینە دەزانن کە من دەمەوێ چی بلێم؟ ئەمجارەی نیوەی گوتیان: نەخێر نازانین و نیوەی تریشیان گوتیان: بەلێ دەزانین. مەلاش کەوای بیست گوتی:زۆر باشە ئەوانەی کە دەزانن هەموو ئەوانەی کە نازانن فێریان بکەن و تێیان بگەیێنن و مەلا کە لە قسەکانی بۆوە خەلکەکەی بە سەر سوڕمانی بە جێ هێشت وڕۆیی.

*

## مەلا دەبێ بە کەلەشیر

ڕۆژێکیان چەند لاوێ لە گەل مەلا دەچنە حەمام و لەوێ دەیانەوێ کە فێلێك لە مەلا بکەن و بۆ ئەو مەبەستەش هەریەکە هێلکەیەك لە گەل خۆیان دەبەن ، لە حەمام بە مەلایان گوت:ئێمە هەمووما ن

دەتوانین وەك مریشك هێلكە بەین.وە مەرجیان كرد لە گەل مەلا دا كە هەركەسێ نەی توانی هێلكە یكاتن دەبێ پارەی حەمام ئەو بیداتن. لە دوای ئەو قسانە هەموویان وەك مریشكیان كردو هێلكەكانیان لە ژێر خۆیانەوە لە سەر سەكۆیەك دانا وەكو مریشك لە سەر هێلكەكان هەستان و هێلكەكان دەركەوتن.مەلاش یەكسەر هەستاو خۆی تەكان داو وەك كەلەشیر ئەوملاو ئەولای كردو لە دەورەیان سوڕایەوە و دەستی بە قووقەقووق كردن كرد .لاوەكان گوتیان مەلا ئەمە یانی چی؟مەلاش گوتی:چۆن مریشك بە بێ كەلەشێر هێلكە دەكات،ئایا بۆ چوار مریشك كەلەبابێك پێویست نیە؟

*

## حوشترو پەروبال

ڕۆژێکیان مەلا خەلكی ئاوایی كۆ كردبۆوە ئامۆژگاری دەكردن، لە نێوان پەیڤەكانی داگوتی:خەلكینە زۆر سوپاسی خوا بكەن كە پەڕو باڵی بە حوشتر نەداوە، ئەگینا لە كاتی هەلنیشتنەوەی لە سەر بانی هەر یەكی تێك و لێكی دەداو بە سەرتانی دا دەڕووخاند.

*

## خەونی نۆ لیرەیی

شەوێکیان مەلا لە خەویادابوو کابرایەك هات و گوتی: مەلا وەرە نۆ دانە سکە زێڕی ڕەشادیتبدەمێ!! مەلاش وەری نەگرت و گوتی: ئەگەر نەی کەی بە دە لێرە وەری ناگرم، پارەکەی وەرنەگرت و واگا هات،کە واگا هات بینی هیچی پێ نیەو دەستی خالیە، مەلا پەشیمان بووبووە کە 9 لێرکەی وەرنەگرتووە، یەکسەر پال کەوتەوە و دەستی خۆی درێژ کردو گوتی:دەبینە بە 9 لێرەکەش ڕازیم وەری بگرم.

*

## ڕەشەبا

ڕۆژێکیان مەلا بەلای بیستانێکەوە تی دەپەڕی ، سەیری کرد کەس دیار نیە دەستی بە لێ کردنەوەی شوتی لەو بیستانە کردو هەمووی خستە ناو تێڕەکەی سەر پشتی کەرەکەی ، لەو دەمەدا خاوەن بیستانەکە پەیدا بوو، خۆی لە مەلا توڕە کردو گوتی: مەلا ئەوە لێرە چی دەکەی ؟مەلاش یەکسەر گوتی: چی بلێم : من لێرە تێ دەپەڕیم و لەو کاتەزریانێکی زۆر بە هێز هات و منی هەلگرت و منی هێنا ئێرە.کابراش گوتی:ئەی ئەم شوتیان کێ لێی کردۆتەوە؟ مەلاگوتی:ئەو زریانە زۆر بە هێز بوو من خۆم بە بڕکێکێ شوتی گرتەوە، لەو کاتەدا برکە شوتیەکە

هەلکەنەا.خاوەنەکەی بێستان گوتی: باشە مەلا با بلێین ئەمانەی گوتت هەمووی ڕاستە،ئەی ئەم شوتیانەی کە لە ناو تێڕەکەت دایە کێ خستویتە ناویەوە؟
مەلاش گوتی بەڕاستی زۆر سەیرە منیش هەرچەند بیر لەوە دەکەمەوە بە داخەوە تا ئێستا نازانم کە چۆن ئەو شوتیانە چونەتە ناو ئەو تێڕەی منەوە و کێ ئەمەی ئەنجام داوە.

*

## بوک گواستنەوە

ژنەکەی مەلا شەوێ دەیگوت: کوڕەکەمان گەورە بووەو حەزم لێیە کە ژن بۆ کوڕەکەمان بێنین.
مەلاش دەیگوت:لەم کاتەدا دەستمان خالیە و پارەیەکمان بۆ ئەم کارە لە دەست نیە.
مەلاژنیش گوتی: کەرەکەت بفرۆشەو لە خەرجی بۆك گواستنەوەی سەرف بکە. پاشان گفت و گۆیەکی تر هاتە پێشەوە، مەلاو مەلاژن وایان دەزانی کە کوڕەکەیان خەوی لێ کەوتووە، بەلام کوڕەکەیان لە ناکاو سەری لە ژێر لێفەکەوە دەرهێناو گوتی: بابا بۆ باسی فرۆشتنی کەر ناکەیت ؟.

*

## خۆی لێ بدات

مەلا سواری كەرەكەی بووبوو ، زەنگولێكیشی بزنەكەشی لە گەردەنی بزنەكەیەوە بەستا بوو لە دوو خۆی جلەوی گرتبوو ، هێواش هێواش بە ناو بازار دا دەڕۆیشت،لەو كاتەدا توشی بە سێ كۆسە بوو. یەكێكیان گوتی: من بزنەكە دەبەم، ئەویتر گوتی: من كەرەكەی دەیەم، سێیەمیان گوتی:من كەل و پەلەكانی بەری دەبەم.

كۆسەی یەكەم چووە پێشەوەی مەلا و یەكسەر زەنگولەكەی لە سەری بزنەكە داكەلاندو لە كلكی كەرەكەی مەلای بەستا و بزنەكەی برد و ڕۆیی ، دوەمی هات و گوتی مەلا خەلك زەنگول بە سەری كەر وەدەكەن تۆ بە كلكی كەرت وەكردووە،مەلا كە سەیری كرد بزنەكەی نەمایە یەكسەر هاواری كرد و گوتی: كێ بزنەكەی منی بردووە؟ كابرای دووەم گوتی:یەكێك بزنەكەی فڕاندی و بەم كۆلانە دا هەلات.

مەلا تكای لە كابرا كرد و گوتی:تكایە كە كەرەكەم بگری تا وەدوای كابرا بكەوم.كابرای دوەمیش كەرەكەی مەلای وەرگرت و بردی مەلاش بزنەكەی نە دۆزیەوە،لە نەزیك ئەو شوێنە كابرایەكی دیت كەوا هۆڕ هۆڕ دگری، مەلاش هۆی گریانی لە كابرا پرسی و

گوتی: سەندوقێك زێڕی ژنی حاکمم لە دەست بوو، کابرایەک هات خۆی لێ دام و سەندوقەکە کەوتە ناو ئەو بیرەوە، ئێستا سەد دینار بە هەرکەسێ دەدەم کە ئەم سەندوقەم بۆ دەر بهێنێ.
مەلا بیری کردەوە پارەی زیاتر بزنەکەو کەرەکەی بۆ دەگەڕێتەوە،یەکسەر کەل و پەلەکانی خۆی لە بەر کردەوەو لای کابرای گرینۆکی دانا و بۆ ناو بیرەکە شۆڕ بۆوە،هەر چەند گەڕا شتێکی نەدۆزیەوە و زۆری هاوار کرد کەسێ وەلامی نەدایەوە ، بە ناچاری هاتە دەرەوەو سەیری کرد کە هەوالێك لە کەل و پەلەکانیشی نەماوە ، ئیتر گۆپالەکەی بە دەستەوە گرت و لە دەورەی خۆیەوە دەسوڕایەوەو دەڕۆیشت:لێیان پرسی ئەوە بۆ وا دەکەی مەلا؟ مەلاش دەیگوت لە خۆشی ئەوەی کەوا منیشیان نەدزیوە چونکە بزن و کەر و کەل و پەلیان لێ دزیم.

*

## کاتی خوارن

لە مەلایان پرسی گوتیان چە کاتێك بۆ خواردن باشە؟ مەلاش لە وەلام دا گوتی:بۆ ئەوانەی کە دەولەمەندن خواردن هەمیشە باشە،بۆ ئەوانەش کە هەژارن و نیانە هەرکاتێ کە خواردن دەست کەوت بیخۆن چاکە.

*

## نەخۆش كەوتنی مەلا

مەلا نەخۆش كەوت.كابرایەكی زۆر گۆش چوو بۆ سەردانی مەڵا ، كابرا زۆری قسە دەكردن مەلا هەرچەند دەپەڕیە ناو قسەكانی و دەیەویست بدەنگی بكات بەڵام چارە نەبوو كابرا هەر دەپەیڤی ، مەلا بە ناچاری دەستی بە نالە نال كرد و كابرا لە مەلای پرسی بۆچ نالە نالتە؟ مەلاش گوتی: لە بەر هۆی زۆر ڕونیشتن و زۆرگوێ لە قسە ڕاگرتن.

*

## سوپاسی نابەجێ

مەلا لە بازار دەسوڕایەوە،لە پاقلە فرۆشێك هەندێ پاقلەی كڕی.ناوكی پاقلەكانی دەرهێناو خواردی و پەلكی پاقلەكانیشی فڕێ دا، یەكسەر ڕۆیی،هەژارێكییش لەو كاتە لەوێوە تێ دەپەیی و پەلكە پاقلەكانی هەلگرتەوەو هەمووی خواردو دەستی بە سوپاس كردن كرد، مەلا چووە پێشەوەو مستێكی لە شان و ملان داو گوتی:

كابرا ئەوەندەت سوپاسگوزاری خوا كرد تا خوا وای لێ كردی كە بە پەلكە پاقلەی فڕێدراو موحتاج ببی! لە هەبوان فێربە كە گوێ مەدەرە ئەم سوپاس گوزاریانە بۆ خۆت لە ژیان لەزەت ببە و تێ بگە.

*

## کوتاڵ فرۆشی واپەسین

مەلایەك خۆتبەی دەدا و دەیگوت:ئەوانەی نەدارن و جل و بەرگیان نیە بۆ لە بەر کردن ،خوا لەو دونیادا پاداشێکی باشیان دەداتێ و لە بەهشت خاوەنی هەموو شتێك دەبن و خوا جل و بەرگی باش و بە نرخیان دەداتێ.

مەلاش ڕووی لە دراوسێ ڕەش و ڕوتەکەی خۆی کردو گوتی: خەم مەخۆ ئەگەر لەم دونیا هیچت نیە ئەوا لە ڕۆژی قیامەت دوکانێکی بەزازی دەکەیتەوە،بەو مەرجەش کە ئاگات لە دراوسێیەکەی خۆت ببی و لە بیرمان نەکەی.

*

## میوانی چاو تەنگ

لە مالی پیاو ماقولێکی ئاوایی دەعوەتێکی گەورە هەبوو،مەلاش لەوێ دەعوەت کرابوو، لە کاتی خواردن دا پارووەکەی مەلا مویێکی تیا بوو.

خاوەنی مال گوتی: مەلا موەکە لە پارووەکەت دەرێنە ئەوسا بیخۆ.

مەلاش پارووەکەی لە سەر زەوی داناو بەرەو دواوە کشایەوە.خاوەن مال هۆی کشانەوەی لە مەلا پرسی:

مەلا لە وەلام داگوتی:لە هەر شوێنێ لە کاتی خواردن خاوەن مال بە شێوەیەك سەیری مرۆ بکات و مویەکی باریك لە ناو پارووی مێوان ببینێ دەبێ مێوان ئەو خواردنە نەخوات.

*

## کلاو

مەلا کلاوەکەی زۆر پیس بوبوو بۆیە بە سەری کۆتەوە لە بەر دەرگای مالەکەی ڕاوەستابوو، بیری لەوە دەکردەوە ئەگەر خوا کلاوێکی خاوێنی بۆ بنێری زۆر باشەو لە جێگەی خۆیەتی. لەو کاتەدا کابرایەك لەوێوە تێ دەپەڕی کە کلاوێکی لە زبلدانەکانەوە دۆزیبۆوە و بە دەستیەوە بوو، کە مەلای بە سەر کۆتی دیت یەکسەر کلاوەکەی بۆ مەلا هاویشت و ڕاستەو خۆ کەوتە سەر سەری مەلا، مەلاش کە ئەوەی بینی یەکسەر کلاوەکەی لە سەر کردەوەو گوتی:خودایە ئەم کلاوەی کە لە سەر سەری منت ناوە وا باشتر بوو لە سەر سەری جبرائیلت نابایە!!!

*

## پەیڤی گا

ڕۆژێکیان مەلاو کۆمەلێك بە یەکەوە لە بیابانێك دا تێ دەپەڕین،لەوکاتەدا گایەك بۆڕاندی، خەلکە کە گوتیان مەلا ئەو گایە بانگت دەکا بڕۆ بزانە چی دەلێ؟

مەلا لە گاکە نەزیك بووەوەو گەڕایەوە و گوتی: هۆی چیە کە لە گەل ئەو کەرو بێ ئەقلانە هاتوویتە گەڕان؟.

*

## یاسای ڕاست

وەستایەك لە سەر بانێکەوە تەواوی بانەکەی قیرتاو کردبوو،نەی دەتوانی بێتە خوارەوە،لەو کاتەدا مەلا لەوێوە تێ دەپەڕی،لە مەلایان پرسی چی بکەین باشە تا وەستا بتوانێ لەو سەرەوە بێتە خوارەوە؟مەلاش گوتی:گوریسێك بێنن لە تەنگەی وەستای بخەن و ڕایکێشنە خوارەوە، ئەوانیش بە گوێی مەلایان کردو کابرایان ئاوا ڕاکێشا خوارەوە،وەستای بەستەزمان لەوسەرەوە کەوتە خوارەوەو پارچە پارچە بوو ، بە مەلایان گوت ئەوە چە تەکبیرێ بوو بۆ ئێمەت کرد؟ مەلا گوتی:دەنا باوکم کەوتبووە چالێکەوە،گوریسکم بۆ هاویشت و لە

کەمەری خۆی بەستاو یەکسەر هێنامە دەرەو نەش مرد،بەلام دیارە ئەو کابرایە ئەجەلی هاتووە.

*

## کلکی کەلەباب

کابرایەك کەلەشێرەکەی مەلا دەدزێ،مەلاش وەدووی دەکەوێ و دیگاتێ،مەلا دەلێت کەلشێرکەم بدەوە،کابرا دەلێت:کەلەشێرم نەدیوە.
لەوکاتە کلکی کەلەشێرەکە لە تێرەکەی کابرا هاتبوە دەرەوە.مەلا گوتی:
تۆ راست دلێی ، بەلام ئەو کلکە کە دیارە کارەکەی لێ تێك داوی ، راستەو خۆ تێرەکەی کردەوەو کەلەبابەکەی دەرهێناو لێی سەندەوە.

*

## چارەسەری جی بەجی

هۆزانوانێک چووە لای مەلا مەشورو گوتی:ماوەیەکە دلم دێشی و ئازارم هەیە و هەر وەك ئەوە وام کە دەلێی شتێکی گران هەمیشە لە سەر دلم دایە،مەلاش لێی پرسی و گوتی:شیعرێکی تازەت هۆنیتەوە کە تا ئێستا کەس نەی خوێندبێتەوە ؟
کابرای شاعیریش گوتی:بەلێ.
ئەوسا مەلا گوتی:شیعرەکەت بخوێنەوە. شاعیریش شیعرە درێژەکەی بۆمەلا خوێندەوە، کە تەواو

بوو،مەلا گوتی: پێم وایە بە خوێندنەوەی شیعرەكەت ئێستا چاك بویتەوە.

## مردووی قەرزدار

كۆمەلێ لە شۆخی بازاڕی شار كابرایەكیان لە ناو تابوت ناو بە سەر شانانەوە بۆ گۆڕستانی شاریان برد و مەلا شیان لە گەل خۆیان بۆ نوێژ كردن لە سەر مردووەكە برد.مەلاش كەنوێژی لە سەر كابرا دەكرد وكەمێ دەنگی تەكبیر گوتنی بەرزكردەوەو،لەو كاتە دا مردووەكە ترێكی لێ بەر بوو، مەلاش ڕووی كردە خەلكەكەو گوتی: مردووی ئێوە قەرزدارە: دەبێ قەرزەكەی بدەنەوە تا لە عەزابی قەبر ڕزگاری ببێ!

*

## مرۆ

مەلا بە شێوەیەكی ناشرین پرساری لە كابرایەك كرد و گوتی: ناوت چیە؟

كابراش گوتی:مرۆ.

مەلا گوتی: خوا لە باوكت خۆش بێت كە ئەم ناوەی لە تۆ ناوە.ئەگەر نا تۆ هیچ شتێكت بە مرۆ ناچێت،ئەی خەلك چۆن بزانن كە تۆ مرۆی ئەگەر ئەو ناوەت نەبایە؟

*

## كەری زانا

لە ڕۆژگارانێكی دەست كورتی دا مەلا كە دەیەویست كەرەكەی بۆ مال بەرێتەوە، كەرەكەی مەلا بە پێی ناخۆش بوونێكی زۆرەوە و بەزەحمەت دەچووە تەویلەكەوە،كە كەرەكەشی دەهێنا دەرەوە ئەوا كەرەكە بە پەلەو خۆشحالیەوە لە تەویلەكەوە دەهاتە دەرەوە.

لە مەلایان پرسی و گوتیان مەلا هۆی چیە كە كەرەكەت ئەو ڕەفتاری پێوە دیارە.

مەلاش دەیگوت:كەرەكەم دەزانێت كە لە ناو ئاخوڕەكەی هیچ ئالیكێك نیە كە بیخواتن.

*

## كەل و پەلی زستان

بە مەلایان گوت:زستانی ئیمسـال زۆر سەخت و سارد و سڕ دەبێت،تۆ چیت بۆ زستان ئامادە كردووە؟مەلاش گوتی: من لەرزینم لەتاو سەرمادا ئامادە كردووە.

*

## خۆ دوور كردنەوە لە سەگ

بە مەلایانگوت:مەلائەگەر توشت بە سەگێكی گەورە بوو ئەوا سۆڕەتی ئایەتەلكەهف بخوێنە ئەوا سەگەكە بۆ خۆی هەل دێت و دڕوات و تۆ ڕزگاریت دەبێت.

مەلاش گوتی:لە بەر ئەوەی کە هەموو سەگێك لە قورئان ناگەن بە خوترمەیەکی ئەستور ئەم کارە دەکەم.

*

## نامەی مەلا

مەلا چووە شارێکەوە و بۆ ماوەیەك لەو شاردا مایەوە،ڕۆژێکیان نامەیەکی بۆ مالەوە نوسی و هەرچەند هەولی دا کەس نەبوو کە نامەکەی بۆ بەشوێنی خۆی بگەیەنێ، بە ناچاری بە خۆی ڕێگەی گرتە بەرو چوو بۆ گوندەکەی خۆی و کە گەیشتە لای مالەکەی خۆی و لە دەرگای داو گوتی:مندالەکانی کە چاویان بە مەلا کەوت بینیان کە باوکیان گەڕاوەتەوە و لە شار هاتۆتەوە دلیان خۆش بوو ، بە خێر هاتنەوەیان لێ کرد، مەلاش زۆر بە لەسەر خۆییەوە بە مندالەکانی گوت:ئەوە باش بزانن کە من نەهاتیمەوە تەنیا ئەم نامەیەم بۆ هێناون تا بە دەستتان بگات و نامەکەی دا بە مندالەکانی و گەڕایەوە هەرچەندە پێیان گوت بە هەر حال کەمی پشوێ بدە ئەوسا بگەڕێوە مەلا قەبوولی نەکردو گەڕایەوە شار.

*

## لەجێی گوناه

مەلا ژنێكی زۆر ناشرینی هەبوو،شەوێكیان زۆر بە سەیری تەماشای ژنەكەی خۆی دەكردو لێی موڕ ببۆوە. ژنەكەی مەلاش گوتی:ئەوەچی بووە ئاوا بە مۆڕیوە سەیرم دەكەی و چاوت بەو شێوەیە بڕیوەتە من؟مەلاش لە وەلام دا گوتی ئەمڕۆكە چاوم بە ژنێكی زۆر جوان كەوت و زۆرم سەیر كرد،جا لە جیاتی ئەوەی كە تۆلەی گوناهی ئەو سەیر كردنە بدەمەوە وا دەڕوانمە تۆوە و دوو ئەوەندەی كە سەیری ئەو ژنەم كردووە دەبێ دووبەرابەر سەیری تۆ بكەم تا گوناهم بڕوات.

*

## نۆكەر

مەلا نۆكەرێكی كڕی و خەلك گوتیان:عەیبی ئەو نۆكەرە ئەوەیە كە شەوانە میز لە بنە خۆی دەكات،مەلاش گوتی:
ئەگەر شوێنی خەوی دۆزیەوە تیا بخەوێ با هەرچی دەیەوێ لە ناویا بیكات.

*

## مەعتەلبوون

ڕۆژێكیان مەلا تەنگاو دەبێت و دەیەوێتی بچێتە ئاودەسخانەوەو لە بەر دەرگای ئاودەسەكە ماوەیەك

وەستاو زۆر تەنگا بووبوو، جا ماڵاش لە تاوان یەك بە خۆی هاواری کردو گوتی نابێتە دەرەوە کابرا خۆ گوریست قوت نەداوە ؟ مەلا وای زانی کە یەکێك لە ژوورەوەیەو کەس وەرامی نەدایەوە،مەلاش کە تەنگاو بوو،یەکسەردەرگای کردەوەو چووە ئاودەسەکەوەو بینی کە کەسێك لەوێ نیەوگوتی: ئێ باشە کە لێرە نەبووی دەبوایە زوتر وەلامم بدەیتەوە تا زوتر بێمە ژوورەوەو ئەوەندە لە بەر درگاوە ماتەل نەدەبووم.

*

## خوراندن

مەلا لە گەل یەکێك دا بە یەکەوە نوستبوون و سەریان بە بالیفێك کردبوو،مەلا سەری دەخورا،دەستی برد بۆ ئەوەی سەری خۆی بخورێنی کەچی سەری هەڤالەکەی لە جیاتی سەری خۆی دەخوراند،هەڤالەکەی لە خەو ڕاپەڕی و گوتی:بۆچی سەری من دەخورێنی؟

مەلاش گوتی:وام زانی سەری خۆمە بەلام کە وام کرد لام خۆش نەبوو سەرم لە خوران نەکەوت.

## دز لە ناو حەوزی ئاو

ڕۆ ژێکیان مندالێك بە مەلای گوت:مەلا وابزانم دزێك خۆی لە ناو حەوزی ئاو شاردۆتەوە، مەلاش کە چوو سەیری ناو حەوزی ئاو بکات وێنەی خۆی دیت و

هات بە منالەكانی گوت:ڕاستە دزێك لە ناو حەوزی ئاو دایە و وەرن سەرو خوترمە بێنن و من دەچم دزەكە دەر دێنم كە هاتە دەرەوە ئێوە تێرو پڕ تێی هەل دەن.
مەلا كە چووە ژوورەوە كەسی نەدی و ویستی بچێتە دەرەوەو هەركە سەری دەرهێنا و یەكسەر مندالەكان كەوتنە سەری و تێرو پڕیان بە قسەی خۆی تێ هەلدا.

*

## دەنگی كەر

ڕۆژێكیان مەلا لیرەیەكی بە دەستەوە بوو یاری پێ دەكرد،كابرایەك چاوی بە لیرەكەكەوت و لە مەلا نەزیك بۆوە دەشی زانی كە مەلا كەمێ ئەحمەقە،هات بە مەلای گوت من هەشت دانە پارەی زەردت دەدەمێ تۆ ئەم یەك پارەیەتم بدەرێ.
مەلاش گوتی: بە مەرجێك دەت دەمێ كە سێ جاران وەك كەر بزەڕیت،كابراش بە قسەی مەلا سێ جاران دەستی بە زەڕین كرد،ئەوسا مەلا گوتی هەی كەرە تۆ بەو كەریەتی خۆت دەزانی كە پارەی من زێڕە و زێڕ بە نرخە بەلام وادەزانی كەمن من نازانم؟ دەتەوێ بم خەلەتێنیت و پارەی خۆت بە زێڕ بگۆێتەوە؟.

*

## لە جێی کوتەککاری

کچەکەی مەلا بە گریانەوە بۆ لای باوکی هات و گوتی:مێردەکەم تێرو پڕی تێ هەلداوم.
مەلاش لە وەلام دا دارێکی دەست دایێ و تێرو پڕی لە کچەکەی خۆی هەلدا و گوتی:زوو برۆ بە مێردەکەت بلێ باوکم لە جیاتی لەتۆ تیرو پڕی لە ژنەکەی تۆ داوە.

## مەلاو دز

ڕۆژێکیان مەلا دەچێتە مزگەوت و لە دوای نو ێژ کردن کەوشەکەی دێنێ و لە گۆشەیەکا لە بن سەری خۆی دادەنێ و لێی دەخەویت، پاشان سەری لە سەر کەوشەکە وەلا دەچێ و لەو کاتە دا دزێك دێت کەوشی مەلا دەدزێ و دەڕوات،مەلاش کە هەل دەستەوەو دەبینی کەوشەکەی نەماوە دەزانی دزراوە،ئەمجار بۆ ئەوەی کە دزەکە بگرێت،کەل و پەلی خۆی لە بەر دەکاتەوەو لە بن سەری خۆی لە هەمانشوێن دا دادەنێ و دیسان خەوی لێ دەکەوێت و،سەری لە سەر کەل و پەلەکانی دادەکەلێ و ئەمجارش دزەکە دێت کەل و پەلەکانیشی دەدزێ و ئیتر بۆی دەرەچێ.

مەلا دیسان کە واگا دێت دەبینێ هەوالێ لە کەل و پەلەکانیەوە نیە. مەلا لەم تەکبیرەشی دا سود وەرناگرێتتن.

*

## ئەستیرەناس

کابرایەك دەیگوت کە من ئەستێرە ناسـتم، ڕۆژێکیان مەلا لێی دەپرسێ و دەلێت: دراوسێکەتان ناوی چیە؟کابری ئەستێرە ناسیش دەلێت: نازانم.مەلاش بە کابرا دەلێت:باشە تۆ کە ناوی دراوسێکەت نازانی چۆن ئەو هەموو ئەستێرانە لەو ئاسمانە دوورەوە دەناسی؟

*

## وەعزدان

ڕۆژێکیان مەلا وەعزی دەدان و دەیگوت: دەبێ خەلك مالی خۆی بە کەسێ بسپێری کە بتوانێ لێی وەربگریتەوە.لە مەلایان پرسی باشە مرۆ دەتوانی کە مالی خۆی لە کێ وەربگریتەوە؟ مەلاش گوتی:لە کەسانی موفلیس.

*

## ترێ

لە کۆیرکی مێوانی دا مەلا وشیە ترێیەکی هەلگرت و لە دەوی خۆی نا.بە مەلایان گوت : ترێ دانە دانە دەخورێت.مەلاش گوتی:وانیە ئەوەی کە دانە دانە دەخورێت ئەوە باینجحانە.

*

## بیستن و گوتن

مەلا لە وەعزدانێکی دا دەیگوت: هۆی ئەوەی کە خوا یەك زمان و دوو گوێی بە مرۆ داوە ئەوەیە کە دەبێت لە بەرابەر دوو وشەبیستن یەك وشە بلێتن.

*

## تەماعی

رۆژێکیان مەلا چووە مالێکی سەخی،کابرای سەخی ویستی شتێك بدا بە مەلا و لە مەلای پرسی وگوتی: چیت دەوێت مەلا ؟

مەلاش گوتی:دەمەوێ بە پێی ژمارەی سەد و بیست و چوارهەزار پیغەمبەر سەدو بیست و چوارهەزار دینارم بدەیتێ.

کابرای سەخی کە ئەو هەموو تەماعەی لە مەلا دیت و گوتی: ئامادەم کە ناوی هەر پێغەمبەرێکی بلێ و دینارێکت بدەمێ.مەلاش هەرچەند بیری کردەوە

نەیتوانی کە لە ناوی بیست و پینج پێغەمبەران زیاتر هیچ ناوێکی تر بلێت.
کابرای سەخی بیست و پێنج دیناری دا بە مەلا. مەلا کە پارەکەی وەرگرت تەماع گرتیەوە و ڕووی کردەوە کابراو گوتی:فرعەون و نەمرود شەدادیش.
کابرای سەخی گوتی: ئەوانە کە پێەمبەر نەبوون مەلا.
مەلاش گوتی بە ڕاستی مرۆیەکی سادەی ئەوانە داوای خوایەتیان دەکرد تۆ بە پێغەمبەریشیان قەبول ناکەیت؟کابرای خاوەن مال وسەخی سێ دیناری تریشی دا بە مەلا و خۆی لە شەڕی مەلا یزگار کرد.
*

## شاهید

کابرایەك داوای سەد دیناری لە مەلا دەکردەوە،بۆ ئەو مەبەستە شکایەتی کردبوو وهاتبووە لای قازی، قازی داوای ئەوەی کە لە کابرای پرسی و گوتی:شاهیێدت کێیە کە تۆ سەد دینارت لای مەلایە؟
کابرا گوتی:خودا.
مەلاش گوتی دەبێ شاهێدێك بۆ قازی دیار بکەی کە قازی بیناسێت.

*

## وێچوون

لە کاتێك دا کە مەلا لە گەرمەی قسە کردن و ئامۆژگاریەکانی مانگی ڕەمەزان دا بوو و وەعزی دەدان،کابرایەك زۆر بە گەرمی و بلندی دەگریا.مەلاش پرسی و گوتی:کابرا لەو بەشە چی تێ گەیشتووی ئاوا بە سۆز دەگرییێی؟

کابراش گوتی:هیچ. هەروەها گوتی:کاری من ئاژەل بەخێو کردنە، ماوەیەك لەوە پێش کەرێکم هەبوو، بەداخەوە کە ڕۆژێکیان کەرەکەم کەوتە بەر هێرشی گورگان و هەرچەندی زەڕاندی و ڕای دەکرد بەلام بێ سود بوو گورگەکان پارچە پارچەیان کردو خواردیان ، ئێستاکەش قسەکان و دەنگی جەنابت لەم وەعزە دانە دا هەروەکو زەڕەی ئەو کەرە دێتە بەر گوێم کە لە کاتی پارچە پارچە کردنی یەك بە خۆی دەیزەڕاند، جا ئەو دیمەنەم هاتەوە بیر و بەرچاوان و زۆرم زگ بە کەرەکەم سوتاو بۆیەکە ئاوا دەگریم.

*

## سەری گەورە

ڕۆژێکیان مەلا لە مالی یەکێ لە ئاغاکانی گوند مێوان بوو، بەرخێکی سورکراوەیان هێنایە پێش مەلاو گوتیان: سەری بەرخەکە بخۆ چونکە مێشکی ئاژەل

سەری مرۆ گەورە دەكاتن. مەلاش ڕووی كردە خانەخوێكەی و گوتی:
بە پێی ئەوەی كە جەنابت دەیلێی دەبێت سەری تۆ لە سەری كەر گەورەتر بێتن!!.

*

## بیوەژن

مەلا بێوە ژنێكی هێنا كە مەلا چوارەمین مێردی بوو،لە كاتێ كە مەلا نەخۆشیەكی زۆر سەختی گرتبوو ، ژنەكەی لەسەر سەرینی مەلاوە دەیگوت:ئەگەر تۆ مال ئاوایمان لێ بكیت و بمریت، من بە كێ دەسپێری؟
مەلاش گوتی:بە ئەحمەقێكت دەسگێرم.

*

## دكتۆری خاوەن ویژدان

مەلا دۆستێكی هەبوو كە پزیشكی دەكرد،ڕۆژێكیان بەیەكەوە لە گۆڕستانێكەوە تێ دەپەڕین،دكتورەكەی برادەری مەلا دەستی بە ڕووی خۆیەوە گرتبوو، مەلاش پرسی و گوتی: بۆچی دەم و چاوی خۆت وا گرتووە؟
پزیشكەكەش گوتی: زۆر شەرم لە مردوانی ئەم گۆڕستانە دەكەم،چونكە قەبری هەریەكێك دەبینم ئەوەم دێتەوە یاد كە زیانی بە دەستی منەوە دیوە

و بەو داوو دەرمانانەی كە بۆ چارە سەریان پێم داوەن ،بەداخەوە پێ مردوون.

*

## پرســـــە

كابرایەكی بە سالا چوو نەخۆش كەوتبوو، مەلاش بۆ سەرەخۆشی چووە مالی كابرا و سەرەخۆشی لێ كردن،مال و مندالی كابرا گوتیان خۆ هێشتان نەمردووە تۆ سەرە خۆشیمان لێ دەكەی؟
مەلاش گوتی:من دوعای بۆ دەكەم بەزووترین كات رزگاری ببێت،چونكە من پیر بوویمەو بەم زستانە ناتوانم جارێكی تر بێمە خزمەتتات بۆیەكە پێش مردنی سەرەخۆشم لێ كردن.

## گەمژەلی

مەلا ردنێكی زۆردری بەردابۆوە، شەوێكیش دەیخوێندەوە لە كتابەكە وا نوسرابوو كە ریشی درێژ بەلگەی گەمژەلیە،مەلاش كە سەیری ئاوێنەی كردو ریشە درێژەكەی خۆی لە ئاوێنەكەوە بینی و گوتی: كەواتە بە پێی ئەم كتابە دەبێت من گەمژەل بم.
جا لە بەر ئەوە مەلا ویستی كە بە زوترین كات ئەو دیاردە گەمژەلیەی لە خۆیەوە دوور بكاتەوە ،دستی لە سەر ریشی خۆیا داناو لە چراكەی مالەوەی نەزیك بووەوەو ویستی كە بەلای كەمی نیوەی

ڕیشەکەی لە ناوبەرێت و بی سوتنێنێت ، بەلام تەواوی ڕیشەکەی ئاگری گرت و بە هەزار ناری عەلی ئاگرەکەی کوژاندەوە و کەمێ دەم و چاویشی لە گەل سوتا، ماوەیەك لە مالەوە خەریکی هەتوانی دەم و چاوی سوتاوی خۆی بوو،دوای ئەوەی کە چابۆوە کتابەکەی هێناو لەو شوینەی کە خوێندبویەوە ڕیشی درێژ نیشانەی گەمژەلیە،حاشیەکی لە سەر نوسی و گوتی:ئەم نوسینە زۆر زۆر ڕاستەو تاقی کراوەتەوە،لە خوارەوەش ناوی خۆی نوسی و ئیمزای کرد .

*

## ڕاست گۆیی

گوتیان نۆکەری یەکێ لە پیاو ماقولانی شار مردووە.مەلاش بۆ سەرەخۆشی بەرەو مالی کابرا چوو،لە ڕێگەوە زانی کە خودی کابرای پیاو ماقول مردووە نەك نۆکەرەکەی،مەلا کە ئەوەی زانی گەڕایوە و گوتی:من کە بۆ بەخێر گۆتنی ئەو دەچووم ، ئێستا بۆ بە خێر گۆتنی کێ بڕۆم ئیتر پەشیمان بۆوەو نەچووە تازیەکە.

*

## کوپەی پارەو بۆگەن

مەلا کۆپەیەکی لە شوێنێك لە ناو کاولێکا شاردبۆوە،هەرکاتێ پارەیەکی دەست دەکەوت دەچووە ناو کاولەکەو پارەکەی لە کوپە شاراوەکە دەناو دەگەڕایەوە، دوکاندارێك لەرامبەر ئەو کاولە خانەیە بوو، ئەو دوکاندارە لە هاتن و چوونی مەلا ئاگادار بوو و گومانی کەوتبوە سەر مەلا،جا بۆ ئەوەی بزانێ مەسەلە چیە،هەستا کاولە خانەکە پشکنی و کوپە پارەکەی مەلای دۆزیەوەو یەکسەر پارەکەی کە ژماردی چل و یەك دینار بوو لە کوپەکەی دەرهێناو هاویشتیە گیرفانی کوپەکەشی بە بەتالی لە جێگەی خۆی داپۆشیەوە.ڕۆژی دوایی مەلاش چۆوە سەر شوێنەکەو کە سەری کۆپەکەی هەل دایەوە بینی کە هیچی لە ناودا نەماوە، لەو کاتە زانی کە کابرای دوکاندار ئەم کارەی کردووە، هەستا لە بەر دەرگای دوکان دارەکە تێ پەڕی و بینی کە کابرا لە دواکان نیە،بیرێکی کردەوەو بۆ خۆی تەکبیرێکی کردو دوای سەعاتێکی تر هاتەوە لای کابرای دوکاندار.دوکاندار بە خێر هاتنی مەلای کردو گوتی: هامەلا فەرموو چیت دەوێ؟مەلاش بە لە سەر خۆییەوە گوتی: دەفتەرەکەت دەر بێنە و بنوسە سی و شەش دینار و لە گەل ئەویتر کە هەفتاو دوو

دینارە کۆیان بکەوە دەکاتەسەد وهەشت دینار، مەلا گوتی: لە گەل چل و یەك دیناری تریش کۆیان بکەوە دەکاتە سەد و چل و نۆ دینار، تەنیا دینارێکی تری دەوێت بکاتە سەدو پەنجا دینار و مەلا گوتی زۆر سوپاس خواحافیزی کردو هەستا ڕۆیی. دوکاندارەکەش تەماعداریش بیری کردەوە کە مەلا پارەی تریشی هەیە دەیەوێت بیخاتە سەر چل و یەك دینارەکەی کە لە ناو خەزینەکەی پاشە کەوتی کردووە، بۆیەکە هەستا لە دوای مەلا چوو پارەکەی لە شوێنی خۆی دانایەوە.مەلاش ڕۆژی دوایی چۆوە سەر شوێنەکەو کەمێ خۆی دواخست و لە وێ مایەوە، پاشان هاتە دەرەوە، دوکاندارەکە کە مەلای بینی هاتە دەرەوە یەکسەر چووە سەر خەزینەکەو سەری هەلدایەوەوە دەستی بۆ ناو کوپەکە درێژ کرد ویەکسەر زانی کە لە جیاتی پارە خەزینەکە گوی تێ کراوە، مەلاش لەو ناوە چاوەدێری دەکرد، کابرای دوکاندار کە لە کەلاوەکە هاتە دەرەوە، مەلا یەکسەر چووە پێشی و پێی گوت: دەستی خۆت بۆن بکە بزانە چی بۆنێکی لێ دێتن

*

## مامۆستای شعر

ئەمیری شارەکەی مەلا شیعرێك دەنوسێ و بۆ مەلای دەخوێنێتەوە،مەلاش گوێی لێ ڕا دەگرێت و دەلێت: باش نیە .

ئەمیری شار بەم قسەی مەلا نائارام دەبێ و مەلا دەخاتە ناو زیندانەوە، شەو و ڕۆ ژێك مەلای بە برسیەتی دەهێلێتەوە،جارێکی تریش جەنابی ئەمیر شیعرێکی تر دەخونێتەوەو دەیەوێ بۆ مەلای بخوێنێتەوە،مەلاش ئەمجارە یەکسەر هەل دەستێت کە بڕوات،ئەمیر لێی دەپرسێ بۆ کوێ؟ مەلاش دەلێت:بۆ زیندان.

*

## ویژدان

شاعرێك هۆنراوەیەکی خۆی بۆ مەلا دەخوێنێتەوە و مەلاش کە گوێی لێ دەبێت و دەلێت:بە ڕاستی زۆر خراپت هۆنیتەوە.

شاعیرەکەش دلی دەڕەنجێت و هەندێ جنێوان دەدات.مەلاش دەلێت:بە ویژدانەوە دەلێم بلاو کردنەوەت لە هۆنینەوەت باشترە.

*

## تەزرە

لە وەرزی بەهارێ دا مەلا لە شوێنێکی دەشتایی جۆتی دەکرد،لەو کاتەدا گەوالەیەکی هێناو تەزرەیەکی توندو کەمێ قل گەورە باراند،سەری کەچەلی مەلای شکاندو خوێن بە لاچاوانی مەلا دا هاتە خوارەوە،مەلاش زۆر بە پەلە چوو کولنگێکی هێناو ڕووی لە ئاسمان کرد و گوتی:ئەگەر مەردی سەری ئەم کولینگە بشکێنە.

*

## برازا

لە ڕۆژگارانی قوتابخانەدا یەکێ لە باوکانی قوتابیەکان، پاکەتێکی پڕ لە پاقلاوەی بە دیاری بۆ مەلا هەنارد،مەلاش بۆ ئەوەی قوتابیەکانی تەماعیان نەچێتە پاقلاوەکە،هەستا پاقلاوەکەی لە دەلاقەیەك داناو بە قوتابیانی گوت کەس دەستی لێ نەدات چونکە ئەو کەسەی کە بۆ منی ناردووە دوژمنایەتی لە گەل من هەیەو ژەهری خستۆتە ناو ئەو پاقلاوانە بۆ ئەوەی بەو فێلە من بکو ژێت.

لە پشوی قوتابخانەدا برازای مەلاش کە بەرپرسیاری پۆلەکەشیان بوو هەستا هەموو قوتابیەکانی کۆ کردەوەو گوتی: مەلا بۆ ئەوەی کە ئێمە دەست لەم پاقلاوەیە نەدەین ئەم درۆیە زلەی هەلبەستووە، ئەم پاقلاوانە هێچ عەیبێکیان نیە،

قوتابیەکان گوتیان:مەبادا مەلا بێت و جەزامان بدات ئەگەر پاقلاوەکان بخۆین، برزای مەلاش گوتی:هیچ مەترسن من هەموو بەرپرســــــیارەتیەك هەل دەگرم.ئیتر پاقلاوەکەیان هێناو هەمویان خوارد و دوو بەرابەرشیان دا بە برازاکەی مەلا، کە بتوانێ وەلامی مەلا بداتەوە، ئەویش هەستا قەلەمتراشەکەی مەلای هێناو شکاندی، کاتێ کە مەلا هاتەوە قەلەم تراشە شکاوەکەی خۆی دۆزیەوە و پرسی کێ قەلەمتراشی منی شکاندووە؟

برازاکەی مەلاش گوتی:من.

مەلا گوتی بۆ؟

ئەویش گوتی من ویستم قەلەمەکەم پێ بتراشم و شکا، لە ترسی تۆش ویستم خۆم بکوژم چونکە دەستم بە هیچ شتێك نەگەیشت بۆ خۆ کوشتنم و بە ناچاری وشەی شەهادەتم گوت و هەستام پاقلاوەکانم خوارد ،تا لە تۆلە سەندنەوی تۆ ڕزگاریم ببێ بەلام بە داخەوە تا ئێستا نەمردووم.

مەلاش ئەو کات زانی کە چۆن فێلیان لە مەلا کردووەو پاقلاوەکەیان خواردووە و گوتی: بە ڕاستی تۆ برازای منی، بڕۆ ڕوو نیشە و هەول بدە لە مال و ژیانی من و بیری خۆتا خۆت سود وەرگرە و ئەنجامی زەحمەتت بۆ کەسانی تر نەبێتن.

*

گیت8.بارێكی باراشی گەنمی بۆ ئاش برد،لە ڕێگەوە كەوتە خەیالی ئەوەی ئەگەر ئەم بارە گەنمەی دەبوو بە زێر كارو بار زۆر چاك دەبوو،جا دەستی بە دوعایان كردو لە خوا پاڕایەوە كە ئەم گەنمەی بۆ بكا بەزێڕ،هێشتان دوعایەكەی تەواو نەبوو بوو كە جەوالەكەی كە گەنمی تیا بوو دڕاو گەنمە باراشەكەی هەموی ڕژایە سەر زەوی و ئەوسا مەلا گوتی:خودایە نەت توانی كە گەنمەكەم بۆ بكەیت بە زێڕ، بۆچی لێت ڕژاندمە سەر زەوی ؟.

## دیسان هەر دوعا

ڕۆژێكیان مەلا لە هامۆنێكەوە شەكەت و ماند بە پێ دەپێ دەڕیشت،لەو كاتەدا كە زۆر ماندوو بوو بوو مەلا گوتی:خودایە وەلاغێكی بەرزەم بۆ بنێرە تا سوار بم و هێزی ڕۆیشتنم نەماوە،لە دوعایەك بۆوە لە ناكاو كابرایەكی شیر بە دەستەوە هێرشی كردە سەر مەلاوكابرا هەڕەشەی لە مەلا كردو مەلا ناچاركرد كە سواری پشتی خۆی بكات و تا شاری ببا،مەلاش زۆر بە توڕەییەوە ڕووی لە ئاسمان كردو گوتی:خودایە شەست سالە خودایی دەكەی هێشتان داوا كردن تێ نەگەیشتی؟.

*

## پی ناخۆش بوون

مەلا لە كەناری حەوزێكی ئاوەوە وەستا بوو داخی هەل دەكێشان،یەكێ لە دۆستانی مەلا هۆی ئەو هەموو خەم خواردنەو ئاخ هەلكێشانی لە مەلا پرسی : مەلاش گوتی:مەگەر نازانی كە ژنی یەكەمی من لەناو ئەم حەوزە خنكا ؟
كابراش گوتی:چە خەمێكت هەیە وا ژنێكی زۆر جوانت بە نەسیب بووە ، مەلاش گوتی:بۆیێ خەم دەخۆم و ئاخ هەل دەكێشم ئاخر ئەم ژنەم مەلەوانی ناكات.

*

## مەلاو ورچ

ڕۆژێكیان مەلا بۆ دار كۆ كردنەوە دەچێتە جەنگەلێك ، لە دوورەوە دەبینی وا ورچێك بۆ لای مەلا دێت،مەلا زۆر ترساو یەكسەر چووە سەر دارە هەرمێیەكەی كە لە نەزیكیەوە بوو و چاوەڕوانی ڕەتبوونی ورچەكەی دەكرد تێ پەڕێت و ئەوسا مەلا بێتە خوارەوە،ورچەكەش یەكسەر بۆ خواردنی هەرمێ وەسەر دارە هەرمێكەی كە مەلای لە سەربووكەوت، هیرسەكە هەر چەندە كە لەم لق بۆ ئەو لق سەردەكەوت ،ئەوا مەلاش لە ترسان شوێنی خۆی دەگواستەوە و لەو لق بۆ ئەو لق دەچوو،بەلام

ورچەكە لە بەر هەرمێ خواردن هیچ ئاگای لە مەلا نەبوو،ورچەكە هەرمێیەكی لێ كردەوە و لە دەستی خۆی ناو دەستی بلند كرد، مەلاش وای زانی كە بۆ ئەوی لێ كردۆتەوە و بە مەلا دەلێ فەرموو هەرمێ بخۆ!بۆیەكە مەلاش یەك بە خۆی هاواری كرد و گوتی: ناخۆم ، ورچەكەش كە هیچ ئاگای لە مەلا نەبوو، یەكسەر بە بیستنی هاواری مەلا وا لە ناكاو زۆر ترساو ڕاستەو خۆ لە سەر دارەكە بەر بۆوەو مرد ، لەو كاتەش دا كە شەوداهاتبوو مەلاش لە ترسان نەوێرا كە لە سەر دارەكە بێتە خوارەوە، بەیانی كە لە سەر دارەكە هاتە خوارەوەو ورچەكی كەول كردو پێستەكەی هێنایەوە شار،خەلكیش وایان دەزانی كە مەلا چوەتە ڕاوو ڕاوی ورچی كردووەو مەدحی مەلایان دكردو ئافەرینیان پێ دەگوت ، كە مەلا ورچی ڕاو كردووە،مەلاش ئەوەی بە سەر خۆ نەدەهێنا و بەلام لە بنەوەرا بەو خەلكە پێدەكەنی.

*

## دەعوەت كردن

ڕۆژێكیان مەلا بە ژنەكەی گوت خانم نان و شیوێكی باش دروست بكە ئەمڕۆ دەعوەتمان هەیە و مێوانمان دێن ، مەلاژنیش گوتی ئاخر مەلا بەم حالە و بەم نەخۆشیەی من و خۆشت دەزانی كە ئەمڕۆ دەچم بۆ

حەمام و دوایش دایكم بە خاوو خێزانەوە دێن بۆ ئێرە ئەوە چە مێوانیەكە تۆ ئەمڕۆكە پێكت هێناوە؟.
مەلاش بە لە سەر خۆیی و زۆر بە ئارامیەوە گوتی: ئاخر لە بەر ئەوەی كە مێوانەكان بزانن كە هاتنی مالی خەسوو ومندالەكان چەند ناخۆش و نارِحەتیە،تا تێ بگەن و بزانن كە ژن هێنان و مال و مالداری ئەوەندە سەخت و ناخۆشە.

*

## هاوسێی زۆرگۆ

مەلا دەیەویست كە باغێك بكرِێتن،خاوەنی باغ و هەمسایەكەی باغ بە یەكەوە بوون هەمسایەی باغەكە پێش خاوەنەكەی دەستی بە قسان كردو مەدحی باغەكەی دەكردو زۆری قسە كردن تەنیا لە مەدحی باغەكە،مەلاش بە كابرای گوت باشە تۆ هەر مەدحی باغەكە دەكەی بۆچی عەیبەكانی باس ناكەیت؟كابرای هاوسێش گوتی:عەیبی چیە؟
مەلا گوتی: عەیبی ئەوەیە كە هەمسایەی وەك تۆ زۆرگۆی هەیە.

*

## نەخۆشی و ماندو بوون

رِۆژێكیان مەلا لە گەل هاورِێیەكی بە رِێگاوە دا دەرِۆیشتن و دەچوونە شارێكی تر،هێشتان نیوەی

ڕێگایان نەبڕی بوو،مەلا بە هەڤالەکەی خۆی گوت:ماندوو بوویمە و واباشە کە لەم دێیەی ڕوو بە ڕومان بیرێ لە نانێکی نیوەڕۆ بۆ خواردن بکەینەوە،هەڤالەکەشی گوتی:تۆ بڕۆ گۆشت بکڕەو بێنە تا خواردنێك دروست بکەین.

مەلا گوتی:من زۆر ماندەەم بە خۆت بڕۆ گۆشت بێنە.هەڤالەکەی مەلا چوو گۆشتی هێناو هاتەوە،بە مەلای گوت:فەرموو خواردنەکە دروست بکە،مەلا گوتی بە خوا من زۆر ماندووم و هیچ هێزم نیە،خۆت دروستی بکە،کابرا گوتی:من هەر کەباب دەزانم دروست بکەم،هاڤالەکەی مەلا کەبابی دروست کردو بەمەلای گوت:دەبڕۆ هەندێ ئاو لە کانی بێنە،مەلا گوتی:تۆ باوەڕ ناکەی کە من زۆر ماندووم و هێزم نیە؟بەخۆت بڕۆ کابرا چوو ئاوەکەشی هێناو بە مەلای گوت:فەرموو وەرە با نانەکە بخۆین.

مەلا گوتی:لە بەر ئەوەی کە زۆر ماندوو بووم هەرچی کە تۆ داوات لێ کردم نەم توانی ئەنجامی بدەم بەلام ئەم داوایەت ڕەت ناکەمەوە نبە پەلە هەستاو ملی لە بەر نان خواردن نا.

*

## ماوە

کابرایەك هاتە لای مەلا و زۆری لێ پاڕایەوە کە بۆ ماوەی یەك مانگ سەد دیناری بە قەرز بداتێ،مەلاش گوتی:دەتوانم نیوەی داواکەت جێ بەجێ بکەم.
کابرا گومانی لەوە کرد کە مەلا پەنجا دیناری بداتێ و گوتی:قەیدی ناکات پەنجا دینارەکەش هەر باشە و جێگەی خۆی دەگرێتن.
مەلاش گوتی:نیوەی داواکەت دەتوانم جێ بەجێ بکەم کە ماوەکەی کەمە ئەویش لە جیاتی دوو مانگ بۆ دووسالیش بێ قەیدی ناکات بەلام بە داخەوە پارەم نیە بت دەمێ.

*

## ئەنگوستیلەی بی نەخش

ئەمیرێك ئەنگوستیلەیەکی بەبێ نەخش و نگاری دا بە مەلا بە هەدیە ، مەلاش دەستی بە دوعایان کرد و گوتی:خوا لە بەهەشت تەلارێکی بێ بانت پێ ببەخشێ.
ئەمیرەکە پرسی گوتی بۆ قەسری بێ سەربان مەلا ؟
مەلاش گوتی:هەر کاتێ کە ئەنگوستیلەی بە نەخش و نگار بگاتن سەربانیش دروست دەکرێتن.

*

## ئەنجامی ناشیرینی

مەلا لە گەل مەلا ژن بە کێشە هاتن،مەلاش لە داخان چوو نوست،مەلا ژنیش چوو لە بەر ئاوێنەیەکەوە سەیری دم و چاوی خۆی دەکردو لە بەر خۆیەوە گلەیی لە ناشیرینی خۆی دەکردو دەیگوت:ئەگەر خواش کەمێ جوانی بە من بدابایە و ئاوا ناشرین نەبام،ئەوا لە لایەن مێردەکەی خۆشم بێ ڕێز نەدەبووم و مەلا وا ئازاری نەدەدام ، وردە وردەش دەگریا مەلاژن وای دەزانی کەمەلا خەوتووە،بەلام مەلا گوێی لە هەموو قسەکانی مەلاژن بوو،بۆیە لە ناو جێگەکەیەوە یەك بە خۆ دەستی بە هاوار هاوار کرد ، مەلاژن چوو بانگی کردو گوتی:ها مەلا چی بووە وا هاوار دەکەی؟

مەلاش گوتی:چۆن هاوار نەکەم تۆ ئەگەر سەیری ئاوێنە بکەی خۆت دەبینی و بۆ خۆت دەگری،ئەی من کە هەموو ڕۆژی تۆ دەبینم و لە بەر چاومی و دیاری هەتا کەی هەر وا دەبم چۆن بۆ خۆم و ڕۆ ژگاری خۆم کە توشم بە تۆ بووە نەگریم.

*

## تەماعی

دوای ئەوەی کە مەلاژن دەمرێت،مەلا لە دراوسێیەکانی داوا دەکات کە هەول بدەن ژنێکی بۆ ببیننەوە کە چوار سیفەتیان تێ دابێت:
-کچ بێت - دەولەمەند بێت. – زۆر جوان بێت. – ڕەوشت باش بێت.
یەکێ لە دراوسێکانی مەلا گوتی:مەلا زەحمەتە ئەم چوار سیفەتە لە ژنێك بێتە دی باشتر وایە چوار ژن بێنی هەر یەکە سیفەتێکی تێدا بێت،مەلاش لە وەرام دا گوتی: هەرچەندە کە پێم خۆش بوو کە ئەم چوار سیفەتە لە یەك ژن دابێت،بەلام کە تۆ وا بە باش دەزانی قەیدی ناکات و پێم ناخۆش نیە،چوار ژنم بۆ ئامادە بکە کە هەر ژنەیان لە سیفەتەکەی خۆی دا بێ وێنە بێت.

*

## کاریگەریەتی حەشیش

مەلا زانی بووی کە هەر کەسێ حەشیش بخوات بۆ خۆی زەوقێکی باش وەر دەگرێت.مەلاش چووە لای دوکاندارێکەوە هەندێ حەشیشی کڕی و چووە حەمام و لە حەمام حەشیشەکەی لە جگەرە کردو کێشای، چاوەڕوان بوو کە زەوقێك وەربگرێت هیچی نەبوو،بیری کردەوە کە لە وانەیە دوکاندارەکە

شتێکی تری بە مەلا دابێ،مەلا یەکسەر بە ڕووت و قوتی لە حەمام هاتە دەرەوە و بەرەو دوکانی کابرا چوو،لە ڕێگە مەلایان دی و لێیان پرسی هۆی چیە وا بە ڕووتی هاتوویتە دەرەوە،ئەویش بۆیانی گێڕایەوە کە مەسەلە چیە،هەمویان لە بەر پێکەنین و لە مەلا دوور دەکەوتنەوەو مەلاش چووە لای دوکانەکەو بە دوکانداری گوت:کوا من هیچ زەوقێکم لەو حەشیشە وەر نەگرتووە ئەم حەشیشەی کە منت داوە تەواو نیەو کاری نەکردووە،کابرای دوکانداریش سەیری مەلای کردو گوتی:مەلا باشترین کاری تێ کردووی ئەوە نیە بە ڕووت وقوتی هاتویتە دەرەوە ، ئەمە نیشانەی کاریگەریەتی حەشیشەکەیە.

*

## سەخاوەتی

کوڕی مەلا هاتە لای مەلا و گوتی:بابەگیان دوێنێ شەو خەونێکم دیوە کە تۆ دینارێکت دا بە من.
مەلاش گوتی:بەلێ چونکە کوڕێکی ژیرو گوێڕایەلی ئەو دینارەی کە بە تۆم داوە لێت وەرناگرمەوە با بۆ خۆت بێتن!.

*

## تەمەنی ژن

مەلا لە مەلاژنی پرسی و گوتی:تۆ چۆن نازانی تەمەنت چەندە؟مەلاژنیش گوتی:من هەمــوو ڕۆژێك هەرچی کە لە مالەوە هەمانە دەی ژمێرم و دەزانم چیمان هەیە،ئەوەش بۆ ئەوەیە نەوەك مالمان بدزرێ و شتێکمان لێ گوم بێتن و یەکسەر دەزانم،بەلام تەمەنم بۆیە نازانم چونکە قەت نادزرێتن.

*

## هەر وەک ئەو

دراوسێکەی مەلا هاتە لای مەلاو پێی گوت:مەلا سەگەکەی تۆ ئەمڕۆکە پێی خێزانمی گرتووە و دەبێ تۆ تۆلەی ئەمە بدەیتەوە.مەلاش گوتی:شتێك کە لە بریتی هەیە ئەنجام بدرێتن جێی گلەیی نیە،تۆش بڕۆ سەگەکەی خۆت بێنە با پێی خێزانی من بگرێتن.

*

## ون بوونی کەر

مەلا کەرەکەی ون بوو بوو،سوێندی خوارد ئەگەر کەرەکەی ببێنێتەوە بە دینارێکی دەفرۆشێ.کەرەکەی دۆزیەوە.مەلا کە چاوی بە کەرەکەی کەوت دای لە قولپەی گریان و ئەوسا هەوساری کەرەکەی گرت و چوو بۆ بازارو گوتی: کەرەکەم بە دینارێك و

گریانەکەشم بە سەد دینار دەفرۆشم،بەو مەرجەی هەردوو موعامەلە بە یەکجار ئەنجام بدرێتن.

*

## نەترســـــان

مەلابە سەفەر دەچوو، دوو نێزە و شەمشیرێکی لە خۆیا بەست ، لە رێگەدا رێگرێکی پیادە توشی مەلا دەبێت و لە مەلا نەزێك دەبێتەوە و یەکسەر مەلا رووت دەکات تەنانەت کەل و پەلی بەریشی دەبات ،مەلاش بە ناچاری دەگەرێتەوە شار و لە مەلا دەپرسن چی رووی داوە وا رووت و قووتی؟ ئەویش لە وەلام دا دەلێت:

من کە بە رێگەوە دەرۆیشتم کابرایەکی رێگر هاتە پێشم و یەکسەر دارێکی لە تەپلی سەری من دا و منی بێ هۆش کردو من نەم توانی کە بەرگری لە خۆم بکەم،کە واگا هاتمەوە زۆر جنێوم بە رێگەرەکەدا بەلام ئەو لە پیاوەتی خۆی هیچ دەنگێکی نەکردو نەگەرایەوە لای من و لێم دوور کەوتەوەو یەکسەر رۆیی.

*

## زیارەت

رۆژێکیان مەلا چووە مالێکی تازە دروست کراو،هەرچەندە لەو مالە روونیشت کەس خۆراکی بۆ

مەلا نەهێنامەلاش یەکسەر هەستا دەستی بە ڕاکردن لە دەورو بەری مالەکەوە کرد،لە مەلایان پرسی بۆچی وا ڕادەکەیت؟مەلا گوتی:ئەم مالە بە مالی خوا لە مەکەوە دەچێت،بۆیەکە زیارەت کردنی ئەم مالەم بە پێویست زانی.دوای تەواو بوونی هەلاتن لە دەورو بەری مالەکە یەکسەر ڕۆیشت.

لە مەلایان پرسی نیازت لەم کارەدا چی بوو؟مەلا گوتی: مالێك کە مەسرەفی نەبێت و هیچی لە نەخورێت لێی دوور دەکەومەوە تامنیش بتوانم مالێکی وەك ئەومالە درەست بکەم و بەلکو بتوانم کە خواردن و خواردنەوە لە بیر بکەم.

*

## شەوی واگایی

شەوێکی کە خەلك نەدەنوستن و هەموو بۆ نیایش و خوا پەرەستی واگا بوون،مەلاش لە شوێنێك تێ دەپەڕی و لە مەلایان پرسی گوتیان:شەو واگا دێتەوە؟

مەلاش گوتی:بەلێ شەو بۆ میز کردن واگا دێمەوە.

*

## کچی ئامۆزا

لە مندالیوە کچە ئامۆزاکەی مەلا بۆ هاوسەریەتی مەلا دیاری کرا بوو،بەلام کە گەورە بوو مەلا بە

نەسیبی نەبوو کچەکە مێردێکی تری کرد،زۆری پێ نەچوو کە مێردی ئامۆزاکەی مەلا مرد،مەلا چووە سەرە خۆشی ئامۆزاکەی و لە سەرەخۆشی کردنی مێردی ئامۆزاکەی دا ڕووی کردە ژنەکە و گوتی:زۆر سوپاس بۆ خوا کە من تۆم نەهێنا،چونکە ئێستاکە ژنی من بوای من مردبووم.

ژنەئامۆزاکەی مەلاش لەم قسەیەی زۆر دلگران دەبێت،بۆیە کە بە تەمابوو لە مالە زۆرەکەی کە هەیەتی مەلا بێ بەش نەکات ، بەلام بە هۆی ئەم گۆتنەی نەی هێشت کە مەلا تخون مالەکەشی بکەوێتەوە.

*

## خەوی ئارام

مالەکەی مەلا ئاگری تێ بەر دەبێت، بەم هۆیەوە مەلاژن دەسوتێت و دەمرێت،یەکێك لە دۆستەکانی مەلا کە بۆ سەرەخۆشی هاتبووە لای مەلاو لێی دەپرسێتن\ و دەلێتن:مەلا هیچ ڕێگەیەك نەبوو کە بتوانن مەلا ژنی پێ لەم مەرگە ڕزگار بکەن و نەمرێت؟ مەلاش دەلێت:بەلێ ڕێگە هەبوو،بەلام چونکە مەلاژن تازە چووبوو خەوێکی زۆر نازەنینانەو پڕ لە ئارامیوە،بۆیەکە منیش نەم ویست ئەو خەوە خۆشەی لێ تێك بدەم.

*

## تەنبەلی سەیر

مەلاو مەلاژن بە هۆی دەرگا بەستنەوە، توشیان بە شەڕو شۆڕو دەمەقالی دەبێتن، بڕیاریان دا هەرکەسێ کە پێشان بپەیڤیت دەبێ ئەم کارە لە ئەستۆی خۆی بگرێت و ئەو دەرگا گالە بدات،لەو کاتەدا دەرۆزەکەرێك کە دەرگای بە والایی بینی یەکسەر هاتە ژوورەوە بینی کە مەلاو مەلاژن لە سەر سیفرەی نان خواردنی نیوڕۆن، بەلام سەیری پێ هات کە ئەویان بینی هیچیان نەگوت،دەرۆزەکەرەکەش لێیان نەزیك بۆوە و لە سەر سیفرەکە ڕونیشت و خەریکی خواردن بوو،دیسان مەلاو مەلاژن هیچیان نەگوت،گەداکەش کە ئەوەی بینی و بۆ گالتە پێ کردن یەکسەر هێسکێکی لە بەرماوەکە هەلگرت و بە ڕیشی مەلای دا هێناو بە سەر ملی مەلای هەلواسی و یەکسەر ڕۆیشت،

لەو کاتە دا سەگێك هاتە مالەکەی مەلا و یەکسەر کە چاوی بە هێسکەکەی سەر ملی مەلا کەوت پەلاماری داو هێسکەکەی بە دەم گرت و ویستی بڕوا بۆ دەرەوە،چونکە هێسکەکە بە ملی مەلاوە بەسترا بوو،لە ترسی ئەوەی کە نەبادا قسان بکات ، وردە وردە لە دوای سەگەکەی کە هێسکی بە دەمەوە بوو

ڕۆیشت،كە نەزیك دەرگا بۆوە مەلا ژن یەك بە خۆی هاواری كرد دەرگاكە دابخە ئەوسا بڕۆ.
مەلاش كە گوێی لە قسەی مەلا ژن بوو،یەكسەر سەگەكەی دا بەر پیلەقان و تێ هەلدان و دەری كرد و ئەوسا گەیاندیەوە لای مەلاژن و گوتی: هەستە بۆخۆت بڕۆ دەرگاكە گالە بدە و ئەمجارەش كارەكە بە زەحمەت مەكە.

*

## ئاگاداری

مەلا لە كۆلانێكەوە تێ دەپەڕی،حەمبالێكیش لەو كاتە دا لە پشتەوەی مەلا بە عارەبانەكەیەوە دەڕۆیشت،كە گەیشتە لای مەلا و یەكسەر خۆی بە پشتی مەلا داداو و ئەوسا یەك بە خۆ هاواری كردو گوتی:ئاگاداربە.
مەلاش كە زۆری ئازار كێشا و هیچ قسەیەكی نەكرد،بەلام كابرای حەمالی ناسی و لە بیری خۆی هێشتەوە.
لە دوای سێ ڕۆ ژان كە حەمالەكەی بینی وا بارێكی زۆر گرانی هەلگرتووەو لە كۆلانەكە تێ دەپەێ،مەلاش چوو گۆپالێكی هەلگرت و لە حەمالەكە نەزیك بووە وە و تا هێزی تیا بوو

گۆپالێکی لە سەری حەمالەکە داو ئەوسا گوتی: ئاگاداربە.

*

## ژیانی بێ جێ

مەلا بە کابرایەکی گوت:دەزانی کە فلانەکسی هاورێمان کۆچی دوایی کرد؟
کابراش گوتی:نەخێر هۆی چی بوو کە مرد؟
مەلا گوتی:ئەو بەدبەختە ژیانی دیار نەبوو تا مەرگیشی دیار بێت بە چە مردووە

*

## مەلاو بیرەوەری

کابرایەك داوای لە مەلا کرد کە ئەنگوستیلەکەی خۆی بدا بەو بۆ ئەوەی هەرکاتێ کە ئەنگوستیلەکەی ببێنێ مەلای بێتەوە یاد و بیرەوەری.
مەلا لە وەلام دا گوتی:نەخێر نات دەمێ،بەلام تۆ بۆ ئەوەی منت بێتەوە یاد هەمیشە ئەنگوستی خۆت بنوارەو بێنەوە یاد کە داوای ئەنگوستیلەی منت کردووەو پێتم نەداوە.

## هۆی گریان

ڕۆژێکیان مەلا زۆر بە جۆشەوە لە پال دارەبازەی مردوێکەوە دەگریا و هاواری دەکرد .لەو کاتە کابرایێ لەوێ تێ دەپەڕی و هاتە لای مەلاو سەرەخۆشی لە مەلا کردو پێی گوت:ئەم مردوە خزمتە؟مەلاش گوتی:نەخێر من بۆ ئەوە دەگریم کە هیچ خزمایەتیم لە گەل ئەم مردووەدا نیە.

*

## عەقل

کوڕەکەی مەلا لە کەناری چۆمێکەوە وەستا بوو نانی دەخوارد.پارچەنانێکی لێ کەوتە ناو ڕوبارەکەوە،سەیری ڕوبارەکەی کرد کە وێنەی خۆی لە ناو ئاوەکەدا دیت.یەکسەر بۆ لای مەلا ڕای کردو گوتی:منداڵێك نانەکەی لە من ساند.مەلاش گوتی ئێستا دەچم لێی وەر دەگرمەوە.مەلاش هەستا چووە دەو ڕوبارەکەو ئەوێش وێنەی خۆی تیا دیت و گوتی:هەی ئەحمەق تۆ شەرم ناکەی بە خۆت و ئەو بیریەی خۆت نانت لەو منالە سەندووە؟.

*

## عەرەبی زانین

لە مەلایان پرسی کە شیوی سارد بوەوە بە عارەبی چی پێ دەلێن؟

مەلاش کە نەی دەزانی بۆیە لە وەلام دا گوتی:برواینە عەرەب قەت لێ ناگەی کە چنێشت سارد ببێتەوەو دەیخۆن.

*

## گۆرانی گوتن

کورەکەی مەلا شەوێك گۆرانی دەچڕاند. دراوسێکانیش لە سەر بانەوە هاواریان کرد و گوتیان کاتی خەوتنە گۆرانی مەچڕە.

مەلاش گوتی:بەڕاستی سەیرە و خەلکێکی زۆر پڕ ڕوون،شەوو ڕۆژ سەگەکانی ئێوە دەحەپن تەنانەت من جارێکیش نەم گوتووە بۆ سەگە کانتان حەپە حەپیانە و کاتی خەوتنە،ئێوە نەتان توانی کە چەند خولەیەك سەبر بکەن و گوێ لە گۆرانی کوڕەکەی من بگرن ؟.

*

## مشاری بێ ددانە

ڕۆژێکیان یەکی لە خەلکی ئاوایی چەقۆیەك دەدۆزێتەوە.دێنتە لای مەلاو لە مەلا دەپرسێ و دەلێت:ئەمە چیە؟

مەلاش دەلێتن:ئەمە مشارە کە هێشتان ددانەکانی دەرنەهاتووە.

*

## ژووری بەهەشتی

ڕۆژێکیان مەلایەك ئامۆژگاری خەلکی دەکرد و دەیگوت:هەر کەسێ کە شەوی هەینی لە خێزانی خۆی نەزیك بێتەوەو لە گەلی ڕابوێرێ، ئەوا خوا ژوورێکی لە بەهەشت دەداتێ.
مەلاژن کە ئەوەی بیست مەلا ئاوای گوتووە ئەوشەوە بۆ مەلای گێڕایەوە،پاش ئەوەی کە کاری خۆیان کرد مەلاژن گوتی:ئەم ژوورە ژووری تۆ بوو ، دەوەرە ژورێکیش بۆ من دروست بکە.
مەلاش کە بێ هێز بوو بوو نەی دەتوانی و چیتری پێ نەما بوو گوتی: ئافرەت لە بە هەشتیش وەکو دونیا دەبێ ژن و مێرد بە یەکەوە لە یەك ژووردا بژین.

*

## شیتەکان

لە مەلایان پرسی و گوتیان:مەلا دەزانی کە لە شارەکەی ئێمە چەند شێت هەنە؟مەلاش گوتی:جگە لە چەند نەفەرێك بەولاوە ئەوانی تر هەمووی شێتن و ئەو چەند نەفەرەش لە چەند لایەنەکەوە لە شێتی بێ بەش نین .

## دەسکەوتی

مەلا زۆر بە کەمی ئامادەی ئەوەبو کە بۆ وەدەست هێنانی مەسرەفی ڕۆژانە لە مال بچێتە دەرەوە ڕۆ

ژێکیان مەلاژن بە مەلای گوت ئەگەر تۆ هەر ئاوا بیت و نەڕۆیتە دەرەوە تا ئێوارە بەلای کەمەوە تا بیست دینار ئەگە پەیدا نەکەی ئەوا ئیتر ڕێگەت پێ نادەین کە چیتر لە مالەوە بمێنێیتەوە.

مەلاش بە ناچاری لە مالەوە چووە دەرەوە،ئەو ڕۆژە هەرچەند هەولی دا تا ئێوارە هیچی پەیدا نەکرد وچی وە دەست نەکەوت،بە ناچاری لە ترسی مەلاژن نەگەڕایەوە مالەوەو ڕووی کردە خەرابەیەك لە نەزیك مالەکەی خۆیانەوەو ئەو شەو لەو خەرابەیە دا مایەوە،مەلا بیری لەوە دەکردەوە کە ژیان ئابەو شێوەیە گەلێك زەحمەتە،هەندەی پێ نەچوو دەروێشێکی گەڕیدە لە خەرابەکە وەژوور کەوت و لە قو ژبنێك لێی ڕوونیشت و کۆلەپشتەکەی خۆی کردەوەو لە پێشەوەی خۆی داناو هەندێ مۆمی لە ناو کۆلە پشتەکە دەرێناو لە پێشەوەی خۆی داناو ناوی لەو مۆمانە نا (ئادەم) ئەوسا ڕووی کردە ئادەم و لە گەل ئەو دا دەستی کردە قسەو باس و کردن وگوتی: خۆا کە تۆی دروست کردو تۆی خستە بەهەشتەوەو لەو بەهەشتەش دا هەموو شتێکی پێ دای جگە لە خواردنی گەنم،گهنمت خواردو خوا غەزەبی لێ گرتی و لە بەهەشت دەری کردی و فڕەی دایە ئەم جیهانە،لەم جیهانەش دا هەمیشە خەم و ئازار و

ماندی بوون و وێل لە دوای کاسبی و سەدان ڕەنج و ئازاری تر و کاتێ کە دەشمریت و ئەوا بە هەوەس ئەو گوناهانەی کە کە دەیکەیت خوا دیسان غەزەبت لێ دەگرێت و لە جەهەننەم وەبەر ئازارانت دەدات و تۆلەت لێ دەکاتەوەو لە گولخون و ناو ڕەنج و ئازاران دا دەمینێنەوە باشە بۆ وات کرد ؟ ئەوسا دەروێشەکە لە دوای پەیڤەکانی دا گۆپالەکەی هەلگرت و ئادەمی دایە بەر لێدان و کوتان و هەمووی وردو خاش کرد.پاشان بە چەند مۆمێکی تر لەولاوە داناو ناوی نا (حەوا) و سا ڕووی کردە حەواو گوتی:
ئەی (حەوا) تۆ چاوت لە بەهەشت پۆشی و وات لە ئادەم کرد کە گەنم بخوات و تۆ بووی بە هۆی دروست بوونی نەسلی مرۆڤ و هەموومانت تۆش بە بەدبەختی و کوێرەوەری و ڕەنج و ئازار کرد. دەروێش کە ئەمەی بە حەوا گوت و گۆپالەکەی خۆی دەرێناو تا هێزی هەبوو بە سەرو گێلاکی حەواشی داداو وردو خاشی کرد.
دیسان لەو لاوە بە چەند مۆمێکی تر وێنەیەکی کێشاو ناوی لێنا(ئیبلیس) ڕووی کردە ئیبلیس و گوتی:
ئەی نەفرەت لێ کراو،ئەی مەلعون،تۆ کە نەزیك ترین کەس بووی لای خودا بۆچی ئاوا کاری خراەپت

کردو  بە پێچەوانەی فەرمانی خوا هەلسای؟ و کڕنوشت بۆ ئادەم نەبرد و نەوەستای تا خوا تۆی دەرکردو تۆی خستە نزمایی و نەفرینی لێ کردی و هەستای دلی ئادەمت گۆیی و بووی بە هۆی ئەوەی کە ئادەم گەنم کە لێی قەدەغەکرا بوو بیخواتن وتۆش بەو بەلایەت کرد، تەنانەت وازت لە نەوەکانی ئادەمیش نەهێناوە و هەمیشە تۆشی خراپەو خەراپە کاریان دەکەی.دیسان گۆپالەکەی بە دەستەوە گرتەوە و بەربۆوە سەرو گێلاکی ئیبلیس و ئەویشی وردو خاش کرد.ئەمجارەش لە چەند مۆمێك ناوی پێغەمبەران و پیاو چاکانی لە سەر داناو بە هانەی پێ گرتن و هەمووی وردو خاش کردن.پاشان لە هەموو وێنەکانی کە دروستی کردبوو ناوی لێ نا خودا و ئەو هاتە قسان و دوای گەلێ قسەو ڕەخنە گرتن لە خوا و دوان لە گەل خودا گۆپالەکەی بلند کرد و کە بە سەری خودای دا بدا لەو کاتەدا مەلا ڕاپەڕی و هاواری کرد و گوتی:

ڕاوەستە و کەمێ سەبر بکە تا من بیست دینار لەو بسێنم پاشان وردو خاشی بکە،ئەگەر زۆر پەلە بکەی من بیست دینارەکە لە تۆی دەسێنم، چونکە ژنەکەم بە بێ پارە ڕێگەم نادات کە بچمەوە مالەوە ،دەروێش لە هاواری مەلا ترسا ، لە ترسان دەروێش

كۆلە پشتەكەی خۆی بە جێ هێشت و ڕاستەو خۆ ڕای كردو هەلات، مەلاش هەموو كەل و پەلەكەی بردو لە نێوان كەل و پەلەكەی دەروێش دا بوو بە خاوەن چەند سەد دینارێك و ڕاستەو خۆ بەرەو مالەوە چۆوەو لە دەرگای داو مەلاژن هات دەرگای لێ بكاتەوەو لە پشتەوەی دەرگا بە مەلای گوت:ئەگەر بیست دینارت پێ نەبێت دەرگات لێ ناكەمەوە.
مەلاش گوتی: ئەحمەق دەرگا بكەوە لە جێگەی بیست دینار پینسەد دینارم هێناوەتەوە.
مەلاژنیش لە خۆشیان دەرگای كردەوەو بینی كە مەلا ڕاست دەلێت لە مەلای پرسی و گوتی:مەلا ئەم پارەیەت لە كوێ دەست كەوتووەو هێناوتەوە؟
مەلاش گوتی:لە سەر خوام كردەوەو خوام ڕزگار كرد و ئەم پارەیەم دەست كەوت.هەموو ڕووداوەكەی بۆ مەلاژن گێڕایەوە و مەلا ژنیش بە بیستنی ئەم ڕووداوە و پارەكە لە مەلای بووری و كە لە مال بمێنێتەوە ئەگەر ڕۆژانەش بیست دیناریش وەچەنگ نەهێنێ قەیدی ناكات.

*

## دووری

مەلاو مەلاژن رۆژێکیان بە یەکەوە رونیشتبوون ، مەلاژن بە مەلای گوت مەلا ئەگەر کەمێ لێم دوور کەوهەوە باشترە.
مەلاش هەستاو چوو کەرەکەی هێنایە دەرێ و سواری پشتی کەرەکەی بوو و رۆیشت،دوا ئەوەی کە چەند کیلومەترێك دوور کەوتەوە، نامەیەکی بۆ مەلاژن نوسی و تیا دا نوسیبووی کە هەتا ئێرە بەسە کەمن دوور کەوتیمەوە؟.

*

## گۆلک

رۆژێکیان مەلا ویستی کە گۆلکەکەی لە ئاقارەوە بگرێ و بیهێنێتە مالەوە،گۆسالەکەی مەلا ئەوەندە رای کردو لەقەی دەهاویشتن کە مەلا ماندو ماندوو بوو بوو کە چیتر نەیتوانی بە دوایا را بکات و لێی گەراو گەرایەوە مالەوە و راستەو خۆ چوو خوترمەیەکی هێناو دەستی بە لێدان و کوتانی چێرەکەی دایکی گۆلکەکە کرد.
مەلاژنیش کە ئەمەی بینی بە مەلای گوت:ئەوە بۆ ئاوا کەوتویتە بەرگیانی ئەو چێرە بەستەزمانە؟
مەلاش لە وەلام دا گوتی: ئاخر ئەو کۆلکە حەرام زادەیەی ئەم مانگایە ئەوەندە بەد فەرە کە

هەرچەند لە دوای هەلاتم ویستم بیهێنمە مالەوە نەمتوانی بیگرم بە جوتە وەشان و هەلاتن لێم دوور كەوتەوە و منیش هاتمەوە،خۆ ئەگەر ئەم دایكە حیزباوكە ئەو گۆلكە فێرە هەلاتن و جوتە وەشان نەكردبایە منی ئەوەندە ئەزیەت نەدەدا ، بۆیەكە تۆلەی ماندی بوونی خۆمی لێ دەكەمەوە.

*

## تەكبیر

شەوێكیان مەلاو مەلاژن لە سەر بانی مالەكەیان خەوتبوون ، ددزێكی ئەحمەقیش لەو شەوەدا هاتە سەر بان و ەیەویست كە دزیەكی لە مالی مەلا بكات ، مەلا لە كاتی هاتنی دزەكە واگا هات و زانی كە ئەم كابرایە نیازی خراپە.

مەلا لە گەل ژنەكەی باسی تەكبیر كردنی دەكرد ، بەبێ ئەوەی بە مەلا ژن بلێ كە دز هاتۆتە مالەوەو بە مەلا ژنی گوت:

بە ڕاستی تۆ نەت پرسی كە دوێنێ شەو چۆن بەبێ ئەوەی كە دەرگای سەر بان بكەمەوە چوومە حەوشەكەی مالەوە؟

مەلاژن گوتی بەلێ لە یادم چوو لێت بپرسم ئەرێ چۆن توانیت ئاوا بچیە خوارەوە؟

مەلاش گوتی:من سورەتی گەورەم خوێند و یەکسەر بەبێ ئەوەی دەرگا بکەمەوە چوومە خوارەوە و کاری خۆم کردو گەڕامەوە.

دزەکەش کەگوێی لەو باس و خواسانە بوو، یەکسەر تەقلیدی مەلای کردو بەلام خوێندنی سورەتی گەورە بۆ دزەکە بوە هۆی بەربوونەوەی لە سەر بان بۆ خوارەوەو هەموو گیانی تێك شکا.

مەلاش بەملاژنی گوت:هەستە چرا پێ بکە بزانین کێیە هاتۆتە حەوشەکەمانەوە.

دزەکەش کە گوێی لە مەلا بوو گوتی:پێویست ناکاتن کە پەلە بکەیت،تۆ کە ناوی سورەی گەورە دەزانی و منیش بەم حەماقەتی خۆمەوە لێت فێر بووم هەموو دەست و پام شکاو وردو خاش بووە،تازە مێوانی تۆم هەتا چەند ڕۆژێکی تریش هەر لێرە دەمێنمەوە.

*

## ئازایەتی

حاکمی شار دەیەویست کە یەکێکی ئازاپەیدا بکاو بۆ کارێکی زۆر خەتەرناك بنێرێ،بەلام کەسێکی ئاوا پەیدا نەبوو،مەلاش بە حاکمی گوت:من ئامادەم کە بۆ ئەو کارە بچم.

حاکمیش گوتی:دەبێ ئەو ئازایەتیە تاقی بکەمەوە.

بانگی تیربازێکی کردو گوتی:دەبێ تۆ نیشانە لە مەندیلی مەلا بگریت و بە تیر مەندیلەکەی مەلا بپێکی.
تیرەندا هات و کلاوی مەلای کون کون کردو مەلاش لە ترسان هەروەخت بوو گیانی خۆی لە دەست بدات و بەلام بە سەر خۆی نەدەهێنا،ئەمجارە حاکم بە تیرەندازێکی تری گوت:دەبێت نیشانە لە جوببەی مەلا بگریت و کونی بکەیت،تیرەنداز بە نیشان گرتن لە دامێنی جوببەی مەلا پێکای و جوببەکەی مەلای کون کون کرد.مەلاش لە ترسان ئەوەی ڕەنگی سور بوو پێیەوە نەما بوو و نیوە گیان بووبوو،تاقی کردنەوەکە کۆتایی هات و حاکم فەرمانی دا بڕۆن مەندیل و جوببەیەکی تازە بۆ مەلا بێنن ، مەلا زۆر خۆشحال بوو و گوتی:جەنابی حاکم دەستور بدە شەروالێکیشم بۆ بێنن،حاکم گوتی مەلا خۆ شەروالت کون نەبووە ؟ مەلاش گوتی:جەنابی حاکم دیارە کە شەروالەکەم کون نەبووە بەلام گەلێ خراپتری بە سەر هاتووە و کەلکی نەماوە.

*

## چاودێری کردنی ژنان

ڕۆژێکیان مەلا چوو بۆ لای هەڤالێکی و گوتی:زۆرم زگ بە تۆوە دەسوتێت.

هەڤالەکەی مەلاش گوتی:بۆ زگت بە من دەسوتێت چی بووە؟
مەلاش گوتی:ئەمڕۆکە لە دوای دەمە قالیەکی زۆرلەگەل ژنەکەم کە خەریك بوو بگاتە تەلاق دان،هەستام چوومە بازار ، جل و بەرگی تازە و پێلاوی نوویم بۆ مەلا ژن کڕی.
هەپالەکەی مەلاش گوتی:باشە ئەمە چە پەیوەندیەکی بە منەوە هەیە؟
مەلاش لە وەلام دا گوتی:ئاخر ژنەکەی تۆ هات و چۆی مالی ئێمە دەکات و ئەم شتانە لە بەر مەلا ژن ببینێ ئەوسا وای بەحالی تۆ!!.
هەڤالەکەی مەلا لە مەلا گەیشت یەکسەر پارەی کڕینی جل و بەرگی بۆ خێزانەکەی ئامادە کرد.

*

## نمونەی تیرەندازی

ڕۆژێکیان ماقولانی شارو حاکمی شارلە دەرەوەی شاردا خەریکی تیرەندازی و نیشان دانانەوە بوون،حاکمی شار گوتی دەبێت هەموو لایەك چاپوکی خۆیان لە لێدانی نیشانەو دەست ڕاستی خۆیان لە تیرەندازی دا تاقی بکەنەوە ، نۆبە کە گەیشتە مەلا ئەویش خۆی تاقی کردەوە و بەلام نیشانەکەی نەپێکاو گوتی:ئا باوکی خوا لێ خۆش بووم بەم

شێوەیە نیشانەی دەگرت و نەی دەیپێکا!،جاری دووەمیش کە نیشانەی گرتەوەو نەدەپێکا و ئەمجارە گوتی:براکەشم هەر بەم شێوەیە نیشانەی نەدەپێکا.

بۆ جاری سێیەم کە سێرەی گرت و تیرەندازی کرد بە سودفە تیرەکە بە نیشانەکە کەوت و ئەمجارە بە ڕاستی نیشانەی پێکاو گوتی:من بە خۆشم هەمیشە بەم شێوەیە نیشانە دەگرم ودەیپێکم.

*

## ئاواز

مەلاچووبوو بۆ حەمام و لەوێ گۆرانی دەگوت، مەلا لەو کاتەدا دەنگی خۆی زۆر پێ خۆش بوو،دەیگوت زۆر دلگیرم لەوەی کە بۆ زوتر نەمزانیوە کە خودا ئەم نیعمەتەی بە من داوەو دەنگم ئەوەندە خۆشە!!لە دوای حەمامەکە هەستا چووە لای حاکمی شارو بە حاکمی گوت:جەنابی حاکم من بۆیە هاتووم تا لە هەوالێکی تازە کە تا ئێستا بە جەنابی حاکمم نەگوتووە دەربارەی خۆم ئاگادارت بکەمەوە. حاکم پرسی و گوتی:ئەو هەوالە چیە مەلا فەرموو بیلێ.

مەلاش گوتی: دەنگی خۆش.حاکمیش گوتی: دەی مەلا بۆم بلێ.

مەلا گوتی:جەنابی حاکم من لە بۆ گۆرانی چڕین یەکێك لەم دوو شتانەم پێویستە. مەنجەلێکی گەورەی پڕ لە ئاو

یان حەمامی بە بانرۆ.

حاکم گوتی حەمام کە لێرە زەحمەتە بەلا مەنجەلی گەورەی پڕ ئاو دەکرێت،دەستوری دا مەنجەلێکی گەورەی پڕ لە ئاویان هێنا و حاکم گوتی:مەلا فەرموو گۆرانی بلێ،مەلاش یەکسەر چووە لای مەنجەلەکە و سەری لە ناو مەنجەلەك ناو دەستی بە گۆرانی چڕین کرد،حاکم لە بەر ئەو دەنگە ناخۆشەی مەلا وەخت بوو دیق بکات،فەرمانی دا و گوتی:هەر یەك لە ئێوە دەستی خۆتان تەڕ بکەن و مەلا بدەن بە زللە لێدان،ئەوانیش وایان کردو دوای ئەوەی کە تەواو بوون ، مەلا گوتی:خودایە زۆر سوپاس بۆ تۆ.

حاکم پرسی مەلا بۆ سوپاسی خوای دەکەی؟

مەلا گوتی:جەنابی حاکم لە بەر ئەوەی خوا ڕەحمی کرد حەمام ئامادە نەکرا ئەگینا لەوێم گۆرانی چڕیبا ئەوا خۆم و ئەو هەموو خەلکە زۆر گرفتار تر دەبووین و زیاتر وەبەر زللان دەدراین.حاکم بەم قسەسەی مەلا تێر پێکەنی و مەلای عەفو کردز

*

## ماڵ

مەلا خانوێکی هەبوو کە نیوەی خانوەکە ەی ئەو بوو،نێوەکەی تر هی کابرایەکی تر بـــــوو، ڕۆ ژێکیان بانگی کابرای کرد گوتی:ئەگە بتوانی نێوەی خانوەکەی من بفرۆشی ئەوا بەو پارەیە نیوەکەی تۆ دەکڕمەوە تاکو هەموو خانوەکە ببێ بە هی من.

*

## مەرجی تەلاق دان

ڕۆژێکیان مەلا چووە دوکانی بەزازی ناسراوێکی خۆی و داوای پارچە قوماشچکی زهێڕنی بۆ خێزانەکەی کرد.کابرای دوکانداریش بە مەلای گوت:مەلا تۆ بە تەما بووی خێزانەکەت تەلاق بدەی کراسی بۆ دەکڕی؟.

مەلاش گوتی:چونکە وا بڕیارە ئەگەر کراسێکی ئاوای بۆ بکڕم لە گەلم دێتە لای قازی تاکو تەلاقی بدەم.

*

## وەلام دانەوە جێبەجی

